

رامان


Raman

- خاوەن ئیمتیاز
  شەوکەت شێخ یەزدین
- سەرنووسەر
  ئازاد عەبدولواحید
- بەڕێوەبەری هونەری
  سەرکەوت وەلی
- مۆنتێف و پۆرترێت
  قەرەنی جەمیل

133

خولی سێیەم/ ساڵی دوازدە/ حوزەیرانی ۲۰۰۸



ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
بەرامبەر فەرمانگەی تەندروستی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ۲۲۳۰۵۸۲
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ۲۲۲۸۵۰٦-٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
پۆستی رامان:
azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ۷۵۰ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان


## ● دەق

– ماڵی خۆم دەبەمەوە ئاسمان/ کەریم دەشتی/ 3
– هەڵەبجە لە پەلکی شۆڕەبییەکانی سەردەشتا/
عومەر عەبدول/ 5
– تێک ئاڵانێکی ڕاکشاو، ڕووت و قووت لەژێر قاچەکانی
شیراتۆندا/ فەرهاد پیربال/ 8
– ئەو چیرۆکا ژمارەیا سپاردنا وێ سفر/ مەریوان سندی/ 10
– هەر ژنێک دەبێ/ لە ئینگلیزییەوە: نیگار نادر/ 12
– سرووتەکانی بە بەردبوون/ عومەر حوسێن حوسێن/ 14
– هیچ/ سالار ئیسماعیل سەمین/ 20
– بەختڕەشی/ کامیران حاجۆ/ 23
– هەردوو دیوی شەخسە موبارەکە/ محەمەد ڕەشید فەتاح/ 25
– داپیرە/ لە فارسییەوە: د. هیمداد حوسێن/ 30

## ● هەڤپەیڤین

– هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ هونەرمەندی پێشەنگ
(مەزهەری خالقی)/ ئا: ئەنوەر حوسێن بازگر/ 34

## ● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

– مانیفێستی هونەری لیریکای گەورەی بێسارانی/
عادڵ محەمەدپوور/ 48
– وەرگێڕان پارێزەری زمان و بنیادنەری زمانی یەکگرتووە/
مستەفا غەفوور/ 54
– ئەدەبیاتی ئیتاڵیا لە سەردەمی ڕێنیسانسدا/ لە فارسییەوە:
حەمەکەریم عارف/ 63

## ● بیرەوەری

– ئەفسانەی شکانی سێ شت لە ماڵی ئێمەدا/
مارف خەزنەدار/ 75

## ● زمانزانی

– کۆمەڵناسی زمان/ لە فارسییەوە:
ئارام شەکیبائی (هەورام)/ 79

## ● مێژوو

– سارۆبیرە/ حەسەن مەحموود حەمەکەریم/ 85

## ● هزر و فەلسەفە

– فینۆمینۆلۆژی ئیدمۆند هوسەرڵ/ د. حەمید عەزیز/ 91
– زەینییەت، زەمان و فیمینیزم/ سولەیمان سیابەخت/ 106

## ● وتار

– ئەدەبی شانۆیی منداڵانی کورد/
محەمەد ئەحمەد حەسەن/ 111
– حاکمی کوردستان و ئەرشیڤی دادگای کۆیە/
ئاراس عەبدولخالیق عەبدولحەمید/ 117
– دەربازبوون و ڕاکردن لە سەردەم/ لە فارسییەوە:
کەریم حیکمەتی/ 120
– کیژە ئەڵمانییە گچکەکە/
ئا: شێرزاد هەینی/ 123

## ● هونەر

– یارییە خەونێکی ستریندبێرگ/ د. فازیل جاف/ 125
– ڕێگا/ ڕەفیق فوئاد یارئەحمەدی/ 133
– گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 137

## ● خوێندنەوەی کتێب

– دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح/ هاشم سەراج/ 142
– ڕۆڵی ناسیاری سڕینەوە لە زمانە شیعری (مەرگە
خەون)دا/ هادی حەبیبی/ 148
– پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی/
محەمەد سلێمان عەباس/ 153

## ● زاراوەسازی

– مۆنۆلۆگی ناوەوە/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 157

## ● ئێستێک

– بابەتی تۆژینەوە/ ئازاد عوبێد ساڵح/ 160

# ماڵی خۆم دەبەمەوە ئاسمان

کەریم دەشتی

(١)
درەنگە تازە بەم خۆراوابوونە ناگەمەوە جێ
رووناکیم بەشی رێ ناکات برستم لەبەر براوە
ئەوینی تۆ نەبێ
هیچ شتێکم پێ نەماوە

(٢)
ئەوینی تۆم بەسە
بۆ ئەوەی هەزار ساڵ بژیم
ئەوینی تۆم بەسە
بتوانم پێیەوە بچمە ئاسمانان
بچمەوە ئەو شوێنە دوورانەی
لەوێوە لەخودا بروانم

(٣)
بچمەوە سەر ئەو رێیانەی
دەمبەنەوە ئەشکەوتەکان
دەمبەنەوە لای ئەو زێمارانەی
لە گەرووی ئاشقان هەڵدەرژێ

(٤)
بەڵام ئەفسووس بۆ هەر لایێ سەرهەڵدەگرم
هەمیشە بۆ لای تۆ دێمەوە
تۆ ئابلۆقەی منت داوە

(٥)
تۆ هێزێکی لەئاو
ئاوێ لە ئاسێترین چیا هەڵرژێ
جوانیت لەو هەڵرژانەیە
لەنەوەستانی بێ ئامانی سیماتە لەکوشتنم

(٦)
تۆ خەونێکی لە سیحر



سیحرێ کەون ڕاتەکێنێ
جوانی تۆ لەو ئەفسوونەیە

(٧)

تۆ نوورێکی لەخوناو
خوناوێ دنیا غەرقی ڕووناکی کات
جوانی تۆ لەو خوناوەیە

(٨)

دڵی منت چەشنێ داگیر کردووە ئەی نادیار
بۆ هەموو دنیا ئاشکرات کردووم
ئاشکرایی من و نادیاری تۆ
شووشەی دڵیان لە قەفەزی سینە وردوخاش کردووە

(٩)

هێندە سەیری شەوقی هەڵچووی تۆم کردووە
بینایی چاوم کز بووە
هێند لەتۆ ورد بوومەتەوە
شمشاڵی زمانم شکاوە
ئەوەتە با و تەمتوومان بەدنیا دەیگێڕن

(١٠)

ئەوەندە لە تۆ گەورەبووم
وا هەست دەکەم جێم لەزەوی نابێتەوە
بۆیە ئاسمانان تەی دەکەم

(١١)

ئەی عەتر و نوور
نوورێ لە دەمی خودا هەڵبچێ
ئایەتی جوانی تۆی کردۆتە ئایینی من

(١٢)

ئەی ڕێژنەی بارانی بخوور
بخوورێ بە زمانی کۆتر داگیرسێ
شەفەقی جوانی تۆی کردۆتە سرووتی من

(١٣)

ئەی بارانی پەڵەی پاییز
پاییزێ تژی نهێنی
جوانی تۆی کردۆتە هەڵوەرینم

(١٤)

تۆ بەم نادیارییەوە جوانیت
کە لەنادیاری خودا دەکات
ڕۆحی هەلاهەلا کردووم

(١٥)

من جێم لەزەوی نەماوە
هێندە بەرزبوومەتەوە
هەر دەڵێی خوا بۆ لای عەرشەکەی خۆی بردووم

(١٦)

من ئاشکراو تۆ نادیار
ئاشکرایی من شەوقی جوانی تۆیە
نادیاری تۆ کزیی چاوەکانی منە

(١٧)

من ترنج و تۆ نارنج
ترنجی من کەمەندی تۆیە لە ڕۆحم ئاڵاوە
نارنجی تۆش ڕەنگی زەردی منە لە سینەت چەمیوە

(١٨)

من هاوار و تۆ بێ دەنگی
بێ دەنگی تۆ ڕاکردنە لە بوونم
هاواری من توانەوەیە لە بوونت
کەی دەگەینەوە یەکتری ئاخر کەی؟

(١٩)

ئەو دەمەی تۆ خۆت و باوەشێ بای تووڕە
بەرەو لای من هەڵدەکەی
من ماڵم بردۆتەوە ئاسمان
مەگەر لەوێوە جار جارێ
وەک پەیکێ دوور دوور هاتبێ
ڕێگەی نەهاتی بڕیبێ
ڕۆحم داکشێتە خوارێ
ئەوینم وەک گەڵای پاییز
بەسەر ڕۆحتا
بەسەر تەڵ تەڵ پرچی کاڵتا دابباری


(٢٠)

ئەی جوانتر لە پەلکی هەنار
ئەی باوەشێ گیای چیا
ئەی پووشی زەرکفتی خودا

# هەڵەبجە لە پەلکی شۆڕەبییەکانی سەردەشتا

عومەر عەبدول
(هەڵەبجەی شەهید)

بە سەردەشت پێشکەشە



(سەرچاوە)
دڵی هەر بیانوو ئەگرێ
بەربینی پڕە لە گریان
زمانی پڕە لە سووتان
زمانی ئەو ئەمێستاکە، زمانی شۆڕەبییەکی سووتاوە
کە نازانێ چۆن هاوار بکا، سەما بکا
شۆڕەبییەکانی سەردەشت لەهەر وەخت و ناوەختێکا
بیانەوێ
پەنجەی گوڵێ بۆیە بکەن
بیانەوێ چۆلەکەیەک ئاشت کەنەوە
بیانەوێ شانەیە بە پرچیانا بێنن
ئەبێ بگەڕێنەوە لای
ئەستێرەیەکی ڕەشپۆشی ناو ئاسمان و
بۆ لای مەلەکووتی ئەوین
ئەبێ بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی باران
بۆ لیقای بۆن و ڕەنگ و هەناسەو خاک
شۆڕەبییەکانی سەردەشت
لەهەر وەخت و ناوەختێکا بیانەوێ
لەنجە بکەن
ئەبێ ڕووبکەنە
شنەبایەکی سووتاو
کە هەموو بەیانییەک
لە چاوە خەواڵووەکانی خیابانی هەڵەبجەوە هەڵئەکات و
لە جادەیەکی دووری سەر بڕاوا دوایی دێت!!
خیابانی هەڵەبجە
هەموو بەیانییەک
ئەژنۆ ئەخاتە سەر زەوی و
لە دووی پێڵاوی جێماوی منداڵێک و
قردێلەی خەونێکی سەوزو
ملوانکەیەکی خۆڵین ئەگەڕێ
بەدوای زەمانەدا ئەگەڕێ
زەمانەی ناو

چەفتەی بابردووی کانییەک و
هەناسەی ساردی دڵی جادەیەکی خەمبار
زەمانەی ناو
فەقیانەی شێواوی چنارێکی باڵا بەرز
ئەگەڕێ تا پێ ئەخاتە
بەر هەیوانەکەی ماڵی خاوەرو
قاچی لە قاچی گێلاسێکی بێزار هەڵئەکەوێ
سەرسم ئەدا
هەموو گیانی ئەبێ بە ئاو
هەموو گیانی ئەبێ بە شەپۆلی سپی سپی
سپی سپی هەروەکو ئابشارەکەی (شڵماش)
کەفچڕ ئەکاتە ڕۆحی بایەکی دزراو
کەفچڕ ئەکاتە بینایی چەمێکی کەنەفت
کەفچڕ ئەکاتە ناو لەپی
شادەمارەکانی سیروان و
ئاهیستە ئاهیستە گیانی ئەشکێ
خیابانی هەڵەبجە لە ناو
شۆڕەبییەکانی سەردەشتا
بە ڕوومەتی گێلاسێکی کاڵا ئەناسرێتەوە
بە گۆرانی چۆلەکەیەکی سەرخۆش و
لاو لاوێکی بێ نینۆکا
لای کتێب فرۆشێکی دەستگێڕ
ئەیناسیتەوە
ئەیناسیتەوە چەند بە شەرمەوە سەری داخستووە و
بەدار وەلەکێکی سەوزەوە
غەریبانە هۆرە ئەچڕێ
لای ڕاستییەوە خیابانێکی خەمبار
خانمێکی ڕەشپۆش
لای چەپیەوە خاتوونێکی مەلوول
ئەم سیانە زەمانە چاوەکانی بردوون
فرمێسک هەموو گیانی کردوون بە ئاو
سیروان بە کلێتەیەکی تەڕەوە
هەتا ئەژنۆی هەڵئەکات و
بەدەم هۆرە کردنەوە
پێش ئەوەی پاژنەی تەڕ ببێ
پێش ئەوەی ناو قەدی بشکێ
دەمێ خۆی ئەکا بە باران و بەپێی پەتی دێتە لیقا
دەمێ ئەبێ بە برووسکەو
دێتە نیگای کچێکی چاوەڕوان و
لەو سەری کوچەیەکی وێڵا
بە غەریبی گیان ئەسپێرێ
سیروان بە دەسماڵێکی وشکەوە


پێش ئەوەی ماسییەکان ڕۆحی جێ بێڵن
پێش ئەوەی (با)
چاویلکەکانی بفڕێنێ
ئەو هەر بەردەوام ئەگەڕێ
خیابانی هەڵەبجە دەمێکە
دەستی وا بەدەستی شۆڕەبییەکی سەردەشتەوە
هەردووکیان هەواڵی چاوەکانیان
لە خانمی هێرۆشیما ئەپرسن
هێرۆشیما بە ئیشارەت
دەست بۆ سێبەری ئەستێرەیەک ڕائەکێشێ
کە خەو ناچێتە چاوانی
دەست بۆ دڵی کانییەک ڕائەکێشێ
عەشقی ئاوی بیرچۆتەوە
وەک شێت و هار ڕەفتار ئەکا
ڕوومەتی سپی سپی ئەبێتەوە
دەستەکانی ڕائەکێشێ
تا تەوقە سەری خۆی
ئەبینێ
چاوەکانیان وەک شاباڵی ئەستێرەیەکی پەژمووردە
هەڵوەریوە
وەکو سێ پەپوولەی نابینا
دێن و دەڕۆن
وەکو سێ گێلاسی کاڵ
خوا خوای قەترەیەکیانە لە باران
خوا خوای تەتەرێکی کوچەریانە
بە باڵ بیانباتەوە بۆ شینایی درەختێکی چاوەڕوان
بیانباتەوە لای شەپۆلێکی دڵ گیراو
بیانباتەوە لای هەناسەیەک
غرووری خۆیانی تیا ببیننەوە
یادگاری باڵ و عەشق و
خاک و ئاوی تیا بناسنەوە
هەڵەبجە وەکو کچێکی تۆراوی بەر باران
هەر هەواڵ ئەپرسێ
هەواڵی ئەو شیعرانەی
لە زەمەنی دڵ گۆڕینەوەدا
بەسەرو ملی تەڕەوە
لە کۆترەکان بەجێمان
هەواڵی ئەو خەیاڵە سپیانەی
لە مەنزڵی بادا
بەشەرمەوە ڕەش هەڵگەڕان
هەواڵی ئەو تەیرە مەستانەی
لە پێش وەرزی فڕین

ڕیشیان بەردایەوە تا زەوی
دڵیان دا بە ئاو.. دڵیان دا بە باران.. بە خاک
هەڵەبجەی ناو باران
باڵایەکی شێداری هەیە لە ناو شۆڕەبییەکانی
سەردەشتا
بەهاران بەدیار لەنجەیەکی سەوزەوە
خەو ئەییاتەوە
هەڵەبجەی ناو ئاو
دنیایە ئەولادی بێ زمانی هەیە لە دڵی (شڵماشا)
ئێواران کە ئاو دەست ئەکا بە دڵاری
ئەوان وەک لە دەستی مەیخۆرێکی قاچاخ بەربینەوە
ڕۆحیان ئەشکێ
وەکو چەفتەی ئەو سمۆرە عەجوولانەی
لە داخی گۆرانییەکی نامەحرەم هەڵدێن
(با) ئەیبا
دنیایە خەیاڵی پەڕیو
دنیایە یاقووتی گۆم ناو
دنیایە سەدەفی مردوو
ساردو بێ گیان زمانی وتنیان ئەشکێ...!!
هەڵەبجەی ناو من
بەردەوام لێم هەڵدێ و
ناناسمەوە.
عەجیب هەڵدێ
هەڵدێ نەبادا.. سیرەی سەوزی چاوەکانی
خوماری بەیانییەک بیباو نەیبینێتەوە
هەڵدێ نەبادا... شەجەرەی هەناسەی سووتاوی
کانییەک بیخاتە ژێر بەردە نوێژەکەی و
بەکافری بڕوا
هەڵدێ نەبادا... هەرمێیەکی کاڵی ناو باخی بەیتەکانی
شاعیرێکی برسی لێی کاتەوەو
بەسەوزی بمرێ.!!
هەڵدێ بێ ئەوەی شتێک لە هەڵهاتن بزانێ
بێ ئەوەی بۆنی ئاو لە پرچەکانی بێ... لە گیانی بێ!
هەڵەبجەی ناو من
لێم تەبەڕایەو
بەردەوام بەردەوام بە باڵەکانی ئەمبا
تەبەڕایە لێم و
فرسەتێک لێم جیا نابێتەوە
تەبەڕایەو
هەر کە ئێواران داهات
ئیتر ئەو ئەچێتە خەوێکی قووڵ و
هەرچی یادگاری هەیە لەچاو ترووکانێکا

ئەیدا بە گوێی شۆڕەبییەکانی سەردەشتا
مەستانە خەو ئەییاتەوە گەڵۆ
مەستانە ئەچێتە حزووری خوا
مەستانە لەسەر پەلکی شۆڕەبییەکانەوە
گریان هەموو گیانی ئەکا بە ئاو..!!
هەڵەبجەی ناو ئێوە..
هەڵەبجەی ناو هەموومان
هەر کە ئەجەلی کۆترەکان نزیک بۆوە
ئەو بە باڵە سووتاوەکانی ئەڕوا
فڕین بۆ ئەو لە هەر وەخت و ناوەختێکا
لە دڵی گەڵای شۆڕەبییەکان ئەچێ
کە بە تەسبیحاتی پاییزی بەر ئەبنەوە بۆ زەوی
فڕین بۆ ئەو
لە گیانی ئەولادەکانی ئەچێ
هەر بە پێڵاوەکانیانەوە
چۆن دڵیان دا بە تەدارەکی ئاو
دنیایە شیعری کلێتە سەوز
چەفتەی سووتاو
فەقیانەی تەڕ.. کراسی دامێن گوڵگوڵێن
بەر ئەبنەوە وەکو باران
هەموو دنیا ئەکەن بە ئاو!
مەقیژێنە ئەی کچی ناو شۆڕەبی و کانی
هاوار مەکە ئەی زریکەی ناو گەرووی درەخت
مەناڵێنە ئەی خانمی سەرهەڵگرتووی ناو ڕەشەبا
ئەوە سەردەشت و گێلاس و
خەنەی پەنجەی گەڵاکانی
ئەوە سیروان و بەهارو
ویردی دەمی ماسییەکانی
ئەوە گوڵ و خاک و هەرمێ و
باقە باقە
حیکایەتی سەوزو بۆندار
ئەوە خۆت و خۆت
هەر خۆت و خۆت
تەنیا وەرەوە خانم گیان
گیانت با تەڕ بێ دێیتەوە
منیش تەنیا
چاوەڕێتم
دنیا پڕ ئەکەین لە خۆمان
پڕ ئەکەین لە تەنیایی...!!

# تێک ئاڵانێکی ڕاکشاو ڕووت و قووت لەژێر قاچەکانی شیراتۆندا

فەرهاد پیرباڵ



٢٣/١١/ ١٩٩٤
لای قەسابخانە کۆنەکەی هەولێر
لەبەردەم لەنگە
بۆیاخچی: لایەکیان سپی و لایەکەی تریان سوور
هەندێکیشیان شین شین شین بەڵام کەمێک پەڵەی پەمبەیان پێوە
دەچوون کۆڵەگەیەکی دیکەی شار بڕازێننەوە
دەرۆزەکەر دەستیان پان کردبۆوە خێر بۆ ئیماندارێکی دیکە بنووسرێ
پیاوێکی مەیلەوشەراب پرێمزی بۆ ژنان چاک دەکردەوە
بۆرپچی چاوەڕێ بوون بۆرییەکی شکاوی دیکە چاک بکەنەوە
کرێکار ریزیان گرتبوو میعمارێکی جوانی دیکە بنیات بنێن
پاسکیلچی پاسکیلی منداڵانیان چاک دەکردەوە
منداڵ دەست بە جەنتای قوتابخانەوە
دەچوون جەدوەل زەرب ئەزبەر بکەن
خەڵک سەرقاڵی کەسابەت
تەنانەت میتاڵێکی «ڕەق و تەق»یش، لەوناوە
«هەی یار.. وەی وەی یار..»
گۆرانی بۆ ڕێبوار و پیادەڕۆکان دەگوت..
لەناکاو
شیراتۆن درایە بەر گوللە
تەق و تۆق و جەنگ دەستی پێکرد
چەکدار وەک کۆمەڵێک گورگ و سەگی هار لە یەک زنجیر بووبێتنەوە
بوونە لافاوی وێرانکاری
خانووەکان خاپوور
مرۆڤ کەڵەواژ
پردەکانی بەرەو داهاتوو سەرجەم وێران

**کەچی لەملاوە**
**من بە چاوی خۆم دیتم، بە هەر دوو چاوی خۆم دیتم:**
**کوڕێک و کچێک**
**لە ناوەڕاستی شەقامێکدا**
**هێور هێور هاتن کراسی بەری خۆیان داکەند**
**ڕووت و قووت**
**لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا پاڵ کەوتن**
**کەوتنە سپاردنی عەشق بەیەکتر**
**عەشق ڕووت و قووت لە ناوەڕاستی شەقامێکدا**
**کـوڕەکــە پەپوولەی وردیلانەی دەپرژاندە ناو ڕەحــمی کچەکەوە**
**بێ ڕاوەستان**
**گوێم لە هێنکەهێنکی دووریان بوو**
**کوڕ و کچەکە ڕووت و قووت**
**لە ناوەڕاستی شەقام، ڕاکشاو**
**خۆشەویستییان ڕۆ دەکردە ناو گیان و جەستەی یەکتر**
**لەپێناو ئەوەی**
**ئەو هەموو نیعمەتەی کە خوا بەخشیویەتییە مرۆڤ؛ بمێنێتەوە**
**لەپێناو ئەوەی ڕەچەڵەکی باش و جــوانیی مــرۆڤ بمێنێتەوە**
**لەپێناو ئەوەی**
**بە دەستی جەهالەت و گەوج و گەمژەکانی جەنگ**
**جوانی و عەشق لەناو نەچێ،**
**خۆشەویستی و نەژادی باشی مرۆڤ بمێنێتەوە.**

**یەکترخۆشویستن.. تێکۆشانە.**

# ئەو چیرۆکا ژمارەیا سپاردنا وێ سفر

مەریوان سندی
(زاخۆ)



تو چیرۆکەکا نوویی
ژ نڤیسینا هەڤەندەکا بچووک
تیراژا وێ یەک دانەیە
ژمارا سپاردنا وێ سفرە
چاپا یەکێ ل سالەکا بێدەنگ و ل باژێرێ دەلال
تو چیرۆکەکا نوویی
دبێدەنگییا شەڤێدا چاڤێن من دنڤینی
ئەز، ئەوا هەڤەندا هەفت لەشان
لەشێ خوە یێ دوویێ بۆ پێشوازیا تە ڤرێدکم
شەشێن دی ژی ل بەرپێکێن مانێ دهلنگڤن
تە د خەودا دبینم و دبینە کەڤال
تو د خەونێن مندا یێ بلەزی
بۆ سەفەرەکا کورت و شرین
هەتا باژێرێ من دهێی
چوکێن تە دبن ساکۆیێ تە دا ڤەشارتینە
د چانتایێ تەدا جوانترین وێنێ من ب ژمارە نهێنییەکێ دبشکورت
ئوو ئەز وندا دبووم
ل خوە دگەڕم
تە دبینم
تو دبێژی بلا چاڤێن تە کەسک بن
زولفێن تە ژی رەنگێ مێشێ
ل خوە دگەڕم
خوە ل جوانکاریەکا بێ باوەڕنامەدا دبینم
زولفێن من دشەوتن
چاڤێن من ب رەنگێ کەسکێ عەدەسەیەکا سەختە دزیرهن
ل خوە دگەڕم

ته دبينم
هەردەم پەنجـــەيێن تە دناڤ زولفـــێن من دا دبنـە قيراجەكا سپى
ئوودبێژى. تو هێشتا چەندا بچووكى!!
د بەرسڤا يەكەمين خەونا مندا
د دوماهيک رووپەلێن خوەدا بێژە من؛ تويا مەزن بووى
هەردەم پەنجەيێن خوە دناڤ زولفێن من دا بكە تانجا شاجوانيێ
جـوانييـا من بكە باوەرنامـەيەک بۆ جـوانكارييـەكا بێ باوەرنامە
تو دخەونێن مندا يێ بلەزى
دچى!!..
ئەز ب ئاگرێ چوونا تە لەشێ سپيێ جگارەيەكێ دكەمە خوەلى
دا رۆندكێن چاڤێن من ژ تەنهائيێ شـەرم نەكەن
تو دچى
ئەز ل خوە دگەرم
تە دبينم، ديسـان ل پشت ملێن چوونێ ل روحـەكا تژى عاتيفە دزڤرى
ئەز نزانم تو ماچا داوييێ ژبير دكى،
يان پاسەپۆرتا خوە؟
بێژە پاسەپۆرتا خوە!!
مانێ ل وێرێ ئەو خانما ستيانێ وێ كەسک
هەتا سپێدێ موهرا لێڤێن خوە ژ لێڤێن تە ڤەناكەت
ديسان ل هەر شـەڤ دبييە چيرۆكەكا نوى
ژمارە تيراژا وێ دبيتە هەزار!!

٢٠٠٨

# هەر ژنێک دەبێ

مەیا ئەنجیلۆ
لە ئینگلیزییەوە: نیگار نادر
(بەریتانیا)



ژنێک دەبێ
ئەوەندە پارەی هەبێت کە
پێی وەدەرکەوێ
جێگایەکی پێ بەکرێ بگرێ بۆ خۆی
هەتا ئەگەر
نەیەوێ و پێویستیشی پێ نەبێ

ژنێک دەبێ
شتێکی وەها لەباری هەبێ بیپۆشێ
ئەگەر کارمەندێک یا یەک
لەژوانی خەونەکانی
ویستی لەکاتژمێرێکدا
بیبینێ

ژنێک دەبێ
گەنجایەتییەکی پێکهێنابێ
کە لە پاشی بەجێ بمێنێ

ژنێک دەبێت بەزمێکی
ڕابردووی ئەوەندە خۆشی هەبێ
تا هەمیشە بەتەما بێت
لە تەمەنی پیریشدا
بیبێژێتەوە

هەرژنێک دەبێت خودان
تاقمێک برغووبەند و دڕێڵێکی بێ وایەر و
سوخمەیەکی تۆڕی ڕەش بێت

هەر ژنێک دەبێ
برادەرێکی هەبێت
کە هەمیشە بیهێنێتە پێکەنین
هەروەها برادەرێک کە

گریانەکانی
لێ بەکرێ بگرێ

هەر ژنێک دەبێت خودان
کەلوپەلێکی باش بێت
بێ ئەوەی پێشتر
کەس لە خێزانەکەی خاوەنی بووبێ

هەر ژنێک دەبێت
هەشت دەفری لێکۆهشاوە و پەرداخە شەرابی
قەدباریکەلەی هەبن
لەگەڵ ڕەچەتەیەکی خواردن
تا وابکا میوانەکانی هەست
بەخانەدانییەکەی بکەن

هەر ژنێک دەبێ
هەست بە زاڵبوونی هەبێ
بەسەر دووریەتیدا

هەموو ژنێک دەبێ بزانێ
چۆن عاشق دەبێ
بەبێ ئەوەی
خۆی ون بکا

هەموو ژنێک دەبێ بزانێ
چۆن دەست لەکار هەڵدەگرێ و
چۆن دەسبەرداری خۆشەویستەکەی دەبێت
چۆن ڕووبەڕووی برادەرەکەی دەبێتەوە
بەبێ ئەوەی
ئەم برادەرایەتییە
لەدەست بدا

هەموو ژنێک دەبی بزانێ
لەکوێ زەحمەتەکان تاقی دەکاتەوە و
لەکوێ بەڕێگادا دەڕوا

هەموو ژنێک دەبێ بزانێ
کە ناتوانێ گۆڕان لە درێژایی پووزو
بەرینایی ڕانەکانی
سروشتی باوانیدا بکا

هەموو ژنێ دەبێ بزانێ
کە دەشێ منداڵیەتی تەواو نەبووە
بەڵام بەسەری کەوتووە

هەموو ژنێک دەبێ بزانێ
چ دەکا و چ ناکات
بۆ خۆشەویستییە و زیادکردنی

هەموو ژنێک دەبێ بزانێ
چۆن بەتەنیا بژی
هەتا ئەگەر نەشیەوێ

هەموو ژنێک دەبێ بزانێ
کێن ئەوانەی توانایی متمانەیان هەیە
ئەوانەی نیانە
هەروەها بۆ ئەوە نابێت
بەکەسایەتی وەرگرێ

هەموو ژنێک دەبێ بزانێ
دەچێتە کوێ
لەسەرمێزی چێشتخانەی
باشترین برادەری ئامادەبێ
شاگەشکە بێ لە
خانوویەکی داریندا
ئەو دەمەی ڕۆحی پێویستی بە
هێوربوونەوە هەیە


هەموو ژنێک دەبێ بزانێ
چ دەتوانێ و چ ناتوانێ
خرکاتەوە
لەڕۆژێکدا
لەمانگ و لەساڵێکدا.

* مەیا ئەنجیلۆ: ناوی مارگرێتەیە و لە نیسانی ١٩٢٨ لە st. louis missour لە ڕۆژهەڵاتی ئەمەریکا لەدایک بووە. هەڵگری یەک لەدەنگە سەردەمییەکانی ئەدەبی ئەمەریکییە و بە هەڵکەوتەیەکی ڕێنسانسی ئافرەت ناوزەد کراوە.

مەیا وەکو شاعیر، مێژوونووس، ئەکتەر، دەرهێنەر، ڕۆشنبیر، نووسەری شیعری گۆرانی، سەماکەر، بەرهەمێهنەر، نووسەری پڕفرۆشترین کتێب، پرۆفیسۆر، هەڵسوڕاوێکی چالاکی مافە مەدەنییەکان، ڕۆژنامەنووس، دەناسرێ.

# سرووتەکانی بەبەردبوون

عومەر حوسێن حوسێن
(سلێمانی)



هەرچەند دەکەم و دەکۆشم ، ناتوانم ڕەشایی مێگەلی ئەو خەڵکەو حەشامەتی ئەو بەردانە لێکتر جیابکەمەوە. ساڵانێکە من لە هەوڵی هەڵوێژاردنیاندام و چەندی دەکەم بۆم لەیەکتر جیاناکرێتەوە، هێندە پێک دەچن وا هەست دەکەم خزمایەتییەکی زۆر نزیک لەنێوانیاندا هەبێ. هەندێ جار وا هەست دەکەم لە یەک بەرەباب و ڕەگەزن.. گەر وانەبا من دەمتوانی جیاوازییەکیان لەنێواندا بدۆزمەوە. من بەرلەوەی ئەو تاوێرەبەردەش ببینم.. بەرلەوەی هەست بە بەردبوونی سەدان مرۆڤ بکەم، هەر پێم وابووە بەرد و مرۆ دوو شتی زۆر لێکەوە نزیکن و لێک جیاکردنەوەیان زۆر ئەستەمە، چونکە زەمەن وادەکات هەندێ جار مرۆ ببن بەبەردو هەندێ جاریش بەرد مرۆ بن.

من ئێستا قسەکەم تەواو نەکردبوو یەکێ لەدەمی دەدامەوەو دەیگوت: «ئەوەی مرۆو بەرد لێک جیادەکاتەوە زمانە! مرۆڤ قسە دەکات، هاوار دەکات.. گۆرانی دەڵێت.. دەگریەت.. پێدەکەنێت، کەچی بەرد چ ناڵێت و چ دەرنابڕێت» قاقایەکی خۆشم بۆکردو پێم گوت: ئای کە قسەیەکی بێ ماناو هیچە.. من چ لە ئێوە بکەم کە زمانی بەرد نازانن! ئەوەندە نەزانن پێتان وایە بەرد هیچ قسەیەکی بۆ وتن نییە و چ ناڵێت! ئێوە دەزانن بێ دەنگی پڕە لە دەنگ؟! لە زۆر کات و شوێندا بێدەنگی جوانترین دەنگە؟! وەختێ کە قسە بێ بەهاترین شت بێ، ئەوە بێدەنگی دەبێتە جوانترین دەنگ و پڕ سەدا و پڕ هاوارترین دەنگ! دەنگی پڕ مانا و ڕەنگاوڕەنگ، دەنگی تاساو و خنکاو و سەربڕاو و لەبارچوو! دەنگی گومان و دڕدۆنگی لە ڕاستی ئەو شتانەی بوونەتە حەقیقەتێکی حەتمی.. بۆیە من پێم وایە دنیای بەردیش، دنیای جوانترین قسەیە، جیهانێکە پڕە لە قسەی بە تام و شیرین.. پڕە لەدەربڕینی بێ واژە واژ و

هاتوهاواری جارسکەر! بەڵام من چ لەچاوی کوێر و دڵی کەڕبووی ئێوە بکەم ، کەناتوانن جفرەی پڕ لەنهێنی و دەربڕینی بەرد شی بکەنەوە و ڕاڤەی بکەن! من چ بکەم! کە ناتوانن کۆدی دەربڕینی بەرد بدۆزنەوەو تاووتووی بکەن.. دەنا زمانی بەرد جوانترین دەربڕی فەلسەفەیە، بەڵام کێ.. کێ! لە زمانی پڕ لە فەلسەفە و پەندو حیکمەتی بەرد تێدەگات؟! کێ دەتوانێ هێڵە ڕاست و خوارو تێکەڵەکانی تەوێڵی بەردەکان بخوێنێتەوە؟! کە هەزاران ساڵە نهێنییە شاراوەکانی دنیا دەنووسنەوە! کێ سەربوردەی ئەو هەموو مرۆڤە بە بەردبووانە دەزانێ؟! کێ دەزانێ حیکایەتی نووسراوی سەربەردەکان بخوێنێتەوە.. بۆیە هیچ لەلاتان سەیر نەبێت کاتێک مرۆڤێک دەبێتە بەرد.. یاخود بەردێک دەبێتە کۆتەڵی مرۆڤێک! نازانم ،تۆ ئێستا باوەڕ بەو قسەیە دەکەیت کە مرۆڤێک بۆتە بەرد! ئێستا بەردێکەو لە قەدپاڵی ئەو کێوە سەرکەشەدا قرو قپ وەستاوە.. ئەوەتا بەبێ دەنگی نوێژێکی تاهەتایی دابەستووەو بەگەروویەکی نووساوی پڕ لە هاواری نەبیستراو، قسە لەگەڵ خواو لەگەڵ سروشت و لەگەڵ مندا دەکات. من دەزانم، ئێستا کەس باوەڕ بەبەردبوونی ئەو ڕۆحە سەرکێش و پڕ لە غەم و حەسرەتەی ئەو ناکات.. ئەوێک کە هەر لە ڕووبارێکی بەخوڕ دەچوو، ڕووبارێک کە پڕ بێت لە هاژە و هاتوهاوار و وروژمی پڕ لەتەکان.. کەچی شەپۆلی ئەو ڕۆحە سەرکێشە ، ئێستا لە دەریایەکی قووڵی پەنگ خواردووی بێ دەنگ و بێ شەپۆل دەچێت.. دەریایەک، کە هیچ هەڵکشان و داکشانی تێدا نەبێت! ئەو دوو لێوانەی ئەو کە پڕبوون لە گفتولفت و هاتوهاوار و قاقاو پێکەنین.. ئێستا کشومات و بێ دەنگن.. بەوێنەی بەستە سووتاوێکی پاییزان.. ئەو دوو لێوانە ئەوەندە دۆش داماو و بەسەر یەکا تەپیون.. واهەست دەکەی نێوانی ئەو دوو لێوە لێک هەڵنەبڕاون.. ئەوەتا ئێستا کپ و مات و بێ دەنگ وەستاوە. وەک پەیکەرە بەردینەیەک، ئەوەی لەودا دەجووڵێتەوە تەنیاو تەنیا ئەو دووچاوە زیتانەیەتی.. کە پڕن لەسیحری دەربڕین.. ئەو چاوە سیحراوییانەی ئەو زۆر جار ڕەش و زۆر جار قاوەیی دەنوێنن. .جار جارەش زەردباوو هەندێ جاریش سەوزێکی مەیلەو نێرگزی دەنوێنن.. هەندێ جاریش شینێکی تۆخن.. ئەو چاوانە لەناو هەڵمی سرووتێکی بێدەنگدا.. پڕن لە قسەی ڕەنگاوڕەنگ، پڕن لەحیکایەت و سەربردەی مزرو شیرین.. پڕن لەبەزەیی و لە عیشق و خۆشەویستی و جوانی.. پڕن لە حوزن و یەئسی تاڵ.. پڕن لە شکست و دامان.. پڕن لە ڕق و تووڕەیی، پڕن لە عەبووسی و جاڕس بوون.. پڕن.. پڕن.. پڕ.. پ.

ئەوەتا ئەو ئێستا بەچاوەکانی قسە دەکات.. ئەو دوو چاوانەی هەر لە گۆمیلکە ئاوی بەهاران دەچن.. وەک گۆمە ئاوێکی کپ، کە مانگ تێیدا حیکایەتی مێژووی تەنیایی خۆی باس بکات.. ڕەشایی چاوەکانی، کە لە ئەشکی ساردو سوێردا خووساون پڕپڕن لەحیکایەت.. ئەوەتا لەقەپێلکی ئەو چاوە لەئاو داوەستاوانەدا، هەزاران سەربردە و حیکایەتی جودا جودا دەبینین و دەبیستین.. من نازانم! هێزی چ سیحر و ئەفسوون و جادوویەک بوو وایان لەو پیاوە کرد ببێت بە بەرد. حەمەچکۆل.. خەڵکی پێیان دەگوت: حەمە هاوار.

چونکە بەردەوام حەزی لە هاتوهاوار و دەنگەدەنگ بوو.. بەردەوام لەپێشی پێشەوەی خۆپیشاندانەکاندا هاتوهاواری حەماسات خولقێنی دەکرد.. بە دەنگێکی گڕ و بەهێز شیعرەکانی قانیع و بێکەس و هێمنی دەخوێندەوە.. قسەی پڕ لە کەفوکوڵ و وروژێنەری دەکرد.. قەت نەیدەویست ئەو دوو لێوانەی لێک بنێ و بێ دەنگ بێ.. هەدادانی نەبوو، بەردەوام قاچێکی لەشاخ و یەکی لەشار بوو.. کە دەشخەوت، هەست بەجووڵانەوەی لێوەکانی دەکرا.. کەچی هەر ئەو مرۆڤە، لەسەر پەڕە کاغەزێک نووسی «من جارێکی تر بەو دوو لێوانەم قسە ناکەمەوە، ئیتر ئەوە دوایین بڕیارمە». ئەو بڕیارە سێ پاییز پێش ئەو ئێوارە پایزییە بوو کە ئەو تێیدا بوو بەبەرد.. سێ ساڵ بەرلەو ئێوارەیە.. سێ پاییز بەر لەو ئێوارەیە، ئەو بڕیاری دابوو.. سێ ساڵ بوو ڕەشبینییەکی زۆر بەری چاوەکانی گرتبوو، هیچ چرۆی خەون و هیوایەک لەناو دڵی پەرێشانیدا نەمابوو. بەردەوام دەیگوت: من دۆڕاوترین کەسی دنیام.. دۆڕاوێک، کە هەموو عومری جوانی خۆمم تێدا دۆڕاندو شتێکی کەمیشم تێدا دەست نەکەوت.. تەنانەت پیاڵەیەکیش لە شەربەتی شەهادەتم پێ نەگەیشت.. گەر هیچ نەبا، بە ئاسوودەیی و هیواوە چاوەکانم لێک دەنا! بەڵام چ لەغەداری زەمەن دەکەی.

ئیتر ئەوەندە بێزارو وەڕس بوو، ڕقی لەهەناسەکانی خۆشی هەڵدەستا، کەبەبێ ویستی ئەو، بەسیەکانیدا

گوزەریان دەکرد و درێژەیان بەو تەمەنەی دەدا، کە لە دووبارەبوونەوەی وەکو یەکی ڕۆژە کاربۆنییەکاندا، جەستەی هەپڕوون بەهەپڕوون دەبوو. بێ ئارامی و نیگەرانی، ئەوەندەی تر هەراسانیان کردبوو، هەستی دەکرد بستە خاکێک لەو هەموو مەملەکەتەی خوا، بەخۆی ناگرێ! هەدادانی نەبوو، ئۆقرە و ئارامی لێ هەڵگیرابوو، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لەئارادا بێ، جگە لە ڕەشبینییەکی زۆر بەرانبەر بەو واقیعەی کە لەزەلکاوی کێشمەکێش و ڕقە بەرایەتیدا غەرق بووە. زوو زوو دەیگوت: دەبێ لەژیان بێ ماناتر هەبێ؟! نازانم، چەند دەکەم مانایەک لە ژیاندا نابینمەوە! ئەوەی کە هەشمانە هەر ژیانە!

هەر ئەو ڕەشبینییەش بوو وای کردبوو، بەردەوام کەسێکی مات و بێدەنگ و گۆشەگیر بێ. حەزی نەدەکرد قسە بۆ کەس بکات، نەشیدەویست گوێ لە کەس بگرێ، دەیگوت: ئەمانە نەدەتوانن لەناخەوە قسە بکەن و نە لە ناخەوەشڕا گوێ دەگرن، چونکە ئەمانە وارسی بتە قوڕینە درۆیینەکانن ناکرێ، حەرامزادەبن! دەیگوت.. ئەمانە ئەو جانەوەرە چاو زیت و گوێ قوڵاخ و ناواخن بۆگەنانەن، کە کەللەیان سیخناخە، بەکلێشەی ئەو خەونە نەگریسانەی کە لە گەردەلەکانی دۆزەخ ڕادێن».

بۆیە دەبێت، چ لە تەریکی و بێ دەنگی و دوورەپەرێزی ڕاستتربێ، بۆ کەسێکی ڕەشبین، کەسێکی نیگەران و بێ ئارام و ڕۆح ماندوو و شەکەتی وەکو ئەو. دەیگوت: (خۆزگە مردنیش وەکو خەو هەڵسانەوەی دەبوو.. تا بۆ چەند چرکەیەکیش بوایە ڕۆحی ماندوو و شەکەتمان ئاسوودە و بێ وەی دەبوو.. کەچی ئەو ڕۆحە سەرکێشەی من هیچ هەدادانی نییە). بەخۆی وت: هەست دەکەم ڕۆح وەک جیوە وابێ، ناتوانێ بسرەوێ! بۆیە بەهەموو کون و قوژبن و کاولاشەکانی جەستەماندا دەگەڕێ، دەگەڕێ بۆ قوتاربوون، دەڵێن، سیحری ئاشنابوونی ڕۆح بەجەستە کەس نایزانێ! نا! چونکە ڕۆح زۆر بزۆزو بێ ئارامە، ئیتر هەر لەگەڕان و سوڕانی بێ ئاماندایە، جا لەو هەموو گەڕان و سووڕانەدا دەگاتە کاولاشی جەستەمان و تێیدا گیرۆدە دەبێ، جار جارەش دەیگوت: نا، ڕۆح شتێکە وێڵی شتە شاراوەو پەنهانەکان! تا هەموو نهێنییەکانی بوون بزانێ، ئیتر هەموو کون و قوژبنە تاریکەکان بەسەردەکاتەوە، وەک عەودالی ڕاستییەک بێ، یا بیەوێ ڕاستییەک بەبوون ببەخشێ. بۆ نا! کام کون و قوژبن و تونێل، هێندەی ناوەوەی مرۆڤ پڕ لەنهێنی و تەلیسمە؟! من نازانم! ئەو ڕۆحە سەرشێت و بێ ئۆقرەیەی من دەیەوێت چ ڕاستییەک بەمن بدات! جگە لە درۆیەک! بەخۆی وت: هەرچۆنێ بێ ،من ساتێک ئارامی و ئاسوودەیی ئەو ڕۆحە شێتەی خۆم، پێ لەهەموو شتێک باشترە، حەزدەکەم بۆ ساتێک ئەگەر زۆر کەمیش بێ، لە ناخەوە کپ و مات و بێ جووڵەبم. من نازانم ڕاستی ئەو قسەیە چەندە، کە مەی باشترین فریادڕەسی ئەم سرووتانەیە، یەکێ لە هاوڕێیەکان پێی وتبوو: ئەم سرووتانەی تۆ دەتەوێ، تەنیا مەی دەتوانێ بیگەیەنێتێ. ئیتر خۆت بکە بەدەریای مەیدا.. خۆت لە حەوز و کانی و سەرچاوەکانی مەی هەڵکێشە، بەجۆگەلەکانی مەیدا سەرکەوە تا دەگەیتە سەر پشتی شەپۆلەکانی خەیاڵی دەریای مەزن.. تەنیا باڵندەی سیحراوی خەیاڵەکانی مەی دەتوانێت بتبات و بتگەیەنێتە کەنارەکانی ئارامی و ئاسوودەیی. بتباتە ناو کۆشک و مەزراو باغە هەمیشە سەوزەکانی جاویدانی بەهەشت.. ناو ئەو باخانەی کە دارەکانی هەر لە بەلەک و بەژن و باڵای ژن دەچن.. هەنارو سێوو پرتەقاڵ و لیمۆکانی کەڕک و توند و ڕەقن.. هەر لە مەمکی کچە هەرزەکارەکانی شار دەچن، لێ نابنەوە. بەدەست بیانگوشە تا نەرم دەبن، ئەوجا چ مزرایی و شیرین و تامە هەنگوینییەکانیان هەیە بیمژە. لەوێ پەرییەکانی دەریا، بێ ستیان و بێ مایۆ مەلە دەکەن، سڵ لە نیگا چڵێسەکانی پیاو ناکەنەوەو دەتخەنە سەرپشت و سەر سک و قەڵا دۆشکانی خۆیان.. بخۆرەوە.. بخۆرەوە تەنیا مەیە دەتباتە ناو دنیای ڕەنگاوڕەنگی فیردەوسەوە. قسەی ئەو برادەرەی هاتەوە یاد، کە دەیگوت: «مەی ئاوی حەیاتە، ئەو ئاوەیە کە لەوەتای مرۆڤ هەیە عەودالیەتی.. ئەو ئاوەیە گلگامێش سەوداسەری بوو». ئیتر هەموو ساتەکانی خۆی بەخواردنەوە دەبردە سەر، وەک ماسی ئەو ئاوە تاڵەی لێهاتبوو.. کەچی هەستی دەکرد، مەیش وەک پێویست ئاسوودەی ناکات و ڕۆحی ناخاتە خەو.. هەستی دەکرد جەستەی شل دەبوو وەکو شتڵە ڕێحانەیەکی تینوو بەلادا دەهات.. هەنگاوەکانی هەڵدەوەرین.. خەونەکانی دەمردن.. ئیتر وەکو کەلاکێکی مردوو لە پەڕو پۆ دەبوو . کەچی هەستی دەکرد کرمێک بەگیانیدا دەگەڕێ و ختووکەی دەداو حیکایەتی تێکەڵوپێکەڵی بۆ دەکات و

چەند دەکات ناگاتە مەزراو باخەکانی بەهەشت و لەکەنارەکانی دۆزەخدا دەتلێتەوە. قاچەکانی هەنگاوێک لە دووی نەدەچوون نە بەخۆشیان دەگرت.. دەستی وەک سیپالێکی لێهاتبوو، چەند دەیکرد پەرداخێک ئاویان پێ نەدەدا.. توند چاوی لێک دەناو پەردەیەکی ڕەش و تاریکی بەسەر پێلووەکانیدا دەدا، کەچی تارمایی شتەکان دەچوونە ئەو دیو پەردەکەو چاوشارکێیان لەگەڵ دەکرد. دەیاندواند و سەربردە و چیرۆکی سەیر سەیریان بۆ دەگێڕایەوە و نەیاندەهێشت بنوێ. هەستی دەکرد گوێیەکانی بەمس ئاخنیوە، کەچی دەنگێک لەناوەوەڕا دەیدواند، جار بەجاریش بەهاتوهاواری گڕو ناخۆش هەراسانی دەکردو نەیدەهێشت بخەوێ، ئیتر ئەو لە ساتێک دەگەڕا تێیدا مات و هێمن و کپ و بێ دەنگ و بێ جووڵە بێ، وەکو بەرد.. هەر کتومت بەرد. یەک بەیەک دەڵێ: « دەڵێی بەردی ، کپ و مات و بێدەنگ و بێ جووڵەی». حەزی دەکرد بەردێک باو لە قەدپاڵی ئەو شاخە بوایە . خۆشی نەیدەزانی هێزی چ سیحرێکە بەرەو چیای پشت ئاوایی دەیبا، بەرەو ڕەوەزە بەردەکان هەڵی دەگرێت.. ئیتر هەموو ڕۆژێ بەرەو ئەو شاخە دەچوو، بەسەر تاوێرە بەردەکاندا سەر دەکەوت، دەچووەوە ناو ڕەوەزە بەردەکان و باز بازێنی لەسەر بەردەکان دەکرد، کێلە بەردانەی پێ دەکردن، هەڵماقۆ و گۆگۆبەنێی پێ دەکردن، تەماشای دەکردن و لێیان ورد دەبووەوە، توند باوەشی بەبەردەکاندا دەکردو هێڵ و خەت و هێما دیار و وەهمەکانی سەر سینگیانی دەخوێندەوەو ڕاڤەو لێکدانەوەی بۆ دەکردن. لە گەڵیان دەکەوتە یاری و چاوشارکێ، وەکو لەگەڵ سەدان منداڵدا یاری بکات..هێواش هێواش بەهەڵدێر و تەختاییەکاندا هەڵدەزنا.. لە سوورە ماهییەکان ورد دەبووەوە.. لەبەرخۆیەوە دەیگوت: چەند ساف و لووس داتاشراون!. سەرنجی لە تەپۆلکە و ملە و لووتکەکان دەدا.. کە وەک کارگ هەڵتۆقیون.. یەک بەیەک لێیان ورد دەبووەوە.. هەریەکەیان کۆتەڵێکی پڕ لەمانای دەنواند، کە گوزارشتی مێژووی دەیان داستان و بەسەرهات و سەربردەی پاڵەوانیان لە خۆ گرتبوو. هەستی دەکرد ئەم کێوانە لەخڕبوونەوەو کۆبوونەوەی گوزارشتە مێژووییەکانی ئەم گەلە دروست بوون. لەدامێنی پڕ لە هەڵدێری ماهییەکی گەورەدا، پیرە دارە بەنێکی گەورە سەرنجی ڕاکێشا، تەواو لێی نزیک بووەوە، بینی تاوێرە بەردێکی درێژکۆلە، لەناو قەدە ئەستوورە کەمێک نووشتاوەکەیدا گیری خواردووە، وای هەست دەکرد مرۆڤێکەو لەسەری درێژ بووە. ئەی ئەوە نییە شەماڵ یاری بەکاکۆڵانی دەکات! نا.. نا.. هەست دەکەم دیلانێی لەسەر دەکات! بەماهییەکەیدا هەڵڕوانی، هەڵدێرێکی یەکجار بەرزبوو، لە سەرووی ماهییەکەوە ڕەوەزە بەردێکی بەدی کرد..هەر دەتگوت، گاڕانەو مۆڵ بووە. هەبێ و نەبێ ئەم تاوێرە لەوێوە خلۆر بووە! نا! کێ دەڵێ ئەمە سیامەند نییە.؟! ئا، سیامەند! ئەی نەنکم نەیدەگوت: سیامەند لە هەڵدێرێکی هەزار بەهەزار هەڵدێرا، کەچی لە خوارەوە پەلە دارێک گرتییەوە. هەبێ و نەبێ سیامەندە!. دەڕۆیشت و لەبەر خۆیەوە هەر دەیگوت و دەیگوتەوە: هەبێ و نەبێ سیامەندە!. ئیتر بێ هووەدە دەڕۆیشت، تا لەبەردەم گاشە بەردێکی زلدا، کە ڕێگاکەی لێ دەگرت ئەبڵەق بوو. سەرنجی لەبەردەکە گیرکرد، قڵێشێکی ڕەشی زل، بەردەکەی لە ناوەڕاستەوە کردبووە دوو کەرت. هەستی دەکرد کە ئاوی باران و بەفرو کرێوەو تەپو تۆزو شیناوردی بەهاران، ئەم تیکەی پڕ کردووەتەوە و بەردەکەی بەیەکەوە نووساندووەتەوە، کتومت برین.. وەکو برینێکی سەد تەقەڵی بێ.. هەروەکو برینی ئەو زامدارانەی، لە شەڕە بێ کۆتاییەکانی وڵاتدا، سک و پشت و دەست و قاچیان بریندار ببوو دووراببووەوە! هەر بەبرینی ئەوان دەچوو. بەخۆی وت: ئەوە جێی شمشێری پاڵەوانە کۆنەکانە!. نەنکی زۆر باسی ئەو پاڵەوانانەی بۆ کردبوو، کە توانیبوویان بەشمشێر بەردی زۆر زل قاش بکەن، هەستی دەکرد ئەوە جێی شمشێری ئەوانە. ماڵماڵی هاتەوە یاد.. ئەوکاتەی بەشمشێرەکەی پەلاماری دوژمنەکەی دا، کە چۆن دوژمنەکەی لەترسی زەبری ماڵماڵ، خۆی هاویشتە پشت بەردێک، تا بتوانێت خۆی لە زەبری ماڵماڵ قوتار بکات، بەڵام ماڵماڵ کە شمشێری داوەشاندێ بەبەردەکەوە کردییە دوو کەرت. ئا.. ئەمە ئەو بەردەیە! هەبێ و نەبێ ئەو بەردەیە!. وای هەست دەکرد ئەم کێوانە، لەهۆڵی مۆزەخانەیەکی گەورە دەچن، یان هۆڵی گەلەرییەکی گەورە. کە هەزاران تابلۆی تێدا هەڵواسرابێ.. یەک بەیەک تەماشای دەکردن و لێیان ورد دەبووەوە و لەگەڵ سەربردەی داستانەکانی نەنکیدا بەراوردی دەکردن. لەسیمای هەر یەکەیاندا دەیان داستان و سەربردەو حیکایەتی هەست پێ دەکرد، هەر بەردێک

شێوەو شكڵێكی هەیەو دەیەوێت شتێك بڵێ و چیرۆكێك بگێڕێتەوە. كەچی كەس ئەو شاكارانە وا نابینێ، كەس دەنگ و سەدایان نابیستێ.. كەس نازانێ نووسراوەكانی سەر سینگیان بخوێنێتەوە. لەبەرخۆیەوە دەیگوت: تەماشا.. تەماشا، مرۆڤ جانەوەرێكی چەند كاڵفام و كلۆڵ و بێ هەستە، لە زمانی بەرد تێ ناگەن. هەستی دەكرد مرۆڤ بەردی فەرامۆش كردووە، كەچی بەرد مرۆڤی ئەزبەر كردووە. ئەو، تا ئێستا نەیتوانیوە لەزمانی بەرد تێ بگا! ئەو تاوێرە بەردانە هەموو مرۆڤە فەرامۆش كراوەكانی مێژوون.. هەموو تەرم و كەلاك و لاشەی تەواو و كەللە و باڵ و قاچی مرۆڤە گلاو و هەڵدێراوەكانی ئەم شاخەن.

شەوان بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە، بێ ئەوەی قسە لەگەڵ كەس بكات، نانی دەخواردو ڕایەخەكانی هەڵدەگرت و بەپەیژەكەدا سەردەكەوت بۆ سەربان، جێگاكەی خۆی ڕادەخست، لەسەر گازەرای پشت لێی ڕادەكشاو جگەرەی بەجگەرەی دادەگیرساند، هەمیشە باقەیەک دووكەڵ لەسەری وەستابوو. بەردەوام چاوی دەبڕییە ئاسمان.. ئیتر لەدەریای بێ بنی ئاسماندا غەرق دەبوو، وەكو گەمی پرسیار بێ بەناویا دەهات و دەچوو. سەری دەبوو بەكوورەی ورووژاوی هەنگی پرسیار و بەمەودای كەشكەلانی ئاسماندا هەڵدەفڕین و سەرسامیان دەكرد! دەكەوتە بژاردنی ئەستێرەكان یەک.. دوو.. سێ.. سەت.. هەزار.. تەواو نابن. ئیتر هێڵی نێوان ئەستێرەكانی دەكێشا، دەیویست بورجەكان دەست نیشان بكات. هێشووە ئەستێرەكانی لەخۆوە مەزەندە دەكرد. «ئەو ئەستێرە گەشە لەگەڵ ئەو ئەستێرە گەشەی تر لەگەڵ ئەو ئەستێرە گەشەی ئەولاتر لەشەوق و شەبەنگ و جوانیدا وەكو یەكن، ئەگەر بەیەكیان بگەیەنین سێ گۆشەیەكی وەستاومان بۆ دەردەچێ، ڕەنگە ئەو سێ گۆشە وەستاوە بورجی من بێ.»

ئیتر وردە وردە مانگ دەهات و زیاتر دنیای بۆ ڕۆشن دەكردەوە. لەبەر ڕووناهی مانگدا لەچیاكەی بەرانبەر ئاوایی ڕادەما.. لەدوندو لوتكەو ملەو قەدپاڵەكان ورد دەبووەوە، لەسێبەرو ڕووناهی شاخەكاندا، دەیان تابلۆی سەیر سەیری مەزەندە دەكرد. ئەو كێوەی دامێنی شاخەكە، كە وەک پوازێک لە دامێنیدا دەكوتراوە، هەر لەئەسپ سوارێک دەچێ! وەكو ئەسپێكی گەورە بیەوێت بەشاخەكەدا هەڵزنێ! سەرنجی دەگواستەوە سەر شوێنێكی تر، لەناوەڕاستی شاخەكە سەلكێكی گەورەی ژنێكی بەدی دەكرد، هەستی دەكرد تا دەمی توانیویەتی كراوەتەوەو هاوار دەكاو دەقیژێنێ.. بەتەواوی هەستی بەتاریكایی ناو دەمی دەكرد، دەیگوت: هەبێ و نەبێ ئەو ژنە قژ ئاڵۆزكاوە دایكە حەوایە! هاوار دەكاو شیوەن بۆ مەرگی هابیل دەكات!.

شەو ڕادەكشاو ئەو هەر لەدەریای ئەو خەیاڵانەدا مەلەی دەكرد تا كەنەفت دەبوو چاوەكانی لێک دەنا، نەیدەزانی چەند نووستووە،چۆن نووستووە.. كە بە قووقەی كەڵەشێرو بانگ و سەڵای مزگەوت و غەڵبە غەڵبی خەڵك و جریوە جریو و فڕە فڕی چۆلەكەو باڵندەو پەلەوەرەكان بەئاگا دەهات. ئیتر ماوەیەک لەسەر جێگاكەیەوە لەشاخەكە ڕادەماو وێنەكانی شەوی دەهێنایەوە بەرچاوی خۆی. كە تەواو لێی ورد دەبووەوە، هەستی دەكرد ئەو ئافرەتەی شەو دەیقیژاندو دەمی كردبووەوە.. ئەوە دەمی ئەو ئەشكەوتەیە كە چەندان جار چووەتە ناویەوە و تێیدا خەوتووە. كێ دەڵێ دەمی ئەو ئەشكەوتە دەمی ئافرەتێک نییە؟! لە نەنكی بیستبوو، خەڵكی تریش هەروایان دەگوت: «ئەو ئەشكەوتە بنی نییەو تەواو نابێت، هەتا ئێستا كەس نەگەیشتۆتە بنی و هەرچی چووە، یان نەیگەیشتۆتێ، یان نەگەڕاوەتەوە».

هێشتا خۆر بەتەواوی لەسەربانەوە نەدەكەوت، ڕایەخەكانی فڕێ دەدایە خوارەوە.. پاڕووە نانێكی دەخوارد و چەند دەنكە قەسپێكی دەخستە گیرفانی و ڕێگای چوونەوە شاخی دەگرتەوەبەر، دەچووەوە ناو ڕەوەزە بەردەكان و باز بازێنی لەسەر دەكردن ، بەسەر تاوێرە بەردەكاندا هەڵدەزنا، لە گەڵیان دەكەوتە قسەكردن. سەرنجی لە بەردێک گیركرد وای هەست دەكرد سەلكی زەلامێكە، لێی ورد دەبووەوە و دەیگوت: «ئەوە سەلكی كوڕە شوانەكەیە! ئەو كوڕە شوانەی وەختێ كە گۆچانی ڕادەوەشاند ، خۆی و مەڕەكانی دەبوونە ڕەوە قولێنگ و بەرەو كوێستانە پڕ لە مێرگوزارەكان دەچوون ، ئێوارانیش گۆچانی ڕادەوەشاند، دەبوونەوە بەڕەوە قولێنگ و دەهاتنەوە. هەندێ لە خەڵكی بەو شوانەیان دەگوت (وەلی)یە و هەندێ دەیانگوت ساحیرە و هەندێ دەیانگوت پێغەمبەرە.» نەنكم دەیگوت: ئەو كوڕە شوانە كە شمشاڵی دەژەنی، ئەوەندە بەسۆزو جۆش و خرۆش بوو بەردی دێنانە سەما. . دەیگوت.. كچی پاشا عەشقی ئەو كوڕە شوانە ببوو.. ئیتر هەموو ڕۆژێ بەسواری جوانە

مـاینەکـەی خـۆی، لەگـەڵ هەندێ قـەرەواشی خـۆیدا بەرەو لای کـوڕە شـوانە دەچوو، تـاوای لێـهـات تەواوی خـەڵـکی شـار بەو مـەسـەلەیان زانی. ئیـتـر پاشـا بانگی کـوڕە شـوانەکـەی خـۆی دەکـات. نەنکم دەیگوت.. ئیـتـر لەو ڕۆژەوە هیچ کەس ئەو کوڕە شوانەی نەدیتـەوە (هەندێک دەیانگوت.. بەشــمــشــێــر ســەریان بڕی و هەندێ دەیانگوت.. لەشاخ هەڵیان داشت و هەندێ دەیانگوت.. شـــار بەدەریان کـــرد) تەواو ســـەرنجی دەداو لێی ورد دەبووەوە، ئا.. خـۆیەتی! دوور دەکـەوتەوەو سـەرنجی لێ دەداو جـوان لێی ورد دەبووەوە، بەڵـێ خـۆیەتی! ئیـتـر لەگەڵـی دەکەوتە قسـەکردن ، توند باوەشی پێدا دەکردو بەسـەریا دەگـریاو داوای لێ دەکـرد سـەربردەی خـۆی بۆ بگێـڕێتـەوە. دەیگوت: دەزانم تۆ سـەلکی ئینسـانێکی دەیان خـەون و خـولیـاو ئارەزووت هەبووە. دەزانم، دەیان بەسـەرهاتت هەبووە، کـەچی قسـەیەکم بۆ ناکـەی. من دەزانم، تۆ سـەلکی کـوڕە شـوانەی پاشـای! کـە شـەیدای پەریزاد ببووی، من دەزانم تۆ تائێستاش تاساوی جوانی و ئەفـســوونەکـانی ئەوی. ئیــتــر وردە وردە لێی نـزیک دەبووەوە، دەیویست توند باوەشی پێـــدا بکات،توند بیگرێتـە باوەشی و مـاچی بکات (کـەچی وەختـێ کـە پەلامـاری داو ویسـتی بیگرێتـە باوەش، بەردەکـە خلۆر بووەوە خـوارێ و کـەوتە تلاو تل.. ویسـتی هەر چۆنێک بێ پـێی بـگـاتـەوە، بـەدوایـدا ڕای کــــــردو ئـەویـش خلۆربووەوە. قـیـژەو هاواری هەردووکـیـان تێکـەڵـی یەک دەبوو پڕ بەشـیـوو دۆڵەکـان دەنگی دەدایەوە، هەر تلاو تلیـــان بوو، تاوەکــو لە گــۆڕاییــەکــدا هەردووکــیــان گیرسانەوە.. ئیتر بەدەم ناڵە ناڵ و نرکە نرکی لەشێکی پڕ لەزام و برینەوە بەگیـانێکی شەلاڵ لە خوێن و ئارەقەو تەپوتۆز، لەسـەر زگ بەرەو بەردەکـە دەخـزی و دەیویست هەر چۆنێک بێت پێی بگاتەوەو توند باوەشی پێـــدا بکات. بەئازارو ناڵە ناڵ و فنکە فنکی دەم و شەویلاگی پڕ لە خـوێن و جەسـتـەیەکی پڕ لە زام پێی گـەیشـتـەوەو توند باوەشی پێداکرد.

ئێــوارە بـوو خــۆر لە کــۆرنیــشــدابوو.. بەدوا تاڵە ئاڵتـوونییـەکـانی خـۆی قـژ و کـاکـۆڵی بژ و ئاڵۆزکـاوی دەنەخـشـاندو مـاڵئـاوایی لێ دەکـردن. ئیـتـر وردە وردە بەردەکـە سـەربردەی بەبەردبوونی خـۆی بۆ دەگـێـڕایەوەو هێواش هێواش ئەویش وەکو پارچە مسێک بەگڕی قسە گەرمەکانی دەتوایەوەو دەبوو بەبەرد!).

# هیچ

**سالار ئیسماعیل سەمین**
**(خورماتوو)**



من و تۆ، باوکی تۆ. لەگەڵ باوکی مندا، برادەرییەکی گیانی بەگیانییان هەبوو. شەوە یەڵدا لەبن نەهاتووەکانی زستان، هەتا درەنگ وەختێک پێکەوە بوون.. زۆر شەوان لەنیوە لای دەدا. ئەوسا لە یەک دادەترازان. ئەو بەرەو ماڵی خۆی و باوکیشم بەرەو ژوورەکەی خۆی، لەبەر ئەوەی دایکم لەمێژە و لەکونجی یەکێ لەنەخۆشخانەکانی شاردا لێی کەوتبوو. باوکم زۆرجار لەژوورەکەیدا بەتەنیابوو. باوکم حیکایەتخوانێکی بەسەلیقەو عەجایەب بوو. زۆرجار باسی دێوی دەماوەندو ئادەمی دووسەرەو کوڕە کەچەڵ و ڕۆسەمی زاڵی بۆ دەکردین. «ئۆف باوە گیان ئۆف». ئەو حیکایەتە خۆشانەی باوکم هەموویم لەبیر چوو. بۆ ئەوەش لەبیرم چوو، ئەوکاتە تەمەنم دەرگەی هەشت نۆ ساڵی دەکوتا. هەموو حیکایەتەکانی باوکت و باوکم لەبیر چوو. تەنیا ئەوە نەبێ زۆرجار باوکت پێی دەگوتم. تۆ بووکی منی، تۆ تاقانەی باوکت بووی. هەرچەندێ تۆ کوڕ بوویت. زۆرجار پێکەوە یاریمان دەکرد.

ئەو ڕۆژە لە نەخۆشخانەکەدا لە دوا پێچی نهۆمی سێیەمدا سەرکەوتم. ڕووبەڕووی ئاوێنەیەکی گەورە بوومەوە. لەبەر ئەوەی زۆر شەکەت و ماندووبووم. بەرانبەر ئاوێنەکە ڕاوەستام. کات دووی پاش نیوەڕۆ بوو. ئەو پێپلیکانەی کە بەرەو نهۆمی سەرەوەی نەخۆشخانەکە لوولی دەخوارد، کەسی لێ نەبوو. لەبەردەم ئاوێنەکەی نەخۆشخانەکەدا ڕاوەستام لە تەوقی سەرمەوە هەتا پەنجەکانی پێم تەماشایەکی خۆمم کرد. چەند لۆچێک بەڕوومەتمەوە لەگەڵ چەند تەڵە پرچێکی سپی لەنێو کاکۆڵە زەردەکەمدا بەدی دەکرا. بەهۆی سیسی و لاوازی ڕوومەتم چاوەکانیشم دەرپۆقیبوون. هەرچەندێ حیکایەت و وتەکانی باوکم لەبیر نەمابوو، بەڵام

وتەیەکی زۆر بەنرخی هاتەوە بیرم. دەیگوت «شێر کە پیر بوو قوولاییی چاوەکانی دەبێتە هێلانەی مێش و مەگەز».

بیست و چوار ساڵ پێش ئێستاکە، لە پۆلی دووی خانەی مامۆستایان بووم. پەلکە زەردمارەکانم وەک دوو ماری سەرەتای هاوین بەرەو پاژنەکانم داخزابوون. بەهۆی پەنجەرەکەی نێوان ژووری خەوتنی من و ژوورەکەی دایکم، ڕۆژانە گوێم لە ورتە ورتەکەی دایکم دەبوو. چوارشەممەی یەکێ لە ڕۆژەکانی پشوودانی هاوین بوو. بەسەر چوارپایەکەمەوە ڕاکشابووم. گوێم لە وڕێنەکەی دایکم بوو.

– من تێناگەم بۆ تەنیا جارێک هاتن بۆ خوازبێنی شەهلا؟ وادیارە ئەیانەوێ ئەم جارە خۆم یاخەیان پێبگرم. لەڕاستیدا هیچ کاتێک ژن بە خزمی خۆت نەدەی باشە. ئەنجامەکەی پەشیمانییە. من وای بۆ دەچم. لە مێژەوە سەرکەوت حەزی لە شەهلا کردووە، ئەگەر کەسوکارەکەی وەک پیاو بێنە بەرەوە قسەمەتێکی باشە. ئەوە گریمان بەقسمەت و نەسیبی بوو، دوور نییە پاش ساڵێک منداڵێکیان ببێ. شەهلا زۆر خۆشەویستە. ئەبێ بەبۆنەی ئەوەوە منداڵەکەیان بەخێوکەم. زۆر لەو بڕوایەدام منداڵەکە هەردوو چاوی شین بێ. لەحەشمەتان ڕۆژانە دەیان جار سەر گۆناکانی هەڵدەمژم. کێ دەڵێ کەسوکاری سەرکەوت خۆیان بە خێوی ناکەن؟ دایکی سەرکەوت توانای منداڵ بەخێوکردنی نەماوە، پیرەژنێکی پەککەوت و منداڵ بەخێوکردن توانایەکی دەوێ. خۆزگە بەشەو بڕۆیشتایەم بۆ ئەو نەخۆشخانەیە هەتا تووشی ئەو ئاوێنە نەگریسە نەبوایەم. ئەو ڕۆژەم هاتەوە یاد کە لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا بووم هەموو نیوەڕوانێک باوکم بەدوومدا دەهات. «ئۆف باوە گیان ئۆف». هەر چەندێ زۆرجار هزر و خەیاڵم بەلای تاقانەکەی دراوسێمانەوە بوو. جار جارێکیش مەلی خۆشەویستیم بەرەو کوڕەکەی خاڵم باڵی دەگرتەوە. ئەوان تەنیا جارێک هاتن بۆ خوازبێنیم. باوکم حەزی لەسێبەری سەریان نەبوو، بەڵام دایکم بەتاسووقەوە بوو شووی پێ بکەم. زۆرجار باوکم دەیگوت بەسەگت دەدەم بەوانت نادەم. لەبەر چەند قسەو باسێکی نارەواو پڕ لە ئابڕوو چوون. باوکم حەزی لە سێبەری سەری سەرکەوتیش نەبوو. من تەنیا منداڵی دایک و باوکی خۆم بووم، واتە تاقانە. ئەو ساڵەی لەکاتی حەرەس قەومیدا باوکم بۆ یەکێ لە لادێکانی دەرەوەی شار هەڵهات «ئۆف باوە گیان ئۆف» من و دایکم بەتەنیا ماینەوە. هەر دوای هەڵاتنی باوکم، دایکم تووشی نەخۆشییەکی گەورە بوو. لەمانگێکدا پتر لە بیست ڕۆژ لەنەخۆشخانەکاندا بوو. تەنیا پوورێکم هەبوو شەوانە دەهات بەلامەوە دەما. ئەو ڕۆژە زۆر گەرم بوو. تازە لە قوتابخانە گەڕابوومەوە تەوژمی خۆرەتاوەکە لەوەدا نەبوو. کەس بۆی نەدەکرا لەنێو کۆڵان و سەر شەقامەکاندا بووەستێ. هەڵمی قیرتاوەکەی سەر شەقامەکە خنکێنەر بوو، لوولی دەخوارد. کات دووی پاش نیوەڕۆی چوارشەممە بوو. بەتەمای پشوودان بووم لەژوورەکەی خۆمدا. لەگەڵ دەنگی لێدانی دەرگەی حەوشەکەماندا ڕاچەڵەکام. کاتێک چوومە بەر دەرگە تەماشام کرد سەرکەوتی دراوسێمانە. هەر لەوێدا وتەکەی باوکی ڕەحمەتیم بیر کەوتەوە. دەیگوت «تۆ بووکی خۆمی». لە هاتنە ژوورەوەی دوودڵ بووم لەهەمان کاتیشدا قایل بووم. خۆ ئەمە یەکەم جار نییە دێتە ژوورەوە هەتا ئێستاکە بەدەیان جار هاتووەتە ژوورەوە. با ئەو خەڵکە بۆ خۆیان بڵێن. ئەو ڕۆژە چوارشەممە بوو، سەرکەوت هات بۆ قوتابخانە. هەر لە دوورەوە دەرکەوت چەند کچێکی برادەرم کە لێمەوە نزیک بوون بە ئاستەم و لەسەرخۆ بە وشەی هات.. هات دەستیان پێکرد. نەخێر بەدەیان کچ و کوڕی تر وشەی هات هاتیان دووبارەو دەبارە کردەوە. هەر هەموو قوتابیانی خانەی مامۆستایان لەگۆڕەپانەکەدا هاواریان دەکرد: هات.. هات.. هات.. هات.. هات. هەر لەوکاتەدا بەڕێوبەر و مامۆستاکان هاتنە دەرەوە. ئەو هات هاتەی کە پێشان بۆ سەرکەوت بوو بەرەو بەڕێوبەر و مامۆستاکان گوێزرایەوە. من و سەرکەوتیش لە کەللەی سەر هاوارمان دەکرد هات.. هات پاش ماوەیەک گۆڕەپانەکە کپ و خامۆش بوو. ئەو خەڵکە لە هات هات کەوتن. تەنیا من و ئەو نەبێ هات هاتمان دووبارە و سێ بارە دەکردەوە. وای لێهات ئێمەش بەچپە دەمانگوت هات. ئەو خەڵکە هەڵچەرخانەوە بۆ لای ئێمە. هەتا بەڕێوبەر و مامۆستاکان دەستیان کردەوە پێکەنین. ئێمەش وەک ئەوان دەستمان کردە پێکەنین. لە ڕاستیدا «هیچ» لە ئارادا نییە. ئەم چیرۆکە دوورو درێژە. یەکێ لەتەڵە سپییەکانی پرچی من دەدوێ. خۆزگە ئەو ڕۆژە بۆ نەخۆشخانە نەڕۆیشتایەم، ڕووبەڕووی ئەو ئاوێنە نەعلەتییە نەبوایەم. ئەم تەڵە پرچە سپییەی خۆم

نەبینیایە. لە ژیانمدا هیچ ئازارێکی باوک و دایکی خۆم نەداوە. «ئۆف باوە گیان ئۆف». باوکم ئەو کاتەی لە دەستی ئەو ڕژێمە چەپەڵە هەڵهات وتی:

ڕۆڵە من تۆ جێ ناهێڵم وەک کچە پاکیزەیەکی بێ دەسەڵات. تۆ بەجێ دەهێڵم وەک کوڕێکی هەرزەکاری چاونەترس و نەبەز هەتا ببی بە مامۆستا و لەنێوان نەوەی ئەم سەردەمەدا هەوڵی قەڵاچۆکردنی گومان بدەی. «ئۆف باوە گیان ئۆف». ئەو خەڵکە لەم دنیای پان و بەرینەدا «هیچ» لەژیان تێنەگەیشتوون. ئەوەی لەنێوان من و سەرکەوتدا بوو تەنیا برادەرییەک بوو وەک دوو قوتابی خانەی مامۆستایان و هیچی تر. ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە ئەشەدووی ناهەق لەنێو خانەکانی شەرەف و ناموسدا، هەنگاوی بێ ئاگای ناهەق دەنێ. ئەبێ گومان هەردوو دەستی بخرێتە نێو کەلەپچەی هەقەوە.

زۆرجار دایکم گومان خانەکانی مێشکی دەڕووشێنێ. هەر ئەو ڕۆژەی کە بیری دەکردەوە چۆن چۆن منداڵە خرپنەکەمان بەخێوکا، جارێکی تر کەوتە وڕینە بەتەواوی گوێم بۆ وتەکانی شل کردبوو. لەتەوقی سەریەوەی هەتا پەنجەی پێی ببوو بەگومان.

– ئەو ڕۆژەی من لە ئاشپەزخانەکەدا بووم، سەرکەوت هاتە ژوورەوە، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو. وتی:

– شەهلا هاتووەتەوە.

– بەڵێ لەسەرەوەیە.

سەرکەوت بەرەو ژووری سەرەوە هەڵکشا. ماوەیەکی زۆر پێکەوەبوون. ئەو ڕۆژە حەجمین و ئۆقرەم لێ برا، هەستم کرد بنمیچی ئاشپەزخانەکە بەتەوقی سەرمەوەیە. کێ دەڵێ ئێستاکە لەگەڵ شەهلادا خەریکی دەسبازێ نییە؟ ئافرەت کەم عەقڵە. هەر ئێستاکە بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێم، لە کونی کێلۆنی دەرگەکەوە تەماشا دەکەم. ئەگەر بینیم شەهلای لە ئامێز گرتووە دێمە خوارەوە. ئەو چەقۆ گەورەیە هەڵدەگرم و جارێکی تر سەردەکەوم ئەو زۆڵە هەلا هەلا دەکەم. تاقانەیە تاقانە نییە هەردوو چاوی دەربێ. ئەوە چوومە ژوورەوە بینیم شەهلا لە ژێریدایە، وەک گایەکی چاو سوور دەبۆڕێنێ. هەر لەوێدا بەم چەقۆیە هەلا هەلاو ونجڕ و ونجڕی دەکەم. دووریش نییە لەوکاتەدا ئەو شەوەم بێتەوە یاد کە باوکی ڕەحمەتی وەک ئەسپێکی بوغراو سەرشێت لەماوەی چەند چرکەیەکدا کێڵگەی حەزو چێژی کێلام. ئەوکاتەی هەستم کرد نێو گەڵم گەرم بوو. پرمە پرمی لووتی باوکی لە دەرگەی ژوورەکەوە بەرەو کۆڵانی گەڕەک دەڕۆیشت، منیش وەک سمۆرەیەکی بچووک لەژێریدا لوولم خواردبوو.

لە ڕاستیدا ئەو کاتەی بۆ یارمەتیدانی شەهلا سەردەکەوم هەست دەکەم هەموو خوێنی جەستەم بە بنمیچی تەپڵەکی سەرمەوە فوارە دەکات. هەر چەندێکیش تاوان نییە، بەڵام پێش ئەوەی ئەم کارە ئەنجام بدەم. تەماشایەکی نێو گەڵی شەهلا دەکەم. ئەگەر کار لەکار ترازابێ، بەو خوایە تاقانە بێ تاقانە نەبێ پارچە پارچەی دەکەم. نەخێر.. نەخێر. خۆم نادەم لەقەرەی ئەم تاوانە. ئەیدەم بەکوڕەکەی خاڵی و ئەم ئابرووچوونە دادەپۆشێ و تەپسی دەکات. من ئافرەتێکم تەمەنم هەفتا ساڵە. چەندین کارەساتی وا لەم شارەدا ڕووی داوە و تەپس کراوە. هەر لەم گەڕەکی لای خۆماندا لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا دوو حاڵەتی وا ڕووی داوە. نەخێر لە هەمووی چاکتر ئەگەر ئەم حاڵەتە ڕووی دابێ پەنا دەبەمە بەر شووشە ژەرەکەی ژێر پێپلیکانەکە و دەرمانخواردی دەکەم و ئەڵێم بەئەمری خوا مرد.

ئەوکاتەی دایکم لەقووڵی بیرکردنەوە و وڕێنەدابوو، بەهۆی لێدانی دەرگەی حەوشەوە ڕاچەڵەکیم. جگە لەخۆم هیچم لەژوورەکەدا بەرچاو نەکەوت.

# بەختڕەشی *

**کامیران حاجۆ**
**(قامشلۆ)**

ب رەشـاندنا ئاڤێ رە، روویێ وی و سـینگا وی شل بوون، لێ ژ بێ هێـزی نەلڤی... دەنگەکی کـوور کـەتە گوهێ وی:

– نەما کارێ خوە راگرە..!

پشـتی کێلیکەکێ دو کەسان ب چەمبلێ وی گرتن و ل ناڤ خـوە کـرن، کـشکشانـدن. لنگێ وی پێ رە دخرقین، سـەرێ وی دخـەلا، دلۆپێن خوین و ئاڤێ ل سـەر عـەردێ وێنەیێ بەختڕەشیا حەمۆیێ رەبەن چێدکرن... تەمەنێ خوە د هەبس و زندانان دە دەرباس کربوو، لێ ڤێ جارێ ژ هەموو جاران زۆرتر بوو، ژ بەر کو نزانبوو بێ چما ئیرۆ د زندانێ دەیە؟ ب وێ رەوشێ ئەو گەهاندنە سێلوولا وی، دەهفەک لێدان ئاڤێتنە عـەردێ. دەنگێ دادانا دەری و رێڤـەچوونا هەردو کـەسـان ل گـوهێ وی خـوەش هات. بێدەنگیەکێ شوونا ئیشکەنجێ و لێدانا بەری دەمـەکێ گرت.

عەلی ب دەنگەکی بلند باکر:

– حەمۆ ۱۵۰۰۰ کەسان ب خوە رە ببە و ل دەهما کۆ لەشکەر لێ گەهانە هەڤ بزیڤرە و ژ ئالیێ دن ڤە وەکو وە ئەمێ ل وان زڤرین، هەتا کو ئەم دۆرا وان بپێچن.

کێفا حەمۆ ژ عـەلی رە گەلەکی دهات. مـێرەکی قەنج بوو و خـوە ژ دژمن رە تو جـاران نە تەواندبوو. ئەرێ هەر یەکێ ژ وان د بن ئالەکە ب رەنگەکی جودا دە خەبات دکر و نە دیەک رێخستنێ دە بوون، لێ وێ رۆژا کو ب هەڤرا چوونە سەر دژمن ژ بیرا وی ناچە...

دەنگێ تۆپان و فـیشـەکـان وەکـە لیـلاندنا پیـرەکـان د داوەتان دە... پیرەکەکا دوجانی ل بەر خوە ددا. ئاخین و نالینا وێ ژ دوور، پڕ ژ دوور ڤە دهات...

وێ کێلیکێ زارۆکەکە لەڤەاتی چێدبوو، قاژ قاژا وێ زارۆکێ وەکـە سـروودا ژیانێ ب بلوورەکـا خـوەش و زیز



وەرەگوٚتن... حەمۆ و عەلی هەریەکی ژوان ب ملێ وێ زاروٚکێ گرتبوون. ئالێن رەنگوٚ رەنگوٚ هاویردوٚر ل بەر با دکەتن زیندان ڤەبوون...

حەمۆ هلچەنی... زیندان ڤەبووون... زاروٚک... رزگاری... لێ چما ئەو ئیرۆ ل ڤرە؟ رامانێن وی تەڤ چوون و هاتن، لێ تشتەک نەهاتە بیرا وی... چما عەلی هاتە بیرا وی؟ ئەو ژی بوو کولەکە دن د دلێ وی دە... خوەدێ بکێ ئەو ژی نە د زبندانێ دە بە، هیڤیەک ژ نیڤێ دلێ خوە کر... دەستێ خوە ل سەر روویێ خوە رە بر، هەمی برین، خوینا پێڤە هشک بوویە. لاشێ وی تەنگژی یە، نکارە خوە بلڤینە... دەنگێ رێڤەچوونا هنان کەتە گوهێ وی و هێدی هێدی نێزیک دبوو، دەنگێ ڤەکرنا دەری هات... ژ کەل ئەو ژ جی راکرن. دیسا ل ناڤ خوە کرن و خرخراندن، برنە ئوٚدا مێڤانداریا گران...

قریژا هناڤێ خوە جارەکە دن ب سەرێ وی دە رژاندن... لێدانا وان هێدی هێدی و ژ دژواری، لێ خوەش دهات. ژ باوەری نەکەت.

لێ تشتێ کو تێ نەدگها ئەو بوو کوٚ مروٚڤێن ئەو ئیشکەنجە دکرن ب زمانێ وی دئاخڤین... ژ خوە رە دگوٚت ئەڤ ژی ژ لەیستکێن دژمن یێن پڕ و بێداوینە... لێ چما کنجێن وان ژی وەکە کنجێن پێشمەرگانن...

دیسا حەمۆ خوەشک باوەڕ بوو کو ئەڤ لەیستکێن دژمن... دەری ڤەبوو، مروٚڤەک کەتە هووندروو... ب وان هەردو کەسان رە ئاخڤی، دەنگێ وی ژ حەمۆ رە نە غەریب بوو، لێ ژ ئێشا خوە ژ هەڤ دەرنەخست... خوە نێزیکی حەمۆ کر... حەمۆ چاڤێن خوە ڤەکرن، دناڤ خوین و ئاڤا ل سەر روویێ وی رە، روویێ عەلی هاتە بەر چاڤێن وی... ما بهتی... چاڤێن خوە گرتن... دیسا ڤەکرن... لێ عەلی ژ بەرچاڤێن وی نەچوو... چارەکە دن گرتن و کەتە خوەزیا کو هەما عەلی نەهاتبە گرتن. لێ ڤێ جارێ ب نێرینا وی رە عەلی ئاخڤی، دەنگ و روویێ وی ئەو ژ حەیرا وی دەرخستن... چما ولوٚ پاڤژە؟ لێدان نەخواریە! دیسان کێفا وی هات.... ئەو ئانینە ژ بوٚ کوٚ تشتنا لێ ئەشکەرە بکە... لێ عەلی نەیێ کو ڤێ یەکێ بکە، مێرەکی وەکە وی نینە، من د گەلەک دەڤەرێن عاسێ و زوٚر دە دیتیە... لێ چما پێرە نا ئاخڤە...؟

هێدی هێدی رووێ عەلی ل بەر چاڤێن وی دهاتە گوهەرتن، پەحن دبوو دڤەزیلەها، دران قیچ دبوو...


عەلی مەشی و دەنگێ وی کەتە گوهێ حەمۆ دە، دگوٚتە هەردو کەسان:

- بەردەوامکن!!!

*** ئەڤ کورتە چیروٚکە ژ کتێبا وی (کەلەڤاژی) رووپەلێن ٤٩-٥١ هاتیە وەرگرتن، کو چاپا وێ یا یەکەمین ژ ئالیێ وەشانخانەیا ئاڤەستا ڤە ل ستەنبولێ و ل سالا (٢٠٠١)ێ هاتبوو چاپ و بەلاڤکرن.**

# هەردوو دیوی شەخسە موبارەکە

محەمەد ڕەشید فەتاح
(سلێمانی)



**سەرەتای حەکایەتەکە**

ئەو ڕۆژگارە ئێمە منداڵ بووین، ئەو سەروبەندە ئێمە لەسەرەتای سەرەتاکانەوە هەنگاوی ساوامان دەنا، ئەوکاتەی عەقڵمان بەوە نەدەشکا کە ئێمەش دەبینە ئەو نەوە سەر بە گۆیەندەی لە کەناری مێژوودا، بەپێش چاومانەوە، حەز و خۆشەویستی و خواست و ویست و ئارەزوومان، لەنێوەندی گەڕەکدا هەڵدەپڕووکێن. لێ ئەو دەمەی کە (ڕوفاتە) پیرۆزەکەی شەخسە موبارەکەیان دەرهێنا، تیاماندا بوو چەشنی گەورەکانی گەڕەک، فرمێسکی ناوەخت بەری چاوی خەماویمانی تەڕ کرد، بەهەستە نەگەییوەکەی ئەوساشمانەوە، بە لامانەوە وابوو، ئیدی بۆ دواجار ڕۆحیانەتێکی پاک و بێ گەرد، ڕۆحیانەتێکی پڕ لە شەوق و نووربەخش دەستبەرداری ڕۆحیانەتە هەڵقرچاوەکەی ئێمەش دەبێتەوە...! گرووپێ لە پیاوە بە تەمەنەکانی گەڕەک، بە هاریکاری برێک لە گەنجەکانیش ڕوفاتەکەیان، لە دارە مەیتێکدا خستە نێو پیکابەکەی شێخ (موراد)ەوە، لە تەک حەرەکەت کردنی ئوتومبیلەکەشدا، بە جارێک لە دنیایەکی کپ و بێ دەنگدا، لەژێر ئاسمانێکی تەڵخی وادا کە پەلەوەریشی پێوە نەدەبینرا، دەنگی سڵاوات لێدان و گریان و شین و ڕۆڕۆی خەڵکەکە بەرز دەبووەوە.

خەڵکە هەناو لە مستەکە، خەڵکە سەرلێشێواو و دەم بە هاوارەکە، بە لەدەستچوونی هاوڕازێکی لەمێژینەیان، بە دوورکەوتنەوەی پشت و پەنایەکی دێرینەیان، سەرشێتانە، یەخە داچەماو، سەر بە قوڕ، چاو بە فرمێسک، بەیەکدا دەهاتن و خواستیان بوو بەدوای ئوتومبیلەکە بکەون و تا (گردی سەیوان) بە دوایەوە بن. کەچی (ئەو) بە قسەکانی خۆیەوە، بەری شەپۆلی

پەلهاویشتووی ئەوانی گرت.

کەسەکانم... خوشک و براکانم، هاوزمان و هاودین و هاوخوێنی ئەم گەڕەکە ماڵە.. دوای هەموو ناڕەحەتی و ناخۆشییەک، دوای هەموو ڕۆژە ڕەشی و نەهامەتییەک، دڵنیاین، بێ خەمبن، بەختەوەری و خۆشگوزەرانی ڕوومان تێدەکات.. ئێمەومانان بڕوامان بەوە هێناوە، خۆ ئەمە تەنیا و تەنیا قسەی خۆم نییە، ئەوە ئەزموونی بیرمەندان و دنیا دیتەی ئەم وڵاتەیە، ئەوانیش هەروا لەخۆیانەوە قسەی وایان بە با نەداوە، ئەوەتا بەپێش چاوی هەمووانەوە (ڕوفاتە) پیرۆزەکەی شەخسە موبارەکە بەرەو دەرەوەی گەڕەک ئۆغری کرد، ئێمەش چەشنی کۆست کەوتوویەک، ئێمەش چەشنی دوورکەوتنەوەی ئازیزێک کانی سۆزمان تەقی و بەجارێک بارانە فرمێسکمان بۆ هەڵڕشت، بۆ دیار نەمانی هاودەم و هاوپشت و هاومالێک، ئازار لە ناخمانەوە سەری هەڵدا، ترس و لەرز بە باڵامان بڕا.. خەمێکی قووڵ دنیای ڕۆشنی لێکردینە شەوەزەنگێکی تاریک.. تاریک خەڵکینە.. خەڵکی وڵاتی قەدەرستان و تاریکستان و پاییزە وەرزەکان، خۆ قاپی ڕەحمەت تاسەر بەڕووی ئەم ئۆمەتەدا خڕدانەخراوە، گەر خودا قاپییەکت بەڕوودا دابخات، لە هەمانکاتدا هەزاران قاپی ڕەحمەتت بە ڕوودا دەکاتەوە، کەواتە ئەم گریان و فیغانەی ناوێت، پێویست بەم شین و ڕۆڕۆیەش ناکات! خۆ نەچووە و بچێت، نە ئەو زاتە موبارەکە چاومان لێ غافڵ دەکات، نە ئێمەش پێی لێدەبڕین، دڵنیابن ئەو لێمان نەتۆراوە، ئەوە نییە لە خەونەکانماندا، لە زیندە خەونەکانماندا ڕۆحمان بە ڕۆحیانەتی موبارەکی ئەو شاد دەبێت؟!. ئەوە نییە داوای چارەسەری گشت دەرد و بەڵایەکی لێدەکەین؟. ئەویش بە ڕوخسارە نوورانییەکەی خۆیەوە، بەخەندە نەکوژاوەکەی سەرلێوەکانییەوە، خۆشنوودییەک بە دەروونی ماندوومان دەبەخشێت، کە (ئەو) بێ دەنگ بوو، خەڵکە خرۆشاوەکە، خۆڵ و دۆیەکی خەست و خۆڵیان بەسەردا کراو هەریەکەیان بەلای خۆیەوە، لە خەیاڵێکی قووڵدا نغرۆ بوو.

لێ لەناکاو (ئەو)ی دی بە وتەکانی، خۆشباوەڕ و خەیاڵاوییەکانی هێنایەوە سەر دنیا. ئیدی دنیایە و بەخواستی ئێمە چەرخەکەی ناسووڕێت، تازە شتەکە ڕوویداوە، دەبێ ئێمەش شانی بدەینەبەر، ئێستە شەخسە موبارەکەیەکی دی، زرپ و زیندوو، هاتۆتە نێو گەڕەکەوە، کۆشک و سەراکەی چەشنی گۆڕەکەی شەخسە موبارەکە شەوق بەخشە، بۆن و بەرامەی عەتر و گوڵاوی خۆی و دەست و پێوەندەکانی مرۆگەلی گەڕەکە ماڵێک وڕوکاس دەکات، تەنتەنە و عەنعەنەی خۆی و خانەوادەکەی حەکایەتی پادشا و سوڵتانەکانی سەردەمانی زووت بۆ بەیان دەکات. ئەمیش وەک شەخسە موبارەکە غەزای کافرانی کردووە، سەردەمانێک هەڵۆی بەرزە فڕی نێو شاخ و داخان بووە. جاران خێر لەخۆ نەدیو، هەناسە ساردی گەڕەک بۆ تاقیکردنەوەی بەختی ڕەشی خۆیان، بۆ هاتنەدی ڕاز و نیازی نێو دڵ و دەروونی پڕ لە کەسەریان، وردکە بەردیان دەنا بەکێلی مەزارە پیرۆزەکەی شەخسە موبارەکەوە، ئەو ڕۆحیانەتە پاک و بێ گەردەش، ئەو خاوەن کەرامات و زاهیدە گەورەیەش، بێ دڵی ئەو خەڵکەی نەدەکرد و ئەو بەردەی بەکێلەکەی خۆیەوە دەنووساند، وەک باوکێکی بەڕەحمیش چۆن کۆرپە ساواکەی خۆی لە ئامێز دەنێ، دەیلاوێنێتەوە، بەو جۆرەش ئەو زاتە کەم وێنەیە، ئەو دڵ و دەروون پاکە، ئەوکەسانەی دڵنیا دەکردەوە، کە لای باری تەعالا ڕجا و تکایان بۆ دەکات، تا مەقسوودیان حاسڵ بێت، دەردەسەری و ناڕەحەتی و نەهامەتی دەست لەیەخەیان بەردا، لە بری ئەوانە باوەش بکەن بە شادی و سەرفرازی و خۆشگوزەرانیدا. جا توخوا ئەوە موعجیزە نییە؟. کەس بیستوویەتی بەرد.. بە بەردەوە بنووسێ...؟ کەراماتی پیاوچاکێکی وانەبێت...!؟

ئێستە وا بە بەرچاوەوە، ئاشکرایە و وەک ڕۆژی ڕووناک بەشەوقە، ئەوە دەرکە و ماڵی ئەم شەخسە موبارەکەیە، بیست و چوار سەعاتە واڵایە، پەیتا.. پەیتا.. دەم بەداوا، دەم بە پرسیار، دەم بە گلەیی و گازندە، نەدارو بێ دەست و بێ لانە و هەژار، هانای بۆ دەبەن، بۆ چارەسەر، بۆ بنبڕکردنی دەردو مەینەتییەکانیان، سکاڵای لە لا دەکەن، لەتاو بێ کاری و گرانی و لە تاو ڕووناکی و پێداویستییەکانی ژیانیان بەردەرکەی پێدەگرن.. ئەلحەقی ئەویش بە مەرحەمەتی خۆی، بەگفت و لفتی شیرینی خۆی، بەڵێنیان پێ دەدا، بە قسەی خۆش بەڕووی کراوە و نەشئە بەخشەوە یەک

لەدوای یەک بەڵێنیان پێ دەداو بەرێیان دەکات!.

دە کەواتە ئێمە لە ساڵانی زووەوە، لە ڕۆژگارێکدا کە لەبەر شەوقی قوتیلە و چرا شەوگارمان بەڕێ دەکرد، کە تا ئەژنۆمان لە قوڕە خەست و خۆڵەکەی گەڕەکدا ڕۆدەچوو، کە تا دەرد و نەخۆشی و نەداری جەستەی وشکەڵاتوومانی هەلا هەلا دەکرد و مردنی بە کۆمەڵمان بەخۆمانەوە دەدیت، هانامان بۆ شەخسە موبارەکە دەبرد.. ئەویش بەلای خۆیەوە شەفاعەتێکی بۆ دەکردین، دەستی موبارەکی دەنایە بن باڵمان، لە زەبر و زەنگی ڕۆژگار، لە شاڵاوی دڕندانەی دوژمنان، لە زریانی بێ بەزەیی و کارەساتی هات و نەهات لەدەورمان بوو. ئێمە چاکەی ئەو لە یاد نەکەین، پیاو چاکی و گەورەیی زاتێکی وا فەرامۆش ناکەین، حاڵی حازریش گەر ئەم شەخسە موبارەکەیەی ئێستەی نێو گەڕەک، کە حوزووری لەنێوماندا هەیە، وەک پیاوچاکێک بۆ پەڕینەوەمان بەرەو ژیانێکی شایستەتر گفت و بەڵێنی شیرینمان پێ دەدات. ئەوە ئازارەکانمان ڕەو دەکەن، خەمەکانمان سەری خۆیان هەڵدەگرن، ئەوە ئێمەش دەبینە ئەو مرۆیانەی کە بەخۆیان دەڵێن: ئێمەش هەین..! خەڵکە پرزە لێبڕاوەکە، وەک لە دوو دنیای جیاوازدا خەونێکی خۆش ڕاگیری کردبن، بزەیەکی خەم ڕەوێن، بە ڕوخساری گەورە و بچووکیانەوە کەوتبووە هەڵەکە سەما.

## پێش کۆتایی حەکایەتەکە

ئەو و ئەوی دی، ئەوەکانی دیش: یەک لەدوای یەک، بەخۆیان و خەونە نەزۆکەکانیانەوە، سەفەری کۆتاییان گرتەبەر و ماڵئاواییان لەدنیای گەڕەک و دنیا ئاڵۆز و تەمومژاوییەکەی، ئێستەی بگرە و بەردەی نێوانی هەردوو شەخسە موبارەکە کرد. هێدی هێدی موعجیزە و کەراماتی شەخسە موبارەکە سەروماڵی خۆیان پێچایەوە، بەڵێن و گفت و لفت و بەخشین و بەخششی، شەخسە موبارەکەی حازری، جێگەی خۆیان لەهزر و بیری خەڵکە هەناو لە مستەکەی گەڕەکدا کردەوە!

هەبوون ئەم شەخسە موبارەکەیان تا ڕادەی پەرستن دەپەرست، لەدیوەخان و سەر تەنوورەکاندا، لەنێو باخچە و دەشتە ڕووتەنەکاندا، لە کەلاوە و ڕاستە شەقامەکاندا، پیاندا هەڵدەدا، هەزاران جار لەدەوری قیافە و هەنگاوەکانی دەگەڕان، سڵاواتیان لەدەوری عەقڵ و ماریفەتی لێدەدا، لە هەموو دەرگە و بانێکیش، لە گشت کوچە و کۆڵانەکاندا شەووڕۆژ ستایشیان دەکرد و مژدە و وەعدوبەڵێنی ئەویان بەخەڵکەکە دەدا، خۆ گەر کەسێکیش بە دەمیا بهاتایە و بیپرسیایە: (کوا... خۆ تا ئێستە هیچمان نەدی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کۆشک و تەلاری ئەو، سەروەت و سامانی ئەو بە ئاسماندا هەڵدەکشێ، سات لەدوای ساتیش ئێمە بەناخی زەویدا دەچینە خوارێ..)! ئەوانە لە ئاستی ئەم پرسیارانەدا دەژاکان، قەڵس دەبوون، ڕەگی حەیاتیان گرژ دەبوو، جار جارە دەم داچەقاوو واق وڕماو، لەجورئەتی.. لە دەنگی بەرزی ئەو کەسانە دەسڵەمینەوە، جاروباریش بەشەرمەوە، بەزمانێکی لووسەوە، پێیان دەوتن. (لەوە زیاتر چیتان دەوێ.. خۆ ئەم زاتە موبارەکە تازە بۆتە میوانی گەڕەک، شەخسە موبارەکەی ڕاگوێزڕاو، جگە لە موفەرکی دەوری مەزارەکەی و قرساندنی وردکە بەردی، ڕاز گرتووان و نیازی عاشقان و دڵسووتاوان بەخۆیەوە، دەیان ساڵە چی بۆ کردووین؟. ئەوەتا سەرەتا دیارە و وا بە بەرچاوەوە، ئەوەتا جێ نزرگەی شەخسە موبارەکە بۆتە باخچەیەک، خوا دایناوە هەر تەماشای کەیت.. خوا دایناوە هەر سەیرانی کەیت. پەلە مەکەن، پەلەی هیچ خزمەتگوزارییەکی وا مەکەن کە شایستە بەگەڕەک بێ.. شکور بن، دۆعای خێر بۆ ئەم شەخسە بکەن، کە دەروویەکی بۆ هەناسەدان کردۆتەوە و لانەیەکی ئارامی پێبەخشیوین بۆ ژیان و کەناڵێکی ئازادی بۆ مەیسەر کردووین بۆ دەربڕینی ناڕەزایی و بێزاری، فەزایەکی واشی بۆ خوڵقاندووین، نەترس دەتوانێ هەڵمان لووشێ، نە جنۆکە و خێو و دێویش دەتوانن زەفەرمان پێ بێنن!. پەلە مەکەن، دنیا بە دڵی ئێوە دەبێ، ئەوەی ئێوە دەتانەوێ بە کوفلەیە کونێک فەراهەم نابێت، نەمامی ساواش پێی دەوێ، تا قەدەر زەمانێکی دەوێ، تا لەبەر سێبەریا بحەوێیتەوە!

## کۆتایی حەکایەتەکە

ئەو واتە واتوو بەندوباوەی کە ساڵانێک لەمەوبەر لەنێو نەوەکانی گەڕەکدا دەگوزەرا، ئێستە لەبیرکراوە، دەشوبهێنە ئەو قەوانە شکاوانەی کە لە مۆزەخانەی

مێژوودا تۆز و گەردی ڕۆژگار گۆڕەوشاری دابن. تەنانەت ئەو منداڵانەش کە حاڵی حازر لەنێو گەڕەکدا ئامادەییان هەیە، بەوەچەی دوای گەردەلوولە سەرتاسەریەکە نێوزەد دەکرێن، ئێستە گەورە بوون، چاویان بەدنیایەکدا هەڵهێناوە، تەواو پێی نامۆن. کە لەدەمی گەورەکانیشەوە ئەو بەسەرهاتە تاڵ و شیرین و ڕووداوە تراژیدیانەیان بەرگوێ دەکەوێت.. تاوێک بەدەم پیکەنینەوە، تاوێکیش بەدەم لووت هەڵکردنەوە. بێ خۆخواردنەوە دەڵێن: (ئایی لەو درۆیانە!!).

خۆ گەر بێت و بیاندوێنی، ڕاشکاوانە تر بەکێشت دەکەنە نێو دنیاکەی خۆیانەوە.

باوکمان.. نەوەکانی پێشوو، ئێمەیان خستۆتە نێو تەنوراوی گۆمێکی لیخن، ئەستەمە مێژووش لەخۆی بگرێت، ئێمە نەوەیەکین بە درۆ و دەلەسەی ئەوان مەلاشوومان هەڵدراوەتەوە، بۆیە هەموو شتێک بەدەرەنجامی درۆ و دەلەسەی ڕەنگاو ڕەنگ دەزانین.. ئەوان بەو قسانەیان، بەو هەڵسوکەوت و کردارە نارۆشن و نا شایستەیەیان ئێمەیان لە ئێستە دابڕی، خواستیانە لە سبەینێشمان بتۆرێنن.

ئێمە دەرک بە ڕاستییەکان دەکەین، بەشی خۆشمان لەناوکی حەقیقەتەکانیش گەیشتووین.. لەوە حاڵی بووین کە نە شەخسە موبارەکە، نە ئەم زاتە موبارەکەیەی نێو گەڕەک، ئەوە نین کە بتوانن ئەو دەروازەیەمان بە ڕوودا والاکەن، تا لەو دیویەوە دنیایەکی گەشاوەتر بەچاو ببینین.. ئێمە دەست نانێین بەڕووی هەموو ڕابوردوویەکی واوە کە پیرۆزییەکان و سەروەرییەکان و داستانەکان و شتەکانی دی، لە هزر و بیرماندا بسڕێنەوە و لەئاستی تێڕوانینیشماندا کاڵ بینەوە. ئەو دەمەی ئێمە منداڵ بووین، لە یادمانە کەسانێک هەبوون دەیانگوت: ئیدی شەخسە موبارەکە نابێتە فریاد ڕەس. نابێتە ئەو سوارچاکەی کە ڕۆژێک لەڕۆژان لە غەیبەوە دابەزێت، بەجارێک فەسادی و ناهەمواری و نایەکسانی و ئازارەکانی مرۆڤە ئازار کێشەکانی ئەم گەڕەکە ماڵە لە ڕەگەوە هەڵکێشێت. بەڵێ.. ئەو پاڵەوانەی کە لەنێو گۆڕەپانی گەڕەکدا، چەشنی سەردەمانی زوو، بەهەوڵ و هیمەتی خۆی پشتی ئەم شەخسە موبارەکەیەی ئێستە بدا لە زەوی و دەستی لێ هەڵنەگرێت، تا بە تەواوی بەناخی زەویدا دەبیاتە خوارەوە.

لێ ئەو جۆرە کەسانە، خاوەن ئەو بیروبۆچوونە دژانە هەر زوو پەراوێز خران، زۆریان لە داخا سەریان نایەوە، تێیاندابوو گەڕەکی جێهێشتوو، تا ئێستەش کەس نەیزانی لە کوێ گیرساونەتەوە..؟ تیاشیاندایە هەڵگەڕاوەتەوە، دەستی لە دنیای ئێستە شتووە، ناوناوە بە دزی خەڵکییەوە سەردانی مەزارە پیرۆزەکەی شەخسە موبارەکە دەکات و بەدەم کوڵی گریانەوە، ئاوات بەوە دەخوازێ کە ڕوفاتە پیرۆزەکەی ئەو هەر لە نێوەندی گەڕەکدا بوایە، بەو جۆرە لێیان دوور نەکەوتایەتەوە.. پەیتا.. پەیتاش بەسەریا هاوار دەکات:- یا شێخ هاوار.. هاواری عەبدێکی زەلیل، هاواری عەبدێکی بێ دەسەلات و دڵ بریندار.. هانام بۆ تۆ هێناوە.. دەڕاپەڕەو ئەم ئۆمەتە چارە ڕەشە لە قوڕاوی زیللەت دەرکێشە، لە دۆزەخی نامورادی و بێ ئومێدی دەست بدەرە باڵیان، بەو بەهەشتەیان بسپێرە کە مرۆڤی تێدا ئاسوودەیە!.

ئەوانە کە لەسەردانەکانیاندا دەهاتنەوە نێو گەڕەک، بەری ئەو هیواو ئاواتە چەکەرە کردووەی نێو هەناویان دەکردە ئەو مژدەیەی نەخەونەو نەخەیاڵێکی بێ بنەما.. بەڵکو بە بڕوابوونێکی تەواوەوە بە خەڵکانی دییان دەگوت:- خەڵکینە.. ئا لەگەڵ ئێوەشمە.. کە بە هەرزەیی، بیروبۆچوونی نەگەییووی خۆتانەوە لە دنیاکەی خۆتان و دەوروبەرتانی دەڕوانن..! ئێوە کاڵفامن، ئێوە سەرلێشێواون.. ئێوە هەست بە غەزەبی شەخسە موبارەکە ناکەن.. ئێوە نەوەیەکن هاتوونەتە سەر حازری، بۆیە نابنە داینەمۆی هیچ گۆڕانکارییەک.. کوا بەڵێن و بەڵێنکاری ئەم شەخسەی کە ئێوە دەتانگوت:- غەزای کافرانی کردووە، ئێمەی نیوە مردوو زیندو دەکاتەوە؟!. کوا هەرزانی و فەرحانی؟

کوا هەلی ژیان و پێداویستییەکانی ئێمەی ئینسانی ئەم گەڕەکە ماڵە؟. خۆ بستە زەوییەک نەما تا ئێمە کۆلیتێکی تێدا بینا بکەین.. ئەوەتا ئێوە بە بەرچاوی خۆتانەوە، حەزەکانتان، ئارەزووەکانتان قرچەقرچ هەڵدەپرووکێ، لە بری ئەوە خەم و خەمۆکی، دەردونەخۆشی سەیرو سەمەرە خەریکە جەستەتان هەلاهەلا دەکات.

ئێوە بۆ ناپرسن: چی لە گۆڕێدایە؟. بەوە دەزانن چ

ڕاوو ڕووتێک؟.. چ فەساد و دزیو فزییەک ئێمەی لە قوور ناوە؟. بەوە دەزانن تا ئیمڕۆ چەندین ئافرەت خۆیان سووتاندووە؟. چەندانی دی خۆیان دەرمان خوارد کردووە؟.. هەزاران گەنجیش ڕێگەی هاتو نەهاتیان گرتە بەر، زۆربەشیان سەریان تیا چوو!!.

دەبا هیممەتێک بکەین، جارێکی دی هەر بە پیکایەکەی (شێخ موراد) ڕوفاتە پیرۆزەکەی شەخسە موبارەکە لە گردی سەیوانەوە بهێنینەوە جێ نزارگەی خۆی.. من خەونم دیتووە، لە خەونەکەمدا شەخسە موبارەکە لێم هاتە پێشەوە، یەخەی گرتم، بەسەر سیمایەکەوە دیاربوو نارەحەتی و بێزاری پێوە دیاربوو، فەرمووی.. بمبەنەوە جێگەکەی خۆم.. بمگوازنەوە بۆ نێو ئەو گۆڕەی کە دەیان ساڵە تێیدا ئاسوودەم.. جارێکی دی بمبەنەوە لای خۆتان، من لێرە غەریبم، لە تاو دووری ئێوە سرەوتم نییە، باوەکو جاران شەوانی چوارشەموان دایکان منداڵەکانیان بێننە سەر گۆڕەکەم، بە مۆمەکانی دەستیان ژوورسەرم ڕووناک کەنەوە.. گەر ئێوە ئەوە بکەن من وەک جاران هاوپشت و هاوپەناتان دەبم!.

لە ناکاو یەکێک لە هاوسۆزانی ئەم شەخسە زیندووەی نێو گەڕەک لەو خاوەن خەونە ڕادەپەڕیو دەیگوت: ئەی ئەم باخچەیە؟.. ئەی ئەم گوڵ و گوڵزارەی کە سوبح و ئێواران ئاهێکمان بەبەردا دێنێتەوە کاولی کەین؟. لە ساڵان و لە مانگان ئەم دوو بستە سەوزاییەمان لە نێو گەڕەکدا بۆ قوت کراوەتەوە، بە دەستی خۆمان خاپووری کەین؟.

بەشێک لە خەڵکەکە تیا مابوون، دیاربوو بێ دەنگی ئەوان، تێفکرین بوو لە گرتنە ملی ڕێگەیەکی وا کە لە دەست ئەو دوو ڕێگەیەی کە لەبەر دەمیاندایە، کامیان دەیانگەیەنێتە سەرنجامێکی وا کە بەختەوەریان کات.. بۆیە گوێیان بۆ هەموو جۆرە بیروڕایەکی جیاواز هەڵدەخست. بە دوای ئەو ڕاوبۆچوونانەی کە خاوەنەکانیان لە پای خەون و خەیاڵێکی بەربڵاو دەریان دەبڕی.

تەنیا دەنگێک کە نەزانرا خاوەنەکەی یەکێ لە نەوەکانی دوای گەردەلوولەیەکە.. یان نەوەکانی بەرلەوان..؟ گوتی: ئێمە لە ئێستە بە دواوە، بە خەون و خەیاڵ ناکەین.. نەشەخسە موبارەکە دێنینەوە، نە ئەم شەخسەی ئێستەش دەلاوێنینەوە، نە بە هیوای دابینکردنی ژیانێکی باشتر لە ئاستی کۆشک و سەراکەیدا کڕنووش دەبەین.. ئێستە ئێمە دەبێ کردارو ڕەفتارمان بکەینە یەک و ببینە بەربەستێک بۆ وەیشوومەی ژیان، گەڵاڕێزانی ئاواتەکانمان، بەڵێ ببینە پردێک بۆ پەڕینەوە، قورتاربوونمان لەو دۆزەخەی کە تێی کەوتووین.. ئەوەش بەوە دێتەدی کە پشت بە هیچ شەخسێک نەبەستین. با لەتەک قوتبوونەوەی ئەم باخچەیەدا، کە ڕۆژ تا ئێوارە بە بەرچاومانەوە منداڵەکانمان یاری تێدا دەکەن.. کۆشک و سەراکەی ئەم شەخسی حازرییەی نێو گەڕەکیش بکەینە باخچەیەکی دی!.

# داپیره

**زوهره حاتمی**
**لەفارسییەوە: د. هیمداد حوسێن**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی پەروەردەی مرۆڤایەتی)**



مەعسوومە فرمێسکی دەڕشت و پێ بەپێ بەدوای دایکی لەمەخزەنەوە بۆ ژوورەوە و لە ژوورەوە بەرەو دیوار دەڕۆیشت. حەزی دەکرد بوخچەی دایکی لەسەر بکاتەوە و پێی بڵێ کە دەتوانێ بۆ هەتا هەتایە لەوماڵەوە بمێنێتەوە. پێی بڵێ:

«ئەم ماڵە ماڵی تۆیە. چاوم کوێر. دەبێ گۆچانی پیریی دەستی تۆ بم». حەزی دەکرد پێی بڵێ: «تا من بمێنم خزمەتکاری دەست لەسەر سینەی تۆم، توخواکەی ئەوەندە خەفەت مەخۆ. ئەوەندە بیر مەکەوە». پێی بڵێت..

مەعسوومە لەبەر دەرگا دانیشتبوو و سەیری هەتاوی دەکرد کە خەریک بوو بەسەر ڕۆخی دیوارەکەدا ئاوا دەبوو. دەنگی پێی دایکی بەسەر قالدرمەکاندا، تەپ تەپ دەبیست. بە قالدرمەکاندا سەردەکەوت و دادەبەزی و دەوەستا. هێنکە هێنکی پێ دەکەوت و بەردەوام دەبوو، مەعسوومە چوو بووە ماڵی برای و دایکی هێنابووەوە. دایکی هێمن و ئارام کەلوپەلەکانی خۆی کۆدەکردەوە، بە پلیکانەکاندا سەردەکەوت و دادەبەزی، مەعسوومە لەبەر دەرگای ماڵ لە چاوەڕوانیدا وەستابوو. هەنسکی دەدا و پیشی دەخواردەوە. لە دراوسێکان بیستبووی کە چەندین جار پەروانە لەماڵ دەری کردووە و دراوسێکان بردوویانەتە ماڵی خۆیان. بیری لەوە دەکردەوە کە هێشتا دایکی لەکەڵک نەکەوتبوو، چەند بەڕێز و سەنگین بوو و لای دراوسێکان هەیبەتی هەبوو. هەمیشە دەیگوت بنیادەمی ئابڕوومەند نابێ دەرگای دەردی دڵی خۆی لای هەموو کەس بکاتەوە.

دایکی هەر لەسەرکەوتن و دابەزینی پلیکانەکاندا بوو، مەعسوومەش لەپاڵ دەرگاوە وەستا بوو، (پەروانە) چوو بووە ژوورەوە و خۆی نیشان نەدەدا. ئەو ڕۆژە مەعسوومە بە دەنگێکی بڵند گوتبووی:

«تف لە غیرەتی ئەم برایەم! ئەگەر پیاو بووایە دایکمی

نەدەخستە بەر دەستی شەیتانێکی خودا نەناسی وەکو تۆ. ئەو بەدبەختە ژنی نەهێناوە، ئەو شووی کردووە!»

هەرچییەکی لەدەم هاتەدەر بە براو براژنەکەی گوتبوو و لەدوای خۆیەوە دەرگاکەی وەها داخست خۆشی لەگەڵی لەرزی. دواتر چەندین پەڵەی شین وە بووی لە حەمام بەسەر لەشی دایکییەوە بینیبوو. پیرەژن بەمنگە منگەوە گوتبووی:

«ئاخرمە، نەنە». مەعسوومە سێ مانگان لە خەفەتی براژنەکەی پێی نەخستە ماڵی براکەیەوە، بەڵام لە حەمام بەسەر منداڵبوونەوە چاویان بەچاوی یەک کەوت و سڵاویان لەیەک کرد و تا دوای نیوەڕۆ ئیدی هەموو شتێ لەبیرچووەوە.

ئێستا دایکی وا خەریکە دەچێتەوە ماڵەی مەعسوومە، بێجگە لەوە چارەیەکی تری نییە! خەفەت دڵی گرتبوو، دەیزانی ئیتر دایکی ناتوانێ لەو ماڵەدا بمێنێتەوە، هەر ئەو شەوەی کە ئەوی بردبووە ماڵەوە، مێردەکەی دەستی بە بۆڵە بۆڵ کردبوو، مەعسوومە دڵی پڕ ببوو، ئاگای لە هەموو شتێ بوو، ئەو خواردنەی ئامادە کردبوو کە مێردەکەی حەزی لێ بوو. خاولییەکەی وەکو هەموو جارێ دایە دەستی، چای بۆ تێکرد و جلەکانی بۆ هەڵواسی، پەتوویەکی لەژێر پێی ڕاخست و چوو خواردنەکەی بۆ ئامادەکا. هەموو ئەو ئیشانەی وەها بە مەراییەوە دەکرد زیاتر سەرنجی مێردەکەی ڕادەکێشا. مێردەکەی ڕووی گرژ بوو و ئەو ئیشانەی مەعسوومە کاریگەریەکیان نەبوو، دایکی لە پەرگەی ژوورەکە دانیشتبوو بە پەنجە حەلوای لە دەمی نەوەکەی هەڵدەسوی، مێردەکەی بەتینی چاوەوە پەنجەی ڕژدی ئەوی دەلستەوە. مەعسوومە دەیزانی کە مێردەکەی بچێتە کەلی شەیتانەوە، هەتا زەهری خۆی نەرێژێ، ئارام دانانیشێ. بیری کردەوە پێنج جاران «أمن یجیب» بخوێنێ بۆ ئەوەی دەمی مێردەکەی ببەستێ.

«خودایە بەخێری بگێری. خودایە هەر خۆت دەتوانی ئەو تووڕەییەی دامرکێنییەوە و سەبرو ئارامی پێ ببەخشی».

دەستی بە دوعا خوێندن کرد، سێ جاری خوێند، جاری چوارەم تازە دەستی پێکردبوو، کە پەرداخەکەی دەستی ئەحمەدە چکۆل لەدەستی خزی، مەعسوومە بینی ڕێچکەی ئاو بەرەو قاپە خواردنەکەی لای مێردەکەی شۆڕبووەوە، پیاوەکەی دەستی بەرزکردەوە و مستەکی قایمی لەپشتی ئەحمەدی دا. ئەحمەد هاواری لێ بەرز بووەوە، تووڕە بوو لە سفرەکە کشایەوە، هاواری مێردەکەی بەرز بووەوە، مەعسوومە سەیرێکی دایکی کرد، ئەحمەد نووری چاوی وی بوو. مەعسوومە دەترسا دایکی لێ وەجواب بێت. دایکی هەڵسایەوە، دەستی ئەحمەدی گرت و لەسەر سفرەکە کشایە دواوە.

«منداڵ نابێ لە بابی خۆی تووڕە بێت، هەڵسە دەی وەرە سەر سفرەکە و نانەکەت بخۆ، دەنا ئەوشۆ هەقایەتت بۆ ناکەم.»

ئەحمەد بە مۆنییەوە بەرامبەر داپیرە دانیشت. داپیرە دووبارە پەرداخەکەی بۆ پڕ ئاوکردەوە و دایەوە دەستی.

«توند بیگرە نەکەوێ. ئەوەی لە سفرە بتۆرێ، شەیتان دەچێتە کەوڵییەوە».

مێردەکەی ئیدی قسەی نەکرد و دەستی بەنان خواردن کردەوە. ئەو پیاوێکی بەدڕەوشت نەبوو، بەڵام دەستی بە لێدان فێربوو، کە تووڕە دەبوو، مەعسوومە، یان منداڵەکانی دەکوتایەوە، دواترێ پەشیمان دەبۆوە، لە سووچێکدا کز دادەنیشت و مات و بێ دەنگ دەبوو. بەیانی دیسانەوە بە پاکەتی پڕ میوە دەهاتەوە ماڵێ، بەڵام لەوەتەی پیرێژن هاتبووە ماڵەوان، بێ خوڵقییەکەی زیادی کردبوو. ئیدی لێدان و تووڕە بوون و هاری منداڵەکان نەبوو، هەر لەخۆیەوە بێ هیچ بەهانەیەک لە منداڵەکانی دەدا و ئەگەر مەعسوومە دەچووە پێشەوە لەویشی دەدا، دەتگوت دەیەوێ دڵی دایکی پڕ خوێن بکات، وەک بڵێی دەیویست بەدایکی بڵێ:

«لەوەتەی تۆ پێت خستۆتە ئەو ماڵەوە، شتەکان هەمووی بەسەریەکدا شڵەژاون.» کە دەیویست هێمن بێتەوە، یەک دوو خەتمی دەکرد. دوێنێ شەو لەو قڕە و گاڵەیەدا مێردەکەی هەڵیدایە: «ئاخر ئەو هەقی چییە خۆی لە ژیانی ئێمە هەڵدەقورتێنێ؟ من خۆم دەزانم چۆن منداڵی خۆم پەروەردە دەکەم، ئیدی ناتوانین پێشیان پێ بگرین. من نامەوێ بەیانی ئەحمەد سواری سەرو گوێلاکم بێت. ئەگەر ئەو دەیتوانی منداڵان جوان پەروەردە بکا با منداڵەکانی خۆی وا بارنەهێنایە، کە غولام ببوایە ئەڵقەی دەستی ژنەکەی».

مەعسوومە لەگەڵ مێردەکەی چوونە ژووری خۆیانەوە. مێردەکەی لەو هات و هاوارەی بەردەوام بوو. مەعسوومە دەگریا و لچکی لێفەکەی بەدەمی خۆیەوە گرتبوو و هۆڕ هۆڕ دەگریا. مێردەکەی لە پشت سەری ئەوەوە جگەرەی

دەکێشا و بەرەو دەرگای ژوورەکە دەڕۆیشت و قسەی بە براو دایکی دەگوت «بۆچی من لەباتی خوێن بووە، کوڕە ملەستوورەکەی ڕێک و ڕەوان دەڕوا، دەبێ من جەور و عەزابی دایکیان بکێشم».

مەعسوومە گوتی:

«باشە ئاخۆ منیش کچیم. چەند ساڵ منی بەخێو کردووە، ئیدی ماوەیەکیش نۆرەی ئێمەیە».

مێردەکەی هاواری کرد:

«کە تۆم خواست، نەتگوت پیرە سەگێکیشم لەگەڵە. ها، نەتگوت»

فرمێسک بەڕوومەتە پانەکانی مەعسوومەدا هاتە خوارەوە.

«پیرە سەگ نییە، دایکی منە. توخودا لەسەرخۆ».

«- دایکی ئەو قوندەرەشە. ئەرکی ئەوە نەک من، کابرا بێ هیچ شتێ لەو گۆڕەی دایکی لەماڵێ دەرکردووە خستوویەتییە ئۆباڵی منەوە».

«- براکەم گوناحی نییە. ژنە بێ مروەتەکەی لێی لە ڕق ڕاچووە».

«- جیاوازی چییە. ئیتر ئا ئەوەیە، مانگ بە مانگ نایێ سەربدا بزانێ دایکی مردووە ماوە، هێشتا ئەو پێرێژنە نمەک حەرامە ئەوی لەتۆ زیاتر دەویست».

«- ئێ کوڕی گەورەیەتی. من عومرم شازدە ساڵ نەبوو لەو ماڵە هاتمە دەرەوە. ئەو هەموو عومری لەلای بووە».

«- ئێستا گۆبەندەکەی هێناوەتە لای من. ئەگەر ئەوەندە عەزیزیەتی، باشە با بچینە لای ئەو، سبەی دوو سبەی کە خستیانە گۆڕەوە، با ئەو کوڕە عەزیزەی کفن و دفنی بکا. پێرێژنی بێ نمەک نانی من دەخوا و بەرگری لەو دەکا».

مەعسوومە کەوتە سەر قاچی مێردەکەی.

مەلا بانگدان، کە مەعسوومە بۆ نوێژ هەڵسایەوە، بینی دایکی سەری خستۆتە سەر هەردوو ئەژنۆی و دانیشتووە. پێدەچوو بەدرێژایی شەو نەخەوتبێ. مەعسوومە هەستی کرد کە دایکی ئەو قسانەی بیستووە. زانی ئیتر دوای ئەو بەزمەی دوێ شەو دایکی لەسەر سفرەی زاواکەی دانانیشێ و بەبێ دەنگی دەڕوا. بەیانی دوای ڕۆیشتنی مێردەکەی، دایکی وەکو ڕۆژانی دی بەکاری خۆیەوە خۆی خەریک کرد. مەعسوومە سەرنجی دەدا، دەتگوت لەدوێ شەوەوە قەدی زیاتر چەماوەتەوە و لۆچی دەموچاوی زۆرتر بووە. سەرنجی مەعسوومەی نەدەدا و نەدەچووە سەر ڕێگەی وی. مەعسوومە خۆی لە مووبەق خەریک کردبوو، بەڵام هەست و هۆشی هەر لای دایکی بوو. دایکی بە قاڵدرمەکاندا سەردەکەوت و دادەبەزی. بە قاچە لەڕو لاوازەکانی دەچووە سەر حەوزەکە و دەستەکانی تەڕ دەکرد. دیسانەوە لە جێگەی خۆی قیت دەبووەوە و بەرەو قاڵدرمەکان دەچووەوە، دەیزانی کە دەبێ بڕوات، ئەمەلاو ئەولای دەکرد. دەتگوت حەزی دەکرد مەعسوومە ڕێی پێ بگرێ و پێی بڵێ هەر چۆنێ بێ لای خۆی دەیهێڵێتەوە، دواجار چووە سووچێکی لای دیوارەوە و لەژێر هەتاوەکە دانیشت و مووە سپییەکانی سەری دەکردە کەزی و شانە دارەکەی لە کاسە ئاوەکەی تەنیشتییەوە هەڵدێناو هەتاو کەوتبووە سەر ڕوخساری.

مێردی مەعسوومە گوتبووی لەسەر ڕێگەی خۆی سەرێک لەموغازەکەی براکەی دەدا. حەزی دەکرد پێش ئەوەی براکەی بێت، دایکی ئامادەبێت، بەڵام وا پێدەچوو دایکی فکری ڕۆیشتنی نەبێ. نە کەلوپەلەکانی کۆکردبۆوە، نە بوخچەی پێچابۆوە. لە مووبەقەوە سەیری لەشی ڕەق هەڵاتووی و پرچی سپی و خەناوی ئەوی دەکرد. دایکیان دوای مردنی باوکیان خۆی لە ژیان کردبوو و گوێی بە هیچ نەدەدا، تەنیا بتوانێ ئەو و براکەی گەورە بکات. بەخەیاڵیدا هات:

«دایکم چەند گۆڕاوە. زۆر گۆڕاوە». تاقەتی نەبوو چیدی لەمووبەق بمێنێتەوە. چووە لای دیوار و بەرانبەری دانیشت.

«- دایکە!»

پێرێژن سەری بڵند کرد و بەدەم شانەکردنەوە سەرنجی چاوەکانی کچەکەی دا. مەعسوومە ئاگری لەدڵی بەربوو، نەخێر ئەمە ئەو دایکە نییە.

«- دایکە ویستم بڵێم، کە...»

بەڵام دەنگی کز بوو. دایکی هەر بەو شێوەیە نیگای دەکرد، دواتر سەرنجی ڕوخساریدا گوتی:

«- (سپێدە)ی بچکۆلانەم، ئەوە چەند ڕۆژێکە زۆر تەنیایە. دەبێ بڕۆم سەرێکی بدەم».

مەعسوومە سەری داخست.

«تەنیا بۆ ماوەیەک بڕۆ ئەوێ. کە ئارام بووەوە خۆم دێم...»

دایە پرمەی گریان. دایکی ئەو چەپکە قژەی بەدەستییەوە بوو، شانەی کردو دەستی لەوەی تر

هەڵگرت. عەباکەی خستە سەر سەری، لەجێگەی خۆی هەڵسایەوە و کەلوپەل و شتەکانی کۆکردەوە. هەوڵی دەدا سەرنجی مەعسوومە نەدا و ئەو ناڕەحەتییەی وی بەسەر خۆی نەهێنێ. ئەو دە تومانەی مەعسوومە دابوویێ، لە لچکی عەباکەی گرێ داو گوتی:

«- پەروانە کچێکی زۆر خراپ نییە، ئەگەر شەوان قاپەکان بشۆم و نەیخەمە بەیانی... بەڕاست دایکەکەم، لەبیرت نەچێ، شروبەکەی سنگم بدەیێ با بیبەم، شەوانە کۆکەیەکی کەمم هەیە، کە دەکۆکم، پەروانە...»

مەعسوومە گوتی:

«- شروبەکەت کە تەواو بوو، هەفتەی داهاتوو دێم دەتبەم بۆ لای دکتۆر. ڕەنگە شتێکی باشتر بۆ سنگت بۆ بنووسێ»

«- نە دایە، پارەکە دەرمانێکی تاڵی وای دامێ، دەتگوت ژەهری مارە هەموو خڵتەی سینەمی دەرهێنا، پەروانە زۆر ڕقی لێ دەبۆوە. ئەو شروبە چاکە، ئەوەم بۆ بسەنە».

«- باشە دایکە».

دەنگی زەنگی دەرگا بەرز بۆوە. ڕەزابوو. مەعسوومە لەلایەکی دەرگاکەوە وەستا بۆ ئەوەی براکەی بێتە ژوورەوە.

«- سەلام کاکە گیان. بەخێر بێن بفەرموون وەرنە ژوورێ».

«- دەستم داوێنت خوشکە. تائێستا لەگەڵ پەروانە شەڕم بوو. تووڕە بوو چۆوە ماڵی بابی. تەنیا (سپێدە)م لەلا مایەوە، لای دراوسێکان دامنا. گوتم بەڵکو تۆ بیرێکی لێ بکەیتەوە، بەڵکو دایکم تا چەند هەفتەیەکی تر لاتان بمێنێتەوە تا (پەروانە) ڕازی دەکەم».

«- کاکە گیان بە فاتیمەی زەهرا ئەگەر بمتوانیایە، لای خۆم دەمهێشتەوە، ئەکبەر ئاغا گوتی ئەگەر تا بێمەوە دایکت لێرە مابێت، تەلاق دەخاتە دەستمەوە، خۆت دەزانی چ پیاوێکی کەللە ڕەقە».

«ئەی ئیدی من چی بکەم؟ ئەوە عومرێکە لای منە. تۆ و مێردەکەت ناتوانن شەش مانگ بیحەوێننەوە».

«- کاکە گیان، خۆ من بەدەست خۆم نییە. بیبەوە بەڵکو دواترێ ئەکبەر ئاغا لەکەلی شەیتان بێتە خوارەوە دێم دەیخەمە کۆڵی خۆمەوە. خەمی (پەروانە)ت نەبێ، ئەو دایکەی ئەو هەیەتی، یەک ڕۆژ چیــــــــــیــــــــــە نایحەوێنێتەوە».

براکەی لەسەر پایەی قاڵدرمەکە دانیشت و ئیدی هیچی نەگوت.

«- وەرە با بچینە ژوورەوە. کاکە گیان بۆ لێرە دانیشتووی، جوان نییە».

«- نا، ئێرە باشە. دەڕۆم. هەزار بەدبەختیم تووش هاتووە. کاری خۆم بەجێ هێشتووە و هاتووم».

مەعسوومە ڕۆیشت و بەقاپی شیرینی گەڕایەوە. ئەحمەد و مریەم بەرەو ڕووی کاکە گیان هاتن و ئەو ماچی کردن و لەلایەکی قاپی شیرینەکەوە شرینی بۆ هەڵگرتن و خستییە دەمیانەوە.

ئەحمەد گوتی:

«- کاکە، هاتووی داپیرە ببەی؟»

دەنگی دایکیان لەدەرگاکەوە بەرز بۆوە:

«- ئەی خودایە، بەقوربانی ئەو بەژن و باڵایەت بم. باش بوو هاتی دایکە. دەمویست خۆم بیّم».

«- سەلام دایکە، ئامادەی؟»

«- سەلام لە ڕوخساری جوانت، دایە شتێ بخۆ، دەمت شیرین کە مەعسوومە گوتی:

«- دەی ئێستا بۆ وا بە پەلەی، کاکە گیان توخودا دە شتێ بخۆ».

براکەی شیرینەکەی هەڵگرت و لە جێگەی خۆی هەڵسایەوە

«- دە هەڵسە دایکە با بڕۆین».

دایکی یەکسەر دەگەڵ قسەی وی بلّند بوو. بەو پێیە لاوازانەی هەنگاوی نا. مەعسوومە بن هەنگڵی گرت و بوخچەکەی دایە دەست.


مەعسوومە لە پاڵ دەرگای حەوشە وەستا و تا لەوسەری کۆڵان بزر بوون سەرنجی دەدان.

«- دیتت، ئاخرەکەی چیرۆکی مانگی پێشووی تەواو نەکرد».

مریەم شیرینییەکەی کە نیوەی خواردبوو، لەدەم هەڵدایە دەرەوە، سەیرێکی قاپە شیرینییەکەی کرد و گوتی: «بەڵێ، خۆزگە شەوێکی تر دەمایەوە».

**سەرچاوە:**

**در آستانه ء فصل سرد- انتخاب و مقدمه ء سوزان گویری و تورج رهنما- تهران- ١٣٧٦هـ. ل١٩٩-٢١٠.**



# مەزهەری خالقی:
## وەک نەمانتوانیوە گەنجینەی میللیمان لەژێر خاک دەربهێنین و سوودی لێ ببینین، بەهەمان شێوە نەمانتوانیوە سوود لە موزیکەکەشمان ببینین

هەڤپەیڤین: ئەنوەر حوسێن (بازگر)
(سلێمانی)

مەزهەری خالقی گۆرانیبێژێکی هێمن، لەسەرخۆ، هونەرمەندە. کە دەڵێین هونەرمەند خاڵێکی ڕاوەستان و لێکدانەوەیە، چونکە زۆرینەی گۆرانیبێژەکانی ئێمە دەنگخۆشن نەک هونەرمەند.

ئەم هونەرمەندە وەک قوتابخانەیەک لە هونەری گۆرانی کوردی خۆی ناساندووە و بوونی خۆی سەلماندووە، بەوەی زۆرێک لە دەنگخۆشەکانی کورد دەنگیان لەسەر قوڕگی ئەودا ڕادەهێنن، هەروەها لە جۆری کارکردنی لەناو گەنجینەی فۆلکلۆریدا زۆر وشیارانە ئەو گۆرانییانە دووبارە دەکاتەوە کە کاریگەرییەکی بەردەوامیان لەسەر نەتەوەکەیدا هەیە و لەگەڵ دووبارەکردنەوەکەشیدا پەرە بە لایەنی ئەداو گوتنیان دەدات. لە هەڵبژاردنی شیعریشدا ئەو شیعرانە هەڵدەبژێرێ کە دوورن لە دروشم و هات و هاوار و هەڵچوون. کار لەناو ئەو شیعر و دەقە فۆلکلۆریانە دەکات کە ناوەوەی گوێگر دەدوێنێ. لەم چاوپێکەوتنەدا هونەرمەند باس لە هونەری تایبەتی خۆی و هونەری کوردی بەگشتی دەکات.

**«ڕامان»**

* به بۆچوونی تۆ مــــوزیککاری سەرکەوتوو و باش چۆن دەناسرێتەوە؟

– بە پلەی یەک جــۆری مــیلۆدی ئەگـــەر کـــولتـــووری بێت، یان دروســـتکراو، لەبارەی مـــوزیکەوە، موزیکێک کە ئەو میلۆدییە پەروەردە بکات. پەروەردەش ئەوەیە بتـــوانێت لەگـەڵ ڕەسـەنایەتی مـیلۆدییـەکـە کـە هی هەر گـەل و میللەتێکە، ئەو ڕەسەنایەتییە ڕاگرێت و تێکی نەدات. دووەم لایەن شــیـعـر و کـەلامی مــوزیکە، کــە ئەوەش یەکـەمین کـاریگەری هەیە کـاتێ بتـوانێت یەکـێک لە هەسـتـەکـانی ئینسـان تەواو بکات، وەکـو ئەوەی هی شاعیرێک، یان دانەرێک و ئەدیبێکی ناسراو و بەهەست بێت.

ئەمـانە ئەو شتـانەن کە هەر مـرۆڤێک ئەگەر عەرەب، کورد، فارس، یان ئەمریکی بێت، پێشبینییان ئەوەیە کە مــوزیکی مــیللەتەکـەیان ئەو چەند شــتــەی تێـدا یەک بگرێتــەوە. ئەمـە ئەوەیە کـە دنیـای مـوزیکی ئەمـڕۆش پێشبینی هەیە ببیدات بەگوێگر.

**هەر گۆرانییەک کە هەڵمبژاردبێ لەگەڵ شیعرەکەیدا تێکەڵ بوویێت، تا ئەوپەڕی هەستمی نەگرتبێتەوە نەمگوتووە**

* کورد لە بواری مۆسیـقا و هونەری گۆرانی خـاوەنی تایبـەتمەندیی خـۆیەتی، یان دەکرێ بڵـێین لەناو هونەری ناسـراوی گـەلاندا، بە ڕەمـز و میـتـۆدی تایبـەت بەخـۆی هونەری کوردی جیا بکرێتەوە و بناسرێتەوە؟

– ڕاست دەکـەیت، ئێـمـە گـرفـتـێکی زۆر زۆر کـۆنمان هەیە، لانی کـەم پێنج، شـەش سـەدە لەمـەوبەر بەهۆی ئەوەی دابەش کـراین، لەو دەمـەوە تا ئێـســتـا ئێـمـە نەمـانتـوانیـوە گۆرانی خۆمـان لەگەڵ موزیکی ڕۆژدا ڕێک بخەین، ئێمە لە باری کولتووری و گۆرانی فۆلکلۆرییەوە، نە تەنیـا کـەمـتر نین لە گەلانی دراوسـێمـان، بەڵکو زۆر زۆر دەوڵەمــەندترین، بەڵام ئەگـەر باسی ئەوە بکەین و بڵێین لە باری موزیکی ڕۆژەوە لە چ قۆناغێکداین؟ ئەوە لەباری مـــوزیکی ڕۆژەوە، چونکە زانست و هونەرێکی وایە کـە بتـوانێ وەکـو زانست دیراسـەی بکەیت، ئێـمـە توانای ئەو دیراسـەیەمان نەبووە، کەواتە دەتوانم بڵـێم لە باری هونەری و زانسـتـیـیـەوە، بەداخـەوە ئێـمـە زۆر لە دواوەین.

* ئەوەی تۆ باست کـرد گـۆرانی و هونەری فـۆلکلۆری کـوردی کـە بەشـێکی زۆر دەوڵەمـەندی هەیە، بەڵام تاکـو ئێـســتـا نەتوانراوە کـۆبکرێتــەوە و بکرێتـە بەڵگەنامە و دۆکیـۆمـێنت بۆ خـزمـەتکردنی هونەری کـوردی، ئەوە بەشـێکی پرسـیـارەکـەمـە. بەشـێکی تریشی ئەوەیە تا چەند لە ئێـسـتـادا ئەوە کـــاری پێـــدەکــرێ؟ تا چەند هونەرمەندی کورد بایەخ بە ئەدەبیات و فۆلکلۆری کوردی دەدات؟

– با واقــیــعـی بین، با هەر تەنیــا ئەوە نەبێت کــە باشییەکان گەورە بکەینەوە و یەکسەر جێگەی بکەینەوە و نمایشی بکەین. بابێین ڕەخنەی دروستکەر بینا بکەین، ڕەخنەی دروســتکەر بەڕای من ئەوەیە کـە ئێــمــە چۆن نەمانتوانیوە سامانی میللیمان لەژێر خاک و لە کانەکان دەربهــێنین و ســوودی لێ ببــینین، بەهەمــان شــێــوە نەمانتوانیوە سوود لە موزیکەکەشمان ببینین، ئەوە هۆی زۆرە لەپێـشـەوە لەبەر ئەوەی داگـیـرکـەرەکـانی سـەدەی بیست، وەکـو داگـیـرکـەری کـۆن نەبوون، ئەوانە توانیـان سنوورەکـانمان بگرن و دایخەن، کـە سنوورەکـان داخـران، پێـوەندی کـوردی سـوریا و ئێـران، یان کـوردی عـیـراق و تورکیـا پێـوەندییـان لەگەڵ یەکتـر نامێنێ، کە پێـوەندی نەبوو، هەڵبـەتە لەیەک بێ خـەبەر دەبن لەیەک دادەبڕێن. دیارە ئەو لێکدابڕانە مۆڵەتی نەدا موزیکیش سنوورەکان ببــڕێت، بۆ نموونە لە قــامــیــشلووەوە بڕوات بۆ سنە، لە سنەوە بڕوات بۆ دیاربەکــر، بۆیە کــە وەکـــو کــــورد لێکدابڕاین، کولتووریشمان لێک دابڕا.

کـە بەشـێک لەکـولتـوورەکـەمـان گـۆرانی و مـوزیک و مۆسیـقامانە، بۆیە ئێمە نەمانتـوانی دیراسەی مۆسیقا و گـۆرانیمـان لە هەر کـام لە بەشەکـانی کوردستـاندا بکەین، کـەواتە وەکـو گـەنجـینەیەکی دەست لێنەدراو مـایەوە. لە شــوێنێکی وەکــو تورکـیــا گــۆرانی کــوردی بەڕەســمی قەدەغـەیە، لەناو بازاڕدا هەیە، بەڵام وەکو ڕەسمی گرفتی هەیە. لە سـوریا خـۆ هەر هیچ. لێرەش تا زەمـانی سـەدام بوو، دیســان بایەخی پێ نەدرا، لە ئێـرانیش ئێــســتــا تاڕادەیەک گـرفـتی هەیە. ئەمـەی ئێـمـە مـوزیکێکە، یان گـــۆرانی و ئاوازێکە لە چوار چێـــوەیەکی سنووردار و دیاریکراودا حەپس کراوە، ئەو چوارچێوەیە تاکو ئێستا بە ئێـمـە نەشکاوە، مـەگـەر حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان هەوڵ بدات لەدوای ڕزگاربوونی گەلی کورد لە کوردستانی



باشوور، بە ئازادی دەست بەسەر کولتووری نەتەوەییماندا بگرێت. ئێستا ئێمە لەم ئینستیووتە یەکێک لە ئەرکە گەورە و سەرەکییەکانمان کۆکردنەوەی دابونەریت و کولتوور و فەرهەنگی کوردیمانە لە موزیکەوە بگرە تاکو دابونەریت و ئاداب و ڕسووم و جلوبەرگ و لایەنی مەعنەویاتمان، کە مەزهەب و ئایینەکانمانە لەسەرانسەری کوردستانی گەورەدا، ئێرە تەنیا دەزگایەکە، کە بەشێوەیەکی زانستی کار لەسەر کولتووری نەتەوەکە دەکات. ئەگەر سەردانی ئارشیڤ بکەن، دەبینن کە ئێمە چیمان کردووە، باشترە خۆتان لەنزیکەوە ببینن.

* ئێستا قسە لەسەر ئەوە دەکرێ، کولتووری وڵاتانی دراوسێ و فەرهەنگی ئەو وڵاتانە کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سەر هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکی کوردستان. لەوانەش گۆرانی و مۆسیقاو هونەری کوردی، دیارە کە ئەمە مەبەستێکی باشی لە پشتەوە نییە، چی بکرێ بۆ ڕێگرتن لەوانە؟ چۆن دەکرێ هونەری کوردی، یان گۆرانی و موزیکی کوردی شان بەشانی ئەوان بچێتە پێش؟

– ئەمە هەستێکی کۆمەڵایەتییە، موزیک شتێکە تۆ ناتوانی پێشی پێ بگری، یەکێک کوردە حەز لە موزیکی هیندی دەکات، یان لە هەر شوێنێکدا بێت، مومکینە حەز لەگۆرانی مەکسیکی، یان گۆرانی چینی بکات، موزیک هەستە، جا بەڕاستی ناتوانی سنوور بۆ هەست و ئارەزوو دابنێیت.

تۆ ناتوانی بڵێی موزیکی پاپی ئەورووپی، یان موزیکی عەرەبی، یان فارسی و تورکی نەیەتە ئەم وڵاتە و کەسیش حەزی لێنەکات. ئەمەش گرفت نییە. بۆ نموونە کەسێک لە لەندەن دانیشتووە، دانیشتووی ئەوێیە. حەز لە گۆرانی حەسەن زیرەک، یان تاهیر تۆفیق بکات، ئەمە گرفت نییە، هیچ میللەتێک حەز کردن لە گۆرانی و هونەری بۆ نەبووەتە گرفت، بەڵام گرفتەکە بۆ ئێمەی کورد چییە؟ ئێمە دەبێت وەکو هەست و مۆرکێکی نەتەوەیی سەیری موزیک و گۆرانی بکەین. چۆن زمانەکەمان پاراستووە، دەبێ هەر بەو شێوەیە موزیکەکەشمان بپارێزین. چۆن لەزمانەکەماندا ئەگەر عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی تێدا بێت، خەریک دەبین لە لەهجەکانی تر بیدۆزینەوە و بیخەینە جێگەی خۆی و زمانی کوردی پەتی و پاراوی بکەین و پاکی بکەینەوە، موزیکەکەیشمان هەمان شتە. واتە دەبێ موزیکەکەمان، لە موزیک و کاریگەری پاک بکەینەوە، بەتایبەت بەشەکانی کە داگیرکراون، لە فارسی و تورکی و عەرەبی پاکی بکەینەوە.

ئەمە ئەرکێکی نەتەوەییمانە، وەکو ئەو ئەرکەی کە

ئێستا بۆ زمانەکەمان دەیکەین. ئەگەر ئەم کارە نەکەین، زۆر بە ئاسانی کولتووری ولاتانی تر کە تاکو ئێستا بەرگریمان کردووە، لەدنیای ئازادی ئەمڕۆدا، زۆر بە ئازادی دەتوانی کولتووری مۆسیقایی و کاریگەری مۆسیقای عەرەبی و تورکی و فارسی بە ئاسانی بەدەستی خۆمان بهێنینە ناو ولاتی خۆمان، ئەمە شتێکە بەداخەوە حکومەتی هەرێم یان نایزانێت، یان دەیزانێت و هیچی بۆ نەکردووە، ئەمە خەتەرێکی زۆر گەورەیە.

من لەچاوپێکەوتنەکانمدا، لە وتارەکانمدا، لەبیروبڕوامدا، هەموو ئەم شتانەم داناوە کە موزیک و زمان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر نەتەوە هەیە، بۆیە دەبێ ئێمە موزیکی خۆمان، وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی بپارێزین. ئەگەر موزیکی خۆمان بپارێزین هیچی تێدا نییە، شان بەشانی ئەوە، موزیکی هەموو گەلانی تریش بپارێزین، هیچ مەسەلەیەک نییە.

ئێستا مەترسی ئێمە ئەوەیە کە موزیکی بیانی بێت و موزیکی خۆمان ڕامالێت، کە تۆ دەچی لەتورکیا لەوێ بە موزیکزانی تورکییەوە گۆرانی، یان میلۆدییەکی کوردی تۆمار دەکەی، ڕاستەوخۆ ئەمە کاریگەری موزیکی تورکی لەسەرە. کە ئەمەت هێنایە ناو ولات، هەڵبەتە خۆشیشە و دروستیش لێدراوە و باشیش تۆمار کراوە. وردە وردە جێی خۆی دەکاتەوە، کە جێکەوت، ئەوەی خۆتت بیردەچێتەوە.

زۆر بە ئاشکرایی دەڵێم: دوو ساڵ لەمەوبەر وابوو؟ نەخێر. ڕۆژ بە ڕۆژ، حەفتە، بە حەفتە، دەبینین موزیک و گۆرانی دروست کراو و تۆمارکراوی غەیری کوردی دێتە ناو ولاتەوە. ڕۆژبەڕۆژیش فراوانی ئەم موزیکە زیاتر دەبێت، کاریگەریشی لەسەر خەڵکیش زیاتر دەبێت، بەتایبەت نەوەی نوێ، ئەمە دوو گرفت دروست دەکات.

یەکێک ئەوەیە موزیکزانە تازەکانمان، پەیڕەو لەو شتە دەکەن. دووەم، ئەو هەستەی کوردیمان تێدا دەکوژن. بۆیە هەر لە ئێستاوە ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمە، بەڕاستی ئەوەی کە باسی هونەر و ئەدەب بێت، دەبێ بلێین وەزارەتی ڕۆشنبیری، وەزارەتی ڕۆشنبیرییە کە یاساو ڕێسا و ئیمکاناتێک دابنێت، بۆ ئەوەی موزیکی کوردی نەفەوتێت. ئێستا کە دانیشتوون دەتوانن کتێبەکان سەیر بکەن. ئێمە پێنج سەد میلۆدی کوردیمان بەنۆتە، بەتێکست لە بازاڕدا هەیە، بڕۆن چێکی بکەن، بزانن چەند کەس ئەم کتێبانەیان کڕیوە؟ چەند گۆرانیبێژ سوودی لەم کتێبانە بینیوە؟ ئەمە هۆکارەکەی دوو شتە:

یەکێ سەوادی موزیکی نییە، ناتوانێ موزیک بخوێنێت، ناتوانێ موزیک ئەرەینج بکات. کوردەکانی خۆمان لێرە ئەو گرفتەیان هەیە. دووەم گۆرانیبێژی کوردی نازانێ نۆتە بخوێنێتەوە، بۆیە ئێمە دەبێت.

(١) لەباری ستراتیژییەوە حکومەتی هەرێم وەکو سەروەتی میللی پاڵپشتی موزیکی کوردی بکات.

(٢) ئەوەی کە بتوانێت بۆ دەست پێکردن دەزگایەک، یان گرووپێک دابنێت بۆ خێرا تۆمارکردن، بەخێرا دروست کردنی گۆرانی کوردی و سەرمایەی بۆ دابین بکات بە (سی دی و کلیپ) بیخاتە دەست خەڵک و میدیاکانەوە. تەنیا وەزارەتی ڕۆشنبیرییە کە دەتوانێت موزیکی ئەم شارە کۆنترۆڵ بکات و ڕێساو یاسا و دەستوورێکی بۆ دابنێت کە بکەوێتە دروست کردنی گۆرانی و موزیکی ڕەسەنی کوردی، بەشێوەیەک کە گەنجەکانی ئەمڕۆ بتوانن قبوولی بکەن، یانی لەباری تەکنیکی لێدان و تۆمار و کۆمپۆزیشن و ئەرەینجمینت کردن، جۆرێک بێت کە گەنجی ئێمە هەڵیبژێرێت، یان چاودێری بکات لەگەڵ ئەو ئۆرکێستراسیۆنەی کە لەدەرەوەی ولات کراوە.

دەبێ ئەمە بەپلەی یەک دەست پێ بکات. پلەی دووەمیش بۆ دواڕۆژ. دەبێ دەست بەسەر ئەو کولتوور و کەلەپوورە هەرە دەوڵەمەندەی گۆرانی و موزیکی خۆماندا بگرین، وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی لە ئارشیڤدا بیپارێزن و کار بکرێت بۆ نەوەکانی داهاتوو.

* جگە لەوانە یەکێک لەو شتانەی باست کرد، نەبوونی ئەکادیمیا و زانکۆ و پەیمانگایەکی تایبەت بە هونەر و موزیکی کوردییە تاکو بتوانێ نەوەیەکی باش پێ بگەیەنێ، کە ئەوە لە هەموو دنیادا باوە؟

– بێ گومان من وتوومە و دووبارەشی دەکەمەوە، لە ولاتە دراوسێکەماندا لە ئێران، وەزارەتی هونەرەجوانەکان هەیە، لە بەغداش وەختی خۆی ئەمە هەبوو. حەتمەن لە تورکیاش هەیە، لەلای ئینگلیزیش، لە ئەورووپاش، وەزارەتی کالچەر هەیە. وەزارەتی کالچەر لە هەموو ولاتانی دنیادا هەیە، کە بەرپرسی پاراستن و پەرەپێدانی فەرهەنگ و کولتوور و کەلەپووری ئەو ولاتەیە.

ئێمە بەداخەوە لە وەختێکەوە ئازاد بووین، هیچ تۆمارکراوێکی ڕێکوپێکمان لە کولتووری خۆمانە نییە وەکو خەڵاتی وەزارەت، تا کاتێ فڵانە میوانی بیانی کە دێت بیدەینێ، بڵێن ئەمە موزیکی ئێمەیە، ئەمە هەڵپەرکێی ئێمەیە، ئەمە گۆرانی ئێمەیە، ئەمە جلوبەرگی ئێمەیە، دابونەریت و ژیانی ئێمەیە.

* ئەنیستیووت نەیتوانی بەشێک لەم کارانە بکات؟

– ئەنستیتیوت NGOیەو ناتوانیت کاری وەزارەتخانەیەک بکات، بەداخەوە نەدەسەڵات و نە کۆمپانیا و کەسایەتییەکان ڕۆڵی NGO لە بیناکردنی وڵات نازانن و تا ئێستا ئاورێکی جددیان لە NGOکان نەداوەتەوە.

* بۆچی کورد هەمیشە شانازی بەڕابردووەوە دەکات؟ ئەمە لە بواری هونەر و گۆرانی کوردیشدا ڕاستە، ئێمە، یان تاکی کوردی هەمیشە باس لەوە دەکات کە جارێکی تر (عەلی مەردان)، (حەسەن زیرەک)، (محەمەدی ماملێ)، (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی)، (مەزهەری خالقی)، (ناسری ڕەزازی)یەکی تر دروست نابێتەوە؟ ئەمە پەیوەستە بەچی؟ بۆچی ئێمە نەمانتوانیوە بەو ئیمکانیاتە کەمەوە حەسەن زیرەکێک توانیویەتی خزمەتێکی گەورەی هونەر و گۆرانی کوردی بکات، بەڵام لەم سەردەمی تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنی زانستەدا کە لەخزمەتی هونەری گۆرانی کوردیشدایە، نەتوانراوە جارێکی تر چەند ڕەمزێکی تری وا دروست بکرێ؟

– دیسان دەگەڕێمەوە بۆ وەزعی حکومەتەکەی خۆمان، بەداخەوە هیچ وەختێک شارەزایەکی بەتوانای موزیک و کاڵچەر، لە سەرۆکایەتی و بەڕێوەبەرایەتی وەزارەتی ڕۆشنبیریدا نەبووە، کە ئەم کارە بکات.

لە وەزارەتی ڕۆشنبیریدا کە بەرپرسی ئەم کارانەن، تاکو ئێستا کەسانێک ئەو کارەیان کردووە کە شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەبواری موزیکدا نەبووە ئەگینا بۆ ناکرێت؟ بەداخەوە ئەمە کەموکورتی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە، کە دوای ڕووخانی سەدام ئێمە ئازادین، بەڵام ئێمە لەم ئازادییە سوودی وامان نەبینیوە، نە تەنیا لەبارەی کولتووری و موزیکەوە، لەبارەکانی تریشدا سوودمان وەرنەگرتووە.

باسی ئەم ئیمکاناتەی کە ئێمە هەمانە، وەختێک لە وەزارەتخانەیەکدا، تۆ نەتوانی پیاز و تەماتەی خۆت دابین بکەیت، چۆن دەتوانی لە موزیکی خۆت کە مەسەلەیەکی زانستی و نەتەوەییە، بتوانی ئەم دووانە بەیەکەوە فیکس بکەیت، بەشێکی نەوەی نوێ، هەروەها نەوەی کۆنی پێ ڕازی بکەیت، ئێمە نە تەنیا لە بواری موزیکدا هیچمان نەکردووە، لە بوارەکانی تریش سوودی شیاومان وەرنەگرتووە.

* لەساڵانی حەفتا بەرەو ژوورتریش واتە ساڵانی هەشتاکان، هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی لە ئێستا ڕەسەنتر وتراوە، گوایە بەشکڵێکی باشتر و ڕەسەنتر بووە، گوێگریشی باشتر بووە؟ یان ئەوە پەیوەستە بەزەوقی خەڵکی و تاکی کوردییەوە. کە زەوقێکی سەلیمی لەبواری مۆسیقاو گوێگرتنی لەهونەری ڕەسەنی کوردیدا نییە؟

## ئەو خۆشەویستییەی خەڵکی بۆ هونەرمەند هەیەتی، مومکینە تەنیا بۆ دایک و باوکی هەبێ

– ڕاستە، ڕاستییەکە ئەوەیە کاتێ (هەر باسی کوردستانی عیراق دەکەین) گۆرانیبێژێکی وەکو (عەلی مەردان)، یان (سێوە) ئەمانە نەیاندەتوانی، واتە هەستی کوردایەتی وابوو گۆرانی عەرەبی نەدەوت، بەڵکو کوردی دەوت، بەڵام موزیکەکەی مومکین بوو موزیکی ئێزگە بێت و نەختێ بەرەو عەرەبی بڕوات. ئیللا میلۆدییەکە کوردی بوو، دروست خوێندنی وەسیلەی ئەو گۆرانیبێژانە مسۆگەر بوو، دوایی ئەمڕۆ ئێزگەکانمان هەرکەس کە هەرچی بڵێت، بڵاوی دەکاتەوە. کەسێک نییە کۆنترۆڵی شیعرەکەی بکات، بزانێت ئەمە لە ڕووی شیعرییەوە لە ڕووی ئەدەبی و فۆلکلۆرییەوە، لەباری موزیکەوە، بەهای ئەوەی هەیە یان نا، کەسمان نییە کۆنترۆڵی بکات، ئەوە میدیا وا بەدەست ئەو کەسانەوەیە کە شارەزایی میدیایان نییە.

* مەبەستت، ئەوەیە بڵێیت لەموزیک نازانن؟

– کە دەڵێم میدیا، تەنیا ئەوە نییە، کلیپەکانیش هەمان شتە، لەوێ کەسێک نییە بزانێ ئەم کلیپە ئایا بەکامێرای برودکەسینگ گیراوە، یان حەرەکەتی کامێراکە، یان نوورەکەی دروستە، ئەوکاتە دەیخەنە بان سەتەلایتیش و بڵاوی دەکاتەوە، بەناوی هونەری کوردی دەڕوا، لەبەر ئەوە گرفتی ئێمە، گرفتی میدیایە، ئەو

وەختەش ئەم گۆرانیبێژانە هەبوون، لە گەڕەکی ئێوە، ئێمە لە هەموو شوێنێک دەنگخۆش و گۆرانیبێژ هەبوون، لەناو ئەوانە، یان دووانیان دەیتوانی بڕواتە ڕادیۆ، بەڵام ئێستا هەر کەسێک دەتوانێت کۆمپیوتەرێک لەماڵ دابنێت، گۆرانییەک بڵێت، یان بچێتە یەکێ لەتۆمارگاکان، کە تۆماری کردو هێنایە دەرەوە، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بۆی بڵاودەکەنەوە. ئەمڕۆ میدیایە کارەکەی شێواندووە، چونکە هەرکەس دەتوانێ گۆرانی بڵێت، لە پێشیشدا گۆرانیبێژی دەنگ خۆشمان هەبووە و موزیکزانی باشمان هەبووە و موزیکزان و دەنگخۆشی خراپیشمان هەبووە.

خەڵک هەر گوێی لە باشەکە گرتووە، بەڵام ئێستا لەبەیانییەوە هەتا ئێوارە هەموو شتێکت بۆ لێدەدا، تۆ ناچاری گوێ بگری، جاران ئێمە تەنیا دوو سێ سەعات ڕادیۆی بەغدامان هەبوو، ئەویش باشترین گۆرانی بۆت لێ دەدا. ئێستا بیست ئێزگە لە کوردستاندا هەیە و هەر کامێکی بە کەیفی خۆی دەڵێ، هەموو دەیانەوێ دەنگێکی تازە بدۆزنەوە، نازانێ ئەم دەنگە تازەیە بۆ ئەوە ناشێ تۆ دەنگی بڵاو بکەیتەوە. زیاتر کێشەکە لەمیدیایە، یەکەم نەبوونی کۆنترۆڵە لەوەزارەتی ڕۆشنبیری، یان هەر ئۆرگانیزەشینێک دووەم کێشەکە لە میدیایە.

* خەڵکانی پسپۆڕیشمان نییە لە بواری ڕەخنە و موزیک و گۆرانی تاوەکو بێن دیراسەیەکی باشی ئەم گۆرانییە بکەن و بزانن باشە، یان خراپە، ئەم بەرهەمەی کە بڵاو بووەوە ئەمە بەرهەمێکی ستانداردی نێو دنیای گۆرانییە واتە ڕەخنەمان نییە ئەمە ڕوون بکرێتەوە؟

– زۆر هەن، تا ئەو ڕادەیە بزانم من ئاخر کەسم کە ڕەخنە لە موزیک و گۆرانی ئەمڕۆ دەگرم، واتە هەموو مامۆستاکان لەگەڵ هەرکامیان قسە بکەی ئەوە دەڵێن، هەمووشیان وتوویانە و بەرگرییان کردووە.

مەسەلەکە ئەوەیە کە بۆچی میدیا هەمووی داپۆشیوە؟ گرفتی تریش هەیە، کاتێ تۆ لەگەڵ ئەم گۆرانییە خراپانە کە ئێمە دەبیێژین باش نین، دەبێ گۆرانی هاوتای ئەوە باشت هەبێ. کە تۆ سانسۆرت نەکرد، ئەوەندە گۆرانی ڕەسەنت نەبوو کە هاوتای بکات لەگەڵ گۆرانی نارەسەن، هەر نا ڕەسەنەکە سەردەکەوێ. چ دەزگایەک هەیە، ئێوە ناوی دەزگایەکم بۆ بهێنن، ڕادیۆو تەلەفزیۆنەکان، یان وەزارەتی ڕۆشنبیری لە ساڵێکدا دوو، یان یەک سیدی یان (دی ڤی دی) خستبێتە بازاڕەوە، بۆیە هیچ شوێنێک نییە کە پاڵپشتی گۆرانی ڕەسەن بکات، دروستی بکات و بیخاتە بازاڕ و بیداتە میدیا، ئەمە گرفتی سەرەکییە و گرفتەکە لێرەوە دەست پێ دەکات.

* لە شیعردا زمان پێش بیرۆکە دەکەوێت. ئایا لە گۆرانیدا مۆسیقا پێش دەنگ دەکەوێت، یان مۆسیقا لەسەر دەنگ ڕادەهێندرێت؟

– مۆسیقا و دەنگ تەواوکەری یەکترن، وەکو یەک ماڵ و یەک خانەدان، هەرچەند ئەندامانی خێزانێک پێکەوە ڕێک بن، بەختەوەرترن. دەنگ و مۆسیقاش هەرچەند زیاتر لەگەڵ یەک ڕێکو هاودەنگ بن، هەست و خرۆشیان زیاتر دەبێت و دەگاتە لووتکەی ئاوات و ئارەزووی دڵ. لە هەندێ بواردا هەرکام بە تەنیا ڕۆڵی خۆیان دەبینن، وەکو پارچە هارمۆنیایەکی موزارت، یان ئەلحەمدێکی عەبدولباست، کە لەم حاڵەتەدا پرۆفیشنالیزم و تاقە کەسییەکان، ڕۆڵی تێدا دەبینن و شمولی نین.

* ئایا گۆرانی گوتن لەسەر شانۆ ڕووبەڕووی جەماوەر پڕ هەستترە، یان لەگەڵ سروشت و شتی تردا کلیپ بکرێت. دەمانەوێ ئەوەمان پێ بڵێیت جەماوەر خرۆش و هێزێکە بۆ گۆرانیبێژ، یان خرۆشی ڕۆحی گۆرانیبێژ گرینگترە؟

– هەموو شتێک سروشتییەکەی پەسەندترە، لەبەر ئەوە کۆنسێرت پێوەندی ڕاستەوخۆی هونەرمەند و ئارەزوومەندە، بەڵام لەکلیپدا هونەری دەنگ و ڕەنگ دەتوانێت ئەو هەست و خەیاڵانەی وا لە دەروونی شیعر و بەستەکە دایە، زیاتر بەرجەستە بکات، لەلایەکی ترەوە، ڕێکخستنی کۆنسێرت و ئامادەبوونی بینەر لەکات و ساتێکی تایبەتدا و هەندێ ئاستەنگی تر، وا دەکات سوود وەرگرتن لە کلیپ و لەتەلەفزیۆن و تۆمارگاکان، ئاسانتر بێت.

* گۆرانییەکانت زۆربەیان بە ئامێری ڕۆژئاوایی مۆسیقایان بۆ کراوە، کەمتر ئامێری ڕۆژهەڵاتی ئامادەبوونیان هەیە. ئایا ئەم دوو شێوازەت موتروبە بکردبوایە، جۆرێک گەرموگوڕی تری نەدەبەخشییە کارەکانت؟

– بەداخەوە ئێمە وەکو کورد ئامێرێک کە مۆرکی کوردی پێوە بێت، نیمانە. لەلایەکی ترەوە هەندێ میلۆدی کوردیش هەنە پێویستە بە ئامێرەکانی تری

غەیری خۆرهەڵاتی برازێتەوە، ئەوە کاری ئەو کەسانەیە کومپوزیتورن و لەگەڵ دابەشکردنی ئامێر و دەنگەکان سەروکاریان هەیە، بەڵام ئەگەر ئاگاتان لە بەرهەمەکانم بێ، دەبینن چەندین ئۆرکێسترا و دابەشکردن و ستایلی تێدایە کە هەرکام بە گوێرەی جۆری میلۆدییەکە ئامادە و رێکخراون.

* لە باشووری کوردستاندا تۆ بە گۆرانی شیرین تەشی دەرپسێت ناوودەنگت خۆش ویستراو ناسراویت. ئایا ئەم کاریگەرییە هێزی شیعرەکە بوو، یان مۆسیقا و دەنگ و دابەشکردن؟

– شیعر و میلۆدییەکە ڕەسەنایەتییەکی زۆریان تێدایە و ئۆرکێستراکەش لەو سەردەمەدا ڕۆڵی بینیوە، لەبەر ئەوە ئەو گۆرانییە ناوبانگی دەرکردووە.

* تۆ وەک قوتابخانەیەک تەماشا دەکرێیت و زۆر گۆرانیبێژ دەنگیان لەسەر تۆنی دەنگت ڕادەهێنن. ئایا ئەوانەی لەشێوازی تۆدا گۆرانی دەڵێن، هەست دەکەیت کامەیان لە ڕۆحت نزیک بووەتەوە، لەم بارەدا هەست دەکرێت دەنگێک بکرێتە بەدیلی دەنگێکی تر؟

– ئەوە سروشتییە هەرکەسە و حەز لە تۆن و ستایل و دەنگی هونەرمەندێک دەکات و هەستی خۆی لەو دەنگەدا دەبینێتەوە، منیش لەگەڵ ئەو کەسانەدا هەستی هاوبەشم هەیە، بۆ من جیاوازی نییە، چۆن ئەو گۆرانییە ئەدا دەکات و هەر چۆنێک بێت هەست بەنزیکی و هاوبەشی سۆز و هەستەکانمان دەکەم و حەزدەکەم گوێیان لێ بگرم.

* لەگۆرانیدا زۆرجاران پێشەکییەکی مۆسیقی بۆ گۆرانی دادەندرێت. ئایا ئەم پێشەکییە جۆرە ڕاهێنان و ڕێ خۆشکەرێکە بۆ گوێگر تا ڕای بکێشێتە ناو گۆرانییەکە، یان وەک هونەرێکی سەربەخۆ پێشکێش دەکرێت؟

– ئەو پێشەکی و دەسپێکردنە، پێناسە و سەرەتایەکە بۆ گۆرانییەکە و بۆ ڕاکێشانی گوێگر ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت. ئەو پێشەکییە کاتێک کاریگەری هەیە کە لە میلۆدییەکەوە هەستی وەرگرتبێت و بۆ بیستنی ئەو گۆرانییە، گوێگر ئامادە بکات، بەڵام هەندێ جار ئەو پێشەکییە لەگەڵ میلۆدییەکەدا گونجاو نییە، ئەوکاتە کاریگەری خراپ لەسەر بەرهەمەکە دادەنێت.

* لەوانەی ماون تۆ هونەرمەندێکی پێشەنگی لە ئەدای مەقامدا. ئایا هونەرمەندی کورد بیری لەوە نەکردووەتەوە بنکەیەکی مەقام دابمەزرێنێت و مەقام ناسان وانەی تێدا بڵێنەوە. هەست ناکرێت مەقام لەناو هونەری کوردیدا بەرەو کزی دەڕوات؟

– لەباشووری کوردستاندا، زۆربەی دەنگبێژەکان لە مەقاماتی کوردی شارەزا نین، تەنانەت موزیکارەکانیش شارەزاییان زۆر نییە، لەکاتێکدا دەبێت موزیککارانی کورد نە تەنیا لە مەقاماتی عیراقی و کوردیدا شارەزا بن، بەڵکو مەقاماتی فارسی و عەرەبی و تورکیش بزانن، تاکو بتوانن لە دانانی موزیک، یان گۆرانی کوردیدا تووشی هەڵە نەبن و تۆنی غەیرە کوردی نەخەنە ناو کارەکانیانەوە.

* پێش ئەوەی گۆرانییەک بڵێیت، ئایا نۆتەیان بۆ دەکەیت، ئایا گۆرانی بە نۆتە چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ گۆرانی بێ نۆتە، یان نۆتە دەوری چییە لە گۆرانیدا؟

– نۆتە زمانی نووسینی گۆرانییە (میلۆدی، یان مەقام)، بەڵام جوانکارییەکان زیاتر بەستراونەتەوە بە ئەدا، یان ژەندنی ئامێرێک بەپێی توانایی و زەوقی هونەرمەندەکە. گۆرانییەکی کوردی چەندین کەس دەیڵێت، یان لە چەندین ژەنیاری جیاجیاوە دەبیسترێت، بەڵام هیچکامیان هەست و چێژی ئەویتر نادات. سەرکەوتنی هەرکام لەوانە، تەنیا بۆ توانایی و شارەزایی ئەو هونەرمەندە دەگەڕێتەوە.

* ئایا گۆرانی گوتن ئارەزووە، یان ئەکادیمییەتە. بۆ نموونە (خالید دلێر) ئارەزوومەندە و هیچ ئەکادیمی نییە، کەچی شیعر و ئاواز و گوتنی زۆر سەرکەوتووی هەن وەک: (ئەی قومری، وەی وەی، هاوار سەد هاوار،..) و چەندانی تر؟

– گۆرانی وتن، یان بیستن، ئارەزوومەندییەکی تاکە کەسییە، بەپێی هەست و سروشتی ئەوکەسە. مامۆستای مەقاماتی کوردی و دەنگخۆشی بەناوبانگ عەلی مەردان کە شارەزایی تەواوی هەبووە لە مەقاماتی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی، لەگەڵ هونەرمەندی دەنگبێژ حەسەن زیرەک، هەردوو خاوەنی ئەزموون و پلەوپایەی بەرزی کۆمەڵایەتی بوون و کەس ناڵێت حەسەن زیرەک مەقاماتی زانیوە، یان نا، بەڵام جیاوازییەکە تەنیا لەوەدایە موزیکی خۆرهەڵاتی و ئێمەی کورد، لەڕێگای مەقاماتەوە دیراسە دەکرێت و زانینی مەقاماتی کوردی

یارمەتیدەرە بۆ لانەدان لە موزیکی ڕەسەن و دەستەبەندی کردنی گۆرانی و میلۆدی کوردی. پێویستە بۆ خوێندن و لێکۆڵینەوەی موزیکی کوردی، بەتایبەت مەقامات و ئاوازەکانی تری وەک: فارسی و عەرەبی و تورکیش بزانین، لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەو گەلانەدا لەڕووی زمان و موزیکەوە، تێکەڵاوی مێژوویی کولتووریمان هەبووە و هەیە.

* بەوەی کە گوێ لەگۆرانی لاوەکان دەگریت زۆربەیان گۆرانییە کۆنەکان دەڵێنەوە. ئەوەش هۆی ئەوەیە کە ئاوازدانەر ئامادەیی لەناو گۆرانی ئێستادا کەمە، ئایا ئەوە بێ توانایی گۆرانیبێژە لاوەکانە، یان نەبوونی ئاوازدانەرە کە داهێنانی نوێ لە گۆرانی کوردیدا ڕووی لە کزی کردووە؟

– ئەم پەشێوییە وا لە موزیکی باشووری کوردستاندا هەیە، زیاتر بەسووچی میدیای کوردی و موزیککارەکان دەبینم، تاکو دەنگبێژەکان. ئاهەنگی کوردی بە جێگای کۆنسێرت، بە بازرگانی کردنی موزیکی کوردی و هاوردەی گۆرانی عەرەبی و فارسی و تورکی بە شیعری کوردییەوە، کەمبوونی دانەری ئاوازی نوێ، یان سوود وەرگرتن لە سەدان میلۆدی ڕەسەنی پارچەکان و دیالێکتەکانی زمانی کوردی نەبوونی پلان و پرۆژەی داڕێژراو لەلایەن وەزارەتی کولتوور و دامودەزگاکانی پێوەندیدار بووەتە هۆی گەشەپێدانی موزیکی هاوردە و دوورکەوتنەوە لە هونەر و موزیکی ڕەسەنی کوردی...

* (محەمەد ساڵح دیلان) وەک گۆرانیبێژ، (قادر دیلان) وەک مۆسیقاژەن و ئاوازدانەر، ئەو بەخششانەی پێشکێشیان کردوون کاریگەرییان لەنێوەندی هونەری کوردی چۆن بووە؟ ئایا بوونەتە سەرچاوەیەک هونەر پەروەران بگەڕێنەوە سەریان و سوودیان لێ وەربگرن؟

– بەڕای من (محەمەد ساڵح دیلان) هەروەکو لە نووسین و کتێبەکانی بە دەردەکەوێ، شاعیر و ئەدیبێکی پایە بەرزە، بەڵام ئەوانەی وا بە دەنگ تۆمارکراون لە کۆڕ و کۆبوونەوەی دۆستانە دایە و ئەوە ناگەیەنێت کە هەوڵی دابێت وەکو گۆرانیبێژێک سوود لە زەوق و هەستی خۆی وەربگرێت. سروودی نەورۆز و ئاوازە بێ کێشەکانی تری کە لەسەر شیعری خۆی، یان شیعرەکانی تر دایناوە، هەمووی نموونەی داهێنانێکی کولتووری نەتەوەییە و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

مامۆستا قادر دیلان، وەکو موزیککارێکی ئەکادیمی کورد، خاوەنی پڕ بایەخترین پشتگیری هونەری موزیکە کە تا ئێستا ناسیبێتم، بەڵام بەداخەوە کەمتر ناو و ناوەرۆکی خۆی و کارەکانی دەبیستم. بەداخەوە موزیکی کورد بێ خاوەن و ناسنامەیە، باش وایە خەباتی هونەری مامۆستا قادر دیلان بکرێتە سەرچاوە و نەریتێک بۆ مێژووی موزیک و موزیککارانی کورد.

لەبەر ئەوە تۆ ناتوانی فلان کەس قەدەغە بکەیت و پێی بڵێیت تۆ بۆ گۆرانی دەڵێیت، یان تۆ خراپ دەخوێنی، تۆ خراپ موزیک لێ دەدەی، موزیکەکەت ناشارەزایانەیە، کە ڕەخنەت نەبوو دێتە بازاڕەوە، ئیتر چی لێ دەکەی، شتێک نییە بەناوی سانسۆر، هەقی بژاردن نییە، لە بازاڕدا هەموو ئەوانە هەیە کە لەدەرەوە دێن، لە قاهیرەو تورکیاوە دێن.

* ئێوە وەکو کۆمەڵێک هونەرمەند و موزیککارو گۆرانیبێژ، بۆچی بەرنامەیەکتان بە وەزارەتی ڕۆشنبیری نەداوە کە بەم فۆرمە کاری لەسەر بکات. ئەوە خاڵێکیان خاڵی دووەمیشیان، بۆچی ئێوە کۆمەڵێک مامۆستای گۆرانی و هونەری کوردین، وەک گۆرانیبێژان لە ڕێکخراوێکی (ئێن جی ئۆ)دا کۆنابنەوە، تاکو بتوانن بەر بەو شاڵاوە خراپە بگرن کە لەسەر هونەری کوردی هەیە، هەر نەبێ بتوانن ڕەخنە و سانسۆرێک لەسەر شتی خراپ دروست بکەن، تا هەم بتوانن داهێنانێکیان هەبێ، هەم وەزعی هونەر و گۆرانی کوردی باشتر بکەن؟

– ئەوە کارێکی زۆر گەورەیە، ئەوە کاری وەزارەتخانەیەکە، کاری ئێمە نییە، (ئینشائەڵڵا بچینە ناو بینای تازەوە) ئەم شوێنە دەبێتە ناوەندی دیراسات و فەرهەنگ و کولتووری کوردی، کە لەم ناوەندەدا دیراسات هەبێت، هەموو سەرچاوە زانستی و هونەری و تێکستەکان دەبێ کۆکرابێتنەوە، ئێمەش کارمان ئەوەیە، واتە هەموو ئەو سەرچاوانە کۆبکەینەوە و بیانکەین بە ئارشیف.

لەبەر ئەوە ئەو کارەی کە ئێوە دەیڵێن کارێکی ترە و زۆر گەورەیە، ئەوە کاری دروست کردنە، ئێمە ئەوەی کە وەکو ئارشیف و ئەلبوومی (عەلی مەردان)، دەدەینە دەرەوە هەر ئەوەیە کە لە ئارشیفەکەدا بۆ خۆمان دروستمان کردووە، تاکو ئەو ڕادەیەی بزانم بەرلەوەی ئێمە بینای ئەم کارە دروست بکەین و ئەم دەزگایە لە

کۆمەڵگاکانی تر هەبوە، لێرە پەیمانگای هونەرە جوانەکان هەیە، سەندیکای هونەرمەندان هەیە، بەڕاستی ئەوە هەقی ئەوانەیە. کاری وەزارەتی ڕۆشنبیرییە ئەمە دیراسە بکەن و چارەسەری ئەم گرفتە بکەن. خودی دەوڵەت دەبێ بۆ پاراستنی کولتووری میللەتەکەی پلانی هەبێت.

* ئەگەر بێین لەسەر کارەکانی ئینستیووتی کەلەپووری کورد قسە بکەین، ئەم ئینستیووتە کە لە ساڵی (۲۰۰۳)وە بە هەوڵی ئێوە دروست بووە، شتێکی تایبەتە بەخزمەتی هونەری کوردی، ستراتیژیەتی ئینستیووتەکە چییە؟ تاکو ئێستا توانیویەتی تا چەند لەو ستراتیژیەتە سەرکەوێ؟ کێشەو گرفتەکانی سەر ڕێگەی چین؟

– خۆتان لەناو ئینستیووتدا گەڕانێک بکەن و بزانن چیمان کردووە و چی دەکەین، خۆتان بینووسن، ئەگەر زۆر بە کورتی بڵێین هەر ئەو جۆرەی کە وتم: کاری ئێمە (کۆکردنەوە- پاراستن- بڵاوکردنەوەی کولتووری کوردی)یە. دەبێ بەر لە فەوتانی ئەوانە هەموو سەرچاوەکان وەکو فەرهەنگی گەل یابڵێین ناسنامەی میللەت بپارێزین، هەر میللەتێک ناسنامەکەی کولتوورەکەیەتی. هەموو ئەوانە دەبێ بەر لە فەوتان کۆبکەینەوە، بەشێوەیەکی زانستی ڕایبگرین، پاش ئەوە هەم خۆمان هەم خەڵک سوودی لێ ببینێت.

ئێستا ئێمە کتێبخانەیەک و ئارشیڤێکی دەنگ و ڕەنگمان هەیە کە هی گەلەکەمانە، نە تەنیا کوردستانی عێراق، هی کوردستانی گەورەیە و ئێمە کاری لەسەر دەکەین. واتە ئێستا ئێمە کارەکانمان، کتێبەکانمان لەتورکیا چاپ دەبن و لەوێش بڵاودەبنەوە، بەشێکیشی دێتەوە ناو هەرێم، هەر ئەوەمان لە کوردستانی سوریە، ئێران کردووە. واتە ئەرشیڤی نەتەوەیی کورد واتای ئینستیووتی کەلەپووری کوردە.

* ئەی ڕێگرییەکان چین؟

– کێشەکان چەند شتە، یەک ئەوەی کە بەداخەوە خەڵکی کوردی کوردستانی باشوور بڕوای بە مەسەلەی کولتووری نییە و نەماوە، یان بەهۆی زوڵم و ستەمی سەدامەوە نەیهێشتووە ئەو کولتوور و کاڵچەرەی ئێرە جێ بکەوێ، بۆ ئەم دوو سێ نەوەیەی دواییە، یان بە قووڵی نەچۆتە دڵ و لەناو میللەتەکەدا دیراسە نەکراوە، بۆیە وەختێک باسی مەسەلەی کولتووری و کەلەپووری میللەتەکەت دەکەی، وا دەزانی باسی هەزار ساڵ دواکەوتوویی دەکەیت. لەکاتێکدا تۆ بۆ هەر شوێنێکی دنیا بچیت لە پێشدا دەتەوێ کەلەپوور و کولتووری ئەو میللەتە بناسیت. ئەگەر بە (چین) دەڵێین میللەتێکی گەورەیە و بە ئێران دەڵێین میللەتێکی گەورەیە، لەبەر ئەوەی کە کولتوور و کەلەپوور و نەتەوەی بەهێزە، بەڵام ئەمریکا ئەوە نییە تەمەنی نزیک سێ سەد ساڵە، لەبەر ئەوە میللەتی ئەمریکا کولتوورێکی بەهێزی ڕەسەن و نەتەوەییان نییە، بەڵام ئێستا باسی (چین) بکەین، یان باسی ژاپۆن بکەین، ئەوە خاوەنی کولتوورێکی چڕو پڕن و تا ئەمڕۆ ڕایان گرتووە، بەڵام بەداخەوە ئێمە لێرە قیمەت بۆ کولتوور و کەلەپوورمان دانانێین، ئەم گرفتە بووە بەهۆی ئەوەی ئێمە یارمەتی باشمان پێنەگات، بۆیە توانیومانە بەکاری باشی خۆمان خۆمان بسەپێنین و لەناو بازاڕدا لێپرسینەوە کراوە، تۆمارگاکان دەڵێن، ئینستیوتی کەلەپووری کورد دیسان گۆرانی کۆنی زیندوو کردووتەوە.

* ئێوە بۆ ئەوەتان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان، یان لە هەردوو حزبە سیاسییە سەرەکییەکە داوا نەکردووە، یان لەوەزارەتی ڕۆشنبیری بودجەیەکی تایبەت بۆ ئێوە تەرخان بکرێ، لەکاتێکدا ئەوەی وەزارەتە پێوەندیدارەکان نایکەن، ئەوەی یەکێتی هونەرمەندان نایکات، ئێوە دەیکەن؟

– بودجەیان بۆ تەرخان کردووین، هەموو ساڵێک یارمەتی لە دەوڵەت وەردەگرین، لەوەدا هیچ گومان نییە، بەڵام مەسەلە ئەوەیە کارەکان ئەوەندە گەورەن کە ئەو جۆرە یارمەتییانە بەفریامان ناکەوێ، گرفتەکە ئەوەیە.

* مەبەستمان ئەوەیە کە بودجەی زیاتر و گەورەترتان بخەنە بەردەست؟

– داوا دەکەین، خەبەرێک نییە. بودجەی ئەمڕۆمان، بودجەی سێ ساڵ لەمەوبەرە، لەکاتێکدا ئەمڕۆ دەزانن گرفتی وڵات چییە؟ دەزانن گرفتی ژیان چییە؟ هەروەها دەزانن گرفتی مووچە و دەرماڵەی خەڵکیش چۆنە؟

* ڕەنگە بۆ ئێوە ئاسانتر بێ، لە ڕێگای بەڕێزان: مام جەلال و کاک مەسعوود بارزانی-یەوە ئەم داوایە بخەنە ڕوو؟

– ئەسڵەن ئەوە باس ناکەین، شتێک کە دەبێ بیکەین، دەبێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەتدا تەرەف بین.

وەزارەتخانەکان تەرخان کراون بۆ ئەو کارە، بڕوام وایە هەر دەزگــایەک کـاری کـرد، نابێ بڕوات بۆ لای کـاک مەسعوود، یان مام جەلال.

دەوڵەت بۆ ئەوە دانراوە لەهەر شــوێنێک بەرپرســان بتوانن کارەکان هەڵسەنگێنن، بزانن ئەو کارە چۆنە؟ چی کراوە و چی نەکراوە؟ چی گرنگە. بە ئەقڵی من تەنیا ئەوە گرنگ نییە کـە پاڵپشتی ماددی ئێمـە بکەن، ئەم کـارەی ئێـمـە دەیکەین کـاری وەزارەتخـانەیەکـە، واتە وەزارەتخانەکە دەبێ کاری خۆی بکات و ئێمەش کاری خۆمان بکەین.

گرفت ئەوەیە کە تا ئێستا هەر دەزگایەک کە بەرپرسی ئەم کارەیە، تاکو ئێستا دوو سیدی نەداوەتە دەست ئەم مــیللەتە، بەڵام ئێــمـــە لەم مـــاوەیەدا چل (CD-DVD)مان بڵاوکردۆتەوە.

* ئینستیووت تا ئێستا دوو ئەلبوومی تایبەتی داوەتە دەر، یەکیان ئەوەی هونەرمەند عەلی مەردانە و دووەمیان ئەوەی حـەسـەن زیرەکـە، پێم وایە ئەوانە هەریەکـەیان بەرگی یەکەمیانە و تەواو بووە، بەرگی دووەمیان ماوە. ئێسـتـاش ئینسـتـیـووت خـەریکی کـارو بەرهەمـەکـانی جـەنابتـە، ئەویش بـەرگی یەکـەمـیـەتی. بەرگی دووەمی ئەوانە کەی تەواو دەبن، ئەلبوومەکانی داهاتووتر کێن؟

- ئێـمـە ئێـسـتـا ئەو شـتـانەمـان وا لەژێر چاپدانە، (ئایشێ شان)ە (کاوێساغا)یە (ئەوەی خۆم - مەزهەری خـالقی) بەس دوو سـیـدی مـاوە، دەبوایە بیـانناردایە بۆ چاپ، دوای ئەوە هی (مـحـەمـەدی مـاملێ)یە (مـحـەمـەد عـارف جـەزراوی)یە (دی ڤی دی کـۆنسـێـرتی ٢٠٠٥ی ئینسـتـیـووتە). ئەمـانە دەبێت لە مـانگی شـەشـدا تەواو بن. هەروەها ژمـارە دووی عـەلی مـەردان و حـەسـەن زیرەکیش وا بەدەستەوەیە.

* ئەی بەنیـاز نین لەو مـاوەیەدا سـیـمـینارێک، یان کۆنفراسێکی تایبەت بە کارو چالاکییەکانتان ساز بکەن بۆ سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی گۆرانی و هونەری کوردی کـۆمـەڵێک شـارەزای ناوخـۆیی و دەرەوە بانگهـێـشـت بکەن، تاوەکو زیاتر قسە و باسی لەسەر بکەن؟

- ڕاستە ئەوە شتێکە، هەمیشە گلەییمان لێدەکەن، بەتایبـەتی خـەڵک دەڵێن: ڕوونکردنەوە بۆ ئێمـە کەمـە، ڕاستییەکەی ئێمە ئەوەندە سەرقاڵی کارەکانین کە لەم شـتـانەدا سـەرمـان نەپەرژاوە، ئەوەی پێـویسـتـە و دەبێ بیکەین و ئینشـــائەڵلا لەمـــانگی پێنج و دواتردا کــە نەختێک دەستـمـان بەتاڵ دەبێ و ئەم شتانەی کـە هەیە بێتە ناو بـازاڕ، بەتایبەت گۆرانی کرمانجی کە زۆر گرنگە ئەو گۆرانیانـەش شان بە شانی گۆرانی سۆرانی بیانخەینە بازاڕەوە، ئەو وەختـە هەم دەتوانین ڕیکلامی بۆ بکەین، ئێـسـتـا لە باری داراییـەوە ناتوانین ڕیکلامی بۆ بکەین، چونکە کرپارمان زۆر دەبێت کە کرپاری زۆر بوو، ناتوانین بەپیریانەوە بچین.

ئەلبوومەکەی من دوازدە سیدییە، ئەگەر هەرکامەیان هەزار دانەی لێ چاپ بکەین، دەکـــاتە دوازدە هەزار سیدی، ئێمە باری داراییمان ئەوەندە زۆر نییە، زیاتر لە هەزار ئەلبووم ڕاسپێرین ئەگەر پڕوپاگەندەی بۆ بکەین لە ڕۆژێکدا تەواو دەبن، گرفتی ئێمە ناردنی ئەم سیدیانەیە بۆ چاپ کـــردنیــــان لە ئانکەرە، یان تاران، ئەوەش پرۆسـێـسـێکی زۆر درێژخـایەنی هەیە، پرۆسـێـسـی سنوورەکـان و هێنان و بردنی، ئەمـانە زۆر زۆر گـرفتن. ئێـمـە نازانین ئەوەی لەتورکـیا دێتـەوە، ئایا پێـشی پێ دەگرن، لەپڕ دەسووتێت و دەیبەن و بەدەستمان دەگاتەوە، یان ناگاتەوە، بەداخەوە لێرە دەزگایەک نییە کە بتوانێت (سی دی) و (دی ڤی دی) چاپ بکات، دەبێ بینێـرین بۆ دەرەوەی وڵات. کــە ناردت بۆ دەرەوە، سنوورەکـــان ئەوەندە جێی مـتمانە نین کە هەموو شتێک بگەڕێتەوە، بەتایبـەت شـتێ فـەرهەنگی بێت. ئێـسـتـا مـومکینە کـالایەک وەکـو مـیـوە و ئەو شـتـانە بەرەحـەتی بێت و بڕوات، یان شــتگەلی لە بابەت ئیلکتـریک، بەڵام بۆ بابەتی فەرهەنگی ئێمە گرفتمان لەگەڵ وڵاتە دراوسێکان هەیە.

* باسی ئەو ئەلبوومەی خۆتت کرد کە پێک هاتووە لە دوازدە سیدی، ئایا سەرجەمی بەرهەمەکانی خۆتە؟

- تەقـریبـــەن، ڕەنگە بڵــێم نەوەد لەسـەدە، ئەو دە لەسەدەکەی لەچاپگەل بڵاودەبێتەوە.

* دروسـتکردنی ئەو ئەلبـوومـانە بەو شکڵـەی کـە خراوەتە بازاڕەوە قورسە، جێبەجێکردنی چۆن چۆنییە؟ واتە جیاوازی لەگەڵ ئەو سیدییانەی کە لەناو بازاڕدایە چییە؟

- ئەو بەرهەمـــانەی ناو بازاڕ و دەیان بەرهەم کـــە دەیبـیـنن، ئەوە گـۆرانیـیــەکـانی حـەسـەن زیرەک و کۆمـەڵەیەکی ترە لە مـوسڵـەوە بۆمـان هاتووە، چەندی

لەبازاڕدایە؟ لەم لاو ئەو لای لای برادەران چەند هەیە؟ هەمـــوو ئەمـــانە دەبێ کـۆ بکەینەوە. نازانین چەندی دووبارەیە، چەندی دەنگی باش نییە، واتە هەست دەکەم شەش مـانگ درێژە دەکێشێ، تا ئێـمـە شـتێک بێـتـە دەسـتـمـان، ئەوەی خـۆم یەک سـاڵ و نیـو خـەریکی بوون. دەیان سەمپڵـیان گوێ لێگرتووە، یەکێکیان هەڵبژاردووە تا بتـوانن پاکی بکەنەوە، چونکە ئەم کلینەرانە کـە پاکی دەکەنەوە، ئەو دامودەزگایە تارادەیەک دەتوانێ کار بکات و سوودی ببێت.

* دواتر دێـمـەسـەر ئەو قـسـانەی بەخـتـیـار عـەلی لەو کـتـێـبـەدا کـە من لەگـەڵی سـازم کـردووە سـەبارەت بە جەنابت، پرسـیـارەکەم ئەوەیە کە تەنیـا یەک دوو کلیپت هەیە ئەویش لە تەلەفـزیۆنەکـانی مـیـزۆپۆتامـیـا و سـەتەلایتی کـوردسـتـانـدا، بۆچی هەوڵت نەداوە بۆ بەرهەمەکانت چەند کلیپێکی جوان بکەیت؟

– یەکەم کلیپم لە ساڵی ١٩٨٦ بەناوی (ئەگەڕێمەوە) کردوومە، ئەویش دیسان بە حەز و کاری خۆم کردوومە. بۆ ئەو دەمە باش بوو، دوایین کلیپم لە ساڵی ٢٠٠٠ لە ئیـسـپـانیـا کـردوومـە، ئەوانەیە کـە هەندێکی لێـرە و هەندێکی لەمیزۆپۆتامیا نیشان دەدرێ ئەویش هەر خۆم کردوومە.

لەباری سـتـانداردی کـارەوە باشن، واتە پرۆفـیـشناڵ کردوویەتی، باقیەکەشی بەڕاستی وتم: کە کاری کلیپ هەروا ئاسـان نییـە، کـات و دیمەنی زۆری دەوێ، ئەگـەر بکرێت ئەوەش لەبیـریدا هەم، کۆمـەڵـەیەکی تریشم هەیە بڵاونەکراونەتەوە کلیپن، هەر لە ئیسپانیا کۆمەڵەیەکی ترم گرتووە.

* بەنیازی بڵاویان بکەیتەوە؟

– ئێستا مۆنتاژم نەکردوون، پاشان بڵاویان دەکەمەوە، چەند کۆنسێرتێکم هەیە لە ئەڵمانیا کردوومن، ئەوانەش خراپ نین وەکو کلیپ.

* تۆ لەگەڵ ئەوەدا نیت وەکو هونەرمەند حەقی ئەوەت هەبێ کـە کلیـپـێکت بە کـەناڵـەکـان بفرۆشیت، ئەوە لە هەموو دنیادا شتێکی ئاساییە کاسێتێک، سیدییەک، بەرهەمێکی خۆت نرخێکی لەسەر دابنێیت و لە بەرانبەر هیلاکی و ماندووبوونت بیفرۆشیت؟

– من ئەو تەجـروبەیەم نیـیــە و نەم کـردووە، بەڵام تەجروبەی ئەوەم هەیە کە ئێمە لێرە وەکو ئینستیووت، کـۆمـەڵێک فـیـلمی دیکۆمـێنتـاری و ئەم کـارانەی کـە دەیبـینی لە بازاڕدا کـردوومـانە و ناردوومـانە بۆ ڕادیۆ و تەلەفـزیۆنەکـان، هەتا دیارییەکـیشـیـان بە ئینسـتـیـووت نەداوە.

* لەم کـتـێـبـەدا کـە جـەنابیـشت بینیـوتە و من سـازم کردووە و وەکو دوو هونەرمەند پێشکەشی (تۆ و کاڵێ)م کـردووە، لەبەر ئەوەی کـە ئەسڵی ڕۆمـانەکـە تایبـەتە بە کاریگەری مۆسیقا، پێشتریش دیارە بۆت هاتووە.

بەخـتـیـار عـەلی لەو بارەیەوە سـەبارەت بە تۆ دەڵێ: مەزهەر ئوستادێکی گەورەیە، سیمبولی گۆرانی کوردییە. تۆ پێت وایە ئەم بۆچوونە تا چەند ڕاسـتـە؟ پێت وایە ئوسـتـــاد بوون چۆنە؟ واتە چۆن خـەڵکێک دەبێ بە ئوستادی هونەری کوردی؟

– ئەڵبەتە لوتفی کردووە، موزیک هەستە، ئیحساسە، هەرکەسە و بۆ خۆی مەعبودی خۆی هەیە، خۆشەویستی خـۆی هەیە. ئایا ئوسـتـاد بێت، یان نەبێت. ئایا کـورد بێت، یان تورک، یان عەجەم. لەبەر ئەوە لام غەریب نییە کـە یەکێکی وەکـو کـاک بەخـتـیـار بەو هەمـوو هەسـتـە جـوانەوە هەندێ لە هەسـتـەکـانی خـۆی لە دەنگی مندا ببینێ.

من بۆ خـۆم لەکـاتی خـۆیدا، لە تەمـەنی دە سـاڵیـیـەوە بەینی دە و یازدە مـامـۆسـتـام هەبووە، دوای ئەوەی کـە مـەقـامـاتیـان فـێـر کـردووم و دوای ئەوە باوکی ئەم کـامکارانە، حـەسـەن کـامکار مـامـۆسـتـام بووە، دوای ئەوەش من گۆرانیـیـەکانی مەهابادی لە ماملێ و خەلیل سـدیقـیـیـەوە وەکـو مـامـۆسـتـا فـێربووم و مەشق و وتنم کـردووە، غـەیری ئەوە من خـۆم نۆتە دەزانم، مـوزیکم خوێندووە، ساڵەهایەک نزیکەی (هەژدە ساڵ)، من لەگەڵ گەورەترین مامۆستاگەل (کورد و فارس) کارم کردووە.

تەلەبەگەریم، لە مەقاماتی کوردی و مەقاماتی فارسی کردووە، لەمیلۆدی هەموو زاراوە کوردییەکان مومارەسەم هەیە. لە هەمـوو ئەوانەدا، لەبەر ئەوەیە کـە ئەو کـارانەی کـردوومـە تاڕادەیەک شـتـێکە کـە هەر موزیک زانێک لە هەر لایەکی دنیــا گــوێی لێ بگرێ، لەباری هونەری و زانستییەوە قبوڵیەتی، ئەوە مەوزووعەکەیە.

ئێـسـتـا من زۆر گـۆرانیم هەیە کـە بڵاوم نەکـردۆتەوە، لەبەر ئەوەی دەزانم کـەم و کـەسـریان هەیە، لە ئەمـریکا تۆمـارم کـردوون، لە بەریتـانیـا تۆمـارم کـردوون، بەدڵم

نەبووە و بڵاویان ناکەمەوە، چونکە دەزانم لێرەش بۆ من زۆر ئاساییە، چوار موزیسیان بێن لە ستۆدیۆیەکدا دایانبنێم و بڵێم من دەخوێنم تۆش جوابم بدەرەوە، بەڵام ستانداردی کاری من ئەوە نییە، من دەزانم ئێستاش ئەگەر هەروا بە ئاسایی گۆرانی بڵێم، بەبێ هیچ موزیک خەڵک حەزی لێ دەکەن، یان کۆمەڵەیەک حەزی لێ دەکەن، بەڵام کاری من ئەوە نییە، ئەزموون و مومارەسە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئینسان لە شتێکدا شارەزاتر بێت.

* دەتوانی پێم بڵێی بەدرێژایی ژیانی هونەری خۆت باشترین گۆرانی، یان جوانترین گۆرانی کە کاریگەری لەسەرت هەبێ، یان بە باشترین بەرهەمی خۆتی بزانی کامەیە؟

– وەڵڵا ئەمە سەختە، ئەوە لەهیچ گۆرانیبێژێک مەپرسن، بە تایبەت من! دەزانی بۆ؟ چونکە من هەر گۆرانییەک کە هەڵمبژاردبێ و لەگەڵ شیعرەکەدا تێکەڵ بوو بێت، تا ئەوپەڕی هەستمی نەگرتبێتەوە نەمگوتووە. واتە ئەوپەڕی بڕوا بە شیعرەکەی و بە موزیکەکەی، لەبەر ئەوە هەرکامێکیشی بەدڵم نەبووە ئیجازەم نەداوە بڵاوبێتەوەو نەمویستووە بڵاوببێتەوە، زۆرم هەیە کە نەمویستووە بڵاوببێتەوە، دەتوانی گۆرانی بکەیت بە چەند بەشەوە، بڵێی لەوانەیە ئۆریکسترا دەڵێی گەورە و خوێندراوە، بە سەمفۆنیکانەوە خوێندراوە، ئەوانەی کە ئۆریکسترای بچووکە و ئۆریکسترای گەورەوە، ئەگەر وا دابەش بکەیت دەتوانم بڵێم ئەوە باشترە لەوە، ئەمە باشترە لەمە، بەڵام ئەگەر بڵێی کامیان، هەموویم لەبان ئیحساسی خۆمەوە خوێندووە، هەر کامێکیان بیرەوەرییەکم لەگەڵی هەیە، ئەوەی کە زەمانی گەنجیم بووبێ، ئەوەی کە زەمانی ئاوارە گەریم بووبێ، هەرکام لەوانە بیرەوەری و خۆشەویستی خۆی هەیە.

* ئەگەرتۆ زۆر موعجەب بووبی بەدەنگی کەسێک، یان دەنگیت زۆر پێ خۆش بووبێ لەناو هونەری گۆرانی کوردیدا کێیە؟

– بەخوا ئەوە سەختە لەمن بپرسی لەبەر ئەوە دەترسم ئینسانی تر ڕەخنەمان لێبگرن، زۆربەی گۆرانیبێژەکان حەز لەدەنگیان دەکەم. بە دەلیلێ دروست بخوێنێ، وەکو مامۆستا عەلی مەردان، یان وەکو سێوە کارەکانی باشە، بەڵام ئەوەی کە هەڵیبژێرم و بڵێم ئەمە دەخەمە پێشەوە، من حەسەن جەزراویم لابەرزە.

* بیری تاران ناکەیت؟

– بیری کوردستان دەکەم، تاران وەکو ئەنکەرە و ئەستەمبوڵە کە بەس زمانەکەی دەزانم، بیری کوردستان دەکەم. بە قەد شاخی ئاویەر بیری کوردستان دەکەم.

* چ بیرەوەرییەکی تایبەتت لەگەڵ شاری سنەدا هەیە؟

– لە سنە لەدایک بووم و لەوێ ژیاوم، لەوێ پەروەردە بووم، لەوێ بووم بە شت، هەست و نەستم لەوێیە، یەکێ لە کۆنترین شارەکانی کوردستانە، کۆڵانەکانی گشتی دەناسم و دەمناسن. چەند ئەوان تامەزرۆی منن، منیش ئەوەندە. (لێرەدا هونەرمەند دڵی پڕ بوو لەگریان).

* ویستووتە تاکو ئێستا گۆرانییەک بۆ سنە بڵێیت؟

– ئەم ئەلبوومەم کە دەردەچێت، پێشکەشم کردووە بەشاری سنە، چونکە هەموو شتێکم بۆ شاری سنەیە، من گۆرانییەکی تایبەتم بۆ دانەناوە، بەڵام هەموو گۆرانییەکانم، لە سنە نەشئەتی گرتووە. هەست و نەستم سنەیە. تۆش خەڵکی سلێمانیت، ئەگەر لە سلێمانی دوور بیت، بیری سلێمانی دەکەیت، هەمان مەوزوعی منە.

* دوایین هیوایەتت لەژیاندا چییە؟

– خۆزگە تا دواسات بمتوانیایە گۆرانیم بوتایە بۆ کوردستان، بۆ دڵی خۆم، بۆ خۆشەویستان، بۆ ئەو خەڵکەی کە موشتاقن، بە ئازادی لەکوردستان بوومایە، کوردستانی سوریا، کوردستانی ئێران، تورکیا، بەئازادی لە کوردستان لە ناو گەلەکەمدا بم، لەناو ئەوانەی کە تامەزرۆن ببینن، لەگەڵیان بم، چونکە ئەمە دەبێ بزانن هونەرمەند گەورەترین سەروەتی عالەم و کائیناتی هەیە، چونکە بە هەزاران کەس ئەو خۆشەویستییەیان بۆ هونەرمەندیش هەیە، کە مومکینە بەس بۆ باوک و دایکی هەبێ.

ئەو خۆشەویستییە بۆ هونەرمەند گەورەترین سەروەتە. من خۆم بەگەورەترین دەوڵەمەندی کورد دەزانم بۆ هەر کوێ لە کوردستان بڕۆم هی منە، دەست بۆ هەرچی شتێ بەرم لە کوردستان هی منە. هەموو شوێنێکی کوردستانماڵی منە، هەموو ماڵێکی کورد ماڵی منە. ئەمە ئەو سەروەتەیە کە من هەمە. ئەوەیە کە پێی دەژیم.

* دەزانی کە خۆشەویستییەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان، لە هەموو پارچەکان بۆ تۆ هەیە؟

– ئا.. ئا.. ئەوە دەڵێم، منیش ئەوە دەڵێم. وەختێک

تێگەیشتم کە چوومە هەندەران، چوومە ئەمریکا کوردەکان لە هەموو پارچەکانەوە، لە هەموو شارەکانی ئەورووپا، لە هەموو شارەکانەوە، هەتا منداڵی تازە چووە مەکتەب ئەوانە ئیحساسیان هەیە، مەسەلەکە ئەوەیە کە خۆشەویستی بۆ هونەرمەند گەورەترین سەروەتە، ئێستا لێرە لە سلێمانی لە هەر کوێ لەکوردستان هەرچی بێت، دەیکەن بۆم. هەرچەندە بۆچوونێکی نائاساییم نییە، هەر بۆچوونێکم هەبێت بۆمی دەکەن. ئێستا ئەمەی کە ئینستیووت سەرکەوتووە، هەموو دەستی خۆشەویستەکانی منە، بەرگی ئەو سیدییانە برادەرێکم لە دوبەی بۆی ناردووم. لەبەر ئەوە ئەو سنوور بڕینە کە بۆ ئینستیووت کراوە، ئەو خۆشەویستییەیە کە بەرانبەر بەمن بووە. یارمەتی و پاڵپشتی ئینستیووتە بۆ کارەکان.

* لەسەردەمی گەنجێتیدا گۆرانییەکی تایبەتت بۆ کچێک وتووە کە خۆشت ویستبێ؟

– ئا.. بێ گومان، زۆربەی گۆرانییەکانی بۆ خۆشەویستی وتراون، بۆ خۆشەویستی خۆم وتوون، یان ئارەزووی بووە کەوا بێت، بۆ نموونە (لەژێر ڕەشماڵی خێڵان) من دۆستەکەم، یان خۆشەویستەکەم لەوێ نەبووە، بەڵام ئەو دیمەن و هەستە کە لەناو خێڵەکاندا، لەژێر ئەو چادرە هەیە، ئەوە هەستە منی وا لێکردووە بتوانم عەشقم بۆ مەوزوعەکە هەبێ کە لە شیعرەکەدا هاتووە، هەمووی بەعیشق و خۆشەویستییەوە بووە، هەندێکیشی تایبەتە بە شەخسی خۆم. ئەوە بۆ هەموو کەس ئاساییە، بۆ هەموو شاعیرێک، بۆ هەموو شێوەکارێک.

* دەکرێ باسێکی کورت لەسەردەمی بیرەوەرییەکانی منداڵی خۆت لە ئێران و ئەو پڕوپاگەندەیەی کە گوایە مامۆستا کاتی خۆی لەتاران عەشقێکی هەبووە، عاشق بووە لەگەڵ کچێکدا، یان بیرەوەرییەکانی منداڵی تۆ؟

– وەڵڵا وتم ئەوانە شتی تایبەتین، شایەد لەبیرەوەرییەکانمدا بیاننووسم، هەر کەسێ بەشی خۆی هەبووە، منیش وەک لاوێک ئەمەم بەلاوە ئاساییە. ئەوە لە بیرەوەرییەکانمدا دەینووسم.

* حەز دەکەی سروودێکی تایبەت بۆ کورد بڵێیی؟

– ڕاستی سروودم وتووە، یەکێک لەوانە (ئەگەڕێمەوە) ئەمە لەکاتێکدا وتوومە کە لە ساڵی هەشتاو هەشتدا کورد لەوپەڕی نائومێدیدا بوو کە من ئومێدم پێی داوە. دیسان (قاسپە قاسپی کەو دێت) ئەو شیعرە بەرزە، زۆر گەورە و پڕ تەوژمە شیعری (گۆران)ە، ئەوەشم وتووە.

گۆرانی ترم وتووە، بەڵام بڵاوم نەکردۆتەوە، (کوردستانی جوان) کلیپەکەشی هەیە، بەدەلیلێک بڵاوم نەکردۆتەوە، غەیری ئەوەش دەیانی ترم لە ئێراندا وتووە. (دەرەبەگ و جووتیار)، (ئازادی کورد) لەناو سیدییەکاندا هەیە، ئینشائەڵڵا دەگاتە دەستتان دەیان گۆرانی نیشتمانیم وتووە.

* لە تەمەنی کارکردندا ئینتیمایەکی سیاسیت بۆ گرووپێکی سیاسی هەبووە؟

– ئەوەش دەبێ لە بیرەوەرییەکانم بینووسم، بەڵێ من هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ گۆرانی وتندا حزبی بوومە، هەر لە تەمەنی ١٠ و ١١ ساڵیم کە نەمدەزانی ئەفکار و ئایدۆلۆژی و ئەو شتانە چییە؟ لەناو حزبدا بوومە، تاکو ساڵی **١٩٦٣** حزبایەتیم کردووە.

* حزبی کوردی، یان فارسی؟

– کوردی و فارسی.

* پێوەندیت لەگەڵ (موجاهیدینی خەڵق)؟

– ئەسڵەن نەبووە، من تا لە سنە بووم، لەکاتی خۆیدا ئەندامی حزبی جەوانانی توودە بووم، دوای ئەوە ئێمەیان گرت و سوێندیان داین لە حزبی توودە نەمێنین، دوایی بووم بەموسەددەقی. ئەو وەختە مەسەلەی ئازادی گەلانی ئێران، بەمانا ئازادی موسەددەق بوو، دوای ئەوە دیسان ئێمەیان گرت و ئیتر کوردایەتیم کردووە، واتە لە **١٩٥٩** کە چوومەتە زانکۆ لەگەڵ کوردەکاندا، کوردی ئەم دیو و ئەودیو پێوەندیم هەبوو، لەو ساوە کوردایەتیمان کردووە.

* ساڵی چەند چوویتە دەرەوە؟ هەندەران چی بەتۆ بەخشی، چی لێ سەندیتەوە؟ بەنیازی بە یەکجاری لێرە بمێنێتەوە؟

– **١٩٨٣** من ناچار بووم بچم بۆ دەرەوە. واتە نە جێگەی من بوو وەکو ڕووناکبیرێک نە جێگەی من بوو وەکو هونەرمەندێک، بۆ ئەوەی توانا و شارەزاییەکم لەبواری ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و میدیادا هەبوو بەکاری بەرم، لەبەر ئەوە لەوێ جێگەیەکم نەبووە، ئەوەبوو کە چووم بۆ دەرەوە. دەرەوە ئەزموونێکی باشی بەمندا، ئەزموونەکەش ئەوە بوو کە من لەدەرەوە وەکو کورد خۆمم زیاتر

ناســـیـــەوە، لەبەر ئەوە لەوێ ئازاد بووین و هەمـــوو کوردەکانی ناوچەکە و دنیامان دیت. تێکەڵ بوون لەگەڵ کوردەکانی شارەکان و وڵاتەکانی تر، ئەزموونێکی بەمن دا کە بزانم کورد و کەڵچەرەکەی کورد، فەرهەنگی کورد و ڕادەی خوێندەواری و شارستانییەت و توانایی کورد، بکەم پێویستییەکان و نیازەکانمان، سەروەتەکانمان، چ سـەروەتی ئینســـانی و چ ســەروەتی وڵات وەکــو وڵات، هەموو ئەوانە ئەو شتە هەرە گرنگانە بوون کە لە دەرەوە توانیم بیانبینم و بیاندۆزمەوە.

* هەمیشە باس لەوە دەکرێ کە تۆ حەزت لە دەرکەوتن و میدیا و ناو خەڵک نییە، تەنیا حەزت لەگۆشەگیری و تەنیایی و دەرنەکەوتنە، بۆچی؟

– ڕاســتی وەکــو دەرنەکــەوتن نا، لەگــەڵ ئەوەدا نیم، نازانم بڵێم چی؟ ڕەنگە شتێکی خێزانی بێت، نەفسی بێت، حەز دەکـەم ئەوەی کە دەیکەم ئەگەر ئەرکی شانمە، ئەگــەر وەزیفـەی مـیللی و نەتەوەییــمـە، ئەگــەر ئەرکی ئینســانیــمـە بیکەم، ئەمــە شــتـێکە وەکـو ئەرکـێـکی سەرشانی هەر تاکێکی نەتەوە و هەر مرۆڤـێک، ئەوەیە کە ئەوەی پێی ڕاسپێردراوە بیکات، ئیتر خۆ دەرخستنی پێ ناوێت. ئەمــە لەلایەک، لەلایەکی تر هەمـیـشــە لەوە ترسـاوم سـوودی هەڵـەم لێـوەرگرن و زیانبـەخش بێت بۆ کەسایەتیم.

بەڵام هەموو ئەو کەسانەی کە منیان خۆش دەوێت وەکو خــوێن و هەست و دڵ و مــێــشکم زاخــاو دەکــەن، من خــزمــەتی هونەری ڕەســەنی گــەلەکــەم کــردووە و هەر خۆشەویستی و پێزانینێک ئەوپەڕی پاداشتە بۆ من، با ئەوەش بڵـێم من ڕێزم هەیە بۆ ئەو هەمـوو کـەسانە بەبێ جیاوازی فیکری و ئایینی و کەسایەتییان، ئەم بۆچوونەم کــاتێک پتــەوتر بوو کــە حکومــەت لەســاڵی ١٩٥٨ لەمــزگــەوتی گــەورەی شــاری سنە ســوێندیان داین کــە حزبایەتی نەکەین و دوایی قـەناعـەتم بەوە پەیدا کرد کە ناتوانم خـۆم بە توێژ و کـۆمـەڵێک ببـەسـتـمـەوە، هەروەها حورمـەتی ئەو ڕێز و خـۆشـەویسـتـییـەی گـەل لە هەمـوو هەڵسوکەوتەکانمدا بپارێزم..

* لە بنەماڵەکەی ئێوەدا تەنیا تۆ هونەرمەند دەرچووی؟ یان خـەڵکی تر هەبوون کـاریگەری لەسـەر خـێـزانەکـەت دانابێ؟

– بنەمـاڵەکەی دایکم و باوکم دەنگخـۆش بوون، بەڵام باوکم مەلا بوو، ئەو نەیدەتوانی گۆرانی بڵێت، بنەماڵەی دایکم لەئەردەڵانیـیـەکـانن، ئەوانیش لە گـەورە گـەلی کوردستان بوون، عـەیب بوو لەلایەن گۆرانی بڵێن. ئەگینا خاڵم زۆر لەمن دەنگی باشترە خوالێخۆشبووی باوکم زۆر دەنگی لەمن باشتر بوو، پوورەکانم دەنگیان خۆشە، بەڵام من لەبەر ئەوەی لە هەمـوویان بچـووکـتر بووم، هەموویان پاڵپشتی منیان کرد تا ئەو تەوقە بشکێنم، لەبەر ئەوەی کـە منداڵ بووم دەیانوت: بیبـەن با لە ڕادیۆ بخـوێنێ قـەیناکـا بابڵـێن کـوڕی شـێخ جـەلالە، بابڵـێن نەوەی... خانی والی کوردستانە. گرفت نەبوو کە وردە وردە گەورە بووم، ئیتر بوومە ئەوەی کە گۆرانی بڵێم، بەڵام بەداخەوە کوڕەکەم دەنگی خۆش نییە.

* هەوڵت لەگـەڵ کـوڕەکـەت داوە، بۆ ئەوەی بـبـێـتـە هونەرمەند؟

– بەڵێ، کـاتێک لەمـەکـتــەب بوو ئەندامی تیــپی موزیکی مەکتەبەکەیان بوو، هەڵبەتە لەوێ بە ئینگلیزی گۆرانیـان دەوت. گیتاریش لێ دەدات، بەڵام دەنگ خۆش نییە.

* هاوسەرەکەت هیچ ئارەزوویەکی هەیە بۆ گۆرانی؟

– ئەویش حەز بەگۆرانی دەکات، بەڵام نە بۆ وتن.

* دوایین پرسیاری من ئەوەیە، بەداوای لێبوردنیشەوە، (خـوانەخـواسـتـە، ئەگـەر مـردیت) دەتەوێت لەکـوێ بنێـــژرێیت؟ لەکــوردســتـــاندا لە چ پارچەیەک لە چ شوێنێک؟

– هەموو کەس دەڵێن بمانبەنەوە شارەکەی خۆمان، ئەوە تۆفـــیق وەهبی بەگ بـوو وتی: بردیانەوە زێوێ، ئەوە پیرەمێرد بوو وتی: بمبەن لەگردی مامەیارە بمنێژن، منیش حەز دەکەم بمبەنەوە سنە.

# مانیفێستی هونەری لیریکای گەورەی بێسارانی (١٦٤٠-١٧٠٢ز)

**عادڵ محەمەدپوور**
**(مەریوان)**

بێسارانی شاعیری مەزن و ناسراوی سەدەی حەڤدەی زایینی، میراتبەری «کرکەی هورمزگان» و پەرەپێدەری مۆسیقای ڕەسەن و مامۆستا و «بەستەی فەرد»ی مەولەوی، وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار لەنێو ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا دەدرەوشێتەوە. زوان و ئەدگارە شیعرییەکەی نەرم و پاراو و فۆلکلۆریکە؛ ئەندێشە هونەرییەکەی سادە و پڕ واتا؛ مەدلوولە شیعرییەکانی پڕ شۆر و هەستامێزە. ئەوەی بۆتە هۆی مەزنی و مانەوە و دەگمەنی و جیلوەبەخشی ئەم شاعیرە لە حەوزەی لیریکای کوردیدا؛ هەندێ ئەدگاری ئەدەبی و چەپکێ شێوازی هونەرییە کە ئەم شاعیرە لە ڕەوتی ئەدەبی باو و ژاواندنەوەی فۆرم و ناوەرۆکی ئەدەبی زاڵی وەخت بەسەر شیعر و ئەدەبی بندەستی کلاسیکی کوردیدا جیا دەکاتەوە. لەم وتارەدا بەشێوەی دێرئامێز و بابەتیانە ئاماژە بەم میتۆدە ئەدەبی و شێوازیانە دەدەم وەک مانیفێستی هونەری- ئەدەبی بێسارانی:

١- پەرەپێدانی بزاڤێکی هەمەلایەنەی ئەدەبی لەسەر ساکاری زمان و واتای فۆرمی «کرکە» خێرایی دەنگ و هێشووە دەنگ (intensite) توخمی تەکیە (accent) لە سیستمی مۆسیقایی بڕگە- کە پێشتر لە «هورمزگان» و «ئورامنەکانی بابا تاهیر» و دەقە «یارسەکان»دا سەری هەڵدابوو.

٢- کاردانەوە و کاربەخشی لە شێوەی دەربڕینی شاعیرانی پاش خۆی، وەک ڕێچکە و مەنهەجی فیکری ئەدەبی. مەولەوی هونەرەکەی بێسارانی وەک «بەستەی فەرد» ناو دەبات:

**«بێسارانی»یەن نە تۆی فەرد من**
**خەم چەنی خەمان زوو مەبۆ ساکن**



**بێسارانی**

**نەوات وێرانەی دڵ کەرۆ ئاوا**
**چەنی «بەستەی فەرد» بێساران ماوا**
**(دیوانی مەولەوی)**

٣- دەستپێشخەری لە ڕسکان و فراژوێ کردنی هونەرێکی ئەبستراکتی (زەینی) لەسەر میتافیزیکای زوان و هەستامێز لە هەندێ مۆتیڤ و وێنەدا بەدەست بردن بۆ چەشنێ وەسف و گیانبەخشی شتەکان.

٤- خورپە و قۆستنەوەی دیاردە سروشتییەکانی هەورامان و بەشت کردنیان لە ڕێگای پرۆسەی داهێنان لە میکانیزمی خەلاقدا.

٥- وەلاوەنانی چەمکە فۆرم و ناوەرۆکییەکانی ئەدەبی باو و زاڵی سەردەم و وەرگرتنی جەوهەرە ئەدەبییەکانی خۆماڵی.

٦- «خەزانییە» وەک دیاردەیەکی تاکی و شێوازی هونەری و بەگەرخستنی چەپکێ وێنەی پاییزی، ئاوێتە لەگەڵ نۆستالۆژی و لاواندنەوەی پیری و پەککەوتەیی دەروونیاتی خۆی کە ڕووبەری ئەم کارە جارێدەرە بۆ چەشنێک ڕووکردی ڕۆمانتیکی.

٧- خولْقاندن و کەشفی هەندێ واژە و دەستەواژە و لێکدراوە و مۆتیڤە شیعر لە چنراو و تانوپۆ و بەکگراوندی دەقەکەیدا کە ڕێگا خۆشکەرن بۆ شێوازێکی تاکی بەناو «شێوازی بێسارانی».

٨- بەزاندنی بازنەی قۆرخکراوی بڤەکان بە دەست و باڵی ئاوەڵا و ڕەها لە ڕسکاندن و داهێنانی زمانێکی جیاواز و بەرخوردی نامۆ و ناموتەعارف لەگەڵ توخمەکان لەوێنە لیریکییەکان و لادان لە هەندێ ڕێسای چوارچێوەدار و توتالیتەی بازنەداری زوانی زاڵ؛ واتە کەڵک وەرگرتن لەواژەگەل و توخمگەلێک کە نین لەناو بازنەی ئەدەبی پاوانکراودا؛ کە بە جەسارەتەوە ڕۆچووەتە نێو دڵی فەزای ئیرۆس ئامێزی پاوانکراو، کەچی ئەم گوربزی و جەسارەتە دوایی بۆتە ئەدگارێک بۆ شاعیرانی کورد بە تایبەت شاعیرانی هەورامی بە چەشنێک کە دەسەڵاتی ویراژدانی زوانییان زۆرتر هەبێ. با ئەوە بزانین ئەم ڕووکردە دەگمەنە لەسەرتاسەری ئەدەبی زاڵی فارسی و عەرەبیدا. بەڵگەی توکمە؛ چامە لیریکا ئیرۆس ئامێزەکانی بێسارانی و مەولەوی و سەیدی و هەردی و تاد.. لە ئەدەبی کوردیدا.

**چراغ جەی دنیا ، چراغ جەی دنیا**
**ئەوەند ئاواتم، مەندەن جەی دنیا**
**وەرتەر جە مەردەیم، بەدیدەم بدیا**
**لەب وە بانی لەب لاڵی تۆم بنیا**
**هەردوو بنیامان سەر وە یەک سەرین**
**کەردامان رازی ویەردەی وەرین**
**بۆ بنیام نە بۆی زوڵف مشکینت**
**بکەردام تەواف، کەعبەی جەمینت**
**بدیام دەستی تۆم شیەن نە گەردەن**
**دەرسات مەواستم، ئاوات وە مەردەن**
**باڵای وێم پەخشان باڵات بکەردام**
**حەسرەت نمەبێ ئەگەر بمەردام**
**(ل١٤٨ ، دیوانی بێسارانی)**

٩- ئاشنایەتی لەگەڵ دنیای ئەدەبی فارسی سەردەمی «سەفەوی» و کاردانەوەی بنەما فیکری و ئەدەبییەکانی شێوازی «هیندی» لەسەر ئەم شاعیرە و قۆستنەوەی چرپە هەست ئامێزەکان و وێنە کەسێتی بەخشەکانی ئەم شێوازە نەک خاڵە سست و بێ مایەکانی ئەم ڕەوتە کە لێوانلێوان لە عەوام ئەندێشی و ڕووکردی ناواقیعی هەندێ لەو شاعیرانە.

١٠- پێشاهەنگی و دەسپێشخەری و پراکتیزەکردنی تیۆری خۆماڵی «ڕۆمانتیزم» لە ڕەوتی شیعری کلاسیکی

کوردیدا. لێرەدا مەبەست ئەو فاکتە ئەدەبی- هونەرییەیە کــە لە دەقــەکــەی بێــســـارانیــدا بەدی دەکــرێ و دێنە هەڵێنجــاندن، پێــشــتــر لە ئەدەبی کــلاســیکمــاندا بەو خەسیەتە بەرچاو ناکەوێ؛ نەک ڕەوتە فیکری و ئەدەبی و هونەرییــەکــەی ئەورووپا، کــە پەیوەســتــە بە هەندێ پێش زەمینەی فـیکری و فەلسـەفی و پەیلواکانی بیـرمـەندانی ڕۆژاوا کــە وەک قــوتابخــانەی ڕۆمــانتــیــزم باسی لێـوە دەکرێ.

١١- پێــداگــری لەســەر فــۆرمی «مــەسنەوی» کــە فۆرمێکی ڕەسەنی کوردییە و جەخت لەسەر میتـۆدی (هێڵی ئەستوونی) کە شاعیر لەم قاوغە شیعرییەدا و لەژێر تیـشکی ئەم تەکنیکەدا، باشـتـر دەتوانێ ویراژی هونەری بدات و وێنەیەکی گــشـــتی و هارمــۆنیـــایی بکێشێت. ئەمە نەریتێکی بەجێماوە لەئەدەبی خۆماڵی و تەسلیم نەبوونە لە بەرانبەر مەنهەجە شیعری فارسی و عەرەبی کە زۆرتر «قەسیدە و غەزەل»یان بەکارهێناوە و کایە زمانییەکان زۆرتر لە هێڵی ئاسۆییدا سەری گرتووە کـە ئەمـە قـۆرخێکە بۆ بەسـتنەوەی مـانۆڕ و خـۆنواندنی شاعیر کە نەتوانێ لە بازنەی وێنە و خەیاڵی پێشوەخت دەرباز بێ و بڤــەکــان ببــەزێنێ. پێــشــتــر باسم لەســەر ئەکــتــیـڤی و دینامــیــزمی ڕیتــمی شــیــعــری گــۆران و «تەکنیکی هێــڵی ئاســۆ و ئەســتــوون» کــردووە و لێـرەدا باسەکان دووپات ناکەمەوە.

لەم نموونەیەدا، شاعیر ڕێچکەی بەختی نالەباری خۆی باس دەکات کە چۆن گــڕەتاوێک نیـشـتـووەتە هەناوی و پرووزەی لێ نیشتووە، بۆ کوژاندنەوەی گڕەکە، داوای ئاو دەکــات، بەڵام لەجــێی گــۆزەی ئاو نەوتی دەدەنێ و تا بەیان دەسووتێ و جەستەی دەبێ بە سفتە کۆ و با وەک تۆز دەیبـا و مـەحـفی دەکـاتەوە. ئەم وێنە هەر لە ئەوەڵ بەیتــەوە تا دوایی شیــعــرەکــە لە ئەســتــوونی دێرەکــاندا (ڕیتم)ی زوان و (تێم)ی بەیان دەبینرێ. واتە شــاعــیــر تەنیـا لە یەک مـەبەست و وێنەی سـەرەکی کە لە توخـمی گێڕانەوە و چیرۆک کەڵکی وەرگرتووە، باس دەکات، نە ئەم لق و ئەو لق کردن.

**ئیمشەو ئایرێ گڕبەست نە دەروون**
**بڵێسەش یاوا وە سەقف گەردوون**
**جە گڕەی ئایر، جە بڵێسەی نار**
**ستێزام چوون بەرق، ئاو کەردم هاوار**
**جە هاوار هاوار، شفا و لالەی من**
**جە هەی ئاو هەی ئاو، شین و زاڵەی من**
**ئەمز مەژنەو یەک خودا تەرسێ**
**موسڵمان سفەت رای خودا پەرسێ**
**مەشۆ ماوەرۆ گۆزەی بیت المالْ**
**مەشانۆش وە ڕووی گڕبەستەی شەماڵ**
**پێسە مەزانۆ یە گۆزەی ئاوەن**
**ئەمز خۆ یە نەفت گۆی تەوەن تاوەن**
**گۆزەی نەفتش کەرد وە بڵێسەمدا**
**قرچەی گۆزەی نەفت وە ستێزەمدا**
**هەرتا سەحەر بی، هەر سۆزام بەسۆز**
**سەحەر سفتە کۆم، با بەردش چوون تۆز**
**هەر کەس وێنەی من ئیقبالش چەفتەن**
**نەواچۆ هەی ئاو، نەسیبش نەفتەن**

١٢- تەوژمی خەیاڵ لە شیعرستانی بێسارانیدا:

بێـســارانی لە داهێنانی شیـعـردا گـەلێک لێـهاتووانە و زانیــارانە لەگــەڵ «خــەیاڵ»دا دانووســتــاندنی هونەری کردووە. لەسەر لۆژیکی هونەری زانیویەتی چۆن خەیاڵ لە مـیکانیزمی خەلاقدا، بورووژێنێ و لەهەمبەر واقیـعیـەتە دەرەکییەکان، ببێتە خاڵقی بزێوترین شاعیری وێنەکار لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا. یەکێک لەو هۆکارانە کە من بێـسـارانیم بە «قوتابخـانە» و خـاوەن شێـواز داناوە ئەم ڕێچکە هونەری- ئەدەبییــەیە. بێــســارانی لە ســای ئەم ڕووکردەدا دوو دنیـای، «ئەنفوس و ئافاق» یان «خەیاڵ و واقــیع»ی پێکەوە گــرێداوە و بۆتە خــاوەنی ئەدگــار و شـێــوازی ئەدەبی ئەویش لە پانتــایی ئەدەبی بزاوتووی گۆراندا. چمـا پرۆسـەی داهێنان هەر لە پێـوەندی لەگـەڵ دنیـــای دەرەک و ئۆبژێکت تا هەڵـــســـووڕاندن لەنێـــو مــیکانیــزمی خــەلاق تا ژانی شــاعــیــرانە و ئەنجــا لە دایکبــوونی کــۆرپەی شــیــعــر و بە ئەنجــام گــەیاندنی دەرەوەستی (تعهد)ی شاعیرانە و سەربەخۆیی دەق و... لەم چامە شیعرییەدا دێتە هەست پێکردن:

خـەیاڵ بەمـانـای «بیـرکـردنەوە» و «ڕامـان»، imaj-inairy، واتە: (خــەیاڵبــەندی، نەخــشی زەینی) لەم پرۆسە زەینییەدا و داهێنانی دەقێکی «فۆڕماڵیستی»:

ئەم دێرە شیعرییە بەلای منەوە، دەبێتە «مانیفێستی» وزەی داهێنانی بێسارانی لە پرۆسەی لیریکای کوردیدا:

**سەرم داخ کەردەن یە کام «خەیاڵ»ەن**
**سپی سەنگێ دیم واتم یە لاڵەن**

دەڵێ: «نازانم ئەمە کام (خەیاڵ)ە کە هۆش و فامی لێ ئەستاندووم و کەوتوومەتە نێو دنیای لاشعوور و ناوشیارییەوە؛ تەنانەت توانای هەڵاوارنی بەردی سپی و لەعل و (گەوهەر)ی سوورم لێ زەوت کراوە.

یان:

**ئیمشەو خاری یاو، زەمانەی وێساڵ**
**بەردش بەدڵما جە دەستی خەیاڵ**
**وەختێ جە تەخت دڵ گێرتش قەرار**
**شکۆفتنا نەرووم، گوڵ هەزار هەزار**
**جە پەی زامی خار دەست نیشانی دڵ**
**خەم بی وەگوڵزار من بیم وە بلبل**
**ناڵەی بلبلیم بولند پایە بی**
**جە پەی شووم بەختیم ئایر مایەبی**
**جەستەم هەر گریا تا سوب بەیان دا**
**سوب باڵام نیشان، سفتە دڵان دا**
**دیوان: ل٢٢**

لەم چامەدا، «خەیاڵ» پاڵنەر و بزوێنەر و خورپە بەخشی هەستی شاعیرانەی بووە، شاعیر پرۆسەی زەینی لە ناخۆئاگادا، دەخاتە بەرچاو دەڵێ: ئەمشەو لە دۆخی ناوشیاریدا، خورپەی شاعیرانە بەرۆکمی گرت، خەیاڵ چما چقڵێک چەقیبە هەناوم، ئازاری ئەم ژانە رووەمتی وەک سوورەگوڵ، وەرگەراند و لەنەخشی زەینمدا ڕەنگی دایەوە و دەروونم وەک بلبل هاتە چرینی «کـرکـە»ی لیریکایەک؛ جەستەم لەو گڕەتاوە تا بەیان هاتە سووتان، بەیانی جەستەی پرووز لێنیشتەم نیشان دڵسووتاوانی تر (شاعیرانی تر)دا. بەواتایەکی سادە لەم دانووساندنە رۆحیە و لەم (مکاشفە شهودیە)دا، یانی: ئاوەها دۆخێک کۆرپەی شیعرم لە دایک بوو.

یان لەم تابلۆ شیعرییەدا، (خەیاڵ)ی هیجرانی ماشووق وەک تیر نیشتۆتە دڵی و ئەنگاوتراوە و وەک سەرسامی و سەرگەشتە و هەڵەتە لەژیان، وێڵ وێڵ و دەردمەند و ئازارکێشان لەحاڵێکدا نووزەیەکی تێدانەماوە، مل دەنێ بە پێڵەوە، جگە لە مردن چی بۆ نەماوەتەوە:

**وێنەی سەرسامان، نەزان هەواڵان**
**زەردەی زامی سەخت، (تیری خەیاڵان)**
**وێڵ وێڵ مەگێڵو، بێزار جە ژیان**
**خەمی فەراوان، کەم مەندەن جە گیان**

**یانێ های دووریت نەکەردەن کارێ**
**وەرنە مەر گلکۆم بوینان جارێ**

یان ئەم دێرە:

(خەیاڵ) چوون نەشتەر (چقڵ) نیشتووەتە هەناوی و دڵی لەت لەت کردووە و لە هەناوییەوە بۆ نێو چاوانی لافاوی زۆخ دەقوڵێ.

**(خەیاڵ) چوون نەشتەر دڵ مەکاونۆ**
**دڵ جە دیدەم، سەیل زۆخ مەتاونۆ**

یان لەم دوو بەیتەدا:

ئەمە خەیاڵە کە دەبێتە مایەی جەوهەری هەردوو جەمسەری ژیان؛ هەم قنیاتی مادی و هەمیش ڕۆحانی و سۆسکەی شاعیرانە:

**چراخ قنیاتم بە (خەیاڵ)تەن**
**بە (خەیاڵ)ی لاڵ مشکێن خاڵتەن**
**دایم جە تەندا (خەیاڵ) گیانمەن**
**هەر بەو زیندەنان، بەو ژیانمەن**

بەهێنانەوەی ئەم نموونانە، بۆمان دەرکەوت کە هۆکاری چێکردنی وێنە لە پرۆسەی داهێناندا لە تەنیا خەیاڵە کە دەوری سەرەکی دەبینێ. خەیاڵ بەمانای نەخشی زەینی و ئیماژ Image کە توخمی سەرەکی کاری (فۆرماڵیستە رووسی)یەکان و (ڕۆژاواییەکان)ە کە داکۆکی ئەوتۆیان دەکردە سەر ئەدەبییەتی زمان. بایەخی بێسارانیش لەم گرێبەستە هونەرییە دایە کە دەبێتە خاوەن ڕێچکە و شێوازی هونەری- ئەدەبی لە بە دنیا ئانینی دەقێکی ساکار و ڕەوان لە دوو توخمی «خەیاڵ و واقیع».

١٣- ئەفسوونی واژە (واچە):

رووکردی شاعیری ڕۆمانتیک بۆ واژە، رووکردێکی هونەری و بایەخدارە. واژە و وتە تا ڕادەی تەقدیس و کڕنووش، پیرۆزکراوە. هونەرمەندی ڕۆمانسی پێی وایە، واژە تەنیا بۆ دەربڕینێکی ساکار و مەبەستێکی سادە نییە، بەڵکو واژە لە فۆرماسیۆن و تانوپۆی شیعردا تێزێکە بۆ ئیدیالیزەکردنی واتایەکی خەیالاوی و ئیماژێک بۆ نەخشاندنی، تەختە نیگارێکی هونەری و موهەندیسی زوان. «ڤیکتۆر هۆگۆ» تاڕادەی پیرۆزێتی و سەردانەواندن بۆ وتە و واژە دەیگوت: «واژە بریتییە لە وتەیەک و وتەش هەمان خودایە».. (حسێنی سەید ڕەزا، مەکتەب های ئەدەبی: ل٧٧)

زەوقی هونەری و ڕێبازی داهێنانی بێسارانی لەم میتۆدە قوتار نییە دەرکی بە بەهای واژە کردووە. دەستی

بردووە بۆ هەندێ واژە و دەستەواژە و وتەی ئیستێتیکی، ناتوانین بڵێین ڕێکەوت بووە، بەڵکو بە زانیاری و توانای هونەرییەوە لە هەمبەر ئەم دیاردەیەدا دانوستاندنی کردووە؛ شتومەک و کەرەسە زوانییەکانی لەدنیای دەرەک و کەونیدا وەک «خودئاگا» وەری گرتووە لە پرۆسە زیهنییەکەیدا، لە «ناخودئاگا» و میکانیزمی خەلاقدا، بە پێودانگی وێنەکاری هەڵی خولاندوون، ئەنجا وەک دەقی شیعری هاتووەتە ڕێچکەی هەبوون، بەم شێوە بووگەتە خاڵقی تەشکێکی ڕۆمانتیکی و مانیفێستی شیعری بۆ ئەدەبی کلاسیکی کوردی.

ئەم بەستە فەردانە کە پیرەمێردی نەمری هێنابووە سۆسکەو لەژێر کاردانەوەیەکی ئەوتۆدا خستوویەتییە سەر شێوەزاری سۆرانی:

**چراغ دا جارێ بۆ وە خاومدا**
**پا بنیە وەبان هەر دوو چاومدا**
**مەواچە موژەت تیژتەرەن جە خار**
**پای گوڵ ئەندامم مدەرۆ ئازار**
**من موژەی خار یە خەیلێ وەختەن**
**بە جاڕووکاری نەڕای تۆم جەختەن**
**شەو و ڕۆ نەڕات، پەرێ ئی سەودا**
**یەک یەک بیێنێ شکستەی مەودا**
**بۆ وە بێ ئەندێش، پا بنیە لێشان**
**بدیە بینایی، هیچ مەندەن تێشان؟**
**ئەگەر تێشان بۆ، غەیر جە هوون نێشتەر**
**هیجرانت فیشتەر، لێش مەدۆ نێشتەر**
**سەحەر مەزانی بالاّ زەڕستوون**
**پات وێنەی حەنا ڕژیا بۆ بە هوون**

ئەم پارچە هەڵبەستە لەلایەن پیرەمێردەوە خراوەتە سەر شێوەی سۆرانی، بەڵام تەنیا ئەم چوار بەیتە لە دیوانەکەی لەلایەن کەیۆمەرس نیک ڕەفتارەوە ئاماژەیان پێ کرابوو.

ئەمە ئەو چوار بەیتەیە:

**گیان لە پرخەی خەوی خەوما**
**پێت بنێ وە بان هەردوو چاوما**
**مەڵێ برژانگت تیژە وەک چقڵ**
**ئەچەقێتە پێی ناسکتر لەگوڵ**
**بە برژانگی تیژ بۆیە خۆشحاڵم**
**کە بەر دەرگاکەی تۆی پێ ئەماڵم**
**هەرچەند تیژیش بێ بۆ پێی تۆ نەرمە**
**بۆ تی هەڵویسنی جەستەت دڵ گەرمە**
**(دیوان، ل٨٣)**

١٤- ڕەمزی چراغ:

لەهەرێمی ئەندێشەی هونەری بێسارانیدا، چراغ دەورێکی بەرچاو دەبینێ، تا ڕادەیەک ئەو توخمە بووەتە بەرجەستەیی بۆ شێوازی ئەم شاعیرە. ئەم دیاردە شێوازییە، بە داهێنانی وێنەگەلێکی جۆراوجۆر و خولْقاندنی فەزاگەلێکی فرە ڕەهەند و چەند لایەنە پتر لە حەفتا جار دووپات کراوەتەوە تا ڕادەیەک بووەتە بوونەوەری سەرەکی بۆ خورپە بەخشی و داهێنان لە پرۆسەی شیعردا بۆ بێسارانی. وەک ماشوقەیەکی ئوستوورەیی و خەیاڵی؛ نەمادیک بۆ یۆتۆپیا و مەدینەکی فازڵە. چما (شاخ نەبات و حەبیبە) ماشوقە ئایدیالی و ئوستوورەییەکەی (حافز) و (نالی شارەزووری) کە سەرچاوەی بارگە دەلالی و هونەرییەکانی ئەم دوو شاعیرە بوون. ماشوقەیەک کە نزم و زەمینی و ناسووتی نییە، بەڵکو خاوەن تەشکێکی پلە بالاّ و ئاسمانی و لاهووتییە؛ بێ ئەوەی حزوورێکی فیزیکی هەبێ، بۆتە هێمایەکی بەرزەفڕ بۆ دەقە سەرچڵەکانی ئەم شاعیرە.

**- چراغ قوربانەن، چراغ قوربانەن**
**غەیری تۆ پەی کەس قوربان نیەنان**
**- چراغم بە چێن، چراغم بە چێن**
**ئەرچینی زوڵفت بدە و بە ماچێن**
**- چراغم شەندی، چراغم شەندی**
**تو توخمی هیجران وە بەختم شەندی**
**- چراغم بێ تۆ گوڵانی وەهار**
**مەیان وە دیدەم چۆن نەشتە هەزار**
**- چراغ یانێ چێش، چراغ یانێ چێش**
**ئی چەم ئێشایتە پەی تۆ یانێ چێش**
**- چراغم شەهید، چراغم شەهید**
**وەختێ وەنیگات مەکەریم شەهید**
**و...**

١٥- خەزانییە: هەروەها کە خاقانی شروانی شاعیری بە ناوبانگی سەدەی شەشەمی کۆچی مانگی لە ئەدەبی فارسیدا بەخولْقاندنی وێنەگەلی جۆراوجۆری هونەری ناسراوە بە «شاعیری بەرەبەیان» و لێرمۆنتۆف شاعیری مەزنی ڕووسی ناسراوە بە شاعیری نەخشاندنی «ئاسۆی

ڕۆژ» و توانیــویانه هەڵاتنی ڕۆژ لە وڵاتی قــەفــقــاز و ئاقاری شروان و ئەران بە باشترین دیمەنی هونەری نمایش بکەن؛ بێســارانیش بە توانســتی هونەرییــەوە دیاردەی «خــەزانییــە»ی کــردووە بە مــۆتیــڤــە شــیــعــرێکی تاکی دەگمــەنی خــۆی. ئەم ڕووکــردە زادەی ڕەفــتــاری زەینی و پەژواکی دەروونی ئێش و ئازای خۆیەتی:

لەم چامە هونەرییەدا، بێسارانی لەگەڵ وەلگی خەزان (گەڵاخەزان) لەسەر شێوەی کەسێتی بەخشی و خوازە و میتافۆر دێتە دواندن و دیالۆگ؛ لە دیتنی سیمای زەرد و لاوازی وەڵگ زویر دەبێ، دۆخی دەروونی و جەستەیی و پیــری خــۆی دێتــە یادی. هۆکــاری ئەم زویرییــە لە گــەڵا دەپرسێ و وەڵامی داوەتەوە: من لە خــەومــدا لەچڵی دار مێو جیا بوومەتەوە و ئاوا کەوتوومەتە دیاری غــوربەت، زەردیم لەهیجرانی یارە و بڕان لەوەتەن و مــاوای سەرەکی «کــاردانەوەی مــەولەوی ڕۆمی لەســەر بێســارانی لەنەی نامەدا: [بشنو از نی چون شکایت می کند/ از جداییها حکایت می کند]. بڕوانە در مـــەسنەوی مـــەعنەوی مــەولەوی». بێســارانی وەڵام دەداتەوە کــە هەردوو زەدەی دەستی هیجرانین تۆ لە تەرزێک بڕاوی و من لەسەرووی باڵایەک؛ بەم جیــاوازییە تۆ لە خەودا ئازاری هیــجرانت چەشتووە و من بە کردە بەسەرمدا هاتووە.

**– ئارۆ شیان دیم، ڕەنگی خەزانان**
**حاڵی شان نیەن، ئێمە نەزانان**
**– دیم بە تەرزەوە خەزانێ بێ تەرز**
**تەمام حاڵی وێش پەرێم کەردش عەرز**
**– پەرسام یە چێشەن ئی زەردی خەزان**
**وات: مەیۆم نە خاو تەناکی تەرزان**
**– واتم: ئێمە وتۆ هەردوو جەستەمان**
**ئیش مەکەران زام ماران گەستەمان**
**– تو جیا جە تەرز، من جە باڵایێ**
**تەڕ تەر جە نەرگس سەوڵی ئالایێ**
**– داخی جیایی نەوتووڵ نەمامان**
**تۆ جە خاوت دی، من پەنەم ئامان**
**(ل٣٤، دیوانی بێسارانی)**

**سەرچاوە:**
**(١) نیک ڕەفتار کەیۆمەرس، دیوانی بێسارانی.**
**(٢) حسێنی سەید ڕەزا، مەکتەب های ئەدەبی.**

# وەرگێڕان پارێزەری زمان و بنیادنەری زمانی یەکگرتووە

مستەفا غەفوور

**هەر نەتەوەیەک زمـان و ئەدەبی خـۆی بپـارێزێ بە نەتەوەیەکی زیندوو ئەژمار دەکرێ، نەتەوەی زیندوو ئەگەر ژێردەستەش بێت لە مەترسی لەناوچوون بەدوورە***

سەردەمێک لەم وڵاتەی ئێمەدا خوێندەوار کەم بوون و نەخوێندەواری ئاگری کردبووەوە. کۆلکە مەلا، میرزا و فەقێ، سەرتۆپی خوێندەواران بوون. کاری میر و بازرگان و موڵکدارانیان ڕادەپەڕاند. کەرەستە و پێداویستی نووسین دەگمەن بوون. ڕێنووس پتر لە سەر ڕێنووسی فارسی، یان عەرەبی بوو، مەرجی خوێندەواری ئەوسا خەتم کردنی قورئانی پیرۆز، یان تەواوکردنی گوڵستان و بۆستانی سەعدی بوو. ئامێری پێوەندی قات و بوارەکانی پێوەندیش لاواز، نامە گەیاندن تەنیا لە ڕێگەی پۆستەچی (ئێستاش وەک لەقەبێک بۆ ئەو بنەماڵانە ماوەتەوە)، یان دۆست و ئاشناوە بوو.

دەڵێن کابرایەک گلەیی لە ئاشناکەی دەکا کە بۆ نامەی بۆ نانێرێ؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: قاچم شکاوە. کابرا سەرسام دەبێ کە ئەوە چ پێوەندییەکی بە نامە نووسینەوە هەیە؟ ئاشنایەکەی وەڵامی بۆ دەنێرێ و دەڵێ: ئاخر دەبێ خوشم بێم بۆت بخوێنمەوە!.

هاوشێوەی ئەم گرفتە ئێستا لە بواری وەرگێڕاندا تەشەنەی کردووە، ئەویش نەک لەبەر خەتی ناخۆش، هەرچەند تایپی کۆمپیتەری بووەتە بەڵای گیانی خەتی خۆش، بەڵکو لەبەر وەرگێڕانی سەقەت کە خوێنەر ناچار دەکا ئاواتەخوازی فێربوونی زمانی دەقەکە بێت، چونکە لانی کەم ئەو ماندووبوونەی بۆ دووبارە نابێتەوە. دوور نییە ئەمە لایەنێکی ئەرێنی بەشێکی زۆر لە وەرگێڕانی

ئەمڕۆ بێت!. ڕەنگە باوەڕ نەکەن ئەگەر بڵێم ئێستا لەم مەملەکەتەی ئێمەدا بە دەیان کتێب وەرگێڕدراون، وەلێ لە بەرئەوەی خوێنەر لە زمانی وەرگێڕانەکەیان ناگات، یان بە واتایەکی تر زمانی وەرگێڕانیان سەقەتە لە کۆگاو کتێبخانەکاندا بەسەر یەکدا کەڵەکە بوون. ڕاستە لایەنێکی ئەم گرفتە پێوەندی بە بارودۆخی خودی خوێندنەوەوە هەیە، وەلێ لایەنەکەی تری لە ئەستۆی بواری وەرگێڕاندایە.

لێرەوە دەردەکەوێ، ئەو گۆڕانەی بەسەر زماندا هاتووە، خەریکە لایەنە نێگەتیڤەکەی باڵ بەسەر زمانەکەماندا دەکێشێ. وشەی بێ بنەما و دوور لە کوردی ڕەسەن، ڕستەسازی ئاڵۆز و ئاخنراو لە زاراوەی سەیرو سەمەرە، ناهارمۆنیک و پڕ لە قۆرت و پێچ، دوور و درێژ کە خوێنەر پشووی سوار دەبێ. خۆ ئەگەر خوێنەر بێژەری میدیاکان بێت ئەوە بەپێی پرنسیپەکانی بێژەری دەبێ سەری مانگ دەست لە مووچەکەی بشوات.

لە ڕاستیدا هونەرەکان هەر لە هونەری وێنە کێشانەوە بگرە تا هۆنراوە و مۆسیقا و هونەری شێوەکاری و... هەموویان لە گەیاندنی پەیامدا هاوبەشن، واتە ئامرازی گەیاندنی پەیامن، وەلێ جیاوازی لە سەلیقەو توانای هونەرمەندەکەدا هەیەکە بە چ توانا و تاموچێژێک ئەو پەیامە دەخاتە ڕوو. لە قۆناغی ڕۆشنبیریدا هەر هونەرێک دەبێتە پرۆفیشناڵ تەنیا ڕووی ئاراستەی لە هونەرمەندان و لایەنگرانی ئەو هونەرە دەبێت، واتە گشتگیری خۆی لەمەڕ دەرک و تێگەیشتنەوە لەدەست دەدات. هونەر بۆ هونەر دەبێت نەک بۆ جەماوەر، لە کاتێکدا پەیامەکان ڕەنگدانەوەی گرفتەکانی کۆمەڵانی خەڵکن و کەمتر تایبەتمەندییان پێوە دیارە. کەواتە، یان هونەرمەند و هونەرەکە چەندین هەنگاو لە پێشترن، یان جەماوەر نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی هونەرمەند، تا ئەو خۆراکەی پێشکەش بکرێت، واتە پێی هەرس ناکرێت. لێرەدا تەنگژە و قەیرانێک سەرهەڵدەدا، دیوێکی، نامۆبی هونەرەکەی لێ شین دەبێتەوە، دیوەکەی تریشی بەرزەفڕییەکی بێ بنەما. بە لای منەوە گرنگ نییە ئاوازێک لەسەر چ تویێ دەنگێک و بە چ تەکنیکێک دەژەنرێ، بەڵکو ئەو ئاوازە و ڕیتمی ئەو دەنگە تا کوێ هەست دەبزوێنێ و گوزارشت لە دەروون، یان گرفتەکان دەکات. گرنگ نییە لەسەر ڕێبازی چ قوتابخانەیەک ئەو نیگارە کێشراوە، بەڵکو ئەوە گرنگە چی تێدا بەستەیە و... مەجیدی مەجیدی هۆزانوانی کوردی کرماشانی فارسی نووس دەڵێ:

**مهم نیست از چه راهی به چه سرعت گذریم**
**مهم آنست که آنرا به چه مقصد سپریم**
**مهم نیست بازار چه وضعی دارد**
**مهم آنست که در آن چه متاعی بخریم**

واتە گرنگ نییە بە چ ڕێگایەکدا و بە چ خێراییەک تێپەڕین، بەڵکو گرنگ ئەوەیە بۆ کوێ دەچین، گرنگ نییە بارودۆخی بازاڕ چۆنە، گرنگ ئەوەیە گەرەکمانە چ بکڕین.

وەرگێڕان پتر لە هەر بوارێکی تر، بوار بۆ گەشەکردنی زمان دەڕەخسێنێ. زمان هەمیشە لە ڕێگەی وەرگێڕان و گواستنەوەوە دەوڵەمەند بووە (زبان، هنر، فرهنگ - احسان طبری ل٢٧٥).کەواتە وەرگێڕان بۆ زمانی کوردی پێویستییەکە و گەشەسەندنیشی دەرئەنجامەکەیەتی. وەرگێڕ لەبەر پێویستی خۆی بەدوای زمانێک، وشەیەک، زاراوەیەک، دەستەواژەیەکدا دەگەڕێ تا ئەو دەقەی مەبەستییەتی وەریگێڕێ. ئەمە خۆی لە خۆیدا کردەیەکی پراکتیکییە خزمەت بە دەوڵەمەند بوونی زمان دەکات، ئیتر گرنگ نییە چ بابەتێک وەردەگێڕێ، یان لە چ بوارێکی وەرگێڕاندا کاردەکات، ئەوە بۆ ئەو ڕەوتە دەگەڕێتەوە کە وەرگێڕان ئاراستەی دەکات و پێوەندی بە بارودۆخەوە هەیە.

زمان بە پێی کات و شوێن گۆڕانی بەسەردا دێ و پەرە دەستێنێ، بەو مانایەی زمان لە سەردەمێکی دیاریکراودا حاڵەتێکی تایبەت بە خۆی هەیە، دەبێ وەرگێڕ ئاگاداربێ کات و سەردەمی ئەو دەقە لە بەرچاو بگرێ کە تێیدا نووسراوە، دەبێ لەسەر ئاستی ئەو دەمی زمانەکە، دەقەکە وەرگێڕێ. بەبڕوای ئە. گنتزلەر، لە بەرچاو گرتنی ئاسۆی مێژوویی لە وەرگێڕاندا ئەگەر بابەتەکە تەواو ئەدەبیش بێت لە گۆڕانکاری لێکۆڵینەوەکانی وەرگێڕاندا بابەتێکی گرنگە، چونکە نەتەنیا بنەمایەک بۆ بەراوردکردن دەخوڵقێنێ بەڵکو گۆڕانکاری لە زمانەکەدا وەخۆ دەگرێ (تیۆرییەکانی وەرگێڕان ئەدوین گنتزلەر ل١١١).

کوردستان وڵاتێکی پان و بەرینە، بەشی زۆری ناوچەی شاخاوییە، ئەوانەی تێیدا نیشتەجێ بوونە لەبەر سەختی

هاتووچۆ بە زەحمەت توانیوانە تێکەڵاوی یەکتر بن. ئێستاش زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کورد بەتەواوی وڵاتەکەی خۆی نەدیوە وەک پێویست شارەزای هەموو کون و کەلەبەرەکانی نییە. دەتوانم بڵێم تا ئەم دواییانەش کورد فەرهەنگێکی شارنشینی بەرچاوی نەبووە. هێشتا زۆربەی شارە گەورەکانی کوردستان تێکەڵەیەکە لە کورد و نەتەوەکانی داگیرکاری کوردستان کە لە پرۆسەی داگیرکاریدا بایەخی پتریان پێداوە و پیاوانی خۆیان تێدا نیشتەجێ کردووە، هاوکات کولتوور و فەرهەنگی خۆیان وەک دیارییەکی قێزەون لەگەڵ خۆیاندا هێناوە. بەم پێیە ڕەسەنایەتی زمان و کولتوور و کوردی پەتی تایبەتمەند بووە بە لادێ و دەوروبەری شارەکان و جیاوازییەک کەوتووەتە نێوان گوند و شارەکان، بەڕادەیەک لە زۆر شوێن وەک سووکایەتی پێ کردن پێیان دەوترێ (کرمانج) کە لەفارسیدا بەمانای لادێیی و نەزان دێت. بەم پێیە جیاوازی زمانی (نەک شێوەزاری ئاخاوتن) تەنانەت فەرهەنگ و کولتووریش، کەوتووەتە نێوان گوندو شارەکانی کوردستان، زمانی شار بووەتە زمانی فەرمی و نووسین کە ئەگەر بە کوردیش نووسرابێ سیمای ڕێنووس و دارشتنی فارسی، عەرەبی، یان تورکی وەخۆ گرتووە. ئیتر بە پێی ئەو قۆناغانەی کوردستان پێیدا تێپەڕیوە کە هەر ڕۆژە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوەیەکدا بووە، گۆڕانی بەسەردا هاتووە و کاری کردووەتە سەر زمان و کولتووری کورد، وەلێ هاوکات لەگەڵ ئەم گۆرانکارییە نێگەتیڤەدا زمانی لادێ وەک خۆی، کوردییەکی پەتی و زیندوو ماوەتەوە. بە بەراوردکردنی هۆنراوەکانی عەلی بەردەشانی وەک نموونەیەکی دیار لە گەڵ دەقە نووسراوەکانی هاوچەرخی خۆی ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ. دەتوانم بڵێم جیاوازی نێوان زمانی گوفتاری و زمانی نووسین لە دەسپێکی ئەم پرۆسە سەپاوەدا بە فاکتەرگەلی جیۆپۆلیتیکییەوە دروست بووە.

جاران یەکێک لە گرفتەکانی بواری ڕۆشنبیری کوردی ئەوە بوو (هەنووکەش هەر لە ئارادایە)، کاتێک خوێنەر بەرهەمی نووسەرێکی کوردی دەخوێندەوە بە هۆی ئاماژەی نووسەر بە وتە و تیۆری زانایانی بیانی بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە و سەلماندن و پشتیوانی کردنی بۆچوونەکەی، جگە لە خستنە ڕووی بابەتەکە خوێنەری کوردی بە بیرو بۆچوونی گەلێ لە بیرمەند و زانایانی ناودار ئاشنا دەکرد، وەلێ بیرۆکەی ئەوانە بە نامۆیی و دوور لە دەست پێ ڕاگەیشتنی خوێنەر دەمایەوە، خوێنەر زانیاری پچڕپچڕی وەگیر دەکەوت. ئەم جۆرە پرۆسەیەی خوێندن و خوێندنەوەش شێوازی بیرکردنەوەی خوێنەر دەشەمزێنێ. ئەمە ئەوسا شتێکی ئاسایی بوو، چونکە لەلایەک شارەزایی لە زمانگەلی بیانی لە وڵاتەکەماندا زۆر کەم و لە لایەکی ترەوە بە هۆی لاوازی زمانی کوردی، بواری وەرگێڕانیش لاواز بوو. ڕەنگە نابەجێش نەبێ ئەگەر بڵێم هێندێک نووسەر بە باشیان زانیوە زانیارییەکان بە شاراوەیی بمێننەوە، چونکە زۆر جار بەرهەم، یان بۆچوونی ئەوانی تریان کردووە بە زادەی بیری خۆیان. ئینجا کێ دەڵێ ئەوەی گواستوویانەتەوە و خستوویانەتە بەردەمی خوێنەر هەڵەی تێدا نەبووە، یان خۆیان بەهەڵە لەو بابەتە بنەماییە نەگەیشتوون و بەهەڵە، یان بە سەقەتی نەیانخستووەتە بەردەمی خوێنەر. ئێستا ئەگەر بەناو بەرهەمەکانی پێشوودا بگەڕێین دڵنیام ڕاستی ئەم بۆچوونە دەردەکەوێ. وەلێ ئێستا خوێنەر بە دوای بنەمای زانستی و زانستە بنەماییەکاندا دەگەڕێ، نایەوێ و ناشکرێ زانیارییەکانی کاڵوکرچ بن. بەم پێیە ئەرکی وەرگێڕ قورستر دەبێ و چارەسەری ئەم گرفتەشی دەکەوێتە ئەستۆ.

وەک تێڕوانینی کلاسیک، وەرگێڕان بوارێکی تاک ڕەهەندی، یان ڕەوتێکی تاک ئاڕاستەیی نییە، بەڵکو بوارێکە گەلێک ڕەهەند و ئاراستە وەخۆ دەگرێ، پێویستە لە خزمەت کردن بەهەر یەکێکیان خۆی نەبوێرێ. بە لەبەرچاو گرتنی هەریەک لە ڕەهەندەکان ڕێگای خۆی ببڕێت. دەبێ بزانێ کامڵ بوونی زمان تەنیا دەوڵەمەندکردنی نییە، بەڵکو ڕێکوپێک کردنیشیەتی کە بریتییە لە ڕەواندنەوەی هەر چەشنە گومانێک و ساغ کردنەوەی هەر وشەو دەستەواژەیەک. لای دریدا ئەرکی وەرگێڕ کەمتر نییە لە ئەرکی دابین کردن و مانەوەی زمان، تەنانەت لای ئەو، زمانەکان بێ پێوەندی و لێک جیا نین، بەڵکو پێکەوە پەیوەستن و لە یەکتری وەرگیراون.

وەرگێڕان جگە لەوەی ئامرازێکی پێوەندی بەهێزی گواستنەوەی زانست، هونەر، فەرهەنگ و کولتوورە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و لە نەتەوەیەکەوە بۆ

نەتەوەیەکی تر، ئێستا هونەرێکی تایبەتییە بە ناوی هونەری وەرگێڕان، لە گەلێک شوێن بەتایبەتی وڵاتانی پێشکەوتوو ئەنجوومەن، خانەی وەرگێڕان، یان بەشی ئەکادیمی وەرگێڕان هەیە. ناکرێ وەرگێڕان تەنیا تیۆرییەک بێ و کاری پێ بکرێت، چونکە سنووری کارکردنی پان و پۆڕە، هەرکەس دەتوانێ ئەسپی خۆی تێدا بڕەتێنێ و بە ئەندازەی توانایی خۆی داهێنانی تێدا هەبێت و شێوازێک ڕەچاو بکات. بە ڕای من بواری وەرگێڕان خاوەنی گەلێک پرنسیپ و بۆچوونە کە هەم بابەت و هەم مەبەست، ئەو بۆچوون و پرنسیپانە دیاری دەکەن، واتە پتر لەوەی تیۆری بێت کۆمەڵێک پرنسیپە. دیارە ئەو پرنسیپانەش زۆر نەگۆڕ، یان سەقامگیر نین، چونکە کۆمەڵێک ڕوانگە و بۆچوونن لە ئەنجامی کار و لێکدانەوەی وەرگێڕ و پسپۆڕانی زمانەوە وەدیهاتوون. ئەمانەش بێ ئەزموونەکانی وەرگێڕ و قاڵبوونەوە لەبواری وەرگێڕاندا کەم بایەخن، واتە لەگەڵ ئەزموونی وەرگێڕاندا برەو پەیدا دەکەن و بەنرخ دەبن. بەم پێیە دەتوانین بڵێین وەرگێڕان هونەرێکە ئەزموونزا، تەنیا بەهۆی تاقیکرنەوە و زانستی وەرگێڕ و ئەزموونی کەسانی تر دەوڵەمەند دەبێت. پێویستە وەرگێڕ شارەزای ئەو بوارە بێ کە کاری وەرگێڕانی تێدا ئەنجام دەدات، ناکرێ وەرگێڕێک شارەزای هۆنراوە نەبێ و هۆنراوە وەرگێڕێت، ناکرێ وەرگێڕ ئەکادیمی نەبێ و بابەتێکی ئەکادیمی وەرگێڕێ، ناشکرێ ئەکادیمست، یان کەسێکی تر شارەزا لە بوارێکی زانستی، یان هونەری، شارەزای زمانی کوردی و ئەو زمانانە نەبێ کە بابەتی لەسەر وەردەگێرێ دەست بە وەرگێڕان بکات. دەکرێ هاوکاری لە نێوان پسپۆڕانی بابەت و وەرگێڕی بابەت، یان زمانەوان هەبێت بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەی هەردوولا هەم بابەت، هەم زمان، ئەم ڕەوشە لە مەیدانی وەرگێڕاندا ئەگەری پراکتیزەکردنی زۆرتر و گونجاوترە، چونکە ئەو بارەی لەسەر شانی وەرگێڕە گەلێک قورسە، توانای ڕخنەگرتن، مامۆستای مێژوو، پسپۆری زمان، هونەرمەندێکی داهێنەر، ئەو خەسڵەتانەن کە وەرگێڕ دەبێ هەیبێ... ئەمەش لە توانای تاکەکەسێک بەدەرە. (تیۆرییەکانی وەرگێڕان - ئە. گنتزلەر ل١١٦).

گۆرکی دەڵێ: لە بواری هونەریدا ئەکتەری بەتوانا دەتوانێ گیان بەبەر سیناریۆیەکی لاوازدا بکات و کەموکوڕییەکانی بشارێتەوە، بە پێچەوانەشەوە سیناریۆی بەهێز بە ئەکتەری لاواز ، لاواز دەبێت. وەرگێڕی شارەزاو بە توانا ، پێویستە شارەزای زۆربەی زمانە بەرجەستەکانی جیهان بێت، چونکە ئەوانە لە بواری زمانەوانیدا سەرکەوتووترن... ئینجا بۆخۆی زمانی ئاخاوتنی پاراو بێ، شارەزای ڕێنووس، ڕێساو لایەنەکانی نووسین و ئاستی ئەمڕۆی وەرگێڕان بێ، خۆ ئەگەر شارەزای چەند زمانیش نەبێت لانی کەم دەبێ بە سەرهەردوو زمانی بابەت و زمانی مەبەستدا زاڵ بێت و جۆری گوزارشت لە شتەکان بە هەردوو زمانەکە بەباشی بخاتە ڕوو، کە ڕەنگە لە هەردوو زمانەکەدا جیاواز بێت. دەبێ وەرگێڕ هەمان هاودڵی نووسەری دەقی هەبێت، یۆجین نایدا لەوەش تێدەپەڕێ بەڵگەمەندانە دەڵێ پێویستە وەرگێڕ هەمان بەستێنی فەرهەنگی و هەمان توانای نووسەری هەبێت (نە کەمتر نە پتر) و هەمان تاموچێژی دەقەکە بە خوێنەر ببەخشێ (تیۆرییەکانی وەرگێڕان - ئە. گنتزلەر ل٧٦). وەرگێڕێکی بە تەواوی مانا بێت، دەبێ بە دوای ئەو ڕستە باوەدا بگەڕێ کە وەک نەریت بۆ گوزارشت کردن لەو بابەتە، لە زمانەکەدا بەکار دێت. بە بڕوای بەندە ناکرێ وەرگێڕ بابەتەکە بە وردی نەخوێنێتەوە، لە ناوەرۆک و مەبەستی بابەتەکە نەگات، لەسەر هەڵسەنگاندن و فەرمانی کەسێکی تر بێ ئاگایانە دەست بە وەرگێڕانی بکات.

لە کاری وەرگێڕاندا چەندین ڕێباز ڕەچاو دەکرێن، یان وشە بە وشە، مانا لە بەرانبەر مانادا، دەق لەبەرانبەر دەقدا، لە هۆنراوەدا هەرسێکیان لە ئارادان لەگەڵ پاراستنی کێش. من لام وایە هەر ڕێبازێک لەو ڕێبازانە بەپێی شوێن و پێویستی ڕستە، یان دەق بەکار دەبرێن، یان لەیەک کاتدا پتر لە ڕێبازێک ڕەچاو دەکرێ، یان بۆ هەر بابەتێک، یان بوارێکی ڕۆشنبیری ڕێبازێک پتر لەوانی تر، لەبەر چاو دەگیرێ، چونکە لە ناو کتێبی بەنرخدا بابەت هەن کاکڵە، چەق، یان تەوەری کتێبەکەن، لە ناو هەریەک لەو بابەتانەدا گەلێک ڕستە هەن بڕبڕەی پشتی بابەتەکەن ئەگەر هەڵەیان تێدا بکرێت ئەوە، یان پێک ناکۆکی دەخاتە ناو بابەتی باسەکە، یان بە هەڵە دەگوازرێتەوە، ئەوسا خوێنەر سەرچاوە، یان زانیاری هەڵەی دەست دەکەوێت، ئەگەر ئەم زانیارییەش ببێتە بنەمای هەر بابەتێک، بێ گومان ئەنجامەکەی کارەساتە.

کەواتە وەرگێڕ بەرپرسیارە و دەبێ وریا بێ، لانی کەم لە کاکڵەی بابەتەکە و لەو ڕستانەدا کە تەوەری سەرەکین هەڵە نەکات، دەبێ لەوێدا هەموو شێوە و ڕوانگەکانی وەرگێڕان ڕەچاو بکات، تا ئەمانەتی وەرگێڕان بپارێزێ. ڕەنگە لە بەشەکانی تردا ئەگەر ئەو وردبینییەش نەکات، یان ڕەچاوی شێوەیەک لە شێوەکانی وەرگێڕان بکات، زۆر گرنگ نەبێت، یان زەبر لە وەرگێڕانەکە و ئەمانەتی گواستنەوەی هەمەلایەنەی دەقەکە نەوەشێنێ... کەواتە دەکرێ لە وەرگێڕانی دەقێک، کەڵک لە چەند شێواز و ڕێبازی وەرگێڕان وەربگیرێت. لەپاڵ پاراستنی ئەمانەتی وەرگێڕاندا ئەمڕۆ ئەرکێکی تر، یان روونتر بڵێین بەرپرسییەک لە ئەستۆی وەرگێڕ، یان بە گشتی لە ئەستۆی بواری وەرگێڕاندایە، کە پاراستنی ڕەسەنایەتی و یەکیەتی زمانە. چاوخشاندن بە واقیعی زمانی کوردیدا ،گەلێک بابەتی شاراوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە دوژمنان کەڵکیان لێ وەرگرتووە. لەوانە: چەند دیالێکتی ئەم بڕوایەی داوەتە دەست ناحەزان کە ڕێگا خۆش بکەن بۆ هێرش کردنیان بە مەبەستی تواندنەوەی گەلی کورد لە ناوخۆیاندا. کەواتە ئاخاوتنی جیاجیا، هەستی هاندانی دوژمنان لەمەڕ دەمارگیری دیالێکتێکەکان دەبزوێنێ و بە تێپەڕینی کات سنووری نێوانیان بەهێزتر و ماوەی نێوانیان دوور و درێژتر دەبێتەوە، لەهەمان کاتدا سەرەتایەک هەوێن دەکا بۆ پارچە پارچە کردنی نەتەوەکەمان، دڵنیام لێک جیایی دیالێکتەکان بەمانا تێکەڵاوبوونە نەتەوییەکەی، هوکاریکی دووبەرەکی سیاسی هێزەکانیش بووە، زۆرجار گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی سنوور بۆ جموجۆڵی یەکتری دابنێن، واتە بێ ئاگایانە لە نهێنیدا کوردستان پارچە پارچە بکەن، ئێستاش هەر ئەو دەمارگیرییەیە ڕێگە لە خۆشکردنی زەمینەی زمانی یەکگرتوو دەگرێت. مێژوو سەلماندوویەتی بەیەککردنی دوو زمان، مەحاڵە مەگەر بە تواندنەوەی یەکێکیان لە ناو ئەوی تردا، یان سەپاندنی یەکێکیان و بەدەرکردنی ئەوی تریان، وەلێ بڕواناکەم لێک نزیک کردنەوەی دیالێکتەکان و بوونیان بە یەک لە زمانی یەکگرتوودا مەحاڵ بێت. کەواتە بە هەست کردن بە بەرپرسیاری مێژوویی، هەرچی زووتر هەموو لایەکمان هەنگاو بنێین بەرەو سڕینەوەی بەرەبەرەی ئەو سنوورەی لە نێوان دیالێکتەکاندا هەیە.

زمان، فەرهەنگ و ڕۆشنبیری هەر وڵاتێک بێ وەرگێڕان و کاری وەرگێڕی گۆشەگیرە. بە لەبەر چاوگرتنی ئاست و پێگەی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری وڵاتەکەمان، وەرگێڕان هێشتا ئامرازی هەرە سەرەکی پێوەندیی فەرهەنگییە. بە پێی لێکدانەوەکانی (ئون زەهر) فەرهەنگ و ئەدەبی ئێمە بە گشتی ڕۆشنبیری ئێمە لە قۆناغی داکوتانی ڕەگوریشەدایە. بۆ ئەمەش بواری وەرگێڕان ئەو ئەرکەی لەسەر شانیەتی دەبێ بە جێی بگەیەنێ. ناوبراو: سێ جۆر هەلومەرجی کۆمەڵایەتی وێنا دەکات کە تێیاندا وەرگێڕان دەبێتە پێگەی تایبەت بە خۆی:

**یەکەم:** کاتێک ئەدەبی تازە پێگەیشتوو لە سەقامگیر بووندایە.

**دووەم:** کە ئەدەبیات کەم بایەخ، لاواز یان هەردووکیانە.

**سێهەم:** کە ئەدەبیات تووشی پشێوی بووە، یان لە حاڵەتی وەرچەرخاندایە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر (تیۆرییەکانی وەرگێڕان - فارسی/گنتزلەر ل ١٥٠).

کەواتە ئێستا دەتوانین مەزندەی پێگە و بەرفراوانی و ڕەونەقی بازاڕی وەرگێڕان بکەین... بە پێی ئەم بۆچوونەی سەرەوە ئێمە لە بارودۆخی یەکەمداین. لەبەر ئەم هۆیەو چەندین هۆکاری تر وەرگێڕان وا دەخوازێ پێشەنگ بێت:

(١) ئەم قۆناغە قۆناغی ئازادی و کرانەوەیە بە ڕووی ئەدەبیات، زانست و ڕۆشنبیری جیهانیدا، قۆناغی بە جیهانی بوونی ئابووری و هەنگاونانە بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی، هەروەها ئازادانە دەسڕاگەیشتنە بە ناوەندی زانست و ئەدەبی جیهانی، کە تا ئێستا، یان قەدەغە بووە، یان سنووردار. پێویستە بزاوتی وەرگێڕان دەوری سەرەکی ببینێ لە وەرگێڕان و ڕاکێشانی هێڵی پێوەندی لە نێوان خوێنەر، نووسەر، ئەدیب و پسپۆڕانی کورد لەگەڵ ناوەندەکانی ڕۆشنبیری پێشکەوتووی جیهانیدا، تا بتوانین قەرەبووی ئەو دواکەوتنە فەرهەنگی و ڕۆشنبیری، بکەینەوە.

(٢) هێرشی ئەمڕۆی فەرهەنگ و کولتووری ڕۆژئاوا دوولایەنەیە، لەلایەک زمانی نەتەوەیی و بواری وەرگێڕان لاواز دەکات، لاوازی وەرگێڕان ڕێگە دەدات زمانی بیانی باڵا دەست بێت، پاشکۆی ئەمەش گواستنەوەی

فــەرهەنگی بێگانەیە بە چاک و خــەراپییــەوە بۆ ناو فەرهەنگی کوردی کە تاڕادەیەک کاڵوکرچ و ساوایە... لەلایەکی تر ئاشنامان دەکات بە فەرهەنگ و کولتووری بێگانە کە لە هەردوو حاڵەتدا نیازمەندی وردبینی و سڵ کردنەوەیە لە لایەنە نێگەتیڤەکان. بۆ نموونە ئاراستەی پەروەردە و فـێـرکـردن بە برەودان بە زمـانی بێگانە، بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی لە گەڵ ئەوەشدا پێویستییەکی ڕۆشنبیرییە، بەڵگەیەک، یان خولیایەک ناهێڵێتەوە بۆ منداڵ و خوێنەری کورد فێری زمانی کوردی ببێ، ئەمەش بە پێچەوانەی ڕێبازی گەشەپێدانی زمانی کوردییە، چونکە بە جـێگرەوەیەک بۆ زمـانی کوردی دادەنێن کە ببێتە ئامرازێکی گواستنەوەی زانست و تەکنۆلۆژیا...

(٣) دانانی وەرگــــێـــــڕان لە خـــــانەی دووەمی ڕۆشنبیرکردندا دروستبوونی زمانی یەکگرتوو دوا دەخاو تێکڕای بوارەکانی گەشەسەندن سست دەکات...

(٤) کە سیستمێک تووشی قەتیسمان دەبێ، باری ڕۆشنگەری دەکەوێتە سەرشانی وەرگێڕان، بە تەوەر بوونی وەرگێڕان دەبێتە داینەمۆی هاندەر (تیۆرییەکانی وەرگێڕان - ئەدوین گنتزالەر ل١٥٢). وڵاتی ئێمە نەک هەر تووشی قەتیسمان بووە، بەڵکو ساڵەهایە بە هۆی فاکتەرگەلی سیاسییەوە لە ژێر بەستەڵەکی نارۆشنبیریدا دەناڵێنێ. ئێـمـە ئەمـڕۆ هەم لە بواری نۆژەنکردنەوەی زماندایین و هەم بەرەو زمانی یەکگرتوو هەنگاو دەنێین، وا پێویست دەکا بچینە ناو جەرگەی زانست و ڕۆشنبیری جیهانی کە وەک ئەرکی هەنووکەیی لە ئەستۆی وەرگێڕ و بواری وەرگێڕاندایە.

(٥) فـاکـتـەری پتـەوکـردنی یەکـیـەتی نەتەوەیی و خـەملاندنی ناسیۆنالیزمی کورد، زمانی یەکگرتوو، وەرگێڕ و وەرگێڕانیش بەرپرسی سەرەکی و بنیادنەری بنەمای زمانی یەکگرتوون. کەواتە برەودان بە وەرگێڕان و بە سیستم کردنی ئەو بوارە جگە لەوەی خزمەتێکی ڕۆشنبیرییە، ئەرکێکی نەتەوییشە.

بەهاتنی پرۆسەی ئازادی، بوار بۆ کاری ڕۆشنبیری، چاکسازی و گەشەسەندن لە هەموو بوارەکان ڕەخسا، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە ناحەزان دەستیان لە پیلانەکانیان هەڵگرتووە و ئاراستەی سیاسییان گۆڕیوە، هێشتا کورد خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ نییە، ئەگەر تا ڕادەیەک بشبێ تەنیا لە پارچەیەکی کوردستانە، لە بەر ئەوە هەوڵ دەدەن ئەو نیمچە قەوارەیەی هەیە هەڵیوەشێننەوە، ئەگەر نەکرا گۆشەگیری بکەن، بە جۆرێک هیچ کاریگەرییەکی لە سەر پارچەکانی تر نەمێنێ. لەبەر ئەوە تەگەرە دەخەنە بەردەم هەموو بوارەکانی گەشەسەندن لە وانە بواری ڕۆشنبیری. هەر بۆ ئەو مەبەستە دەیان قوتابخانەی نموونەیی بیانی و ئەنستیتۆی زمانی بێگانە کراونەتەوە و ئاسانکاری بۆ خوێندکارانیان دەکەن، لە پشت مەبەستی فێرکردنەوە دەیان مەبەستی شاراوەیان هەیە، لەوانە برەودان بە زمانی بێگانە وەک تورکی و فارسی و فەرەنسی و ئینگلیزی... لەگەڵ ئەوەشدا گواستنەوەی فەرهەنگ و کولتووری ئەوان و پەروەردەکردنی خویندکاران بەو ڕەوش و ئاراستەیەی ئەوان دەخوازن. ئەمەش بە بێ بەرنامەیەکی داڕێژراو دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە.

وەرگێڕان بە زمانی هەریەک لە دیالێکتەکان بە پێی پانتایی و بە هێزی و لاوازی ئەو دیالێکتە و کەڵک وەرگرتن لەو بەرهەمە سنووردار دەکات، واتە ئاخێوەرانی دیالێکتەکانی تر بێ بەش دەبن. ئەدوین گنتزلەر دەڵێ لە بری ئەوەی تەنیا بیر لەوە بکەینەوە کە ئەرکی وەرگێڕان هەر ئەوەیە مانای زمانی سەرەکی بگوێزێتەوە، دەتوانین بە دیاردەیەکی دابنێین کە تێکڕای سنوورەکان دەبەزێنێ و دەرگایەکی تازە بەڕووی جیاوازییەکاندا دەکاتەوە (تیۆرییەکانی وەرگێڕان - ئە. گنتزلەر ل٢٠٨). بەداخەوە ئێمە هێشتا نەک هەر سنووری دیالێکتەکانمان نەبەزاندووە و ڕێگەمان بۆ لێک تێگەیشتنی زیاتر لەنێوان ئاخێوەرانی دیالێکتەکان خۆش نەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە چەند هەوڵی نابەرپرسانە هەن سنوورەکان لەبەرانبەر دیالێکتەکانی تری کوردیدا تەلبەند دەکەن و دەرگاکان شەتەک دەدەن، ئەگەر بۆیان بکرێ شوورەیەکیش بەدەوری خۆیان و دیالێکتەکانیاندا دەکێشن. هێندیک جار بەو بیانووەی: هەمەچەشنی لە بواری وەرگێڕاندا خزمەت بە زمان دەکات، کەچی لە بەرانبەر زمانی بێگانەدا دەمارگیر نین، بەتایبەتی زمانی نەتەوەکانی داگیرکەری کوردستان، هێشتاش وشەی بێگانە لە ناو ئەو دیالێکتانەدا وەک کایە. کامیان شەرمە؟ پڕکردنەوەی جێگای ئەو وشانە بە وشەی کوردی ناو دیالێکتەکانی تر، یان هێشتنەوەی ئاسەواری بە تورک و عەرەب و فارس کردنی زمانی کوردی. هێندیک

لەو کەسانە هێندە دەمارگیرن، ئەو ژێردیالێکتانەی تا پرۆسەی ئازادی کوردستان لە گیانەڵڵا دابوون و لە ژێر پاڵەپەستۆی زمانی عەرەبی و تورکی و فارسیدا نقەیان دەهات، لە جیاتی ئەوەی بەرەو لێک نزیکبوونەوە بچن (کەئەمەش پرۆسەیەکی زانستی و تۆکمەی گەرەکە) لەگەڵ دیالێکتەکانی تر، دەیانەوێ بکرێنە دیالێکتی سەرەکی. لە ڕاستیدا هێندێک ژێر دیالێکت تازە خەریکن زیندوو دەبنەوە و هێشتا مشتومڕ و شک و گومانیان لەسەرە. بە تاووتوو کردنی ئەو ژێر دیالێکتانە دەردەکەوێ سەرەتا بەشێک بوونە لە زمانەکە بێ هیچ جیاوازییەک، کەچی لە ژێر کاریگەری فاکتەرگەلی جیۆپۆلیتیکی دابڕاون و ئێستاش سیمایەکی زمانی کوردییان پێوە ماوە و دەمانەوێ ناسنامەی ڕەسەنایەتی زمانی کوردییان لەبەرکی بئاخنینەوە، وەلێ ناکرێ بڕستی ئەوەیان بدرێتێ بکرێنە دیالێکتی سەرەکی، مەگەر دیالێکتە سەرەکییەکانیان بە قوربان بکرێ، ئەمەش وەک ئەوە وایە شارێک بکرێتە قوربانی کوێرە دێیەک، یان دەبێ ڕێگە بۆ وەرگێڕە نابەرپرس، یان ئاخێوەری دەمارگیر چۆڵ بکرێ دیالێکتەکان لە زمانی کوردی دابڕن، کە ئەمەش ئاکامەکەی دیارە!

**سەرچاوەکان:**


١- زبان، فرهنگ، هنر . احسان طبری.

٢- زمان و هزر و کولتوور. یدالله موقن. و/ ڕەحیمی سورخی

٣- زبان و اندیشه. نوام چامسکی.ت/ کورش صفوی

٤- سەرهەڵدانی زمانی کوردی و مێژووی کوردستان . بێهزادی خۆشحالی. و/ مستەفا غەفوور

٥- نووسین، دەسەڵات، ڕاستی ڕووت. د. کەمال میراودەلی.

٦- نظریەهای ترجمە. ادوین گنتزلر م/ علی صلح جو

٧- سەرچاوەکانی بیروباوەڕی کوردەواری. شوکور مستەفا - بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری ڕامان - هەولێر.

٨- کاریگەری دیالێکتی گۆران لەسەر کوردی ناوەڕاست. میشل لیزنبێرگ، و/ عەزیز گەردی

٩- وشەی زمانی کوردی . ئەوڕەحمانی حاجی مارف.

١٠- واتاسازی . کلود یرمان.

١١- زبان و ذهن نوام چامسکی ت/ کورش صفوی

١٢- مینۆرۆسکی و کورد. و/ ئەنوەری سەڵتانی

١٣- چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆجی دەربارەی زمانی کوردی دیالێکتی سلێمانی/ ئەلێکسانەر خۆدزکۆ.

١٤- گەشتێک بەناو بەڵگەنامە و مێژوو و شوێنەواردا، هەڤپەیڤین لەگەڵ عەبدولڕەقیب یووسف، ئا: ئازاد عەبدولواحید.

١٥- زبان و مسائل دانش / نوام چامسکی

١٦- زانستی زمان و ڕێزمانی کوردی / د. شێرکۆ بابان

١٧- تێکستەکانی زمانی کوردی/ د. کوردستان موکریانی

١٨- ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان/ د. قەیس کاکل تۆفیق

١٩- زمان، وەرگێران و پێوەندی کولتوورەکان/ حسێن یەعقوبی

٢٠- کورد و زمانی کوردی / تۆفیق وەهبی

٢١- توێژینەوەی ئەدەبی- زمان و وەرگێڕان

٢٢- درایڤێرو کورد/ گ. ڕ. درایڤێر

٢٣- چەند لایەنێکی واتا سازی/ کورشی سەفەوی. و: دلێر سادق.

٢٤- دانشکدەهای من / ماکسیم گورکی


*** سەرهەڵدانی زمانی کوردی و مێژووی کوردستان ل٢٣/ بێهزادی خوشحاڵی. و/ مستەفا غەفوور**

- نەتەوە گچکەکان بە خۆیان و وتەبێژی کەم و زمانی پلە دوویانەوە بەو دەرئەنجامە گەیشتوون کە بۆ زیندوومانەوە لە ڕووی سیاسی و فەرهەنگییەوە دەبێ خەریکی وەرگێڕان بن، لەبەر ئەوە سەیر نییە وەرگێڕانی ئەو وڵاتانە نەک هەر زانیاری زیاتریان لەو بوارەدا هەیە، بەڵکو بۆ هاوشانی وتووێژە تیۆرییەکانی جیهانی وەرگێران ئامادەترن (ئەدوین گنتزلەر-فارسی ل٩٩) .

- بوونی گەلێک وشەی وێکچوو لە نیوان دوو زماندا، بە جیاوازییەکی کەم (پیتێک، یان دوو پیت) دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسە و توانای گواستنەوەی وشە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، لە نەتەوەیەکەوە بۆ

نەتەوەیەکی تر بە هەلومەرجی جیاواز بە تایبەتی لە سەردەمی زمانی سەرەتایی مرۆڤدا، ئەوکاتەی توانای وەرگرتن و کاردانەوەی مێشک وەک ئێستا بەهێز نەبووە و لە ڕووی زانستیشەوە مێشک بە ڕادەی ئێستا کامڵ نەبووە(...) کەواتە زۆر ئاساییە گوازرانەوەی وشەیەک لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر گۆڕانی بەسەردا بێت دروست وەک گواستنەوەی وشەیەک لە دەمی منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر.

- واتای وشە ڕوون نابێتەوە تەنیا بە بەکارهێنانی نەبێت، یان واتای وشە بریتییە لە کۆی بەکارهێنانەکانی./ واتاسازی ، کلود یرمان ل٣٠

- ڕۆنان (دارشتنی) قووڵ دەسنیشانی نوێنەری واتایی دەکات، ڕۆنانی سەرەوە دەسنیشانی نوێنەری دەنگی دەکات./ واتاسازی، ل٩٣

- زۆر جار وەرگێڕی شارەزا، یان بە توانا دەتوانێ هەڵەی نووسەر، یان وەرگێڕەکە، یان هەڵەی چاپی ڕاست بکاتەوە .

- زۆر جار ڕەوانبێژی زمانی کوردی ڕێگە نادات بە دەقی ڕستە وەرگێڕاوەکەوە ببەسترێیتەوە، هێندێک جاریش هونەری جوانکاری دەبێتە بەربەست کە هەریەکەیان لە کات و شوێنی خۆیدا کاریگەرە، مامەڵەی ڕاست و دروست لەم کاتانەدا بەستراوەتەوە بە توانای وەرگێڕ و ئەندازەی زاڵ بوونی بەسەر هەردوو زمانەکەدا.

- هەر ئەو هەڵەیەی وەرگێڕی ناشارەزا دەیکا بۆ وەرگێڕی دوای ئەو ناشارەزاتر دووپات دەبێتەوە و گەورەتر دەبێت، سەرئەنجام، یان هەڵەکە بزر دەبێت، یان سەقامگیر دەبێت کە هەردووکیان زیان بەخشن.

- لە ڕووی ڕەوانییەوە(هارمۆنییەوە) دەبێ زمانی گوفتاری، یان ڕستە گوفتارییەکان سەرمەشق بن، وەلێ لە ڕووی ماناوە پێویستە ڕێساو زمانناسی مەحەک بن..

- دەبێ وەرگێڕ ئاگاداربێ زمانی کوردی وەک گەلێک زمانی تر خاوەنی ڕێنووسی خۆی نەبووە، من دەڵێم سەرەتای سەدەی بیستەم، کورد خاوەنی زمانێکی بێ ڕێنووس بووە و بە پیتی زمانەکانی ترو لە سەر سەبکی ئەوانیش نووسیویەتی، لەبەر ئەوە گەلێک پیت هەن لە زمانەکەی ئێمەدا ڕەوان، دەنا ئەگەر لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێ لەگەڵ زمانی کوردی نایەنەوە و ئێستاش بەکارهێنانیان زۆر کەمە، تەنیا لە وشە بێگانەکاندا نەبێ وەک ، ق،غ،پ...

- لێکچوونێکی ئەوتۆ لە نێوان زمانی کوردی و زمانی بێگانەدا نییە، بەتایبەتی ئەو زمانانەی لەرووی جوگرافییەوە لە کوردستان دوورن، ئەگەر بشبێ بێ هۆ نییە، وەک لیکچوونی هێندێک وشەی کوردی و یۆنانی هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەواجی زمان و ڕێنووسی یۆنانی لە سەدەکانی پێش زایینیدا وەک لە بەڵگەنامەکانی هەوراماندا دەردەکەوێ. زۆر جار زمانەوانانی کورد پەنا بۆ زماننناسان، یان ڕۆژهەڵاتناسانی بیانی دەبەن ، ڕاستە زماننناسی زانستێکی تایبەت و تۆکمەیە، وەلێ هیچ کەس خۆمان لەخۆمان باشتر ناناسێ، کەواتە بنەمای زماننناسی کوردی دەبێ لێرەوە لەکوردستان لەسەر دیالێکتەکان دابمەزرێ نەک لە ئەنستیتۆکانی زماننناسی دەرەوە، چونکە ئەوان ئەگەر شارەزای زانستەکەش بن لە زمانی کوردیدا کۆڵن. واتە لایەنێکی ئەو زمانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە بۆ ئەوان نامۆیە.

- کە دەقێک دەخوێنینەوە ڕەنگە سەرەتا بەباشی لێی تێنەگەین، واتا پەی بە هەستی شاراوەی دەقەکە نەبەین وەلێ دوور نییە ئەگەر شێوەی خویندنەوەکەی بگۆڕین ڕەنگە هەستی شاراوەی پشتی دەقەکە بخوێنینەوە. کە هۆنراوەیەک دەخوێنینەوە ڕەنگە سەرەتا دەرک بە هەستە شاراوەکەی نەکەین، بەڵام ئەگەر بەدەنگەوە بیخوێنینەوە، یان بە گۆرانییەوە بیلێین ئینجا هەستی پێ بکەین، وەک سروودی ئەی ڕەقیب و هۆنراوەکانی وەفایی و نالی، یان ئەگەر مامۆستای هۆنراوە بیخوێنێتەوە وەک شوکروڵڵای بابان ئەوسا هەستی پێدەکەین، کەواتە لە دەقێکدا هەستی شاراوە و وتەی نە نووسراو هەن (پتر بە هزری بابەتەکە لەقەڵەم دەدرێن) پێویستە لە وەرگێڕاوەکەدا هەستی پێ بکرێ، دەبێ وەرگێڕ بتوانێ ئەم هەستە وەبەر وەرگێردراوەکە بنێت...بەپێزی و بەهێزی وەرگێڕانەکە پتر بەستراوەتەوە بە توانای خستنە ڕووی ئەم هەستەشاراوەیە کە لە دەقە کەدا بە زمانی دەق هەستی پێدەکرێ.

- وەرگێران ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی هزر و بیر، کەواتە هەنگاوی یەکەم ئەوەیە دەبێ مانای دەقەکە بگوازرێتەوە، ئینجا جوانکاری بکرێت خۆ ئەگەر دەقەکە پەخشان، یان هۆنراوەیەک بێت یان... بایەخدان بە بواری دووەم واتە ڕواڵەت و جوانکاری لە پلەی یەکەمدایە..

- بۆ لایەنێکی یاسایی پێویستە بە چڕی کەڵک لە هەردوو، جۆری وەرگێڕانی وشە بە وشە و مانا بۆ مانا وەربگیرێ چونکە داڕشتنی یاسا بە شێوەیەکە سنووریکی تۆکمەو پتەو دادەنێ بۆ ئەو بابەتەی گوزارشتی لێدەکات، نابێ نەنووسراوەکان لە پشت پەردە بمێننەوە، یان مەبەستی مات خۆی لە پشت یاساکەدا مەلاس بدات. دەبێ زمانی یاسا هیچ گومانێک، یان ئەگەرێکی تر بۆ مانای ڕستەکانی یاسا نەهێڵێتەوە. وشەیەک پیتێک تەنانەت زۆر جار وێرگوڵێک سنووری یاسایەکە دەبەزێنێ وئەوسا لە پراکتیکدا خەراپ کەڵکی لێوەردەگیرێ. ئەم گرفتانە لە کاتی دانانی دەستووری عێراق و یاسای هەرێمی کوردستان، هاتوونە پێش.

- وا هەڵدەکەوێ، لایەنێکی زمان، یان بوارێکی زمانی، یان زمانەکە لە بوارێکدا لە بوارەکانی تر بەهێز ترە، بۆ نموونە لە بواری سیاسیدا، یان زمانی سیاسی ئەو زمانە لە بوارەکانی تر بەهێزترە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو نەتەوەیە لەو بوارەدا چالاک تر بووە، کەواتە بە تاووتووکردنی زمانی ئەو بوارانەی هەر نەتەوەیەک دەتوانین ئاستی پێشکەوتوویی، یان دوا کەوتوویی ئەو زمانە دیاری بکەین...

زمان ڕەنگدانەوەی بارودۆخی نەتەوەیە. هەرگیز زمانێک نەبووە بێ نەتەوە، بەڵکو زمانێک هەبووە خەسڵەتی نەتەوەیی بەخشیوە بەو گەلە، یان ئەو نەتەوەیەی پێی دەدوێ، کەواتە دەکرێ بڵێین زمان چەق، یان هەوێنی دروست بوونی نەتەوە و کامڵ بوونی ناسیۆنالیزمی ئەو نەتەوەیەیە، لەبەر ئەوە ناسیۆنالیزمی هیچ نەتەوەیەک کامڵ نابێ بە بێ بوونی زمان، واتە زمان بەردی بناغەی نەتەوە و ناسیۆنالیزمە. زمانیش گۆڕانی بەسەر دادێ، ڕەنگە نەتەوەیەک تێکڕای سیما زمانییەکانی خۆی لەدەست بدات و سیمایەکی تر وەخۆ بگرێ، ئاشکرایە ڕەسەنی ئەو سیمایەی وەخۆی گرتووە دەکەوێتە سەر ڕەوتی پێشکەوتنی پێشووی، هەر هەڵەیەک، سیمای داهاتووی زمانەکە بەرەو ناڕەسەنی دەبات، دوور نییە ببێتە هۆی کاڵ بوونەوەی ناسنامەی ئەو نەتەوەیە، واتە زمانەکەی. پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە...

- واتای وشە ڕوون نابێتەوە تەنیا بە بەکارهێنانی نەبێت، یان واتای وشە بریتییە لە کۆی بەکارهێنانەکانی./ واتاسازی ، کلود یرمان ل٣٠

- ڕۆنان (داڕشتنی) قووڵ دەسنیشانی نوێنەری واتایی دەکات، ڕۆنانی سەرەوە دەسنیشانی نوێنەری دەنگی دەکات./ واتاسازی، ل٩٣

پێویستە هاندانی بواری وەرگێڕ و وەرگێڕان خۆی لە هەڵسەنگاندنی باشترین بابەتی وەرگێڕاو و باشترین وەرگێڕدا ببینێتەوە ، بۆ ئەمەش وەرگێڕ پشتیوانی و خەلات بکرێ لە مەڕ پێشکەش کردنی داهێنان لەو بوارە بە مەرجی هەنگاونان بەرەو زمانی یەکگرتوو.

- لە فرە واتاییدا وشە پێوەندی بە چەند وێنەیەکی هۆشەکییەوە هەیە و لەنێوان ئەم وێنە هۆشەکییانەدا پێوەندی دووسەرە هەیە.( چەند لایەنێکی واتاسازی ل٥٠/ کورشی سەفەوی ،: دلێر سادق)

- فرە واتایی لەزمانی کوردیدا دەرئەنجامی گواستنەوەی وشە، یان زاراوەیە لە بەشێکی کۆمەڵ بۆ بەشێکی تر، یان لەپیشەیەکەوە بۆ پیشەیەکی تر، وەلێ بوونی چەند وشە بە یەک مانا، یان واتا ڕەنگدانەوەی زۆری دیالێکت و ژێر دیالێکتە لە زمانی کوردیدا (پێوەندی نێوان ئەم دوو دیاردەیە چییە؟).

- بە نموونە هێنانەوەی دەقێکی کۆن و بەراورد کردنی نووسینی ئەوسا و بە کارهێنانی گوفتاری وشەکان بۆمان دەردەکەوێ ئەو سەردەمە گرفتێک هەبووە لە بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی، یان گوفتاری لە نووسیندا بۆ ئەمەش گەلێک هۆکار هەبوون.

ڕەنگە زۆرجار جیاوازی نێوان نووسینی وشە لەگەڵ ئەدای گوفتاری وشەکە بووبێتە هۆی دروستبوونی چەند وشەیەک بەیەک مانا، چونکە نووسین بە ڕێنووس و شێوازی عەرەبی و فارسی، جیاوازی لەگەڵ ئەدای گوفتاری وشەکەدا خولقاندووە.

# ئەدەبیاتی ئیتاڵیا
# لە سەردەمی ڕێنیسانسدا
# ١٣٢١ - ١٦٠٠

لە فارسییەوە: حەمە کەریم عارف
(سلێمانی)

(١ - ٢)

**سەرەتایەکی مێژوویی**

مێژووی ڕامیاری ئیتاڵیای سەدەکانی ١٤،١٥و ١٦ تێکەڵ و پێکەڵ و ئاڵۆزە. لە ماوەی ئەم سێ سەد ساڵەدا ئەم نیمچە دوورگەیە کەمتر ڕووی ئارامی بە خۆوە دیتووەو هەرگیز یەکێتیی بەخۆوە نەبینیوە، حکوومەتانی چکۆلە، دەوڵەتی - شارانی بەهێز (کە بە زۆری لە ژێر دەسەڵاتی خانەدانانی بەناوبانگی وەکو مەدیچی- Medici لە فلۆرەنسا و ئستە- Este لە فیرارا"١"دا بوون) لەگەڵ شاهانی بێگانەدا بەردەوام لە شەڕو پێکداداندا بوون. پاپاکانیش لە هەوڵ و تەقەللای قایم کردنی حکوومەتی دنیایی خۆیاندا بوون و وەکو پاداشتی ئەم هەوڵ و تەقەللایانە، لە ساڵی ١٣٠٩دا بارەگای پاپا بۆ ئاڤینیۆن"٢" گوێزرایەوەو بە پشتیوانی پاشای فەرەنسا تا ساڵی ١٣٧٧ لەوێندەر مایەوە. دوای ئەوەی شارلی یەکەمی"٣" پاشای ئەسپانیا لەشکرکێشییەکی سەرکەوتووانەی کردە سەر ئیتاڵیاو لە ساڵی ١٥٣٠دا بە ناوی شارلی پێنجەمی ئیمپراتۆری پیرۆزی ڕۆم تاجی لەسەرنا، ئیتاڵیا هەموو سەربەخۆییەکی خۆی لە دەست داو لەوە بەدواوە، وەکو چۆن هەندێک لە شرۆڤەکارانیش ئاماژەیان بۆ کردووە، ئیتاڵیا تەنیا ناوەکەی ماوەتەوە.

زۆربەی ئەم بابەتانە بەلای ئارەزوومەندانی ئەدەبیاتەوە بایەخێکی ئەوتۆیان نییە، بە پێچەوانەوە ئەوەی بێ ئەندازە گرنگە ئەو گۆڕانگارییە شارستانی و ڕۆشبیری و هزرییانەیە کە بە ڕێنیسانس ناسراوە، کە لە دەوروبەری ساڵی ١٣٢١دا لە ئیتاڵیا دەستی پێ کردو تا ساڵی ١٦٠٠ درێژەی کێشا.

زاراوەی ڕێنیسانس مانایەکی گەورەتر لەوەی هەبوو کە

تەنیا شەوق و تاسەیەک، یان جۆش و خرۆشێکی بە کوڵ و دڵ بێ بۆ ئەدەبیاتی کلاسیکی یۆنان و لاتین. جۆل میشلێ، کە بۆ یەکەم جار ئەم زاراوەیەی بەکار هێناوە "کەشفکردنی جیهان و ئادەمیزادی ناو دەنێ". جگە لەمە، بە مانای بێدارکردنەوەی هەستی تاکپەروەری و بایەخدان بە پرسە دنیاییەکانیش دێت.

هەمیشە ئەو بۆچوونە هەبووە کە هەندێک بزاڤ، یان ڕووداوانی (وەکو داهێنانی تەلیسکۆپ) بە هۆکار، یان ئەنجامی ڕێنیسانس لە قەڵەم بدەن. لە حاڵێکدا بەڕاستی ئەم ڕووداوانە بە خۆیان بەشێکن لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕێنیسانس. وێڕای دژواری - و تەنانەت نالۆژیکی بوونی- ئەم جیا کردنەوەو دابڕاندن کارییانە، دەکرێ ئەم هۆکارانەی خوارەوە وەکو هەندێ ڕەگەزی بنچینەیی، یان فاکتەری کاریگەر لە پەیدا بوون و سەرهەڵدانی ڕێنیسانسدا لە قەڵەم بدرێن.

### دۆزینەوە جوگرافیاییەکان

دۆزینەوەکانی مارکۆپۆلۆ، چەلیپاییەکان، دیاش، یان "دیاز(٤)" کولەمب، ڤاسکۆ دی گاما، ماجەلان و دۆزەرەوەکانی دیکە، بوونە مایەی دوورکەوتنەوە لە دەمارگیری و وابەستەگی لەلایەک و جۆشدانی تاسەو ئارەزووی وەدەست هێنانی زانیاری و هۆشیاری پتر، ئاسایش و خۆشگوزەرانی ساراسنەکان و میللەتانی بێگانەی دی، کۆمەڵێک پێوەرو پێوانەی تازەیان بۆ ژیان خستەڕوو. چەق و مەڵبەندی جیهان لە میدیترانەوە بۆ ئەم لاو ئەولا گوێزرایەوە، ئەو نەخشانەی کە بەتلیمۆس لەمەڕ جیهان نیشانی دان پتر لە بیست ساڵ بوو مەحەکی کار بوون، ئێستا بوو بوون بە ئەوزاری کایەو گەمەی بێ زەرەرو زیان.

### دۆزینەوە زانستییەکان

دۆزینەوەکانی پزیشکی، بیرکاری، فیزیا و ئەستێران، تیۆرییەکانی نیوتن دەربارەی یاسای ڕاکێشانی گشتی و دۆزینەوەکانی گالیلە، کۆپرنیکۆس و کەپلەر دەربارەی ئەستێرەو هەساران، هەر هەموویان تەسەورو بۆچوونەکانی سەدەکانی ناڤینیان دەربارەی نەخش و ڕۆڵی مرۆڤ لە جیهاندا، گۆڕی.

### داهێنان و پەرەسەندنی چاپ

یوهان گوتنبرگ-ی خەڵکی مانیتس"٥" (١٤٠٠-١٤٦٨) هەمووان بە داهێنەری پیتی چاپی قابیلی گوێزانەوە (لە ئەورووپا) (١٤٤٠- ١٤٥٠)دەزانن، ئەم داهێنانە کردییە کارێک کە کتێبان لە چاو جارانەوە ئاسانترو هەرزانتر بکەونە دەستی خەڵکی، بەمەش ڕێژەی خوێنەران و کتێب خوێنان زۆر چووە سەرێ. فێر بوونی زانست ئەوەندەی دی کەڵەکەڵە و ئارەزووی زانستپەروەری لەلای خەڵکی زیاد کردو بەم جۆرە مەیلی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو پرسیاری زیاد کرد. چاپکردنی کتێبی پیرۆز بە زمانانی ناوچەیی و خۆماڵی کردییە کارێک کە خەڵکی بۆ ئامۆژگاری و زانیارییە ئایینییەکان پشت بەخۆ ببەستن و وەکو جاران پابەندی ڕوحانییەکان نەبن، ئەمەش جورئەتی ئازاد ئەندێشی، لەمەڕ بابەتە مەزهەبییەکان، بە خەڵکی بەخشی، گشتاندنی خوێندنەوەو کتێب خوێندنەوە، گیانی ئازادیخوازی، لێبوردەیی ئایینی و ڕوو کردنە فەلسەفەو فەلسەفاندنی بە گەڵ خۆی خست.

### کەوتنی قەستەنتینییە

کە قەستەنتینییە لە ساڵی ١٤٥٣دا بە دەستی تورکانی عوسمانلی گیرا، گەلێک لە زانایانی یۆنانی بۆ ئیتاڵیا هەڵاتن و لەوێندەر تاسەو خولیای خەڵکانێکیان سەبارەت بە بەرهەمێن کلاسیکی یۆنانی پەرەپێ دا.

### هۆمانیزم، یان مرۆڤدۆستی

هومانیزم زاراوەیەکە کە دەقاو دەق بۆ بووژاندنەوەو جۆشدانی ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ئەدەبیاتی کۆنی یۆنانی و لاتینی بەکار دەبرێ - لەوەیە لە بنچینەشدا هەر بۆ هەمان مەبەست بەکار هاتبێ. لە ناوەڕاستی سەدەی چواردەیەمدا پترارک و بوکاچۆ دەبن بە پێشەنگ و دامەزرێنەری ئەم گەڕانەوەیە و کریزۆ لۆراس (١٣٥٥-١٤١٥ز)ی زانای یۆنانی لە ساڵی ١٣٩٧دا ئەقڵگەرایی، کە لە تایبەتمەندییەکانی گیانی یۆنانییە، لە ئیتاڵیادا بڵاودەکاتەوە. ئیدی هۆمانیزم دەبێ بەجۆرە یاخی بوونێک لە ڕیازەتگەری و چلەکێشی سەدەکانی ناڤین. لەم قۆناغ و سەرو بەندەدا باڵاترین نۆرینی ئەخلاقی ئینکاری هەمیشەیی ویستەکانی کۆمەڵگەو پێداویستییە بەدەنییەکان بووە. مرۆڤ ڕەشبینانە

نۆربویەتە ژیان و ژیانی بە کێشمانەکێشێکی ترسناکی نێوان خێرو شەڕی، زانیوە و هەموو مەینەتی و بەخت ڕەشییەکانی جیهانی بەزادەی یەکەمین گوناح"٦" زانیوە. پێی وابووە مرۆڤ تەنیا لە دوای مەرگ دەگاتە کەماڵی مرۆڤانی خۆی و دەگاتە باغی بەهەشت، ئەوەشی تەنیا بۆ تاقمێک بە مومکین زانی مرۆڤی سەدەکانی ناڤین کە مەرگی بە تاقە ڕێگەی هەڵاتن لە دنیای فانی زانیوە، جەختی لەسەر ئامادەکردنی تویشوو بۆ ڕێگەی بەهەشت کردووەتەوە.

مرۆڤی ڕێنیسانس، ئەم جەختە لەسەر دۆزو مەسەلەییێن دی دەکاتەوە. کەشفکردن و دۆزینەوەی سەرزەمینانی نوێ، کەڵکەڵەی نوێ و ئازادی تازەی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری و ئابووری و ئاسۆییێن هزری تازە، دڵبەندییەکی تازە بۆ مرۆڤ و ئەم جیهانە بەرانبەر بە خواو جیهانی ئاخیرەت لەگەڵ خۆدا دێنێ. مرۆڤ وردە وردە بۆی دەردەکەوێ کە ئەم دنیا جوان و خۆشە، واقیعی و خودا دادییەو وەعدو بەڵێنانی دنیای ئاخیرەت چەند بە ئیعتوباریش بێ. ئەوە خۆشی و شادییە سادەکانی مرۆڤی ئەم دیوی گۆڕ تا ڕادەیەکی زۆر هەقی ڕەوای هەوڵ و خەبتینی مرۆڤە. هومانیزم دەکاتە باوەڕ بوونی تەواو بەم هەقە.

## کەشفکردنی ئەولەویەتی تاک لە هۆمانیزمەوە نزیکە و ڕەنگە هەر بەشێک بێ لە هۆمانیزم

لە سەدەکانی ناڤیندا تاکپەروەری و ئەولەویەتی تاک لە بەین چوو بوو. بە گوێرەی پرەنسیپ و بنچینەکانی کڵێسا، مرۆڤ بوونەوەرێکی گوناحکار بوو و دەبوایە لە خۆ پەرستی پاک ببێتەوە و بە ڕێگەی عیساو قەدیسان و پیاوچاکاندا بڕوات و تەرکی نەفسی خۆی بکات. فیۆدالیزم-ش بانگەشەی بۆ هەمان دیدو بۆچوون دەکرد.

مێژووی ڕێنیسانس مێژووی ژیانەوەی هەقی مەوجوودییەتی تاکە -لە زانستدا، لە داهێناندا، لە دۆزینەوەدا، لە هونەردا، لە ئەدەبیات و لە ئاییندا. ڕازو نهێنی ڕێنیسانس لەوە دایە کە هەقی مەوجودییەت بە تاک دەدات و تاکپەروەری هێزو توانایەکی فراوانی- لەواری هزری، مادی و هونەریدا- بەرهەم دەهێناو جەختی لەسەر مرۆڤانی مرۆڤ (مرۆڤی جیهانی) دەکردەوە، مرۆڤی زاناو لێهاتوو لە زۆر مەیدانی مرۆڤانی وەکو "دەرباری" کەسایەتییەکی پەند ئامێز بە هەمان

ناوەوە لە نووسینی کاستیلیۆنە، یان لیۆناردۆ داڤینشی زانا، ئەندازیار، پەیکەرتاش و نیگارکێش.

## گیانی پرسیارگەری

مافی مەوجوودیەتی تاک و تاکپەروەری، زێدەباری ئەوەی گوتمان، مرۆڤی هان دا ڕێچکەو ڕێبازو پێوەرو پێوانە قەراردادی و تەقلیدییەکان بخەنە بەردەم پرسیار و کۆت و زنجیری دەسەڵات بپچڕن. مرۆڤ جارێکی دیکە جورئەتی پەیدا کردەوە کە پرسیار بکات و هەوڵ بدات حەقیقەت و ڕاستی بۆ خۆی کەشف بکات. لەوە دەرچوو کوێرانە تیۆرییە کۆنەکان-تیۆری زانستی، هونەری، ئەخلاقی، یان ئایینی قبووڵ بکات. گەشەی بەو ڕێچکەو میتۆدانە دا کە لەسەر بناغەی دروستی بێ چەندو چوونی هزری ڕۆنرا بوون، کە باشترین نموونەی ئەمە ڕەفتاری گالیلەیە لە کاتی دادگایی کردنیدا بە تۆمەتی گەندەڵی باوەڕ. گالیلە لە حوزوری دە کاردینالدا"٧" ناچار چۆک دادەداو حاشا لە باوەڕەکەی خۆی -کە گۆی زەوی چەقی جێگیری جیهان نییە- دەکات، ئەوجا بەدەم هەستانەوە (ئاماژەیەک بۆ زەوی دەکات) و دەبۆڵێنێ: "لەگەڵ هەموو ئەم قسانەشدا، هەر دەسووڕێتەوە".

## پەرچەکردارێن ئایینی

تیۆری میتۆدی تازەی پرسیارگەری، گشتاندنی موتاڵاو کتێب خوێندنەوە (بەتایبەتی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز)، زانست و زانیاری تازە دەربارەی دنیا، هۆمانیزم، ئاگادار بوون لە زانیاریانی کوفر ئامێزو ناڕەزایی لەگەندەڵی ناو کڵێسا- هەر هەموو ئەمانە کردیانە کارێک کە زۆر کەس سەبارەت بە باوەڕی خۆی بە خواو بە پەسڵان بە خۆدا بچنەوە.

خەڵکانێک لە مەسیحیەت، هەندێکیان دەچنە ریزی خوانەناسانەوە، چونکە خودایان موشریکان بە پارێزەری نازو نیعمەت و خۆشییەکانی ژیان دەزانن، هەندێکیش تەنیا لە پرسە ئایینییەکان پشتگوێ دەخەن، تاقمێکی دیکەش کە هەست دەکەن هەر هەموو پێوەرو پێوانەکان شێواون و پاداشت تەنیا ئەفسانەیەو بەس، بە ئاشکرا ئاوێتەی کەچڕەوی ئەخلاقی دەبن، ئەمانە هیچ شتێک بە خراپ نازانن- نە توندڕەوی سێکسی، نە حەساسیەت و نە مرۆڤکوژی. گرووپێکی دیکە هەوڵ دەدەن (هەوڵی هەندێ جار ناکام) کە مەسیحیەت دەگەڵ ڕێبازو ڕێچکە

تازەکـەدا- لە وارێن هونەری، ئەخـلاقی و ئایینیـدا- بگونجێنن. تاقمی سێیەم لە بەرانبەر کوفر، لیبرالیزم و جـەمـسـەرە توندڕەوەکـانی ڕێنیسـانسـدا یاخی دەبن و بەگـژیدا دەچنەوە. لەلای ئەم تاقـمـە ڕێبـازو ڕەوتی گـەڕانەوە بۆ ویژدان پەیدا دەبێ. ئەمـانە لە ئیـتـاڵیـا، ئەسپانیا و فەرەنسادا کۆمەڵە ڕیفۆرمێک لە چوارچێوەی کلێسادا ئەنجام دەدەن. لە ئەڵمانیاو سویسراو هۆڵەندادا بەد ڕەفتاری ناو کلێسا لەگەڵ ئەخلاقدژی و شـیـریک هۆمانیستەکاندا، دەبنە فاکتەری سەرهەڵدانی ڕیفۆرمی ئاینیی پرۆتسـتـانتی. کـلـێـسـای کـاسـۆلیک وەکـو دەزگـایەکی خـوایی نکۆڵی لێـدەکـرێ و جـەخت لەسـەر ویژدانی تاک و تاکپـەروەری، پێـوەندی ڕاسـتـەوخـۆی مرۆڤ بە خواوە و ئەخلاقیاتی مەسیحی دەکرێ.

گـیـانی ڕێنیـسـانس لە ئیـتـاڵیـادا زۆر زوو لە وارو مـەیدانە جـۆراوجـۆرەکـاندا خـۆی ئاشکرا دەکـات. لە مـەیدانی زانسـتـدا داڤـینشی و گـالیلە، لە هونەردا داڤـینشی، مـایکل ئانجـیلۆ"٨"، ڕۆفـائیـل"٩"، دلسـارتۆ"١٠"، کـوردجـۆ"١١" تینتـۆرتۆ"١٢". لە حوکمڕانی و سیـاسـەتدا میـکاڤـیلی و لە فـەلسـەفـەدا فـیـچـینۆ"١٣"، پۆلیـتسـیـانو"١٤" و مـیـراندلا"١٥"، ئەمـانە تەنیـا نموونەیەکن لەو کـەسـانەی کـە ئیـتـاڵیـا بەهیـمـەتی ئەوان و لەسـەر دەستی ئەوان جارێکی دیکە دەبێـتـەوە بە مـەڵبـەندی ڕۆشنبیـری و شـارسـتـانییـەتی جیـهـان... یەکێک لەو مـەیدانانەی کە ئیـتـاڵیاییـەکان ڕابەرێتی دەکـەن ئەدەبیـاتە. لێ ئەم بابەتە شـایسـتـەی باسێکی سەربەخۆیە.

### نۆڕینێکی گشتی

بێ گـومـان لەپاش سـەردەمی لاتینی کـلاسـیـک، ڕێنیسـانس شکۆدارترین قـۆناغ و سەردەمی ئەدەبییـە لە ئیـتـاڵیـادا. لەم سـەردەمـەدا نووسـەرانی ئیـتـاڵیـا لەوارە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبدا گـەیشـتـنە لووتکەی گـەورەیی و شکۆداری.

بەرجەستەترین پیاوانی ئەدەب لە سەدەی چواردەیەمداو (جگە لە دانتی، کە ڕەنگە پتر سەر بە سەدەکانی ناڤین بێ تا سەردەمی ڕێنیسانس) پترارک و بوکاچۆ بوون، کە هەردووکـیـان بەلایەنگرانی پڕ جۆش و خرۆشی بەرهەمی کلاسیکی کۆن و هۆمانیزم دەژمێرران. شیعری لیریکی پترارک، کورتە چیرۆکە پەخشانی و چیرۆکە شیعرییە درێژەکـانی بوکـاچۆ بوون بە سـەرمـەشقی شـێـوازێک لە سەرانسەری ئەورووپادا.

پاش مـردنی بوکـاچۆ، تا مـاوەی یەک سـەد سـاڵ هیچ بەرهەمـێکی ئەدەبی مـەزن لە ئیـتـاڵیـادا پەیدا نەبوو. ئەوەبوو لە نیوەی دووەمی سەدەی پازدەیەمدا لورنتسـۆدۆ مدیچی"١٦"، کۆمەڵێک زانا، فەیلەسووف و شاعیری مەزنی لە دەوری خۆی خڕکردەوەو چالاکی ئەدەبی گیانی وەبەر هاتەوەو بووژایەوە. یەکـێک لە شـاعـیـرانی ئەم گرووپە لویجی پۆلچییە، کە ڕۆمانسی شیعری (مورگانتە مـاجورە)ی نووسی، پاشـان دوو بەیتی دیکە بە هەمـان شێوەو فۆرم نووسران، یەکێکیان (ئۆرلاندۆی ئاشق) بوو لەلایەن ماتیۆبۆیاردۆ و دووەمیان (ئورلاندوی تووڕە) بوو لەلایەن لودوویکوئاریو-ەوە.

یاکۆپۆ ساناتنسارو ڕۆمانسی شوانکارەیی "ئارکادیا"ی نووسی کـە کـارێکی زۆری کـردە سـەر ئەدەبیـاتی ئەسپانیایی، فەرەنساوی و ئینگلیزی.

دیارترین بەرهەمی ئەدەبی سـەدەی شـازدەیەم بە پەخشانەو لە قالب و فۆرمی داستاندایە (مەلحەمە). نیکۆلای میکاڤیلی، (میر)ی نووسی کە لە مەیدانی زانسـتێن ڕامیـاریدا بەڵگەنامـەیەکی بەنرخە، بالدارە کاستیلیۆنە کتێبی (دەرباری) نووسی کە وێنەیەکە لەمەڕ ژیانی یۆتۆپیایی ڕێنیسانس دەگەڵ هونەرە جوانەکاندا، بتۆنۆتۆچلینی، ئۆتۆبیۆگرافییە بەناوبانگەکەی نووسی و تۆرکواتۆتاسۆ، داستانی ڕۆمـانتیـکی (ئورشـەلیـمی ئازاد)ی نووسی.

شـایەنی باسـە کـە دوو جـۆرە پەخـشـانی دیکەش لە سەردەمی ڕێنیسانس-ی ئیتاڵیادا هاتە ئاراوە. جۆری یەکـەمـیـان نۆڤـیـلا- novella، یان ڕۆمـانی کـورتی پەخشـانە. بوکـاچۆ دی کـامـیـرۆن (دەوروبەری ١٣٥٣) نووسینی کورتە چیرۆکی دەست پێکردو پاشان چەندین کۆمەڵە چیرۆکی گرنگ و کاریگەر هاتنەنووسین لەوانە: گـێلە (١٣٧٨- ١٣٨٠) لە نووسـینی جـۆڤـانی فیـۆرنیـتنۆ"١٧"، چیـرۆکەکانی فرانکۆ ساکیـتی"١٨" (١٣٨٨- ١٣٩٥). (وردە چیـرۆک) ١٤٧٦ لـە نووسینی سالرنیتانۆ ماسۆچۆ، چیرۆکەکانی ماتیۆ باندۆلۆ"١٩" (١٥٥٤). (سـەد چیـرۆک- ١٥٦٥) لە نووسینی جیرالدی چینتیۆ"٢٠" و زۆر چیرۆکێن دیکە.

جۆری دووەمیان شانۆنامە بوو. هەرچەند شانۆنامانی ئیتاڵیایی سەردەمی ڕێنیسانس لە ئاستی شانۆنامەکانی

ئینگلیستان و ئەسپانیادا نین، بەڵام تراژیدیا، کۆمیدیاو شانۆنامانی شوانکارەییان لەخۆ گرتووە..

سەرمەشقی تراژیدیایەکان نموونەکانی سنکایە و بەشێوەیەکی گشتی لاوازن، هەندێ لە کۆمیدیایەکان هاماج و کەشوهەوای بەرهەمەکانی پلاوتۆس و ترنس-یان هەیە، بە ناوبانگترین نووسەرانی ئەم بوارەش ئاریۆستۆ و ماکیاڤیلی-ن.

شانۆنامەی شوانکارەیی، جۆرێکی تازە بوو کە تاسوو گوارینی نووسییان.. لە ئەنجامدا چوارەمین جۆرە شانۆنامە واتە (کۆمیدیا دل ئارتە) هاتە ئاراوە کە کۆمیدیایەکی نا فەرمییەو ئەکتەران پتر خۆرسکانەو بەشێوەی ئیرتیجالی دیمەنەکان دەخولقێنن.

## پترارک

فرانسیس پترارک (فرانچسکۆ پترارکا، ١٣٠٤-١٣٧٤) «یەکەمین مرۆڤی سەردەمی تازە»ی پێ گوتراوە. لە ئاراتسۆ"٢١"، لە خێزانێکی فلۆرەنسای نەفی کراو لە دایک بووە. ئەم خێزانە لە ساڵی ١٣١٣ دا بۆ ئاڤینیون"٢٢"- ی باشووری فەرەنسا کۆچ دەکات و لەوێ فرانسیس-ی چکۆلە دەچێتە بەر خوێندنی سەرەتایی. پترارک لە ساڵی ١٣١٩دا دەست بە خوێندنی ماف دەکات، سەرەتا لە زانکۆی مون پلێ"٢٣" و پاشان لە زانکۆی پۆلۆنیا"٢٤"(١٣٢٣-١٣٢٦) لە ساڵی ١٣٢٦دا باوکی دەمرێت و نا دروستی دەستەی ئەمینداران بەڕێوەبەری موڵکان، پترارک دووچاری دەستکورتی دەکەن و لە پێناوی ژیان و گوزەراندا دامەزراندنی ڕێورەسمی تەقدیسی کەشیشان هەڵدەبژێرێ. دوای ماوەیەکی کەم قەوماوێک ڕوو دەدا کە سەرانسەری ژیانی پترارک دەگۆڕێ. لە شەشی مانگی چواری ١٣٢٧دا لە کلێسای سانتا کلارای ئاڤینیۆندا بۆ یەکەم جار چاوی بە خاتوو لایۆرا دەکەوێ و شەیدای سەروسیمای جوانی ئەو دەبێ. لایۆرا تاوەکو مردنیشی لە ١٣٤٨/٤/٦داو تا دە ساڵ لەوە دواترش، هەر مایەی ستایشی شاعیر دەبێ و دەبێ بەسەرچاوەی بەرزترین سەرۆو ئیلهامی شاعیرانەی ئەو.

پترارک لە ساڵی ١٣٢٨دا پێوەندی خۆی دەگەڵ جاکۆمۆکۆلۆنادا، کە لە پۆلۆنیا ناسیبووی، تازە دەکاتەوە. کۆلۆنا-ییەکان لە ماڵباتە بە دەسەڵات و دەست ڕۆیشتووەکانی ڕۆم بوون و خودی جاکۆمۆ کەشیشباشی کلێسای گەورەی لۆمبە"٢٥" بوو. سەفەری پترارک لەگەڵ جاکۆمۆ بۆ تۆلۆز لە ساڵی ١٣٣٠دا، دەبێتە مایەی ئاشنایی وی دەگەڵ ترۆبادۆرەکاندا و ئەم ئاشنا بوونەش کار دەکاتە سەر شیعری پترارک.

ئەندامانی ماڵباتی کۆلۆنا پەنای ئەم شاعیرە لاوە دەدەن و دەسەڵاتی خۆیان بۆ پشتیوانی لە چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکانی وی دەخەنە گەڕ، پترارک بۆ ماوەیەک دەبێ بە ئەندامی ماڵباتی کاردینال جۆڤانی کۆلۆنا-ی برای جاکۆمۆ.

پترارک پاش گەڕان و سەفەرێکی زۆر (بۆ پاریس، هوڵەندا، کۆلۆنی، ئاردن، ڕۆم، پراگ و دەریای مانش)، لە ساڵانی ١٣٣٧- ١٣٥٣دا لە ڤۆکلۆز"٢٦" دەمێنێتەوە. لەم ساڵانەدا وەکو زانا، ڕەخنەگر و شاعیر موریدو پەیڕەوانێکی زۆر پەیدا دەکات و فەخر و شانازی فرە بە دەست دێنێ.

لە هەموویان گرنگتر پایەی میری شاعیرانی ڕۆم"٢٧" لە ساڵی ١٣٤١دا دەبێ، پترارک لە چالاکیانی ڕامیاری جۆراو جۆردا بەشداری دەکات و تەنانەت پشتیوانی لە چالاکییە ناکامەکانی کولادا ڕینسی"٢٨" (١٣٤٢-١٣٤٨)ی کۆماریخوازیشدا دەکات. لە ساڵی ١٣٥٠دا دۆستایەتی پترارک و بوکاچۆ دەست پێدەکات و تا کۆتایی تەمەنی شاعیر بەردەوام دەبێ.

پترارک لە ساڵی ١٣٥٣دا لە ڤۆکلۆز بار دەکات و بۆ ئیتاڵیا دەگەڕێتەوە. لەمە بەدواوە لە شارانی جیاوازدا دەژی: میلان ١٣٥٧- ١٣٦٢، ڤینیسیا ١٣٦٢- ١٣٦٧، پادوا ١٣٦٧- ١٣٦٩ و ئاراکوا ١٣٦٩- ١٣٧٤, سەرەنجام، لە ١٣٧٤/٧/١٨دا پترارک لە کتێبخانەکەیدا بە مردوویەتی دەدۆزنەوە، کە سەری بەسەر کتێبێکدا شۆڕ بوو بووەوە.

## بەرهەمەکانی پترارک

ناوبانگی پترارک وەکو دانەر بۆ دەفتەرە شیعرییە ئیتاڵیاییەکانی دەگەڕێتەوە، واتە بۆ (کتێبی گۆرانیان) ئەم کتێبە نزیکەی بیست یەکی کۆی دانراوو نووسراوەکانی پترارک لە خۆ دەگرێ کە زۆربەی هەرە زۆری بە لاتینییە. پترارک بە خۆیشی بەرهەمە لاتینییەکانی خۆی، لە بەرهەمە ئیتاڵیاییەکانی زۆر پێ پەسند ترە- کە لە هەندێک وردە ئاماژاندا بە "وردەواڵە"و "گەوجە گەوجی لاوێتی"یان ناو دەبات.

ئەمرۆکە ژمارەیەکی زۆر کەم لە بەرهەمە لاتینییەکانی پترارک دەخوێنرێنەوە، کە ئەوانەش پتر ئۆتۆبیۆگرافی و بەرهەمی مێژوویین.

### بەرهەمە لاتینییەکانی پترارک

#### ئەفریقیا

لە ساڵی ١٣٣٧دا دەستی پێکردووەو لە دەوروبەری ساڵی ١٣٤٧دا تەواوی کردووە، بەیتێکی داستانی (مەلحەمی) درێژە دەربارەی شەڕو قەرقەشەی نێوان ڕۆم و کار تاژەی کۆن"٢٩". قارەمانی ئەم داستانە سکیپیۆ (سی پیۆن) ئافریکانوس-ە"٣٠". ئەم داستانە ڕەنگدانەوەی دڵبەندی پترارک-ە بە ڕۆژگاری کۆن و باوەڕی وی بە ئایندەی ڕۆم. پترارک ئەم (بەیتی ئەفریقیا)یە بە شاکاری خۆی دەژمێرێ، بەڵام زۆربەی خوێنەرانی بە بەرهەمێکی ساردو سڕو تاقەتبەری دەزانن.

#### نامەکان

ئەم بەرهەمە کۆمەڵە نامەیەکی یەکجار زۆرە کە - خودی شاعیر ٣٤٧ نامەیانی کۆکردووەتەوەو ١٣٦٥ نامەشیان لەلایەن کۆکەرەوان و ئامادەکارانی دواترەوە کۆ کراونەتەوە- کە وێنەیەکی وردە لەمەڕ پترارک و ڕۆژگارو سەردەمی وی. زۆربەی ئەم نامانە ئاراستەی گەورە پیاوان و پایەدارانی ئەو سەردەمە -وەکو پاپایان، ئیمپراتۆران و کەشیشباشیان (اسقف)- کراون، ڕەنگە گرنگترین بەشی ئەم نامانە "نامە بۆ داهاتووان" بێ، کە ئۆتۆبیۆگرافییەکی تەواو نەکراوە و تەسەوری پترارک- بۆ نەوەکانی ئایندەو داهاتوو- وەکو پترارک کە خۆی ویستوویەتی- نیشان دەدا.

#### گریزلدا دەوروبەری ١٣٧٣

ئەمە وەرگێڕانی چیرۆکی بەناوبانگی گریزلدای بە سەبرە، کە لە کۆمەڵەی دیکامیرۆنی بەرهەمی بوکاچۆوە وەری گێڕاوە... ئەم وەرگێڕانەی پترارک کاری کردووەتە سەر چاسرو ئیلهام بەخشی (چیرۆکی فەرمانبەر) بووە.

### بەرهەمە ئیتاڵیاییەکانی پترارک

"کتێبی گۆرانیان" لە ماوەی ساڵانی ١٣٢٧-١٣٧٣دا گوتراوە". دەستنووسی ئەم بەرهەمە لە ساڵی ١٣٧٣دا بۆ پاندۆلفۆ مالاتستا-ی لۆردی پسارۆ دەنێرێ. بریتییە لە ٣٦٧ شیعر، ٣١٧ غەزەل "سۆناتە"، ٢٩ چامە، نۆ شیعری بەزمی (حەماسی)، حەوت گۆرانی، چوار شیعری لیریکی و بەیتێک بەناوی "سەرکەوتنەکان"و... ئەم شیعرانە بە ئاشکرا کاریگەری و سێبەری شاعیرانی لاتینی کلاسیک، ترۆبادۆرەکان، شاعیرانی ئیتاڵیایی دوا دوایی سەدەکانی ناڤینی پێوە دیارە، بە تایبەتی هی دانتی و کاڤالکانتی.

سەرچاوەی هەر هەموو شیعرەکانی (کتێبی گۆرانیان) جگە لە ٣٥ غەزەل و پێنج قەسیدەی، بۆ ڤیانی پترارک دەرهەق بەلایۆرا دەگەڕێتەوە، ئامادەکارانی سەدەی شازدەیەم ئەم بەرهەمەیان بەسەر دوو بەشدا دابەش کردووە:

بەشی یەکەم کە ٢٦٦ هۆزانە، لە سەردەمی ژیانی لایۆرادا گوتراوە، بەشی دووەم پاش مردنی لایۆرا گوتراوە. ئەو شیعرانە، کە باسی لایۆرا دەکەن، ناوی ناوە ((کورتە ئەنسکلۆپیدیایەکی هەست و سۆز)). ئەم شیعرانە دەچنە ناو ئاقاری سەرانسەری جیهانی هەست و سۆزی بابایەکی ئاشقەوە، لە لوتکەی ژیان و لووت بەرزییەوە تا قووڵایی نائومێدییەکانی ئەو ئاشقە. لەم شیعرانەدا تەنیا یەک شت باس ناکرێ: ئەویش ویساڵی بەدەنییە، ئەستەمە کە بتوانرێ کاروانی ئەڤینی پترارک پەیگیری بکرێ -ئەو کاروانەی کە زناک و نیشانەی ئەو باڵابوونە بەردەوامەی هەستە. لە سەرەتاوە سکاڵا و گازاندە و بێ تاقەتی ئاشقێکی بێ پەروا دەگاتە گوێ.

پاشان پاکی لایۆرا ئارامی بە شاعیر دەبەخشێت و دەکەوێتە ستایش و پەسەندی وی، ئەوسا پەی بەوە دەبات کە ئەڤینی لایۆرا بەرزی کردووەتەوەو هەوڵ دەدات کە خۆی بکاتە شایستەی ئەشقی ئەو، لەو شیعرانەشدا کە پاش مەرگی لایۆرا گوتراون هەمان ڕێبازو ڕێچکە بەدی دەکرێت، لایۆرا وەکو بیاتریچەی دانتی، ڕەمزو ڕێنوێنی ڤیانی خواییە، بەڵام ڤیانی دانتی بۆ بیاتریچە تا سەر هەر ئاسمانی و یۆتۆبیاییە، بەڵام هەست و سۆزی پترارک (بەتایبەتی لە شیعرەکانی سەرەتایدا) هەندێک جار بە ئاشکرا بەدەنییەو وێنەی لایۆرا لە سیماو کەسایەتی بیاتریچە زۆر مرۆڤانی ترە.

"کتێبی گۆرانیان" بە "بەیتی سەرکەوتنەکان" کۆتایی دێت، کە بریتییە لە کۆی شەش شیعری مەجازی لە قاڵبی ترزاریمادا"٣١". لەم بەیتەدا، ئەڤین پەیتا پەیتا بەسەر پترارکدا سەر دەکەوێ، پاکی و بێگەردی لایۆرا

بەسەر ئەڤیندا، مەرگ بەسەر لایۆردا، ناوبانگی بەسەر مەرگدا، زەمان بەسەر ناوبانگیدا و ئەبەدییەت بەسەر زەماندا.

سی و پێنج شیعری (کتێبی گۆرانیان) کە پێوەندییان بەسەربردەی ڤیانی پترارک-ەوە نییە، نێوەرۆکی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرن، هەندێکیان شەخسین، هەندێکیان خۆماڵی و ناوچەیین، ژمارەیەکیان ئاینی و مەزەبین، هەڵبەتە سێ شیعری ناو ئەم کۆشیعرە لە هەر هەموو شیعرەکانی دی بەناوبانگترن کە بریتین لە: ١- "رۆحی هەڵبژاردە! کە جووڵە دەخاتە بەرجەستەی مردوو" ئەمە سروودێکی نیشتمانییە روو لە هەندێک رابەرانی بەرجەستەی سیاسییە، کە رەنگە یەکێک لەوانە ئەندامێکی ماڵباتی کۆلۆناکان بێ یان بیۆزۆنەدا گوبیو-ی سیناتۆری رۆمی بێ. ٢- "ئیتاڵیای من" کە ئەمەشیان سروودێکی نیشتمانییە. ٣- "ئەی مریەمی پیرۆز"، کە بەرای مکۆلی "رەنگە جوانترین سروودی پاڕانەوەی جیهان" بێ.

### کورتەیەکی ئەو رەخنانەی لە پترارک گیراون

جیهان لە دوو رووەوە قەرزارباری پترارکە: یەکەم پترارک-ی هۆمانیست و دووەم، پترارک-ی شاعیر و ئەستەمە بتوانرێ بگوترێ کە کام قەرزەیان قورسترە.

پترارک نەک هەر بە یەکەمین مرۆڤی سەردەمی تازە ناو دەبرێ، بەڵکو بە یەکەمین هۆمانیست، یەکەمین سوڵتانی باڵادەستی ئەدەبیاتی سەردەمی تازە، بە پێشەنگی بووژانەوەی رۆشنبیری "کلاسیک" و بە دامەزرێنەری شارستانیەتی چەرخی تازەش دەژمێررێ، جدییەت و هەوڵی وی لە واری هونەردا، خەمخۆری و پەرۆشی و شەیدایی وی بۆ ئەدەبیاتی یۆنانی و لاتینی و دڵبەندی وی بەزانستەوە کردیانە کارێک کە زۆربەی زانایان بەیەک دەنگ رای بگەیەنن کە پترارک لە هەر مرۆڤێکی دیکە پتر دەوری لە سەرهەڵدان و پەیدا بوونی رێنیسانسدا دیتووە.

لێ پترارک لەواری هونەرمەندیشدا هەر نەمرە، گەلێک لە شیعرەکانی "کتێبی گۆرانیان" بوون بە زینەت و زینەتبەخشی دیوانە شیعرییە لیریکییە گەورەکانی جیهان. بێ گومان شیعرەکانی پترارک کەموکوڕی خۆیانیش هەیە. کێش و قافیەیان زۆر دووبارە دەبێتەوە، هەندێ جار بۆنەی وتنی غەزەلێک هێندە سواو و پڕ درێژدادڕییە لە تۆ وایە شاعیر لە بری ئەوەی سرووش لە ئەڤینەوە وەربگرێ، تەنیا شەیداو هەڵوەدای ڕستەو دەستەواژەبازی وەستایانە بووە. وەکو یەکێک لە رەخنەگرەکان دەڵێت: "شیعرەکانی پترارک لەوپەڕی جوانیدان -یان بەلای کەمەوە جوانن- بەڵام پتر لە ئاستی قسەی ئاشق پیشەکانە نەک خودی ئەشق و زۆرجاریش وشەبازی و نوکتەبێژییە.

"بە قەولی گابریل هارڤی" هیچ نییە جگە لە تەنزو سوعبەتی رێکوپێک و ناسکی رازاوە". تۆژەرێکی دیکە دەڵێت: "هەر ئەم ناسکی و رازاوەییەیە کە لەگەڵ هەست و سۆزی واقیعیدا نەبان و ناتەبا دەنوێنێ".

رەخنەگرانی دیکە پتر ستایشکاری پترارک بوون، بەو رادەیەی کە کەسێکی وەکو ئۆرت دەڵێت: "پترارک مرۆڤێکی گەورەیە و شاعیرێکی گەورەیە کە بە باشترین شیعری دەبێ بە هاوسەنگ و هاوتای سوڵتانانی شیعر" و جۆزێف ئۆسلندەر، کە یەکێکە لە وەرگێڕە هەرە باشەکانی پترارک، بە دڵنیاییەوە دەڵێت : "غەزەلەکانی پترارک دەربارەی ژیان و دەربارەی مەرگی لایۆرا وێنەیەکی بێ هاوتا لە رووی کەماڵ و هەمەجۆرییەوە نیشان دەدەن و بێ گومان دەچنە ریزی شیعرە زیندووەکانی مێژووی غەزەلخوانی جیهانەوە".

### کاریگەری پترارک

پترارک، لە هەر هەموو ئەو شاعیرانەی کە بە زمانی ئیتاڵیایی شیعریان گوتووە، پتر کاری کردووەتە سەر ئەدەبیاتی قۆناغی دوای خۆی. ئەو داهێنەری سۆناتە (غەزەل) نییە، بەڵام دەیگەیەنێتە لووتکەی کەماڵ و لە نێو خەڵکیدا بڵاوی دەکاتەوە، وەکو بەراورد کراوە تەنیا لە ئەورووپای رۆژئاوادا لە سەدەی شازدەیەمدا پتر لە سێ سەد هەزار غەزەل گوتراوە کە شایەتییەکی زیندووە بۆ کاریگەری ئەو بزاڤەی کە بە پترارک گەرایی ناسراوە. ئەم بزاڤە (لە ئیتاڵیا، پرتوگال، فەرەنسا، ئەسپانیاو ئینگلیستان)دا بە شێوەی پترارک-ی، دەکەوێتە ستایشی ئەڤینی مەیلەو ئەفلاتوونی، خواستن و رەگەزدۆزی بەکاردێنێ، تاسەو لەزەتی بەدەنی دەرهەق بە خانمانی داوێن پاک، یان نارازی (ژنانی شوودار) رەفز دەکاتەوە. بوکاچۆ، رونسار، دوبلێ، چاسر، وایت، سوری، سیدنی، سپنسەرو شەکسپیر لەو شاعیرانەن کە بە قووڵی لە ژێر کاریگەری پترارکدا بوون.

## بوكاچۆ

جـۆڤـانی بوکـاچۆ (١٣١٣- ١٣٧٥)ی گـەورەترین چیرۆکبێژی جیهان، پێدەچێ لە پاریس هاتبێتە دنیاوە، بوکاچۆ کوڕی ناشەرعی بازرگانێکی مەیلەو دەوڵەمەندی خەڵکی شـارۆچکەی چرتالدۆ-ی نزیکی فلۆرەنسـایە، دایکی (بەڕای زۆربەی ژیاننامـەنووسـان) ژنێکی فەرەنساوییە بە ناوی جان. کاتێ جۆڤانی دەگاتە دوازدە ساڵی، بابی بە مەبەستی فێربوونی کار دەینێرێتە لای کابرایەکی بازرگان لە ناپولی. بوکاچۆ پاش شەش ساڵ، ئەم کارە ناسازە لەگەڵ زەوقیدا تەرک دەکات و دەست بە خوێندنی یاسا دەکات، کە ئەم کارەشی بەدڵ نابێ، بەڵام شـەش سـاڵێک درێژە بە خـوێندن دەدات، ئەم دوازدە ساڵەی کە لە شاری پڕ جموجۆڵی (شاروبیر)دا"٣٢" بە سەری دەبات، ڕەنگە خۆشترین ساڵانی تەمەنی بوکاچۆ بووبێ. بوکاچۆ لە چینی باڵای کۆمەڵگەدا دەگیرسێتەوەو لە سـاڵی ١٣٣٣دا پێـوەندییـەکی ناشـەرعی لەگـەڵ ماریاداکینۆ-ی کیژی ناشەرعی خودی شابیردا دەبەستێ، مـاریا (کە بوکاچۆ فیامیـتا، یان شولەی بچووک-ی ناو دەنێ) وەکـو بیـاتریچـەی دانتی و لایۆرا-ی پتـرارک، هاوسـەری هەیە و دەبێـتـە مـایەو سـەرچاوەی گـەلێک لەبەرهەمەکانی بوکاچۆ. بوکاچۆ بە خۆی دەیگێڕێتەوە کە پاش یەک ساڵ لە پێوەندی دڵداری ئەم دووە، مـاریا-ی هەوەسباز واز لە بوکاچۆ دێنێ و حەز لە پیـاوێکی دیکە دەکات.

بـوکـــاچـۆ لە ســـاڵـی ١٣٣٨دا بە هـۆی هەنـدێ تەنگوچەڵەمەی دارایی بابیـیەوە، ناچارو بە نابەدڵی بۆ چرتالد دەگەڕێتەوە. لەم شارەدا خوو دەداتە ئەدەبیات و ئەدەبیات و عـەشـقی فیـامیـتا دەبن بە هەوێنی ژیانی لە (ناپولی). لە مـاوەی ئەو دە سـاڵەدا کـە لە ناپولی دەگوزەرێ، بوکاچۆ دەبێ بە نووسەرێکی پڕ بەرهەم و زۆر زوو نـاوی دەکـەوێتـە سـەر زاران و هەمـوو کـۆڕو ئەنجوومەنەکان بانگهێشتی دەکەن. ئەکادیمیای فلۆرانسا بە بۆنەی دانی کورسی مـامۆسـتـایەتی بە پترارک (کە بوکاچۆ ساڵی ڕابردوو ئاشنایەتی دەگەڵ پەیدا کردبوو) لە ساڵی ١٣٥١دا بانگهێشتی دەکەن-هەڵبەتە پترارک-یش کورسییەکە قەبووڵ ناکات. دۆستـایەتی ئەم جووتە شـاعـیـرە تاکـو مـردنی پتـرارک (لە سـاڵی ١٣٧٤دا) بەردەوام دەبێ.

بـوکـاچۆ لە دوا سـاڵەکـانی تەمـەنیـدا گـیـرۆدەی دەستکورتی و داتەپینی جەستەیی و نیگەرانی دەربارەی پرســە ئـایینیـــیـــەکـــان دەبێ. لە ســـاڵـی١٣٦٢دا ئاگادارکردنەوەیەکی قەشەیەکی لەسەرە مەرگا، بوکاچۆ هان دەدات هەموو بەرهەمە نا مەزهەبییەکانی بسووتێنێ، لێ پتـرارک بەنامـەیەک لەو کـارەی پەشـیمـان دەکـاتەوە، بوکـاچۆ لە دوو سـاڵی کـۆتایی تەمـەنیـدا بۆ زانکۆی فلۆرەنسا بانگهێشت دەکرێ تا محازەرە دەربارەی دانتی بڵێتەوە و ئیدی تۆزێ دەبووژێتەوە. بوکاچۆ لە جرتالدۆ کۆچی دوایی دەکات.

## بەرهەمەکانی بوکاچۆ

وێڕای ئەم ڕاستییەی کە دانتی و بوکاچۆ لە ڕووی خوو و سروشت و میـتـۆدو ڕێبـازی هزرییەوە ڕێک پێچەوانەی یەکتری بوون، بوکاچۆ هەمیشە دانتی بە مامۆستای خۆی دەزانـی و ڕێزی پتـرارک-یشی وەکـو دانـتی دەگـرت، بوکاچۆ لە ژێر کاریگەری سیسرۆن، ڤیرجیل، جۆڤنال، ئاپۆلیوس، بنوادۆسنت، مۆر، گوئیدو دلاکۆلۆنا و چیرۆک و ڕۆمانس و فابیلۆکانی سەدەکانی ناڤیندا بووە.

بوکاچۆ، هەرچەندە بە چیرۆکبێژی ناسراوە، بەڵام زۆر بەسـتـەی شـوانکارەیی، غـەزەل، ڕۆمـانسین پەخـشـان و ڕۆمـانسـی شـیـعـری و یەک بەیتی داسـتـانی، چەند ژیاننـامەیەک و بەرهەمێکی تەنز ئامێـزیشی نووسـیـوە. هەندێک لە بەرهەمـەکـانی بەزمـانی ئیـتـاڵیـایین و هەندێکیان بە زمانی لاتینین.

## پەخشانی ئیتاڵیایی
## فیلۆکۆلۆیا فیلۆکۆپۆ ١٣٣٣

ئەمـە یەکـەمین بەرهەمی بەرجـەسـتـەی بوکـاچۆیە کـە بە گوتەی خۆی لەسەر داوای ماریا داکینۆ نووسیویەتی. ئەم ڕۆمانسە (چیرۆکی دڵداری و سەرکێشی) درێژە (حەوت کتێبە) لەسەر بناغـەی چیرۆکی شیعری "فلۆرۆبلانشفلۆر" ڕۆنراوە کـە بەیتـێکی سـەدەکـانی ناڤـینە، بوکـاچۆ ئەم چیـرۆکە کـۆنەی لە فـۆرم و قـاڵبێکی تازەدا کە لەگـەڵ سـەلیـقـەو زەوقی ناپول-ی سـەردەمی ڕێنیسـانسـدا بگونجێت، داڕشتووەتەوە.

بوکـاچۆ هاتووە کـۆمـەڵێک کـاراکتـەری نوێ، ڕووداوی تازە و وەسـفی تازەی بۆ چیـرۆکی ناوبراو زیاد کـردووە، کـاراکتـەرسازی چیـرۆکـەکە نالۆژیکییـەو شێـوازەکـەی

دەستکردو تاقەتبەرو پڕ لە سنعەتی ڕەوانبێژی و جوانکارییە. ئەم ڕۆمانسە (چیرۆک) بۆ خوێنەری ئاسایی ناکاتە هیچ، بەڵام بەلای هونەرپەروەرانەوە، یەکەمین بەرهەمی جددی بوکاچۆیە کە بە پەخشانێکی سفت و ڕازاوەو پڕ لە هونەری جوانکاری داڕێژراوە. ئەم چیرۆکە کارێکی کردووەتە سەر چاسر.

### فیامیتا ١٣٤١

بوکاچۆ بەم چیرۆکە لە ڕۆمانسەوە بەرەو ڕۆمانی سایکۆلۆژی هەنگاو دەنێ. فیامیتا بە خۆی چیرۆک و سەربردەی خۆی دەگێڕێتەوە: پانفیلۆ-ی ئاشقی فیامیتا، بە ویستی بابی، بە ناچاری دەست لە فیامیتا هەڵدەگرێ.

فیامیتا بێهوودە چاوەنۆڕی گەڕانەوەی دەکات و تەنانەت بیر لە خۆکوژی دەکاتەوە. مێردەکەی فیامیتا ماوەیەک دەیباتە سەفەر و گەڕان، بەڵام سوودی نابێ، فیامیتا دەگەڕێتەوەو هەر دڵی تەنگە، تا لە سەرەنجامدا دەگاتە قەناعەت کە ئەو تاقە ژنێک نییە کە ئەم جۆرە جەفایە دەکێشێت و ئەم بیرە سوکنایی دەداتێ.

### چیرۆکی شوانکارەیی ئامیتو ١٣٤٣

پەخشانە چیرۆکێکی مەجازییە کە بە شیعر ڕازاوەتەوە، لیبیا-ی پەری دەریایی، ئاشقە ڕاوچییەکەی خۆی بە دەستەیەک پەرییانی دەریایی دەناسێنێ و هەر کەسەو بە نۆرە سەربردەی ئاشقێنی خۆی دەگێڕێتەوە. هەنگێ دەردەکەوێ کە پەرییان ڕەمزی پاک داوێنین و مێردو ئاشقانی وان ڕەمزی نزمین، ئەم بەرهەمە هەوڵێکی ناکامە لەواری لێکدان و تێهەڵکێش کردنی چیرۆکی شوانکارەیی و مەجازی، ئەفسانەی کوفر ئامێزو ئەخلاقی مەسیحی کە پێکڤە هەڵناکەن. بە هەر حاڵ ئامیتۆ لەلایەنی هونەرییەوە سەرکەوتوو نییە، بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە وەکو یەکەمین ڕۆمانسی شوانکارەیی نوێ، وەکو هەنگاوێک بەرەو فۆرم و قاڵبی چیرۆکبێژی سەرکەوتووی دی کامیرۆن بایەخی خۆی هەیە. ئەم چیرۆکە کاری کردووەتە سەر سانتسارۆ و گواریني.

### دی کامیرۆن ١٣٤٨- ١٣٥٣

شاکاری بوکاچۆیە، ئەم کۆی سەد چیرۆکی هاوپەیوەستە لە یەک چوارچێوەدا.

### نەخشە

پێشەکی کتێبەکە باسی ئەوە دەکات کە چۆن حەوت خانمی لاو و سێ پیاوی گەنج لە ترسی تاعوونی ساڵی ١٣٤٨ی فلۆرەنسا بۆ دەرێی شار هەڵدێن. ئەم دە لاوە لە ماڵە هاوینەی یەکێک لەوان دەگیرسێنەوەو لەوێندەر بۆ کات بەسەر بردن تا ماوەی دە ڕۆژان حیکایەتان دەگێڕنەوە، بەم جۆرە هەر ڕۆژەی یەکێکیان حیکایەتێک دەگێڕێتەوە. لە ڕۆژی یەکەمدا هیچ بەرنامەیەکیان نابێ، بەڵام هەر چیرۆکێک، چیرۆکێکی دی لێ دەبێتەوە، بە جۆرێ کە لە کۆتایی هەر نۆرە چیرۆکبێژییەکدا بۆیان دەردەکەوێ کە چیرۆکەکانی ئەو ڕۆژەیان بە دەوری تەوەری یەک ناوەرۆکدا - لە خەتەر خەلەسین- سووڕاوەتەوە. لەوە بە دواوە لەسەر پێشنیاری ڕێبەری نا فەرمی گرووپەکە، کۆمەڵێک ناوەرۆکی تایبەتی بۆ ڕۆژانی داهاتوو هەڵدەبژێرن.

ڕۆژی نۆیەم - کە بەبێ ناوەرۆک ماوەتەوە- لایەنی ڕیز پەڕی هەس- نێوەرۆکە هەڵبژێرراوەکان بۆ ڕۆژانی داهاتوو بەم جۆرەن: (٢) بەختی بەد بەجۆرێکی چاوەنۆڕنەکراو باش بوو. (٣) چۆن سەبرو دروستی بووە مایەی سەرکەوتن (٤) و (٥) مەسەلەکانی ئەڤین (٦) بەرەکەتی ڕزگاربیەخشی زیرەکی (٧) خیانەت، فێڵ و گەندەڵی ژنانی مێرددار (٨) شەڕی موجامەلە ئامیزی ڕەگەزو (١٠) تەبیعەت بەرزییەکانی ئەڤین.

### سەرچاوەکان

پلۆت و نەخشەی داهێنەرانە لەچیرۆکەکانی بوکاچۆدا، ئەگەر داهێنانێک لەگۆڕێ بێ، زۆر کەم و سنوورداره. پلۆتان لە سەرچاوەیێن هەمە جۆرەوە هەڵدەبژێرێ - چیرۆکێن ڕۆژهەڵاتی، ئوڤید، ئاپۆلیۆس، فابیلۆ، واریقاتنامان، ڕۆمانسییێن سەدەکانی ناڤین، چەندین کۆ حیکایەتێن بەناوبانگی لاتینی سەدەکانی ناڤین وەکو: چیرۆکانی ڕۆمیان"٣٣"، ژیانی باوکانە، ئەفسانەیێن زێرێن"٣٤"، سەد چیرۆکی کۆن"٣٥" کە بە چیرۆکی بچووک-یش بەناوبانگە، نەقلێن زارەکی و ڕووداوەکانی ڕۆژ. هەر کاتێ ناوەرۆکێک بشوبهێتە سەر ناوەرۆکێکی دی، بوکاچۆ دەیگۆڕێ بۆ ناوەرۆکێکی نوێ. بوکاچۆ شەوق و زەوقی خۆی لە چیرۆکەکانیدا دەردەبڕێ، هەر هەموو دڵبەندییەکانی، شادی و لەزەتە دنیاییەکانی ڕاستگۆیانە لەم چیرۆکانەدا دەگێڕێتەوە.

### ناوەرۆک

لە کۆ چیرۆکی دی کامیرۆندا سیماو بونیادی کۆمەڵگەی مرۆڤانی بە هەموو فرە ڕەنگییەوە لە خوارترین چینی کۆمەڵایەتییەوە تا بەرزترین توێژان وێنە دەگیرێ. خوێنەر لە دەمێکدا دەبێ بە هاونشینی جەماوەری بێ نەوای کۆمەڵگە، دوای دەمێکی دی هەوای پاکی دنیای سوارچاکی و دلاوەری و جوامێری هەڵدەمژێ و دوای تۆزێکی دی بۆ ناو خەڵکی دڵسۆزو دروستکار و ساغڵەم و سەر ڕاست دەگەڕێتەوە. دەوڵەمەندی و هەمە لایەنی کارەکانی بوکاچۆ وای لە مێژوونووسان کردووە کە ناوی کۆمیدیای مرۆڤانی لەم کۆچیرۆکە بنێن- بەرانبەر بە کۆمیدیای خوایی، دانتی-.

### تۆن، شێواز و هاماج

بوکاچۆ لە کۆ چیرۆکی دی کامیرۆندا لە دەروونگەرایی بەرهەمەکانی سەرەتای دوور دەکەوێتەوە و چیتر دەربەستی ئەنجامگیری ئەخلاقی، یان شیکاری کاراکتەران نییە، کاراکتەرەکان بە ڕوونی جەوهەرو ماهییەتی خۆیان ئاشکرا دەکەن و خوێنەر هۆگری هەندێکیان دەبێ، بوکاچۆ هەر کاتێ کە بە پێویستی بزانێ قارەمانێک، یان کاراکتەرێک بە گوێرەی نەخشەو پلۆتی چیرۆکەکەی بخولقێنێ، بە زۆری سیفەتی زاڵی ئەو قارەمانە دەکات بە ناوی تایبەتی قارەمانەکەی، وەکو "نێرەنگ بازی"، "بەغیل" و "کەودەنی". تۆنی چیرۆکەکانی بوکاچۆ جۆراوجۆرن- هەندێکیان خەمین و بەشێکیان شاد و ژمارەیەکیان پڕ هەراو هەنگامەن.

هیچ چیرۆکێکی ئەوەندە فەیلەسووفانە نییە، بەڵام هەر هەموو چیرۆکەکانی زیرەکانەن. هەندێکیان پڕ سۆزو گوداز دەنوێنن و زۆریان ڕەشبینانەن. بوکاچۆ حەز لە وێنەگرتن و بەرجەستە کردنی ڕەبەنان و دێرنشینانی هەرزە، مێردانی کەودەن و ژنانی لاسارە، بەڵام سوود لە وێنەگرتنی سوارچاکانی وەفادارو بوێرو ژنانی سەلارو سەنگینیش وەردەگرێ (هەرچەندە لە وێنەگرتنی ژنی سەنگین و پاکڕەوشتدا ناکامە).

ئەو ڕەخنانەی کە لە بوکاچۆ گیراون پتر بە دەوری تەوەری بێ نەزانەکەتی ئەودا سووڕاونەتەوە. بێ گومان کە ژمارەیەک لە چیرۆکەکانی پڕن لە بێ نەزاکەتی و هەرزەیی. هەندێک لە ڕەخنەگران پێیان وایە کە دەبێ هەمیشە جیاوازی نێوان سەردەمی بوکاچۆو ڕۆژگاری ئێمە لەبەرچاو بگیرێ، بەڵام هەندێک لە چیرۆکەکانی بوکاچۆ، وەکو پترارک-یش لە نامەیەکی سەرزەنشت ئامێزدا ئاماژەی بۆ کردووە، تەنانەت بۆ قۆناغ و سەردەمی ڕێنیسانس-یش بە بێ شەرمانە دەژمێررێن. هەندێک لە ڕەخنەگرانی دی لەو باوەڕەدان کە دی کامیرون دنیایەکی خەیاڵی وێنە دەگرێت، لەبەر ئەمە ناکرێ بە گوێری پێوانەو پێوەرانی باو ڕەخنەیان لێ بگیرێ، بە هەر حاڵ ڕەنگە بتوانرێ ئەوە بگوترێ کە چیرۆکە بێ پەردەکانی بوکاچۆ بە مەبەستی ڕەواجدانی بێ نەزاکەتی نەنووسراون، بەڵکو جۆرە حەنەکچیاتی و نوکتەبازییەکی مەبەست بووە.

بوکاچۆ لە کۆ چیرۆکی دی کامیرۆندا شێوازی خۆی دەدۆزێتەوە. لەم کۆ چیرۆکەدا ئەو ناوەرۆکانە هەڵدەبژێرێ کە شارەزایی لێیان هەیەو حەزیان لێ دەکات. شێوازێکی ڕەوان و زمانێکی سواری هەیە، پەخشانی بوکاچۆ نموونەی پەخشانی ڕاستەقینەی کلاسیکە- پەخشانێکە کە دەبێ بە سەرمەشقی پەخشانی ڕێنیسانس دابنرێ.

### چیرۆکە بەناوبانگەکانی

ژمارەیەک لە چیرۆکە زۆر بەناوبانگەکانی کۆ چیرۆکی دی کامیرۆن بریتیین لە: ماستۆی باخەوان، گیلتای ناربوونە (سەرچاوەی شانۆنامەیەکی شەکسپیرە بەناوی ئەو شتە خۆشە کە ئاخری خۆش بێ)، لیزابتاو گوڵدانی ڕەیحان، قوشی فدریگۆ، ئاشقێک لە پەرستگەدا، گریزلدای بەسەبر.

### کاریگەری

دی کامیرۆن یەکێکە لەو چوار پێنج کتێبەی کە لە مێژووی ئەدەبیاتدا بە کاریگەرترین کتێبان دەژمێررێ. ئەم کتێبە نەک هەر سەرمەشقی گەلێک لە نووسەران و کۆکەرەوانی کورتە چیرۆکی ئیتاڵیایی بووە. بەڵکو کاری لە ناودارانی وەکو هانس ساکتس، لسینگ، لوپەدوگا، چاسر، شەکسپیر، درایدن، کیتس، تنی سن، مولیێر، لافونتین، دو مۆسێ و لانگفلۆ-یش کردووە.

### کورباچۆ ١٣٥٤

هەجوویەکی تیژە، هەم دژی ئەو بێوەژنەی کە داواکانی

بوکاچۆی ڕەتکردووەتەوەو هەم دژی هەمـوو تیـرەی ژنان. ئەم بەرهەمە زۆر جێگەی ئیحتوباری نووسەر نییە، بەڵام بایەخی لەوەدایە کـە سـەرەتای قـۆناغـێکی تازەی ژیانی بوکاچۆ نیـشـان دەدا–واتە قـۆناغی تـەرک کـردنی دنیـاو لەزەتەکانی دنیا.

## ژیانی دانتی ١٣٥٧- ١٣٦٢

ئەم بەرهەمە کە بە یەکەمین ژیاننامەی هونەرمەندێک دەژمـێـرری، لەم ڕووەوە زۆر بایەخـداره کـە هەندێک گـێـڕانەوەی زارەکی کـۆنی لەمـەڕ ژیانی نووسـەری کۆمیدیای خوایی تۆمار کردووەو پاراستووە.

## شیعرە ئیتاڵییەکانی بوکاچۆ

## تزیدە دەوروبەری ١٣٤١

بەیتێکی داستانی درێژە (بریتییە لە ١٢ کتێب) لە قـاڵبی بەندی هەشت بەیتیدا (ئۆتاڤاریما"٣٦")، هۆمەر، ڤـیـرجـیل، ئەسـتـایتـوس و لە گـینە ڕۆمـانسـێکی ڕۆژهەڵاتی، یان یۆنانی ونبوو سەرچاوەی ئەم داستانەن (مـەلحــەمـە). بوکـاچۆ لێــدەبڕێ ڕاپۆرتێک لەمـەڕ سەرکەوتنەکانی قارەمانانی یۆنانی کۆن ئامادە بکات، بەڵام شـارەزای مـەیدانی شـەڕ نیـیـە دەنگی تەپڵی سەرکەوتن ناناسێت. بەشی سەرەکی ئەم بەیتە سەرو سەختی لەگەڵ ئەڤیندایە: دوو هاوڕێ، پالمۆنە و ئارچیتا ئاشقی ئیـمیلیا دەبن، کە لەسەر دلبەر بە شەڕ دێن، ئارچیتا سەر دەکەوێ، بەڵام لە ئەسپ دەگلێ و دەمرێ و پالمۆنە لەگەڵ ئیمیلیادا زەماوەند دەکات.

ئەم بەیتە لە باری شیعرییەوە سەرکەوتوو نییە، وێڕای ئەوەش بەسەرچاوەو سرووش بەخشی چەند بەرهەمێکی بەهادار دەژمێررێ، وەکو (چیرۆکی سوارچاکی پالایمۆن و ئارسایت)ی چاسر، (دوو نەجیبزادەی خزم) لە نووسینی شەکسپیرو فلچەر و (پالایمۆن و ئارسایت) لە نووسینی درایدن.

## فیلۆستراتۆ ١٣٤٤

چیرۆکێکی شیعری درێژە (نۆ بەشە لە ٥٧٠٤ بەیتدا) کە لە فـۆرم و قـاڵبی ئۆتاڤاریمادا داڕێژراوە. بوکـاچۆ بۆ هۆنینەوەی ئەم بەیتە سوودی لەم سەرچاوانە وەرگرتووە: ئەو ڕاپۆرانەی لە واریقاتنامەکانی دیکتۆس کرتی"٣٧" و دارس فـریگیـەدا"٣٨" دەربارەی چیـرۆک و ئـەفـسـانەی تەرواده تۆمـار کراون، (ڕۆمـانسی تەرواده) لە نووسـینی بنوا دۆسنت مۆر، (مێژووی تەرواده) لە نووسینی گوئیدو دلاکۆلۆنا. فیلۆستراتۆ سەربردەی بەناوبانگی ترۆیلۆس و کرسیدا دەگێڕێتەوە، کە پاشان بە دەستکارییەوە لەلایەن چاسر، شـەکسـپیـر و درایدن–ەوە دووباره داڕێژراوەتەوە. لە دەقـەکـەی بوکـاچۆدا، ترۆیلۆ، بە کـۆمـەکی پاندۆرا، خوازبێنی کرسیدا دەکات، بەڵام ئەو پاشان بۆ ئۆردوگای یۆنانییـەکان هەڵدێ و حەز لە دیۆمید دەکات. ترۆیلۆ لە شـەڕدا دیۆمـیـد دەکـوژێ، بەڵام بە خـۆیشی بە دەسـتی ئاخیلۆس دەکوژرێ، ئەم بەیتە ڕەنگدانەوەیەکی ئاشکرای پێــوەندی خــودی بوکـاچۆیە لەگـەڵ مـاریا داکـینۆدا و شیکردنەوەیەکی سایکۆلۆژی بەرزو کۆمەڵێک شیعری پڕ جۆش و خرۆشی لە خۆگرتووە.

## خەونی ئاشقانە ١٣٤٤

بەیتێکی مەجازییە (لە پەنجا بەش پێکهاتووە) لەسەر بنەمـای خـەون ڕۆنراوەو لە قـاڵبی "ترزاریما"دا داڕێژراوە. ژنێکی جـوان (بەناوی پاکـڕەوشت) بوکـاچۆ بۆ قـەڵایەک ڕێنوێنی دەکـات کـە دوو دەروازەی هەیە، دەروازەیەکی تەنگ کە ڕووەو بەها مـەعنەوی و مـیـتـافـیـزیکـییـەکان دەکرێتەوە، دەروازەیەکی دی کە بەسەر دنیادا دەکرێتەوە. شـاعـیـر بە تەبیـعـەت دەروازەی دووەم هەڵدەبژێرێ، پاش گەشتـێک بە جیـهانی سەروەت و سامـان و ناوبانگی و ئەڤیندا (کە بوکاچۆ لەوێندەر فیـامیت دەبینێ و دەیەوێ مـاچی بکات)، دەگـەڕێنرێتـەوە بۆ دەروازە تەنگەکـە و بەیتەکە کۆتایی دێت. ئەم بەیتە مەجازێکە سەبارەت بە ئەشـقی دنیـایی، تەنیـا ئەشـقـێک کـە بوکـاچۆ دەرکی دەکات– و بەڵگەی ئەمەیە کە زانست و ئەشقی سروشتی دەبێتە مایەی شادمانی و کامەرانی هەمیشەیی، پتر لە پازدە بەشی ئەم بەیتە لە ڕاستـیدا وەرگێڕانێکی ئازادی هەندێ بەشی (میـتامۆرفۆس)ەکەی ئۆڤید–ە. ئەمە جگە لەوەی کـە ئەم بەرهەمـە لە ڕووی قـاڵب و کـێـشـەوە قەرزاری دانتییـە–کە ئەم کێش و قاڵبە بۆ ناوەرۆکی کتێبەکەی بوکاچۆ گونجاو نییە.

بوکاچۆ هەوڵ دەدات هزری نوێی ڕێنیسـانس لە قـاڵبی کۆنی مـەجاز–ی سەدەکانی ناڤیندا پیشـان بدات و. بە هەر حاڵ ئەم بەیتە، بە هەمـوو کـەموکـوڕییـەکـانیـیـەوە، بەیتێکی گەرموگوڕ و پڕ لە ئەفراندن و داهێنانە.

### چامەی شوانکارەیی ڤیزۆلە ١٣٤١

بەیتێکی شوانکارەییە لە قاڵبی "ئوتاڤاریما"دا (بەندی هەشت بەیتی) هۆنراوەتەوە. مینزۆلا-ی پەری جوان و ئەفریکۆ-ی ئاشقی وی، کە بە ناپاکی ئالوودەو لەوتاون، وەکو سزا دەبن بەرووبار، ئەم بەیتە چیرۆکی پرۆنلۆ-ی دامەزرێنەری ڤیەزۆلە"٣٩" و منداڵەکانی دەگێڕێتەوە، بەڵام بوکاچۆ زیاتر بایەخی بە سەربردەی مینزۆلاو ئەفریکۆ داوەو نزیکەی لە سەدی هەشتاو پێنجی بەیتەکەی دەگرێتەوە. لەوە دەچێ ئەم بەیتە کاریگەری بەسەر بربۆیاردۆ، ئاریۆستۆ، تاسۆو سپنسەرەوە هەبووبێت.

### بەرهەمە لاتینییەکانی بوکاچۆ
### دەربارەی ماڵباتی خودایانی بت پەرستان
### ١٣٥١ - ١٣٦٠

ئەنسکلۆپیدیایەکی مێژووی ئەفسانانە لە پازدە بەرگدا کە لە بەرهەمەکانی ئۆڤیدەوە هەڵێنجراوەو وەرگیراوە. ئەم بەرهەمە لە باری بەرەڤانی لە شیعرو شاعیری-یەوە نەمرە.

### دەربارەی کەوتنی پیاوانی ناودار ١٣٥٦ - ١٣٦٤

بوکاچۆ، لەم کتێبەدا وێنەی کۆمەڵێک کەسایەتی بەرجەستە، لە حەزرەتی ئادەمەوە بیگرە تا دەگاتە هاوچەرخانی خۆی، دەگرێت و بەسەرهاتی پڕ لە کارەساتیان دەگێڕێتەوە. مەبەستی بوکاچۆ نیشاندانی ناپایەداری و بێهوودەیی مەزنی و گەورەیی مرۆڤانییە. ئەم بەرهەمە بە سەرچاوەی سەرەکی "چیرۆکی ڕەبەن"ی چاسر دەژمێررێ و ئەمە جگە لەوەی کە سێبەری بەسەر (کەوتنی شازادەکان)ی لیدگیت"٤٠" و کۆ چیرۆکی (ئاوێنەیەک بۆ دادپرس)ی فیرەرز"٤١" و بالدوین-ەوە دیارە"٤٢".

### دەربارەی ژنانی ناودار ١٣٥٦

ئەم کتێبە سکێچی سەدو چوار ژنی ناودار، لە حەواوە بیگرە تا دەگاتە جۆڤانای شاژنی ناپول، لەخۆ دەگرێ. لە بن دێری ژیاننامەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ژنان بوونەوەرانی سست و لاوازن و دەبێ باڵادەستی پیاویان پێ قەبووڵ بێ، ئەم کتێبە سرووشبەخشی چاسر بووە لە نووسینی "ئەفسانەی ژنانی باش"دا.

### کورتەیەکی ئەو ڕەخنانەی لێی گیراون

ڕازی بایەخی بوکاچۆ، وەکو پترارک، لە پێشڤەبرنی ئارمانجەکانی ڕێنیسانس و لە گەورەیی بەرهەمەکانیدا پەنهانە. بوکاچۆ لە ڕای ڕێنیسانسدا دەکەوێتە شان بە شانی پترارک و لەواری بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی یۆنانی و لاتینیدا هەنگاوی گەورە دەنێ. بوکاچۆ یەکەمین مرۆڤی چەرخی تازەیە لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا کە دەکەوێتە فێرکردنی یۆنانی و قەناعەت بە زانکۆی فلۆرانس دەکات کە کورسی فێرکردنی زمانی یۆنانی بەڕێوەبەرێ، بوکاچۆ، هەرگیز لەواری شاعیریدا گەورەیی بە دەست نایەنێ، بەڵام ئۆتاڤاریما (بەندێن هەشت بەیتی) دەگەیەنێتە لووتکە، کارێکی زۆر گەورە دەکاتە سەر شاعیرانی دواتر.

بوکاچۆ لە مەیدانی پەخشاننووسیدا وەکو مامۆستا بلیمەتی خۆی دەنوێنێ. هەرچەندە شێوازی پەخشانی سەرەتاکانی تاقەتبەر، دەستکردو تەژی پیشەی جوانکارییە، بەڵام دی کامیرۆن-ەکەی ڕێزمانی ئیتاڵیایی دەچەسپێنێ و هاوئاهەنگی بە پەخشانی ئیتاڵیایی دەبەخشێت و دەورێکی بەهادار لە چەسپاندنی زمانی فلۆرەنساییدا وەکو زمانی یەکگرتووی ئەدەبی ئیتاڵیا دەگێڕێت. لێرەدا کورتبڕی دەگەڵ ڕەوانی و ئاڵۆزیدا ئاوێتە دەکات و شێوازێکی ڕازاوە بە هونەرێن جوانکاری، وەزندارو سواری ئەوتۆ بە دەست دێنێ کە هەندێک جار لە زمانی دیالۆگەوە نزیکە. بوکاچۆ هەرچەند لە شکۆی ئەخلاقی دوورەو حەماسەتێکی ئەوتۆی ئایینی و ڕەگ و ریشەیەکی قووڵی فەلسەفی نییە، بەڵام بە قووڵی دڵبەندی هونەری جددییە. بە هەر حاڵ دی کامیرۆن، کە شاکاری بوکاچۆیە، بەرهەمێکی تەڕو بڕو زیندووەو لە دەوڵەمەندی و فرە ڕەهەندیدا، هاوسەنگ و هاوتای بەرهەمەکانی دانتی و شەکسپیرە.

بیرەوەری ٢٥ ساڵ لەمەوبەر

(١)

# ئەفسانەی شکانی سێ شت لە ماڵی ئێمەدا

مارف خەزنەدار

جەنگی عیراق و ئێران کارەساتێکی قورس بوو، کارێکی گەورەی کردە سەر ژیانی ئەو سەردەمەی کورد و ڕۆژگاری داهاتووی نەتەوە، کە پەیامی داخستنی بەشی کوردی لەکۆلێژی ئەدەبیاتی زانستگای بەغدا کەوتە بەر گوێم پێش ئەوەی بیر لەناخۆشی هەواڵەکە بکەمەوە، بیرم بۆ ئەوەچوو، ئەنجام خێر بێ، خەبەر بە پاش، خودا خۆی دەیزانێ ڕووداوی سێیەم چی دەبێ!

ئێمە لەماڵەوە هەندێ خوو و ڕەوشت و نەریتمان هەیە، هەر چەندە ئەفسانەیی و نامەنتیقیش بن، زۆرجار پێڕەویان دەکەین و دڵمان خورپە دەکا. بۆ بەڵگە ئەگەر قاپێکی فەخفووری لەماڵ بشکێ، کارێکی ئاساییە، بەڵام لە دوای ئەودا شووشەیەکی تریش بشکێ بەلای ئەندامانی خێزانەکەمانەوە بە تایبەتی ژنان ئەم دوو زیانە دەبێ سێیەمی لەدوا بێ. بەم جۆرە چاوەنۆڕی شکانی شتی سێیەم دەکەین. هەر لەبەر ئەوەشە هەندێ جار بۆ سێیەمەکە خۆیان شتێکی بێ نرخ دەشکێنن بۆ ئەوەی شکانەکە نەکەوێتە بەر شتێکی بەنرخ و یەکانە.

کردگار ئاگای لێمان بێ، کارەساتی یەکەم جەنگی عیراق و ئێران زۆر گەورە و قورس بوو، ئەمەشیان داخستنی بەشی زمانی کوردی وەنەبێ بچووک بووبێ، چونکە لە قەوارەی کولتووری نەتەوایەتیدا بوو، کاری گەورەی هەبوو بەسەر چارەنووسی خوێندەواری و ڕۆشنبیری کوردیدا.

بەیانییەکی زستانی خۆشی بەغدابوو، تاڕادەیەک خەڵکەکە بە جەنگ ڕاهاتبوون. موحازەرەی یەکەمم لە کۆلێژی ئەدەبیات گوتبووەوە، بەدەم چایەی پاش

موحازەرەوە لەدەمەتەقێدا بووین، هەواڵ گەیشت، گوتیان بەشی زمانی کوردی داخراوە. بڕیارەکە نزیکەی مانگێک لەمەوبەر (١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠) لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دەرچووە. هەروەها بڕیاری ئەوەشیان داوە پاشماوەی بەشەکە تێکەڵ بە بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی زانستگای بەغدا بکرێ، بەمەرجێ تەنیا زمانی کوردی تێدا بخوێنرێ.

هەواڵەکە ناخۆش بوو، چونکە مەڵبەندێکی خوێندەواری تەمەن نزیکەی چارەکە سەدەیەک (١٩٥٩-١٩٨١) لەناوبرا. ڕووداوێکی گرنگ بوو بۆ من، منی قوتابی کۆنی کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدا، ئینجا مامۆستا لەو دەسگایە، دوازدە ساڵ بوو مامۆستا بووم تێیدا و هەشت ساڵ بوو لەوێ سەرۆکی بەشی زمانی کوردی بووم. لەگەڵ ئەوەشدا ختووکەیەکی نەرمی خۆشی بەناو دەمارەکانمدا گەڕا. لەوکاتەدا ئەوە هات بە خەیاڵمدا بە داخستنی بەشەکە نەبوایە ڕزگاریم لەسەرۆکایەتییەکەی نەدەبوو.

لەڕۆژی یەکەمەوە کە ئەم کارەیان بە من سپارد نارازی بووم، لەگەڵ هەموو تەنگوچەڵەمە و هەرەوەزی کردن لە تەک هەندێ کەسی ناکەس، شانازی بەو ماوەیە دەکەم لە ژیانی خوێندەواریمدا. داخستنی بەشی زمانی کوردی یەکێک لە پیلانەکانی پێشێل کردن و تەسک کردنەوەی قەوارەی مافی کورد بوو لە عیراقدا.

من لە هەموو کەس زیاتر پەلەم بوو، بە کوڵ ئارەزووم دەکرد پێش کۆتایی ساڵ (١٩٨٠) هەموو شتێک لەم ڕووەوە دیاری بکرێ. وابوو کۆبوونەوەیەکی ڕەسمیم لەگەڵ زیائەدین حەموودی عەمیدی کۆلێژی ئەدەبیات و خاشیع مەعازیدی عەمیدی کۆلێژی پەروەردە کرد. خۆشم وەکو سەرۆکی بەشی کوردی داخراو سێ قۆڵی بڕیارمان دەرکرد، قوتابییانی پۆلی یەکەمی ئەو ساڵەی کۆلێژی ئەدەبیات بدرێنە کۆلێژی پەروەردە و بەرنامەکانی کۆلێژی ئەدەبیات لە پۆلی دووەمەوە لەکۆلێژی پەروەردە بەردەوام بێ تا پاش سێ ساڵی تر کۆتایی بەخوێندن دێنن. هەروەها بڕیاری ئەوەش درا تا ساڵێکی تر بەشەکەی کۆلێژی ئەدەبیات هەر لەوێ بمێنێ و بۆ ساڵی داهاتوو بە ناوو ناوەرۆکەوە بچێتە ناو کۆلێژی پەروەردەوە.

بەم جۆرە بەخشکەیی و بەهێمنی و بێ چەند و چوون و باس کردن لە گێتی ڕاگەیاندن، بەتایبەتی لە ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا بەشی کوردی لەکۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدادا توایەوە. منیش وەکو کوردێک پەست و گرژ بووم، وەکو ئادەمیزادێکیش شنەیەکی نەرمی بای خۆشی لەناو دەروونمدا دەگەڕا، چونکە دوا سەرۆکی ئەو بەشە بووم، بەسووک و ئاسانی کۆڵم لەکۆڵی بووەوە و لەپاش چەند مانگێکی تر ئازاد و سەربەست دەبم و چاوەنۆڕی ئەوە بووم ڕووداوی ناخۆشی سێیەم (شکانی شووشەی سێیەم) چۆن دەبێ و کەی دەبێ؟!

ڕیپۆرتاژێکم لە بابەت کێشە هەرە گرنگەکانی ئەدەبەوە لەگەڵدا کرا، نەمدەزانی ئەم ڕیپۆرتاژە دوا وتەی وەرزی ژیانی بەغدام دەبێ. بەبیرم دانەدەهات لەپاش بڵاوکردنەوەی ئەم گفتوگۆ قووڵە لە بابەت ئەدەبەوە بۆ ماوەی هەشت ساڵ هیچ شتێک لە ڕۆژنامە و کۆوارەکانی عیراق بە کوردی و عەرەبییەوە بڵاو ناکەمەوە.

من ئاتاجی ئەوە نەبووم بیروڕاکانم لە بابەت ئەدەبەوە بە شێوەی ڕیپۆرتاژ، یان باس و وتار بڵاوبکەمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەمدەتوانی داواکاری کەسێکی وەکو عەبدولڕەزاق بیمار نەهێنمە دی. بیمار بۆی هەبوو ئەمڕۆ بە تۆ بڵێ کوردی زانی باشی و سبەینێ ڕایەکی تر دەربڕێ بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی دوێنێ. ئەمەی لەگەڵ هەندێ کەسدا کردبوو، منیش یەکێک بووم لەوان. ئەوەی گرنگ بێ لەم لایەنەوە بۆم نەکرا ئەمە بکەمە هۆی ئەوەی دڵم لێی بڕەنجێ، لەبەر ئەوە بوو داواکەیم هێنایە دی و گفتوگۆ بڵاوکرایەوە (٥ی مارتی ١٩٨١).

بەدەگمەن لە ڕۆژنامەگەری لای خۆماندا ئەوە ڕووی دەدا بیروڕای کەسێک، بەبێ دەسکاری وەکو خۆی بڵاوبکرێتەوە، ڕەنگە بڵاوکردنەوەی قسەکانی من وەکو خۆیان زیاتر پێوەندی بە جۆر و شێوەی قسەکانەوە هەبێ کە لە پولیسیکی ڕۆژنانەوە دوور بوون. هەروەها بڵاوکردنەوەیان بەزمانی کوردی ڕێگەی بۆ جۆرێ ئازادی و دیموکراتی خۆش دەکرد، چونکە خوێنەری کورد کەمتر بوون، بۆیە هەندێ جار ئەوەی بەکوردی بڵاودەکرایەوە ئەگەر کتومت وەکو خۆی بکرایە بەعەرەبی ڕەنگ هەبوو سانسۆر ڕێگەی ئەم تێکستە تازەیەی نەدابایە.

لەم گفتوگۆیەدا ویستم هەڵوێستی ڕۆشنبیری کورد لە

بۆشاییەکی تەنگەبەری ساکاری رووکەشی دیاریکراو لە بابەت بەرهەمی ئەدەبی کوردییەوە بۆ گێتییەکی فراوانی پڕ لە تەنگوچەڵەمــەی ژێر بەرەی نەبینراو دەربێنم. ئەم تیـۆرییـە تازەیە کـەڵکی زۆرە بۆ دوارۆژی خـوێندەواری و رۆشنبیری کوردی، چونکە بێ توانا و ئەو کەسانەی یاری بە بیروهۆشی خەڵکی دەکەن ترس دەچێتە ناو دڵیانەوە و جارێکی تر خۆیان دەخوێننەوە و راستی بوونی خۆیان بۆ ئاشکرا دەبێ، ئەوجــا واز لەو کــارە قــورســە دێنن کــە نووسینی پێ دەڵێن، یان هەوڵ و کۆشش دەدەن بۆ ئەوەی هونەریان بگەیەننە پلەیەک بتــوانن ببن بە نووســەر و بەرهەمــێکی بەرز بخــەنە ناو گــەنجــینەی ئەدەبیــاتی نەتەوەوە.

ئەم بڵاوکردنەوەیە لەناو کـۆمـەڵێ خـوێندەواری کـورد دەنگی دایەوە. لـە هـەڵوێســـــتی وادا هەوڵم دەدا بـەو بیـروڕایانەدا بچـمەوە بۆ ئەوەی راستی بەهێزتر بخـەمـە روو. هەرچەندە ئەمـە نەگـەیشـتـە ئەنجـام بەهۆی ئەوەی بڵاوکردنەوەم وەستاند و یەکجار بەختیار بووم بە بڕیاری وەسـتـاندنی بڵاوکـردنەوە، چونکە لەکاتێکدا ئەو بڕیارەم دەرکـرد، خـوێنەرانم بەخـتـیـار بوون بەو بەرهەمـەی دوا بەرهەمم بـوو، ئەویش تەنیـا بۆ ئەوەی زمـانم هەندێ درێژ بێ و بتوانم لە هەڵوێستێکی پڕ لە هێزەوە یاغی بم. بەم جـۆرە خـەڵکی منیـان لەبیـر ناچێـتـەوە و لەسـەریشم دەکەنەوە.

ســـەرەتای بەهار بوو چاوەنۆڕی نەورۆزی پیــرۆزمـــان دەکـرد، بەهار هەندێ خـۆی گـۆڕیبـوو. بەغـدا لێـو بە بارو تۆزاوی خۆی دەخستە روو، دەنگی بۆمبا بارانی جەنگی عیراق و ئێران سرەوتی بۆ نەبوو، کەچی بەهار لە بەهاری خـۆی نەکـەوتبـوو، بۆنی خـۆشی چۆڵ و بیـابانی دەوری شاری گەورە دەگەیشتە هەموو ماڵێک.

سکرتێری بەشی زمانی کوردی کچە عەرەبی ئەسمەری جـوانی هێـمن و لەسـەرخۆ، ئەدگـار رێکی خـوێن گـەرمی دڵسـۆز نـاوی ئیـسـتـیـقـلال بوو. بەدەم هەنسکەوە ئەو بەیانیـیـە (٧ی مـارتی ١٩٨١) هاتە لام. من لـەبەر ئەو پەشۆکام، وام زانی کارەساتێکی لێ قەوماوە، لەبەر ئەو گرژ بـووم، گوتی: هەواڵێکی ناخۆش، نازانم چۆن پێـتی بڵــێم، زمــانم لاڵ بێ! گــوتم: دەی زووکـــە! گــوتی: سکرتێری عـەمیـد تەلەفۆنی بۆ کردم خانەنشین کراوی. گرژیم بوو بەگەشینەوە، دامە قاقای پێکەنین، گوتم: بێ قــەزا بی منت تۆقــاند، وام زانی شــتــێک بەســەر تۆدا هاتووە. سوپاس بۆ ئەو هەواڵەی من دەحەسێنێتەوە.

لەمــاڵەوە خـێـزانی نازدارم گـوتی: چەند رۆژێکە دڵم خــورپە دەکــا، چاوم رادەچەنێ، دەبوو تووشی ناخــۆشی سێیەم ببین، ئەوە ئەویش بوو، لەگەڵ ئەوەشدا سوپاس بۆ خــوا. گــوتم ئەوە چی دەڵێی، ناخــۆشی چی و یەکــەم و دووەمی چی!؟ گـوتی: تۆ باوەڕت پێی نیـیـە، بەڵام ئەوە راستـە. یەکەمیان جەنگی عیراق و ئێران زۆر گەورەیە، دووەمــیــان داخـســتـنی بەشی زمــانی کــوردی زیانی لە نەتەوەدا، سـێـیـەمـیـان دوورخـسـتنەوەت لەکـار، لەگـەڵ هەمـوو بێ باکـییـەکیـشمـان لەم رووەوە، وەزعی داراییمان تێک دەچێ، مـیـدیای کـچم کـە هاتەوە و هەواڵەکـەی بیـست، دایە پرمەی گریان. لەگـەڵ ئەوەشدا لەکـاتی نان خواردندا هەندێ هەوای خۆشیم خستـە ناو دڵیـانەوە. ئەوەم بۆ روون کـــردنەوە ئەم کـــارە دەبێـــتـــە هۆی بەرزبوونەوەی پلەو پایەی ناوبانگم لەناو کـۆمـەڵدا. لە بارەی داراییـشـەوە مـاڵی ئێـمـە تاقی کـردنەوەمـان زۆرە لەژیانی نـاگــزووری و لام وایە ئەم ژیانـە تازەیە گــەلێ قورس نابێ بەسەرمانەوە.

مـاوەی بیست رۆژ زیاتر پێش ئەو رۆژەی هەواڵەکـە بە من بگا بڕیاری ئەنجوومەنی فەرماندەی شۆڕش (مجلسى قــيــادة الثــورة) (ژمــارە ٢٠٨ی رۆژی ١٩ی شـوبـاتی ١٩٨١) بە ئیـمـزای سەرۆکی دەوڵەت سەدام حوسێن لە رۆژنامەی رەسمی «الوقائع العراقية» بڵاوکرایەوە. گەلێ بەخـتـیـار بووم بەوەی لەگەڵ کـەڵە زاناو پرۆفیـسـۆرەکـانی وەکو مەهدی مەخزوومی و عەلی جەواد تاهیر و شـاکـیر خـەسـبــاک و هی تر خـانەنشین کـرام. هۆی بنچـینەیی دوورخـسـتـنەوەم لە زانسـتگا ئەوە بوو هەرەوەزیم لەگـەڵ پارتی بەعـسـی دەسـەڵات بەدەست نەدەکـرد و خـۆم لێی نزیـک نەدەکـردەوە. ئەوان هەوڵیـان دەدا وەزیفـەی بە ناو گـەورەم بدەنێ بۆ ئەوەی لەسـەر مـافی کـوردی حـسـێب بکەن، منیش لەبەر ئەوەی دەمزانی مەسەلەکە بۆ چاکەی ئەوان و خــراپەی کــوردە، خــۆم نەدەکــردە قــوربانی ئەم مەسەلە چەوت و چەوێڵ و خوار و خێچە.

چەند رۆژێک هاتوچۆی کارگێڕی و دەسگاکانی میریم کرد بۆ تەواوکردنی کاروباری خانەنشینییەکەم. ئیتر کە

کارەکە تەواو بوو و مووچەکەم بەسەد و هەشتاو پێنج دینار دەست نیشان کرا، چاوم بەهیچ دامودەسگایەکی میری نەکەوتەوە، لەبەر ئەوەی قەرزاری بانکی خانوو دروست کردن بووم لە هەولێر، هەموو مانگ سی دیناریان لەمووچەکەم دەگێڕایەوە، ئیتر دەبوو بەسەدو پەنجاو پێنج دینار بژیم. خانووەکەی هەولێریشم تەواو نەببوو. هەموو جموجۆڵییەکی دیاری خوێندەواریم وەستاند: وتارەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامە و کۆوارەکان، دەرنەچوون لە ماڵ و گۆشەگیرییەکی وا تەنیا سەری مانگان لەماڵەوە بە پیاسە دەچووم بۆ بانکی بازاڕی نێوەندی لە گەڕەکی مەنسووری بەغدا بۆ مووچە وەرگرتن.

لەماڵەوە بایی ئەوەندە خشڵ و زێڕی کۆنینەمان هەبوو هەر جارە پارچەیەک بفرۆشین بۆ ئەوەی نزیک لەو ژیانەی بیەینە سەر کە فێری ببووین، دۆست و برادەرانیش مەپرسە! هاتوچۆ کەم بوو، بەڵام زۆر لەوانەی چاوەنۆڕم دەکردن، ئەگەر هەژاریش بم دەورم بەرنادەن، ئەمانە ڕووسپییەتی خۆیان خستە ڕوو، کەمیش لەوانەی چاوەنۆڕم دەکردن، ئەگەر دەست کورت بم سڵاوم لێ نەکەن، ئەم کەمەش دڵسۆزی خۆیان نواند.

من بە تەنگەوە نەبووم، ئەو کەمەی بەتایبەتی لەو سەردەمەدا سۆزیان هەبوو بۆ من، بەس بوون، لەبەر ئەوەی ڕاست بوون لەناو کۆمەڵدا سەنگ و قورسییان هەبوو گومانم لەوەدا نەبوو بە ژمارە زۆرن و کەم کەسی بەختیاری وەک من پێیان شاد دەبێ. پیاو کەسی نزیکی خۆشەویستی وەکو (جەمیل ڕۆژبەیانی و حەمە ساڵح دیلان و عەبدولخالیق مەعرووف و دڵشاد مەریوانی) هەبێ، چۆن هەست بە بێکەسی دەکا!

# کۆمەڵناسی زمان

د. محمد رضا باطنی
لە فارسییەوە: ئارام شەکیبائی (هەورام)
(پاوە)

کۆمەڵناسی زمان یەکێکە لە زانستە نوێیەکان کە لە بەیەک گەیشتنی دوو زانستی زمانناسی و کۆمەڵناسی پێک دێت. هەروەها دروونناسی زمـــــان لە بەیەک گەیشتنی دەروونزانی و زمانناسی پێک هاتووە.

زمانناسی، زمان جودا لە مرۆڤ و کۆمەڵگە دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە و دەکۆشێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، کە زمان وەک سستمێک چۆن سازکراوە و چۆن کار دەکات، ڕێزمانی زمانەکان چۆنە؟. کاتێک زمان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو کەسەی بەکاری دەبات، دەخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە و مەبەست وەڵامدانەوەی چەندان پرسیارەوە وەک: مرۆڤ چۆن فێری زمان دەبێت؟

ئاسەواری زمان لەسەر بیر و بیرکردنەوە چییە؟ مرۆڤ چۆن زمان بەکاردەبات؟. ئەوە ئێمە باس لە دەروونناسی زمان دەکەین. کاتێک کە زمان لەگەڵ کۆمەڵگە و کاریگەری کۆمەڵگە لەسەر زمان و کاریگەری زمان لەسەر کۆمەڵگە دەخرێتە ژێر لێکۆڵینەوەوە، ئەوە باس لە کۆمەڵناسی زمان دەکرێت. کۆمەڵناسی زمان لە چەندین بواری جیاجیا پێک دێت. لەم وتارەدا ئێمە بڕێک لە بوارەکانی کۆمەڵناسی زمان شی دەکەینەوە.

**سنووری وڵات و سنووری زمان**

بە ڕای زۆرینەی خەڵک، دانیشتووانی هەر وڵاتێک هەموویان هاوزمانن، بۆ نموونە هەموو دانیشتووانی وڵاتی هیند بە زمانی هیندی قسە دەکەن. لە بەریتانیا زمانی ئینگلیزی و لە وڵاتی کۆنگۆدا زمانی کۆنگۆیی بڵاوە؛ کە ئەمە باوەڕێکی هەڵەیە. سنووری جوگرافیایی وڵاتەکان، شتێکی سیاسییە و دەشێت تووشی گۆڕانکاری بێت، بەڵام سنووری زمانی شتێکی فەرهەنگی – مێژووییە. سنوورە زمانییەکان لە بەرانبەر

سنووره سیاسییەکاندا بە تەواوی ڕوون و دەست نیشانکراو نین و بە ئاسانیش تووشی گۆڕانکاری نابن، بۆ نموونە لە کاتی دابەش بوونی ئەڵمانیا و دووکەرت بوونی شاری بەرلین، یان پێک هاتنی کۆریای باکوور و باشوور کە گۆڕانکارییەک لە سنووری سیاسی بوون، زمانەکانی ئەڵمانی و کۆریایی گۆڕانکاریان بەسەردانەهات. واتە زمانی کۆریای باشوور و کۆریای باکوور جیانەبوونەوە. کەواتە سنووره زمانییەکان لە سنووره سیاسییەکان جیاوازن و زمانێک پەیدا دەبێت کە سنووری چەند وڵات لە خۆ دەگرێت (وەک زمانی فەرەنسی و عەرەبی) و لەبەرانبەردا وڵاتێک پەیدا دەبێت کە دانیشتووانی لە ئاخێوەرانی چەند زمان پێک دێن (وەک هیندستان)، هەروەها وڵاتێک هەیە کە زمانێکی تایبەت بە خۆی نەبێت (وەک ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا)، لە بەرانبەردا وڵاتێکیش پەیدا دەکرێت کە زمانی تایبەت بەخۆی هەبێت (کە لەم وڵاتەشدا یەکپارچەیی زمانی تەواو نییە، چوون لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا کەمینەیەک هەیە کە زمانیان جیاوازە لە زمانی زۆرینە). واتە بابەتی «وڵاتێک و زمانێک» زۆر کەم دەچێتە نێو ڕاستییەکان.

یەکیان نەبوونی سنووره زمانی و سیاسییەکان زۆرجار بووە هۆی کێشە و ئاڵۆزی، یەکێک لەو کێشانە کاتێک هاتووەتە ئاراوە کە دەسەڵاتێک دەستی بەسەر ناوچەیەکدا گرتووە کە دانیشتووانی زمانیان جیاواز بووە لە زمانی داگیرکەران. داگیرکەر تێکۆشاوە بۆ گۆڕینی زمانی شکست خواردووەکان.

مەبەستیان لەم کارەدا ئەوەیە کە ئەو خەڵکە لە نێو فەرهەنگ و نەتەوەی خۆیان بتوێننەوە تا هەستی نەتەوەیی و سەربەخۆ بوونیان نەمێنێ و خۆیان بە بەشێک لە وڵاتی داگیرکەر بزانن. مێژوو چەندین جار هەڵە بوونی ئەم باوەڕ و مەبەستەی نیشان داوە. لەبەر ئەوە کە هەستی نەتەوایەتی تەنیا لە زمان و هاوزمانی نییە و چەندین شتی دەروونی، کۆمەڵگەیی، مێژوویی، ئابووری و فەرهەنگی کاریگەرییان هەیە، بەڵام بە داخەوە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هێز و دەسەڵات ئەوەیە کە پێشوازی لە ڕەخنە و سەرنجەکان ناکات. لەم بوارەشدا چەندین ڕووداوی دڵتەزێن و کۆمەڵکوژی ئەنجام دراون. ڕۆبرت هاڵ لەم بارەیەوە دەنووسێت: «یەکێک لە نموونەکانی ئیمپراتۆری نەمسا - مەجاریا بووە، کە هەردوو بەشەکەی پێش ساڵی (١٩١٤) لە پێناو ئەڵمانی و مەجەڕی کردنی زمانی دانیشتووانی سنووری خۆیان هەوڵیان دا و خەڵکیان بە زۆر هان دەدا بۆ قسە کردن بەو دوو زمانە. ئەڵمانیا بەر لە ساڵی (١٩١٤) لە هەوڵداندا بوو بۆ لەنێو بردنی زمانی کەمینەکان وەک پۆڵەندایی و دانیمارکییەکان و دڵڕەقییەکی زۆری نواند. پێویست بەم کۆشش و هەوڵە نابەجێیانە نەبوو کە دەسکەوتێکی باشیان نەبوو، ئەم کارانە تەنیا نیشاندەری زۆربێژی و داگیرکەری نامرۆڤانەی گەلێک لەبەرانبەر گەلێکی تر بوو. لە بەرانبەردا هەستی نەتەوەپەرستی و ئەویندارى زمانی خۆیان لە کەمینەکان فراوانتر بوو. لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە ساڵی (١٩١٨) وڵاتانێک لە لایەن ئەو نەتەوە ژێردەستانە سەربەخۆییان پەیداکرد وەک پۆڵەندا، چێکسلۆڤاکیا، یۆگسلاڤیا، ڕۆمانیان، کە هەوڵیان دەدا بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ زمانی داگیرکەران. ئەم دژایەتی کردنانە بوونە هۆی گیرساندنەوەی هەستی ئەڵمانیا و مەجاریا بۆ تۆڵەسەندنەوە و دووبارە داگیرکردنەوە و یەکێک لە هۆ سەرەکییەکانی شەڕی دووەمی جیهانی بوو. «هاڵ. لا ٢٦٤)

یەکێکی تر لە بابەتەکانی بواری سنووری زمانی هەڵبژاردنی زمانی فەرمی بۆ وڵاتێکی چەند زمانییە (مەبەست لە وڵاتی چەند زمانە، وڵاتێکە کە دانیشتووانی بە زمانی جیاجیای دایکی بئاخڤن). ئەم کێشەیە لە هەر وڵاتێکدا بە شێوازێک چارەسەر دەکرێت. لە هەندێ وڵات زمانێک کە لە ڕابردوو ویژەیەکی بەهێزی بووە، دەکرێت بە زمانی فەرمی. لە هەندێ وڵاتی تر زمانێک کە ژمارەی ئاخێوەرانی زۆرتر بێت، دەکرێتە زمانی فەرمی.

لە هەندێ وڵاتدا پتر لە یەک زمانی فەرمی دەست نیشان دەکرێن. (عیراق، سویسرا). لە هەندێ وڵاتی تازە سەربەخۆدا، هەڵبژاردنی زمانی فەرمی کێشەی زۆری بە دواوە بووە و لە بڕێک وڵاتدا زمانی داگیرکەران هەر بە زمانی فەرمی دەناسرێت دوای ئەوە کە دانیشتووانی ڕێک نەکەوتن لە هەڵبژاردنی یەکێک لە زمانەکانی خۆیان. کاتێک کە بێژەرانی دوو زمان لە زمانێکی تر کەڵک وەردەگرن بۆ پێوەندی، ئەوە دەوترێت لە زمانی ناوەنجی کەڵکیان وەرگرتووە.

**زمانی ناوەنجی**

بەکار هێنانی زمانی ناوەنجی شتێکی ئاسایی و کۆنە.

زمانی ناوەنجی دەبێتە ئامرازی پێوەندی نێوان دوو مرۆڤ، یان دوو گرووپ کە زمانیان جیاوازە لە زمانی ناوەنجی. بۆ نموونە کاتێک ئیتاڵییەک لەگەڵ کوردێک بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکات ئەوە لێرەدا ئینگلیزی دەبێتە زمانی ناوەنجی.

لە زمانناسیدا بۆ زمانی ناوەنجی لە زاراوەی «Lingua Franca» کەڵک وەردەگیرێت کە مانای دەبێتە «زمانی فرانکەکان». سەرەتای ئەم ناوە بۆ کاتی شەڕە خاچییەکانی نێوان مەسیحییەکان و موسڵمانەکان دەگەڕێتەوە کە لە بەندەرەکانی زەریای سپی ناوەڕاست ئەم زمانە کرابووە زمانی قسە کردنی هەموو مەسیحییەکان.

کۆمەڵگە چەند زمانییەکان شوێنێکی باشن بۆ پەیدا بوونی زمانی ناوەنجی. لەو وڵاتانەدا زمانێک کە دەبێتە زمانی فەرمی بۆ ئاخێوەرانی زمانەکانی دی دەبێتە زمانی ناوەنجی. بۆ نموونە لە وڵاتی ئێران کاتێک کوردێک و ئازەرییەک لەگەڵ یەک فارسی قسە دەکەن، ئەوە فارسی دەبێتە زمانی ناوەنجی. زمانی ئینگلیزی لەم قۆناغەدا لە زۆربەی شوێنەکانی جیهاندا وەک زمانی ناوەنجی لە پێوەندییەکاندا کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

نەتەوە یەکگرتووەکان یەکێک لەو ڕێکخراوانەی کە ناچار کراوە لە زمانی ناوەنجی کەڵک وەربگرێت لەم ڕێکخراوەدا زمانی ئینگلیزی، چینی، ڕووسی، فەرەنسی، ئیسپانۆلی وەک زمانی ناوەنجی ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە.

کاتی وا هەیە کە زمانی ناوەنجی یەکێک لەو زمانە سروشتییانە نییە و زمانێکی کە تازە سازکراوە، بۆ نموونە کاتێک ئاخێوەرانی دوو زمان ناچار دەبن لەگەڵ یەک پێوەندی ببەستن، دێن یەکێک لە زمانەکان سادە دەکەنەوە و وشە و تایبەتمەندی زمانێکی تر دەخەنە نێو ڕێزمان و دەزگای، بەو زمانانە دەوترێت زمانی پیجین (Pidgin). یەکەمین زمانێک کە بەم شێوازە سازکراوە لەسەر بنەمای زمانی پورتوگالی بووە کە لە پێوەندی نێوان پورتوگالی و ئەفریقییەکان سازکراوە.

ڕۆبرت هاڵ یەکێک لەو زمانناسانەی کە لەسەر ئەم زمانانە کاری کردووە و پێی وتووە نابێت ئەم زمانانە وەک زاراوە، یان زارۆچکەیەکی زمانە سەرەتاییەکە ئەژمار بکرێن و بۆ خۆیان زمانێکی سەربەخۆن و تایبەتمەندییەکی زۆریان هەیە.

کاتێک زمانی پیجین لە ناوچەیەک بەکار دەبرێت بۆ ڕۆڵەکانی ئەو ناوچە لە ساڵانی داهاتوو دەبێتە زمانی دایکی کە لەم دۆخەدا پێی دەوترێت زمانی کریۆل (creole).

## زمانە لایدەکان

یەکێک لە خەونەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە ڕۆژێک هەموو دانیشتووانی جیهان بەیەک زمان قسە بکەن، زۆرن ئەو کەسانەی کە بەهۆی شەڕ و پێکدادان چەند زمانی دەزانن و دەڵێن ئەگەر مرۆڤەکان لە زمانی یەکتر تێبگەن، ئەوە هیچ شەڕێک ڕوو نادات. ئەم باوەڕە لە کتێبی تەورات، لە داستانی بورجی بابل ڕەنگدانەوەی هەیە.

لێرەدا ئێمە باس لە ڕاست، یان هەڵە بوونی ئەم باوەڕە ناکەین و تەنیا ئەوە دەڵێین کە: ئەم باوەڕە بووە هۆی ئەوەی کە هەندێ کەس کۆشش بکەن لە پێناو بەدی هاتنی جیهانێکی یەک زمانە و زمانی جیهانی؛ باوەڕیان هەیە کە ئەگەر هەموو خەڵکی جیهان بە یەک زمان قسە بکەن، یان هەموویان بە زمانێک وەک زمانی دووەم بتوانن قسە بکەن، پێشکەوتنێکی باش لە پێوەندییەکانی مرۆڤ بەدی دێت، بەڵام کاتێک کە باس لە چۆنیەتی ئەو زمانە جیهانییە دەکرێت و کاتێک کە دەگەنە ئەم پرسیارە کە «کام زمان ببێتە زمانی جیهانی؟»، ئاڵۆزی و نا تێگەیشتنێکی زۆر دێتە ئاراوە. بە ڕاستی کام زمان دەتوانێ ببێتە زمانی جیهانی؟

هەر مرۆڤێک پێی خۆشە کە زمانەکەی ئەو ببێتە زمانی جیهانی و بەهۆی سیاسەت، یان نەتەوەپەرستی لە جیهانی بوونی دی زمانەکان پێشوازی ناکات.

هەندێ لە لایەنگرانی زمانی جیهانی کاتێک بەو باوەڕە گەیین کە زمانی جیهانی ناتوانێت یەکێک لە زمانە سروشتییەکان بێ و هەڵبژاردنی تواناترین و ئاسانترین زمان زۆر گرانە؛ هەستان زمانێکیان پێک هێنا، زمانێک کە هەم فێرکردنی ئاسان بێت و هەم لەگەڵ هەستی نەتەوە پەرستی دژایەتی نەبێت و ئاخێوەرانی هەموو زمانەکان لە بەکاربردنی ئەو زمانە کۆک بن.

ئەم پێشنیارە لە سەد ساڵی ڕابردوودا زۆر لایەنگری پەیدا کردووە و پتر لە (١٢٠) زمان (هەتا سەرەتای سەدەی بیست و یەک) دامەزراون. کە ناسراوترینیان زمانی ئیسپرانتۆ (Esperanto)یە کە لە لایەن پزیشکێکی پۆڵەندی بە ناوی د. زامنهۆف (Zamenhof) سازکرا و لە ساڵی (١٨٨٧)ی

زایینی بڵاوکرایەوە.

ئیسپرانتۆ لەسەر بنەمای ڕێزمانی لاتینی و زمانە ڕۆمییەکان داڕێژراوە و بڕێک تایبەتمەندی و وشەی لە جێرمانی لە خۆ گرتوون و ڕێزمانێکی ئێکجار سادەی هەیە. بۆ نموونە هەموو ناوەکان بە (o-)و هەموو ئاکارەکان بە (a-) کۆتاییان پێ دێت، هەروەها شێوازی هاتنی وشەکان لە ڕستە بەرچاو نەگیراوە و لە بواری ڕستەسازی ئاسانکاری زۆری تێدا کراوە. نامەوێت پتر لەسەر زمانی ئیسپرانتۆ و ڕێزمانی وردبېمەوە.

یەکێک لەو ڕەخنانە کە لە ئیسپرانتۆ گیراون، ئەوەیە کە ئەو زمانە لە بواری نەتەوەیی و فەرهەنگی بێ لایەن نییە و ئەوە کە لەسەر بنەمای لاتینی دامەزراوە خۆی بووە کێشەیەک بۆ ئەو کەسانەی کە زمانیان یەکێک لە زمانە هیندو ئەورووپییەکان نییە هەر وەک زمانێکی بیانییە و فێربوونی گرانە و بە ئاسانی فێری نابێت. بۆ نموونە زمانی ئیسپرانتۆ بۆ کەسێک کە زمانی یەکێک لە زمانە ئەفریقییەکانە هەر وەک زمانی ئینگلیزییە و فێربوونی ئاسان نییە.

## بەرنامەی زمانی

یەکێک لە لقەکانی زمانناسی کۆمەڵناسانە بەرنامەی زمانییە، بەرنامە داڕشتنی زمانی بەهەر چەشنە دەست تێوەردانێکی ئاگایانە دەوترێت کە لە لایەن حکوومەت، یان ڕێکخراوێکی پێوەندیدار بە حکوومەتەوە ئەنجام دەدرێت و لەسەر ڕێزمانی و شێوازی بەکاربردنی زمان لە کۆمەڵگەدا کاریگەری هەیە.

حکوومەتەکان لەبەر هەندێ بیر و بڕوای هەڵە کە یەکسانی زمان بە یەکێک لە پێداویستییەکانی وڵاتێک دەزانن هەموو کاتێک لەسەر زمان و بابەتەکانی زمان، دەست تێوەردانێک ئەنجام دەدەن.

لە سەدەی ڕابردوودا بەهۆی سەربەخۆیی چەندین وڵاتی نوێ و هەوڵەکانی ئەم وڵاتانە بۆ سەلماندن و ناساندنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان و گەشەسەندنی نەتەوە پەرستی بە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بەرنامە داڕشتنی زمانی پەرەی سەند و بایەخێکی گرنگی پەیداکرد.

لەبەر ئەوە کە بەرنامە داڕشتنی زمانی پێوەندی بە تایبەتمەندییە ئابووری، ئایینی، دەروونی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، ئەم بەرنامە داڕشتنە لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە و ناکرێت بێ ڕەچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەیەک بەرنامەی زمانی شوێنێکی تر لەو کۆمەڵگەیە جێبەجێ بکرێت.

سەرەتای کۆشش بۆ پێکهێنان و هەڵبژاردنی زمانێکی نەتەوەیی و فەرمی بۆ ساڵی (١٦٣٥)ی زایینی دەگەڕێتەوە کاتێک کە ئەکادیمی زمانی فەڕەنسی لە پێناو پاڵاوتن و یەکپارچەکردنی زمانی فەڕەنسی، دامەزرێنرا و ئەرکی سەرەکی نووسینی ڕێزمان و کۆکردنەوەی قامووس و یەکسان کردنی ڕێنووسی فەڕەنسی بوو.

بەرنامەی داڕشتنی زمانی بە گشتی یەکێک لەم لقانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

(١)- زیندووکردنەوە، یان پێشخستنی زمان.

(٢)- نۆژەنکردنەوەی زمان.

(٣)- پاڵاوتنی زمان.

(٤)- ڕێنووس.

### (١)- زیندووکردنەوە، یان بەهێزکردنی زمان

هەوڵەکان بۆ زیندوو کردنەوەی زمانێک لە سەدەی ڕابردوودا فراوان بوون و یەکێک لە سەرکەوتووترین و بەناوبانگترینیان زیندوو کردنەوەی زمانی عیبری بوو لە لایەن وڵاتی ئیسراییلەوە کە زمانێکی مردوو بوو (لەمەو پێش لەم سەردەمەدا زمانی دایکی هیچ کەسێک نەبوو) تەنیا نووسراوە ئایینییەکانی جوولەکەکان بەم زمانە نووسرابوون. هەوڵەکان بۆ زیندوو کردنەوەی عیبری لە ساڵی (١٨٨١) دەستیان پێ کرد و لە ساڵی (١٩٠٤) ڕێکخراوێک بە ناوی کۆمیتەی زمانەوە دامەزرێنرا، دوای دامەزراندنی حکوومەتی ئیسراییل و لە ساڵی (١٩٥٣) بە پێی یاسا «ئاکادیمی زمانی عیبری» دامەزێنراو و کرا بە یەکێک لە لقەکانی حکوومەت. ئاکادیمی لە ڕێکخستنی ڕێنووس و داڕشتنی وشەی نوێ سەرکەوتوو بوو و چەندین وشە و زاراوەی نوێی داڕشت و هاتنە نێو قامووسی زمانی عیبرییەوە.

یەکێک لە نموونەکانی پێش خستنی زمان لە ئەندۆنیزیا ڕووی داوە و ئەو زمانە کە ئەمڕۆ بە ناوی ئەندۆنیزیایی دەناسرێت و زمانی فەرمی ئەندۆنیزیایە شێوازی پێشکەوتوو و دەست تێوەردراوی یەکێک لە زارۆچکەکانی زمانی مالاییە و یەکەم هەنگاو بۆ پێکهێنانی زمانی فەرمی لە ساڵی (١٩٢٨) نران کاتێک کە گرووپێک لە نیشتیمانپەروەرانی ئەندۆنیزیایی لەو کاتەدا ئەندۆنیزیا لە ژێر دەستی حکومەتی هۆڵەندا بوو، سوێندنامەیەکیان بڵاوکردەوە و

دامەزراندنی وڵاتێک و نەتەوەیەک و زمانێکیان بە ئامانج ناساند. ئەو گرووپە سەرکەوتوو نەبوون و زمانی هۆڵەندی هەتا شەڕی یەکەمی جیهانی زمانی فەرمی ئەو وڵاتە بوو کاتێک کە ئەندۆنیزیا لە لایەن ژاپۆنییەکانەوە دەستی بەسەرداگیرا و ئەو کاتە ژاپۆنییەکان سەرقاڵی شەڕ بوون و دانیان بە داواکارییەکانی دانیشتووانی ئەندۆنیزیادا نا و زمانی ئەندۆنیزیایی کرا بە زمانی فەرمی.

دوای ئەوە زمانی هۆڵەندی بەگشتی داخرا و زمانی ئەندۆنیزیایی کرا بە زمانی فەرمی، لەبەر ئەوەی ئەم زمانە توانا و هێماکانی فەرمی بوونی نەبوو و لە بواری ڕێزمان و ڕێنووس کێشەی زۆری هەبوو، ژاپۆنییەکان ناچارکران دامەزراوەیەک بە ناوی «کۆمیتەی زمانی ئەندۆنیزیایی» دابمەزرێنن؛ ئەم کۆمیتەیە سەرقاڵی دامەزراندن و داڕشتنی وشەی نوێ و زاراوەی زانستی نوێ بوو، هەروەها لەبەر ئەوەی کە ئەم زمانە پێشتر زمانی نووسین نەبوو و نامەفهوومی و پرژوبڵاوی ڕێزمانی زۆری هەبوو ئەم کۆمیتەیە لە هەندێ کاتدا دەستی خستە نێو ڕێزمانەکە و تا ڕادەیەک نوێکاری و گۆڕانکارییان لە ڕێزمان ئەنجام دا و ئێستا ئەو زمانە زمانی فەرمی وڵاتێکە کە یەکێک لە پڕ دانیشتووترین وڵاتانی جیهانە.

## (٢)- نۆژەن کردنەوەی زمان

هەروەها کە لە پێشەوە وترا، یەکێک لەو شتانەی بەرنامەداڕێژەران گرنگی پێدەدەن و یەکێکە لە لقەکانی بەرنامەی زمان، بەرفراوان کردنی قامووسی وشە و زاراوەکانی زمانە، زمانێک کە دەبێتە زمانی فەرمی و زمانی زانستی، دەبێت قاموسێکی بەرفراوان لە وشەی هەبێت و توانای داڕشتنی وشە و زاراوەی نوێشی هەبێت، ئەگەر نا لافاوی وشە و زاراوەی بیانی زمانەکە لەبەر دەگرێت و پڕ دەبێت لە وشەی بیانی؛ ئەمە کە زمانێکی زیندووکراو (عیبری) یان بەهێزکراو (ئەندۆنیزیایی) پێویستی بە وشەی نوێ هەیە و دەبێت وشەی نوێ دابڕێژێت، شتێکی ئاساییە، تەنانەت ئەو زمانانەش کەساڵەهای ساڵە زمانی فەرمی و زانستین، پێویستە لە بواری وشەسازیدا بایەخیان پێ بدرێت.

بۆ نموونە زمانی عەرەبی زمانێکە کە لە سەردەمانی ڕابردوودا زمانی حکوومەت و زانست بووە و وڵاتی میسر یەکەم وڵاتی عەرەبی بووە کە گرنگی نۆژەن کردنەوەی زمانی عەرەبی لەبەرچاو گرتووە و «ئەنجوومەنی زمانی عەرەبی» لە ساڵی (١٩٣٢) دەستی بەکار کردووە.

هەروەها زمانی فارسی نوێ کە ئێستا «فەرهەنگستانی زمانی فارسی» یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی داڕشتن و دامەزراندنی وشە و زاراوەی نوێیە.

## (٣)- پاڵاوتنی زمان

کاتێک بەهۆی سیاسەت، ئایین، زانست، ئابووری و شەڕ و داگیرکەری نەتەوەیەک (زمانێک) سەردەکەوێت بەسەر نەتەوەیەکی تر (زمانێکی تر)، یەکێک لەو شتانەی کە دەکەوێتە ژێر مەترسی زمانی ئەو گرووپەیە کە شکستی هێناوە.

لێرەدا زمانی ژێردەست پڕ دەبێت لە وشە و نیوڕستەی وەرگیراو کە لە زمانی سەرکەوتوو دەیانگرێت و ئەگەر لە کاتی خۆیدا بیری لێ نەکرێتەوە ئەو زمانە دەکەوێتە ژێر مەترسی، بۆ نموونە وشەی عەرەبی زۆر لە زمانی کوردی و وشەی فەرەنسی لە زمانی ئینگلیزی.

لەم سەردەمەدا (بەتایبەتی سەدەی ڕابردوو) کە چەندین وڵاتی تازە ئازادکراو و تازە سەربەخۆ هەن و هەستی نیشتیمانپەروەری بووە بە لایەنگرێکی پاڵاوتنی زمان و سڕینەوەی وشەی زمانی داگیرکەران لە زمانەکاندا.

ئەو وشانەی کە پاشماوەی ڕۆژانی داگیرکەری و دەسەڵاتداری زۆر بوون، وردە وردە لە زمانەکان دەسڕێنەوە. لەبەر ئەوەی کە زۆربەی داگیرکەران ئەورووپی بوون، ئێستا لە جیهاندا هەوڵ و کۆشش بۆ سڕینەوەی وشە ئەورووپییەکان لە زمانەکاندا بەردەوامە.

لە هیندستاندا بۆ سڕینەوەی وشە ئینگلیزییەکان لە زمانەکان دەستیان کردووە بە داڕشتنی وشەی نوێ لەسەر بنەما و تایبەتمەندییەکانی زمانی سانسکریت. لە پاکستان هەوڵ درا بۆ پاڵاوتنی زمانی ئوردو لە وشەی ئینگلیزی، بەڵام لە بەرانبەر وشەی فارسی و عەرەبی هیچ کاردانەوەیەک ئەنجام نەدرا. {ئەو شتەی کە ئێستا لە کوردی دەکرێت بە پێچەوانەی؛ وشەی عەرەبی و فارسی نامێنن، بەڵام وشەی ئنگلیزی با بێتە ناو زمانەکە!!!}.

هەر بەو شێوازە تورکەکان لە بەرانبەردا بەرنامەیەکیان بەکار هێنا کە لە دژی بەرنامەی پاکستانییەکان بوو، پاڵاوتنی زمان لە وشەی عەرەبی و ئاریایی (فارسی و کوردی و..) و ڕێگەدان بە بڵاوبوونەوەی وشەی ئنگلیزی

و ئەورووپی لە زمانی تورکی (ئەو کارە کە تا ڕادەیەک لە نێو کوردەکانیشدا ڕووی داوە).

لە تورکیای نوێدا بۆ دابڕانی خەڵک لە ڕابردوو، هەروەها ئایینی ئیسلام هەوڵی زۆردرا؛ تورکیایان بە وڵاتێکی ئەورووپایی دەناساند و ڕێنووسی تورکییان گۆڕی بە لاتینی.

لە ساڵی (١٩٤٩) کۆنگرەی زمانی تورکی بەشێوازێکی فەرمی بەکاربردنی وشەیەکی زانستی کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بەکاردەبرێت لە زمانی تورکی ئازادە. ئێستا دەبێت بڵێین کە تورک لە بواری دابڕان لە ڕابردووی ئیسلامی خۆی سەرکەوتوو بووە و ئێستا بۆ منداڵێکی تورک کە لە قۆناغی سەرەتایی دەخوێنێت، نووسراوێک کە پێش یەکەمین جەنگی جیهانی نووسراوە زۆر گرانە. تەنانەت وتارەکانی کەمال مستەفا ئەتاتورک کە لە ساڵی (١٩٢٧) لەبەر کۆنگرەی پارتی کۆماری پێشکەش کراون زۆر گرانن و بێ وشەنامە کەس تێناگات چی وتووە. ئەم بەرنامە زمانییەی تورکیا وای کرد کە لە تورکیا وشەنامەی عوسمانی بە تورکی لە چاپ دران.

**(٤)- ڕێنووس**

بابەتی ڕێنووس دەتوانێت بە شێوازی جۆربەجۆر لە بەرنامەی زمانی بێتە ئاراوە:

(١)- هەڵبژاردن، یان سازکردنی ڕێنووسێک بۆ ئەو زمانانەی کە هەتا ئێستا نەنووسراون.

(٢)- هەڵبژاردن و گەشەپێدانی ڕێنووسێک: لە هەندێ وڵاتی چەند زمانەدا چەند ڕێنووسی شتێکی ئاساییە؛ بەو مانایە کە زمان یان زمانانێک ڕێنووسێکی تایبەتییان هەیە و جیاوازە لەگەڵ ڕێنووسی زمانەکانی دی. ئەم چەند ڕێنووسییە وێڕای جوان نەبوونی سیمای نووسراوەکان، چەندین کێشەی بە دواوەیە؛ لەم وڵاتانەدا هەڵبژاردنی ڕێنووس یەکێک لە گرنگترین بەشەکانی بەرنامەی زمانییە. بۆ نموونە لە سۆڤیەتدا هەموو زمانەکان بەپێی سیاسەت و یاسای پەسەندکراو بە ڕێنووسی سیریلیک (Cyrillic) دەنووسرێن، بۆیە ئێستا لە کۆماری تاجیکستان کە زمانی تاجیکی زۆر لە فارسی نوێ نزیکە، بەم ڕێنووسە دەنووسرێت.

(٣)- پێداچوونەوەی ڕێنووس: لە هەندێ کاتدا بەهۆی گۆڕانکارییەکانی زمان و نەگۆڕانی ڕێنووس، نووسراوی هەندێ وشە ناتوانێت نیشاندەری ڕاستەقینەی ڕاوێژی وشە، یان دەنگێک بێت. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا کە ڕێنووس و ڕاوێژ زۆر جیاوازن و ڕێنووسەکە نیشاندەری ڕاوێژی وشەکان لە سەردەمانی ڕابردووە، بەڵام ئێستا بەشێوازێکی تر دەردەبڕێن. بۆ نموونە لە زمانی کوردی بە ڕێنووسی سامی (عەرەبی)دا چوونەوە و وهێماکانی (ێ- ۆ- ڵ- ڕ)یان بۆ زیاد کردووە، هەروەها بۆ نموونە (ز- ذ- ظ- ض) بە یەک شێوازی نیشان دەدرێن، ئەم (٤) پیتە نیشاندەری (٤) دەنگی جیاوازن لە عەرەبیدا، بەڵام لە کوردیدا ئەو (٤) دەنگە بەیەک شێواز دەردەبڕێن و پێویست ناکات بە شێوازی جیاجیا نیشان بدرێن.

(٤)- یەکپارچە کردنی ڕێنووس: جاری وا هەیە وشەیەک لە یەک ڕێنووسدا بە چەند شێواز دەنووسرێت، بۆ نموونە لە کوردیدا (لە ئاواییدا= لە ئاوایی دا) و پێکەوە نووسرانی وشەکان، یان جیانووسینی وشەی داڕێژراو یەکێکە لە بەشەکانی بەرنامەی زمانی.

(٥)- گۆڕینی ڕێنووس: گۆڕینی ڕێنووس بە گشتی، بۆ نموونە گۆڕینی ڕێنووسی عەرەبی بە لاتینی لە تورکی و کوردی، هەروەها لە هەندێ وڵاتدا وەک ئیسرائیل- ئێران- پاکستان و چین ئەم بابەتە هاتە ئاراوە، بەڵام بۆ هەمیشە، یان بەشێوازێکی کاتی جارێ پشتگوێ خراوە.

بۆ نموونە لە وڵاتی چیندا کە سەدان زار و زارۆچکە هەن هەموویان بە یەک زار دەنووسرێن، ئەگەر بێتو ڕێنووسی هێمایانەی چینی بۆ ڕێنووسێکی دەنگنووس بگۆڕدرێت، ئەوە دەبێتە کێشە بۆ ئەو وڵاتە.

**سەرچاوە:**

**(١)- مجله فرهنگ و زندگی، شماره (٢٢)، سال (١٣٥٥) هەتاوی.**

**(٢)- گزیده مقالات مجله فرهنگ و زندگی، زبان و جامعه شناسی، (١٣٨١)ی هەتاوی دووبارە لە چاپ دراوەتەوە.**

# سارۆ بیره

حەسەن مەحموود حەمەکەریم
(سلێمانی)

کورد میللەتێکی کۆنە، مێژوویەکی دەوڵەمەندی هەیە، ڕووداوی سەیرو سەمەرەی جۆراوجۆری زۆری لەسەر خاکەکەی بینیوە، وەک عەنتیکەخانەیەکی دەوڵەمەند وایە، هەموو جۆرە باس و خواسێکی لەهەگبەیدا هەڵگرتووە، ئەگەر ئێمەش، یان نووسەران و دەزگا ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیرییەکانی پێش ئێمەش وەک مامۆستا (حەبیبوڵڵای تابانی) بە کوردستاندا بگەڕاینایە، گوێمان لە خەڵک و چیرۆکخوانەکان بگرتایە و پرسیارمان بکردایە، دەیان کتێبی دەوڵەمەندی وەک ئەم کتێبە ئێستە لە کتێبخانەی کوردیدا دەبوو، بەداخەوە ئەوەی کە ئێمە نەمان کردووە و زەینمان بۆی نەچووە، خەڵکی لەخۆمان باشتر و دڵسۆزتر بۆیان کردووین، ئێمە حازرخۆرانە و حازر بەدەست هەر وەرگێڕانەکەمان لەسەرە ئەوەش ناکەین، ئەگەر بە کوردستاندا بگەڕێین، لەهەر دەوەنێک، لەهەر چیا و دۆڵ و دەشتێکی ئەم وڵاتە، سەرگوروشتەی یەکێک لە قارەمانانی لەخۆدا تۆمار کردووە، کە ئەمرۆ بووەتە دیرۆک و ئەفسانە و دەماودەم دەگێڕدرێتەوە، هەموو شار و دێهاتەکانی کوردستان هەریەکە بۆخۆی سەربردی یەک قارەمانی تێدا هەیە.

دوای ئەوەی شاسمایل شاری تەورێزی گرت و بووە پاشای ئێران، بەهۆی ئازایەتی و توندڕەوی لەپەیڕەوی ئایینزای شیعەوە، توانی سنوورێکی فراوانی خاکی دەرو دراوسێ بگرێت و قەڵەمڕەوی خۆی پێ فراوان بکات، هێرشی زۆری کردە سەر کوردستان، چەندین میرو میرزادەی کوردی کوشت و میرنشینەکانی ڕووخاند و لکاندی بەدەوڵەتی سەفەوییەوە، زیاتر لەنیوەی خاکی کوردستانی گەورەی داگیرکرد.

میر سەیفەدینی موکری جێیەکی لە دەسەڵاتی پاشاکانی قەرەقۆینلوو و ئاق قۆینلوو پاک کردبوویەوە لە خاکی کوردستان لە ناوچەی موکری و فەرمانڕەوایەکی دروست کردبوو، کە خۆی مرد (صارم) ی کوڕی هاتە جێی.

شاسمایلی سەفەوی بۆ لەناوبردنی ئەوان، چەند جارێک هێرشی کرد، بەڵام قزڵباشەکان هەر دەشکان. ساڵی (٩١٢ک - ١٥٠٦ز) شاسمایل بۆ زستانەکەی هاتبووە شاری (خوی) و لەگەڵ خۆیدا هێزی شاملوی ناردە سەر صارم بەگ. قزڵباشێکی زۆر و هەردوو سەردارەکەیان کوژران، صارم بەگ ناچار بوو لەترسی شاسمایل خۆی هاویشتە ژێر فەرمانی ئاستانەی سوڵتانی عوسمانی، هەر وەکو هەموو سەردار و میرانی کوردستانی تری کرد، هەتا لەدەستی قزڵباشان ئاسوودە بێ.. فەرمانڕەوایانی کورد لەبەدلیس کە خاوەنی میرنشینێکی زۆر مەزن و قسە ڕۆیشتوو بوون لەناو میرنشینە کوردەکانی تردا، لەبەر ئەوەی کە ڕاستەو ڕاست کەوتبوونە نێوان سەفەوی و عوسمانییەوە و بەرەی پێشەوەیان بوون، گرنگترین ڕۆڵیان لە پێوەندییەکانی کورد بەو دوو ئیمپراتۆرەوە هەبووە. دوو سەردان، یەکەم: شاسمایل دێتە بەدلیس، دووەم: میری بەدلیس و نزیکەی ٢٠ میری کورد پێکەوە دەچنە دیدەنی شاسمایل بۆ ڕێز و وەڵامی زیارەتی یەکەم، با بزانین هەڵوێستی هەریەکەیان لەڕێز لێنانی میوانانی چی بووە...؟ بزانە کورد چەند ناچارکراوە کە هەڵوێستی دژ بەرانبەر دوژمنەکانی بنوێنێت..؟

پێش جەنگی ئۆزبەگ شاسمایل بە لەشکرێکی زۆرەوە هاتە کوردستان، میری مەرعەش هەڵهات، میری دیاربەکر پێشوازی لێ کرد، دیارییەکی کۆنی ئاڵتوونی کە لە پاشایانی زۆر کۆن جێمابوو، بەنرخ بوو، بەدیاری بردی بۆ شاسمایل، شاسمایل زۆری لا مەزن بوو، هەرێمی دیاربەکری کوردانی لێسەندەوە، خۆراسان و هێراتی پێ بەخشی، دیاربەکر درا بە محەمەد خان ئستاجلوی زاوای و گوێ لەمستی شاسمایل.. پاشان بەرەو شاری ئەخلات کەوتەڕێ، میر شەرەف بۆ میوانداری خێوەتی لێداو بەئاوریشم ڕازاندییەوە، ساز لێدەری هێناو گۆرانیبێژانی بانگ کرد، نان و خوانی ڕازاندەوە، هەموو جۆرە میوەو خواردنێکی هێنا.. پاشان ڕەوە ئەسپ و کەرپەز و ئێستر و وشتر بەقەتار بەدیاری پێشکەش بەشا کران، ئەویش بەدلیس، کە هەر هەرێمی خۆی بوو، شاری کوردان بوو، بەخشییە میرشەرەف و کردییە فەرمانڕەوای ئەو خاکەی کە هەر هی خۆی بوو..

پاش ماوەیەک شاسمایل کە زستانی لە شاری (خوی) ڕادەبوارد، میرانی کوردستان ویستیان بچنە دیدەنی و وەڵامی سەفەرەکەی شا بدەنەوە، میر شەرەف و مەلیک خەلیلی حەسەنکیف و شا عەلی بەگی بۆتانی و میری جزیرە و میر داودی خێزانی و عەلی بەگی ساسۆنی و یازدە پیاوماقووڵی تریش لە میرەکانی کوردستان.. خوا دەزانێ چەندەیان دەست و دیاری بەنرخ و نایاب بردبێتە خزمەت شا، بەڵام بە فیتی محەمەد خان ئستاجلوو حاکمی دیاربەکر، داوا لەشا دەکات کە هەموویان بگرێ، دەڵێ: من ئەو شوێنانەی کوردستانیش کە هیچ کاتێک نەهاتوونەتە بەر دەستی شایانی کۆنیش، بەئاسانی دەیخەمە بەردەستت. شاسمایلیش جگە لەشا محەمەد شیرەوەیی و عەلی بەگی میری ساسۆن، هەموویان دەگرێت، ئەنجا سوپای قزڵباشی تاودا بۆ بەدلیس و هەکاری و جزیرە و چەند شوێنی تریان بەئاسانی گرت و شاهی سەفەوی پاداشتی میوانداریيەکەی بەجوانی دانەوە.. پاشان ئەو میرانە هەر یەکە بەجۆرێک لە بەندیخانە خۆیان دەرباز کرد و هەڵهاتن.. ئەوەشی کە مایەوە لەبەندیخانەدا بوون، هەتا دەنگ داکەوت کە شەیبەکخانی ئۆزبەگی بە لەشکری زۆرەوە لەئاوی جەیحون (ئەوبەر ڕووبار) پەڕیوەتەوە و دەیەوێ خۆراسان بگرێت، شاسمایل تێک چوو، لە گرتنی میر و مەزنانی کوردستان پەشیمان بووەوە، هەندێکی لێ ئازاد کردن ، ئەوەشی مایەوە لە شەڕی چاڵدێراندا کە شاسمایل لە تەورێز هەڵهات، ئەوانیش ڕزگار بوون.. کاتێ کەچوو بۆ شەڕی ئۆزبەگی لە خۆراسان، میر ئەشرەف و مەلیک خەلیلی لەگەڵ خۆی برد.. میر ئەشرەف کە دەگەنە شاری (ڕەی) هەلی بۆ دەڕەخسێ و خۆی دەرباز دەکات.. ناوچەکانی خۆی لەقزڵباشان پاک دەکاتەوە، دوای ئەو ڕووداوی گرتنە، ناچار بوون ڕووبکەنە سوڵتان سەلیمی عوسمانی، هەتا لە دەست شاسمایل بیان پارێزێت..

کە شاسمایل زانی بەشەڕ ناوچەی موکری بۆ یەکلا نابێتەوە و ناوچەکەش ترسناکە، چونکە لە تەورێزەوە زۆر نزیک بوو، بڕیاری دا سیاسەت بگۆڕێت، ئەوەبوو خۆی و

چەند سەرکردەی سەردانی ناوچەکەی کرد و لە شاری بانە گیرسایەوە، هەتا عەشایرەکانی ئەو ناوچەیە کە بە ئازایەتی و پاڵەوانی و جەنگاوەری و بە چابووک و سوارەو تیرهاوێژ ناوبانگیان چووبوو، بێنێتە ناو سوپاکەیەوە، ئاهەنگێکی لەشاری بانە ڕێک خست، عەشایەر و خەڵکی بانەی کۆکردەوە، هەندێ وتار و وتووێژی کرد، هەندێ یاری و زۆرانبازی ڕێک خست، خەڵکی بانە لە سەرەتاوە شاسمایلیان بەهیچ نەدەزانی، ئەویش لەبەر ئەوەبوو کە شەڕی بە کورد دەفرۆشت و دژی مەزهەبەکەیان بوو، شاسمایل داوای لە ماقووڵان کرد و گەورە پیاوانی بانگ کرد، حەزی ئاشنایەتی و دۆستایەتی لەگەڵیان هەبوو، هەر بۆ ئەوە هاتە میوانیان، کە شاسمایل کۆڕی زۆرانبازی سازکرد، داوای لە خەڵکی بانە کرد ئەوانیش پاڵەوانێک بهێنن و بەشداری ئەم پێشبڕکێیە بکات، خەڵکی بانەش سارۆبیرە (سوارە بیرە)یان وەسف و سەنا کرد کە ڕاوچییەک و شاخەوانێکی بێ وێنە و بەتوانا بوو، بەتایبەت کە پێیان وتبوو لە تیرهاوێشتندا بە تواناو بێ وێنەیە، شاسمایلیش خۆی بێ وێنەترین تیرهاوێژ و نیشانە پێکەری سەفەوییەکان بووە، لەبەرئەوە حەزی کرد سارۆبیرە ببینێ، داوای کرد لەهەر شوێنێکە ئامادەی بکەن، سارۆبیرە لادێییەکی نەخوێندەوار بوو، باوک و دایکیشی لادێیی و هەژار بوون، باوکی ڕاوچییەکی بەناوبانگ بوو، لە زۆربەی جەنگەکانی ئاغاکانی بانەدا بەشدارببوو، کە سارۆبیرە تەمەنی پێنج ساڵان بوو کەڵەگەت و بەخۆوە بوو، باوکی کەم دەرامەت بوو، کەوانێک و توورەکەیەک تیر و کێردێکی دایەو وتی کوڕم بڕۆ خۆت بژێنە، ئەویش ڕووی کردە شاخ و کێو و هەردەکانی ناوچەی بانە، شەو و ڕۆژ بەدیدەوانی و کێوماڵکردن و شاخەوانی و ڕاو و شکارەوە خەریک بوو، بزنەکێوی و مەڕەسووری لەچیاکانی ئاردەبا و بابانووس ڕاو دەکرد، ڕاوی پڵنگانیشی دەکرد و پێستەکەی دەکردە بەرگی خۆی، هەموو کەس لەناو بانەو ناوچەکەدا بەو بەرگانە دەیانناسییەوە، بژێوی خۆی و بنەماڵەکەی پێ دابین دەکرد و دەژیاند، وای لێهات دەستی کردە نێچیر فرۆشتن و پارەی بۆ خۆی و باوک و دایکی پەیدا دەکرد، داوای لە ژمارەیەک لە ڕاوکەرە گەنجەکانی بانە کرد کە پێکەوە بەردەوام لە کێوەکان بن و خۆیان بەڕاوکردنەوە خەریک بکەن و بیکەنە پیشە، بەو جۆرە بوون بەشەش حەوت کەس و هەموو جێیەک دەگەڕان، نێچیریان دەهێناو دەیان فرۆشت و پارەکەیان بەش دەکرد، ئەم کەسانە هیچ کارێکی خراپیان نەدەکرد، بەڵکو یاریدەی خەڵکیان دەدا، بیانزانیبایە ڕێگر و چەتە لەهەر جێیەکە، خۆیان دەگەیاندنێ و تەمبێیان دەکردن، لەبەر ئەوە خەڵکی زۆر خۆشیان دەویستن، ژێی کەوانەکەی سارۆبیرە ئەوەندە توندو بەهێزبوو کەس نەیدەتوانی ڕایبکێشێ، تیری لەهەموو کەس زیاتر دەڕۆی، باڵای سارۆبیرە دوو مەتر دەبوو، لاشەی بەخۆوەبوو قەوی و قۆڵ بوو، بەتەواوی بووبوو بەکێوی، ناویان نابوو زۆراب، ئیمانێکی پاکی هەبوو، چەتەو ڕێگر نەدەوێران لەناوچەی ڕاوی ئەودا چەتەیی بکەن، کە هاتە لای شاسمایل و شا بینی عاشقی بوو، دوای خۆناساندن کەوتە مەیدانی پاڵەوانی و یارییەکانی کۆڕەکەی شاسمایل، شا سەری سوڕما لەو پاڵەوانە کێوییە سوارچاکە تیرهاوێژ و بەدەست و بردە، دوای کۆڕی یارییەکان، شاسمایل داوای لە سارۆبیرە کرد کە لە سوپای شاسمایلدا بەشداری بکات، سەرەتا سارۆبیرە وتی من حەزم لە کاری ئازادەو بۆخۆم بژیم، شاسمایل وتی حەیفە ئەو پاڵەوانی و تواناییەی تۆ بەشاخ و کێو و ڕاوی گیاندارانەوە بەخت ببێ، سارۆ وتی من و هاوڕێکانم بۆخۆمان دەژین ، پێویستمان بەتۆ نییە، شاسمایل وتی تۆ پێویستت بەمن نییە، من پێویستم بەتۆ و نموونەی وەک تۆیە، حەیفە ژیانت بەڕاوو شکار تەواو بکەیت، ئەگەر لای من بیت پلەوپایەت دەبێت، سارۆبیرە نەرم بوو وتی، بەڵام دەبێت هاوڕێ کێوییەکانیشم لەگەڵمدا بن، بەو جۆرە هەموویان چوونە ناو ڕیزی سوپای شاسمایل، سارۆبیرەی نەخوێندەوار هەموو پلەکانی سەربازی بەباشی بڕی، هەموو شتێکی جەنگی زوو فێر دەبوو، زۆر زوو پێشکەوت، لە هەموو شەڕەکانی شاسمایل دژ بەئۆزبەگە سوننییەکان بەشدار بوو، لە قەتڵوعامەکانی خەڵکی ئۆزبەگستان سارۆبیرە بەشداری کرد، لەبەر ئازایەتی و نەبەردی زوو پێشکەوت، پلەی بەرز بووەوە، هەموو جار شاسمایل ئافەرینی لێ دەکرد و دیاری و شاباشی دەدایە، سارۆبیرە خۆی سوننی بوو، بەڵام شەڕە مەزهەبگەراییەکەی شاسمایل دژی کوردو ئۆزبەگە سوننییەکان بەناچاری بوو، لە دڵەوە حەزی لێی نەبوو،

سارۆبیرە لە جەنگەکاندا دەیقریشکاندو نەعرەتەو ناڵەی تا دوور دەچوو دوژمنی دەتۆقاند، هەروەک چۆن لەکاتی ڕاووشکاردا نێچیرەکەیان ڕاودەناو بۆ سەرلێشێوانی دەیان قریشکان و چەم و دۆڵەکان دەنگیان دەدایەوە، لە شەڕی ئۆزبەگییەکاندا دوو کەسی ئۆزبەگی هاتبوون شاسمایل بکوژن، سارۆبیرە کە پێی زانین بەپەلە فریاکەوت و یەکیانی بەتیری دوور هاوێژ کوشت، ئەویتر لەشریخەی تیرەکەو هاواری هانەکەیی سارۆبیرە ڕاچڵەکی و سەری لێشێوا، سارۆبیرە بەفرتەیەک گەیشتەجێ و بەشمشێر کوشتی، شاسمایل لەو هەوڵە لە ناکاوە بێ ئاگابوو، لە قریشکەی سارۆبیرە بەئاگاهات، کە شاسمایل لای کردەوە ئەوسا زانی چی ڕووی داوە، سارۆبیرە لە هەوڵێکی مردن شای ڕزگار کرد، ئیتر لەوێوە سارۆبیرە ناوبانگی دەرکردو بووە فەرماندەی پلە یەکەکانی سوپاو جێی نهێنییەکان و متمانەی شاسمایل، پاشان بووە فەرماندەی لەشکر، دوو هەزار سەربازی کوردی موکری و لوڕ و عەشایەری ڕۆملۆی لەژێر دەستابوو، پێنج کەس لە هاوڕێ بانەییە ڕاوچییەکانی پلەی بەرزیان لە سوپادا وەرگرت، لەناویاندا حەسەنی مام ئەحمەد و مەحموودی حاجی ئەبوبەکر هەبوو، کە چەندین داستانی ئازایەتییان لە شەڕە مەزهەبگەراییەکەی دژی سوننە لە سوپای شاسمایلدا بینی، سوننییەکی زۆریان بۆ شاسمایل کوشت، لوڕە کوردەکان لە لەشکری سارۆبیرەدا بەکوتەک دەجەنگان، کە کردبوویانە داردەست، لە دارگوێز و بەڕوو و دارشیلانەو دار قەزوان دەیانتاشی، قورس و ڕەق و پتەو و کاریگەر بوو، سەربازە تایبەتییەکانی عوسمانی (ئیچ ئۆغلان) بیرەوەرییەکی ترسناکیان لەهێزو زەرەری ئەو کوتەک وەشێنە لوڕە کوردانە گێڕاوەتەوە، چەکی ئەو کوردانە بەزۆری بریتی بوو لە شمشێر و بەردەقانێ و تیرەک و نێزەو گورز و کوتەک و تیروکەوان، ئەم سوپا کوردەی سارۆبیرە کە دوو هەزار بوو، بە یەکێک لەپایە بەهێزەکانی بڕبڕەی پشتی سوپای شاسمایل دەژمێررا، سارۆبیرە خۆی لە جەنگەکاندا بە یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی سەرکەوتن دەژمێرراو پلەوپایەی شاسمایلی بەرزتر کردبوویەوە، چەندین داستانی خوێناویان بۆ شاسمایل و سەفەوییە قزڵباشەکان تۆمارکرد بوو، سارۆبیرە وا لە شاسمایل نزیک ببوویەوە، هەر کارێکی قورس و گران ببوایە ئەو دەیبڕاندەوە، بەتەواوی لەناو دەوڵەتی سەفەویدا ناوبانگی دەرکردبوو، ئەمە وای کردبوو سەرکردە تورکە قزڵباشەکان بوختان و خراپەیان بۆ هەڵدەبەست و لە هەوڵی لەناوبردنیدا بوون، بەڵام سارۆبیرە تا دەهات دەنگ و باسی شکۆدارتر دەبوو، کاری گرنگتری بۆ شاسمایل دەکرد، سارۆبیرە وا ناوبانگی ڕۆیشت، هەموو کەس حەزی دەکرد کچی خۆی بداتێ، کچی ئەلهیار خانی ئەفشار کە یەکێک بوو لە ماقوولانی دیوەخانی شاسمایل، دڵی سارۆبیرەی بۆ لای خۆی کەمەندکێش کرد و خواستی، دوو کوڕ و کچێکی لێی بوو، کوڕەکان هەر بە منداڵی وەک سارۆبیرە کەڵەگەت بوون، سارۆبیرە بەردەوام سوپاکەی لەسەر شاخ و دار و کێو ڕادەهێناو ڕاهێنانی تیرهاوێشتن و گورز وەشاندن و یاریکردن بە شمشێر و کاری تری پێدەکردن، شاسمایل هەمیشە سەرکردەکانی لە سوپادا تاقی دەکردەوە، سارۆبیرە لە هەموویاندا سەرکەوتوو دەبوو، کە جەنگی چاڵدێرانی ساڵی ١٥١٤ز نزیک بوویەوە، شاسمایل لە هەمەدانەوە بۆ تەورێز کەوتەڕێ و لەوێشەوە بۆ دەشتی چاڵدێران، داوای لە محەمەد خانی ئستاجلووی زاوای و سارۆبیرەو محەمەد قەرەباغی کرد سوپا لە چاڵدێران کۆبکەنەوە، پاشان شاسمایل هات و دایمەزراندن، شەوی یەکەم هەموو تا بەیانی بەخەبەربوون، سارۆبیرە خەوتبوو، سارۆبیرە لە دانیشتنەکەی یەکەم شەودا لەڕیزی ئەوانەدابوو کە ئاماژەیان بۆ هێزو توانای لە ئەندازە بەدەری عوسمانییەکان کرد و باسی لاوازی هێزی سەفەوییەکانیان کرد، شاسمایل بۆ هەموو سەرکردەیەک ئەرکێکی بەگوێرەی توانای خۆی سپاردبوو کە سبەی بیکەن، بەڵام هیچ کارێکی بۆ سارۆبیرە دیاری نەکرد، سارۆ وەک ئازایەک و دلێرێک خۆی پێنەگیراو وتی کاری من چییە..؟ شاسمایل وتی کاتی خۆی دیاری دەکرێت، عوسمانییەکان سوودیان لە تاریکی شەو وەرگرتبوو، تۆپە قورسەکانیان نیزیک ئێرانییەکان کردبووەوە بەجۆرێک دووسەد مەتر لێیانەوە دوور بوو، تۆپە سووکەکانیش گواسترایەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر ئێرانییەکان بەلێدانی تۆپە قورسەکان پاشەکشەیان کرد، بەتۆپە سووکەکان دوایان بکەون، هەر لەگەڵ ونبوونی تارمایی شەو و دەرکەوتنی سپێدەدا، جموجۆڵی عوسمانییەکان ڕووی دا، پاش

ماوەیەک شەڕ گەرم بوو ئەویش بە پەلاماری عوسمانییەکان لە ناوەڕاستەوە، ئێرانییەکان لە هەموو لایەکەوە بەخەستی بەرگرییان کرد، لە کونێک دەگەڕان لێوەی بچنە ژوورەوە بۆ ناو عوسمانییەکان و وایان دانابوو زەرەری گورچکبڕ لە یەکەم پەلاماردا لە عوسمانییەکان بدەن، وەکو لە شەڕەکانی تر دژی کورد و ئۆزبەگ وایان دەکرد، بەڵام ئێرانییەکان لەوەدا ژێر نەبوون، چونکە ژمارەی سوپایان لەچاو عوسمانییەکاندا زۆر کەم بوو، نەیان دەتوانی بۆشایی چوونە ناوەوە بۆ ناو عوسمانییەکان بدۆزنەوە، دوای ئەوەی سەفەوییەکان بەتەواوی هاتنە ناوەوەو لە هەڵمەتی یەکەمدا ماندوو و شەکەت بوون و زەرەری زۆریان لێکەوت، لە ناوەڕاستی مەیدانی جەنگدا چەقیان بەست، بەتاکتیکێک عوسمانییەکان کە پێشتر بڕیاریان لەسەر دابوو، لە ناوەڕاستەوە پاشەکشەیان کرد، لە سەفەوییەکان وابوو شکاون و ڕادەکەن، بەڵام هەر ئەوەندەیان زانی سەدوپەنجا بنکەی تۆپی قورس کەوتنە بۆردومانکردنی سەفەوییەکان و مەیدانەکەیان لێکردنە دۆزەخ، هەزاران لاشە لەو یەکەم هەڵمەتەدا لە مەیدانی جەنگدا کەوتە سەرزەوی، ئەمە ترس و لەرزێکی زۆری خستە ناو سەفەوییەکان، ئەوانەش کە هێشتا نەهاتبوونە مەیدانی جەنگ ئەنجام و ژێرکەوتنی سووپاکەیان وەک تۆمارێک بەچاو بینی، ئەسپەکانی سەفەوی کە تا ئەو کاتە دەنگ و شریخەی تۆپی نەبیستبوو لەگەڵیدا ڕانەهاتبوو، شێتگیربوون و سوارەکانیان فڕێداو هەریەکە بەلایەکدا هەڵهاتن، لێرەوە نەخشەی عوسمانییەکان بۆ پەرش و بڵاوەپێکردن و لەیەکپچڕانی شیرازەی سوپای سەفەوی سەرکەوتوو بوو، شاسمایل بەپەلە داوای پاشەکشەی سوپا تێکشکاوەکەی ناوەڕاستی کرد، ئەوەی مابوو سێسەد مەتر دوور کەوتنەوە، بەڵام تۆپە بچووکەکان پێشخران و جێی ئەوانیان گرتەوە، دوای سوپای سەفەوی کەوتن، هەتا دوورکەوتنەوە هەر لێیان دەدان، پاشان بیست هەزار چاوەشی سوپای عوسمانی کەوتنە مەیدانی جەنگەکە، ئەوەی برینداربوو گیانی نەسپاردبوو کۆتاییان پێهیناو ئەسیریشیان نەدەویست، پاشان دوای سوپا شکاوەکە کەوتن و ئەوەندەی تر دووریان خستنەوە، بەڵام پێنج سەد سەربازی سەفەوی هاتنە مەیدان و عوسمانییەکانیان دایە بەر بەردەقانێ، نەیانتوانی هیچ کاریگەرییەک لەسەر عوسمانییەکان دروست بکەن، ڕەنگە شاسمایل ویستبێتی بە بەردەقانێ وەڵامی تۆپەکان بداتەوەو بەر لە عوسمانییەکان بگرێ و لەپێشڕەوی بیان وەستێنن، سەربازانی یەنی چەری (ئەنکشاری)و ئیچ ئۆغلانی عوسمانی کە تفەنگ بەدەست بوون، لە دوو لاوە ڕیزببوون، چاوەڕوانی فەرمان بوون تاوەکو ئەرکی خۆیان ئەنجام بدەن، دوای تۆپەکان تەنیا ڕێگە بەو بیست هەزار چاوەشە درا لە سوپای عوسمانی بچنە مەیدانی شەڕ، ئەنجا شاسمایل داوای لە محەمەد قەرەباغی و خان محەمەد ئستاجلووی زاوای کە بەتواناترین سەرکردەی سەفەوییەکان بوو، داوای لێکردن کە ڕووبەڕووی عوسمانییەکان ببنەوە، سارۆبیرەو ڕۆستەم کلاو چەرمینە چوونە لای شاو داوایان کرد بەشداری بکەن، شا هەر وتیەوە چاوەڕوان بن، بیست و پێنج هەزار لە سەربازانی ئیچ ئۆغلانی هێرشیان برد بۆ ناوەڕاست تا کاری سەفەوییەکان تەواو بکەن، چونکە بەهێزترین سوپای پیادەی عوسمانییەکان بوون دوای سوپای یەنی چەری (ئەنکشاری)، سەربازەکانی هەموو بیست ساڵان دەبوون، شاسمایل زۆر ئاسان لەناوچوونی هەردوو سوپای حەسەن بێگەڵلا و ئەمیر عەبدولباقی بینی، پاشان سوپای ئەسلانی فەرماندەی عەشیرەتی ساری قمیشی بینی، کە چووبوونە یارمەتی ئەوان، هەموویان بەتیری ئیچ ئۆغلان لەناوچوون و هیچیان دەرنەچوو، ئیتر لێرەوە دۆخی سەربازانی سەفەوی بەتەواوی ڕووخا، لێرەدا شاسمایل داوای لە سارۆبیرە کرد بێتە پێشەوەو فریای سوپای سەفەوی بکەوێ، کە پێشتر جەنگەکە محەمەد خان ئستاجلوو و ئەمیر عەبدولباقیشی لوول دابوو، ئاسەواریان دیارنەمابوون، سارۆبیرە زۆر خێرا بەخۆی و دوو هەزار لە سەربازە کوردەکانی موکری و لوڕ و ڕۆملۆ بەنەڕاندن و قریشکە و هاوار و نەعرەتەوە ڕژانە مەیدانی شەڕگەکە و پەلاماریان برد، بێ ئەوەی ئامانجێکیان دیاری کردبێت، بەگورز و شمشێر و  بە هاوار و قولەو قریوەیان مەیدانەکەیان پڕ کردبوو، سوڵتان سەلیم لە بەرزاییەکەوە کە چاودێری مەیدانەکەی دەکرد بەو دەنگ و هاوار و قریشکەو ئاوازە، کە تێکەڵ بەدەنگی شمشێر و تەقەی تفەنگ و شریخەی تۆپەکان ببوو، سەمفۆنیایەکی سەیریان دروست کردبوو، لە شەیپوری شەڕ بەلایەوە خۆشتربوو هاتبووە

سەما، هەمیشە دەیگوت حەزم بەسەیری کەسانی وەک سارۆبیرەیە لە جەنگدا، (ئشتن متز) دەڵێ: (ترس لە دەروونی سارۆ بیرەدا نەبوو، ئەو لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە لە شاخ و کێوان پەروەردە بووە، لاشەی لەوێ نەرم بووە، سام و هەیبەتێکی سەیریان هەبوو، هێندەی سەربازانی تورک هونەری جەنگیان نەبوو، بەڵام لەپاڵەوانیدا قەرەبووی ئەوەیان کردبووەوە).. کە سارۆبیرە لەجەنگ گەرم بوو قیژەو هاواری دنیای گرتەوە، شێتگیر ببوو، ئاگای لەخۆی نەما بەهەمووڵادا شەلم کوێرم ناپارێزم، بەشمشێر و گورزەکەی دەستی پەلاماری دەدا، سوپەرەکەی و پاشان هەرچی جلوبەرگی جەنگی و زنجیری بەریەتی فڕێی داو بەسنگی ڕووتەوە لە مەیدانی جەنگدا بەبێ ترس دەیقریشکاند و هاواری دەکرد و شمشێر و گورزەکەی بادەدا، کە سەربازەکانی بینیان ئەوانیش هەموویان جلەکانیان لەبەریان داکەند و وەک سەرکردەکەیان کرد، ئەمە کارێکی خەتەرناک بوو، شاسمایل هاواری کرد: سارۆبیرە بۆ وای کرد..؟ ئێستە تیر هاوێژەکانی تورک تیربارانیان دەکەن و لاشەی ڕووتیان بریندار دەکەن و دەیانپێکن و تێدادەچن، قیراندی ئەی شێرەمەرد ئایا لە جەنگدا تەنیا ئازایەتی بەسە..؟ خێرا کەسێکی نارد بۆ لایان هەتا بەئاگایان بهێنێتەوەو ئاگایان لە تیرهاوێژەکانی عوسمانی بێت، داوای کرد بگەڕێنەوە دواوە، لەم کاتەدا کە تێک هەڵپرژابوون و زۆربەی سوپای سەفەوییەکان ئەوەی کە مابوو لە مەیدانی جەنگەکەدا تێکەڵ و پێکەڵ ببوون، لێرەدا بە نەخشەیەک سوپای ئۆغلان و چاوەش و سەربازە پیادەکانی عوسمانی لە یەکتر جیابوونەوەو مەیدانەکەیان بە تەنیا بۆ سەفەوییەکان چۆڵ کرد، هەر خێرا بە ١٥٠ عەرادە بنکەی تۆپ مەیدانەکەیان کوتاو، شریخەی تۆپ تێکەڵ بەقریشکەی سارۆبیرە و سەربازەکانی بوو، سوپاکەی سارۆبیرەیان تەواو کوتا، تیرێک دابووی لە گۆنای سارۆبیرە، بەڵام گوێی لێنەبوو، سوڵتان سەلیم داوای لە سوپای ئیچ ئۆغلان کردبوو هەرچی تیریان پێیە بیگرنە سوپای سارۆ بیرەو پاشان پاشەکشە بکەن بۆ تۆپەکان، سارۆبیرە ئا لەوەدا پێکرابوو، بەو هەڵمەتە کار لەکار ترازاو ناوەندی جەنگەکە لەدەست شاسمایلدا نەما، سارۆبیرە لە دوو هەزار سەرباز تەنیا پێنج سەد سەربازی بۆ مابوو، ویستی بەرەودوا بیان گێڕێتەوەو ڕزگاریان بکات، بەڵام دەبینێ لەناو دەریای سوپای عوسمانیدا نوقم بووەو ڕزگار بوونیان نییە، سارۆبیرە ناچار بوو پەلاماری تۆپەکان بدات و هەقی سوپا شکاوەکەی لەتۆپەکان بکاتەوە، خۆی و سەربازەکانی بەرەو تۆپەکان هێرشیان بردو نزیک بوونەوە، بەگورز بەربووە تۆپەکان، چەند تۆپێکی شکاند، بەڵام تۆپچییەکان لێی هاتنە دەست و لە هەمووڵاوە دایانە بەر تیرو شیرو خەڵتانی خوێنیان کرد، سەربازەکانی عوسمانی وەک پیشەی خۆیان هەمیشە سەری سەرکردە دوژمنەکانیان لێدەکردەوەو بەدیاری دەیانبرد بۆ پاشا، بەڵام سوڵتان سەلیم فریاکەوت و نەیهێشت ئەو کارە بەو پاڵەوانە بکرێت..

ئەم کوردە مەزنە ئازایە حەیف بوو خۆی بەو دەردەبرد، بۆ سەفەوییە کورد کوژەکان کوژرا، کە هەتا مابوون لە کوڕیانەوە بۆ باوک دژی کوردو میرنشینە کوردەکان بوون، ئەگەر ئەم پاڵەوانە دلێرە سەرکردەی میرنشینێک بووایە و ئەوەی بۆ شاسمایل کردی بۆ کوردی بکردایە، ڕەنگە نەیهێشتایە شاسمایل ئەوە بەکورد بکات کە کردی، شاعیرێک بەو داخەوە ئەم شیعرەی بۆ مەرگی سارۆبیرەی کورد هۆنیوەتەوە کە بۆچی بەبێ سوود وای بەخۆی کرد و دەڵێ:

**شێری هەڵکەوتووی مەڵبەندی بانە**
**شۆڕەسواری کوردی تاقانە**
**چەندە دلێر بوو بەڵام هەزار حەیف**
**خۆشی دا بە کوشت لەڕێی بێگانە..**


**سەرچاوەکان:**

**١- دلاوەرانی کوردی گومناو، حەبیبوڵڵای تابانی، وەرگێڕ بۆ کورد،ی وریا قانیع.**

**٢- شەرەفنامە، شەرەفخانی بدلیسی، وەرگێڕ بۆ کوردی، هەژار موکریانی.**

**٣- مەولانا ئیدریسی بەدلیسی و جەنگی چاڵدێران، حەسەن مەحموود حەمەکەریم.**

# فینۆمێنۆلۆژی ئیدمۆند هوسەڕڵ

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

## سەرەتا

(١) تایبەتمەندییەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، بەر لەهەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهان، وەک لەبەرهەمی بڵاوکراوەی سیاسەتمەدار و پسپۆر و مامۆستاکانی زانکۆیەکانی ئەو سەردەمەی ئەڵمانیا بەتایبەتی و ئەورووپا بەگشتی بەرچاودەکەوێ و سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە لەو قەیران و تەنگژەیەدا Krisis کە ڕووبەڕووی زانستەکان بەگشتی بۆتەوە، دەردەکەوێ.

فەیلەسووف و زانای بیرکاری گەورەی ئەڵمان گۆتلۆب فریگە (١٨٤٨-١٩٢٥ز) لە چەندین بەرهەمدا ڕووبەڕووی ئەو قەیران و تەنگژەیەی بیرکاری Mathematik بۆتەوە. فریگە هەوڵی داوە و کۆششی کردووە کێشە و تەنگژە و قەیرانی بیرکاری و ناکۆکییە ناوەکییەکانی بەوە چارەسەر بکات، بیرکاری لە مەنتیقێکی پەرەسەندوو بەولاوە نییە، ئەم کۆششەی فریگە لەلای بێرتراند ڕەسڵ و ئەلفرێد نۆرت وایتهید هاتەبەر، هەردووکیان لەبەرهەمێکی هاوبەشدا بەناوی بنەماکانی بیرکاری Principia Mathematica کە ساڵی (١٩١٠-١٩١٣ز) بڵاوکراوەتەوە بۆ دانانی بنەمای مەنتیقێکی بیرکاری کۆششێکی زانستیانەیان کردووە. ڕەسڵ بەنیاز و مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییە ناوەکییەکانی بیرکاری و مەنتیق، تیۆری تیپە مەنتیقییەکانی داهێنانەوە. بەم پێیە زمانی ئاسایی و مەنتیقی بابەتی لە مێتازمان و مێتامەنتیق جیاکراونەتەوە.

(٢) لەبەرانبەر ئەم چالاکییە بیرکارییە مەنتیقییەدا،



ئیدمۆند هوسەڕڵ

لەسەرەتادا سەرنج بۆ قەیران و تەنگژەی زانستەکان ڕاکێشراوە و هەوڵ دراوە سروشت و هۆکارەکانی ئەم قەیرانە دیار و دەستنیشان بکرێت. بە باوەڕی من گرێدانی ئەم قەیرانەی زانست بە قەیران و تەنگژەی ئەوسای چینی بۆرژوازی دەسەڵاتدار لە دروشمێکی سیاسی بەولاوە نییە و بەهیچ جۆرێک نەپاساو دەدرێ و نە پشت ڕاست دەکرێتەوە. ڕاستە زانستەکانی ئەورووپا پشکێکی گەورەی کولتوور و شارستانیەتی ئەورووپایان پێک هێناوە، هەر لە زانستە جۆربەجۆرەکانەوە تاوەکو فەلسەفە و ئابووری و زانستەکانی ئایین و قانوون و مێژوو و زانستی سیاسەت و زانستە کۆمەڵایەتییەکان (سۆسیۆلۆژی)، ئەم زانستانەش هەریەکە بەپێی کایەو پاوان و بابەتەکانیان کەم تا زۆر پێوەندییان بە کۆمەڵگەوە هەیە و هەبووە، ئەگەرچی ئەو پێوەندییەش بەپێی هەلومەرجەکانی پەرەسەندن و بەرەوپێشچوون گۆڕانێکی بەشێوازی دوورکەوتنەوە و نزیک کەوتنەوەی بەخۆیەوە دیوە، بەڵام بەهیچ جۆرێک نە ملکەچ و نە پابەندی زەبوون و داماوی قەیران و تەنگژەی چین و دەسەڵاتێکی سیاسی دیاریکراو نەبوون و نابن. مەسەلەکە لە پەرەسەندن و گونجان، یان خۆ گونجاندن لەگەڵ گۆڕانەکانی ژیان و کۆمەڵگە و شارستانیەت بەو لاوە شتێکی تر نەبووە. ئەمەش هەندێک جار خۆی لەچوارچێوە و ڕوخساری ململانێ و کێشە و بەرەی دەستەو یەخە بوون و زۆرانبازی نێوان کۆن و نوێدا بینیوەتەوە کە بەهۆیەوە چەندین دیاردەی فرە ڕەنگ و هەمە چەشنەی کولتوور و شارستانیەتی لێ دەکەوێتەوە. تاقمی کۆڕی ڤیەننا (مانیفێستە زانستییە فەلسەفییەکەیان لە ژمارە(١٢٨)ی گۆڤاری ڕامان- کانوونی دووەمی ٢٠٠٨-دا بلاوکرایەوە) بەلایانەوە ڕوون بووە کە ڕژێمی سیاسی دەسبەکار توانیویەتی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەدا بگونجێنێ و سوود لە تاقیکردنەوەکانی ژیان بە هەموو هەمە ڕەنگییەکییەوە وەربگرێت و تاڕادەیەکی بەرچاو داخوازییەکانی ژیانی مرۆڤ لەبەرچاو بگرێت و بەرەو پیریان بچێ. تەنگژە و قەیرانی زانستەکەش لەلایەکەوە بەوە لێکدراوەتەوە کە «گوایە هزری میتافیزیکی و لاهوتی.. لە ژیندا و بگرە لە زانستدا لەبرەو و پتربووندایە ل٩٩). وەک ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردە گشتییە کە بەشێوە و ڕوخساری گۆڕانێکی سنووردار لەنێو هەندێ کۆڕ و کۆمەڵەدا بەرچاو کەوتووە، بایەخێکی لە ئەندازە بەدەر بە پەیڕەوی (میتۆدەی) زانستی ڕیالیزمی دراوە و هەوڵ دراوە زمانی فیزیک کە چەندین تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ بنیادنانی کۆشکی یەکگرتنی زانستە جۆر بەجۆرەکان بە بنەمایەک دابنرێ و سوودی لێوەربگیرێ.

٣- شارستانیەت، کە ئەم جۆرە زانستانەی لێکەوتۆتەوە، لە سروشت و ڕوخسار و ناوەڕۆکدا یەکەیەکی یەکرەنگە، بەشێکە لە فەلسەفەی مێژوو و گیانی سەردەمی خۆی بەجوانترین شێوە دەردەبڕێت. سەبارەت بەو قەیرانەی زانستەکان هوسەڕڵ (١٨٥٩-١٩٣٨ز) کاتی خۆی کردوویەتی بە بابەتێکی توێژینەوە. بەلای هوسەڕڵەوە توێژینەوەی هەست و هۆشیاری ئەورووپایی هەر لەسەرەتاکەیەوە، بە پەرەسەندنییەوە تاوەکو کۆتاییەکەی لەبەردەم چوونە نێو ئەم جیهانە ئاڵۆزەدا دەروازە دەکاتەوە، ئەمەش بەڵگەیەکە کە کولتووری ڕۆژئاوا بە کەلەپوورە فرە ڕەنگییەکەیەوە، کە

نموونەی پەرەسەندنی شکۆی مرۆڤایەتییە، کۆیەکی بەیەکەوە تەبایە و لەچوار چێوە و سنوور و جوغزی بۆچوون و وێناکردنی تەنگەبەری نەتەوەیی زانست دەچێتە دەرەوە و ئاستەنگی زانستیانە لەبەردەم تێڕوانینی نەتەوەیی کولتوور و شارستانیەت دادەنێ.

لەکاتێکدا باسی قەیران و تەنگژەی کولتوور و شارستانییەتی ڕۆژئاوا دەکرێ، سەرمایەداری لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هەنگاوی گەورە و مەزنی بەرەو پێش هاوێشتووە، تارادەیەک کە لەتوانادابێ لەگەڵ ژیان و کۆمەڵگەدا دێتەوە، دەسکەوتی وای داهێناوە و پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە، هەر لە سێ دروشمەکەی: ئازادی و برایەتی و یەکسانییەوە تاوەکو تەکنەلۆژی سەردەم هەموو کەلەبەرێکی گرتۆتەوە، بەپێی قۆناخی سەردەم لە توانای ژێری مرۆڤ و توانای زانستیدا نییە لەم سنوورە تێبپەڕێ و ئەم سنوورە ببەزێنێ. هەروەها ڕاستە ڕۆژبەڕۆژ زانستەکان لەیەکتری جیا دەبنەوە و هەریەکە کایە و پاوانی تایبەتی خۆی گر دەدات و وادێتە پێش چاو وردە وردە لە ژیانی ئاسایی مرۆڤ دوور دەکەونەوە و لەکایەیەکی تەنگەبەردا گۆشەگیر دەبن. ئەم واهاتنە بەرچاوە دەکرێ بەدیوی نارێ و نالەباری پەرەسەندن و گەشەکردن دابنرێ. ئەم لەیەکتری جیابوونەوە و سەربەخۆبوونی زانستەکان دیوەکەی تری بابەتەکە نیشان دەدات، کە ئەویش دیوی زیندوویی و پەرەسەندن و گەشەکردنە. جیا بوونەوەی زانستەکان لەیەکتری و سەربەخۆبوونیان لە بەرانبەر ئەو کێشە و تەنگژانەی ڕێژیمی دەستبەکاری سەرمایەداری ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و بۆتەوە، بەڵگەیەکی دیار و ئاشکرایە نیشانی دەدات کە سەرمایەداری ئەوپەڕی لووتکەی بڵندی پەرەسەندنی چالاکی ژیر و ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەیە. ئەو کێشە و قەیرانانەش لەبزاڤی نەپساوە و بەرەو پێشچوونی بەردەوامی ژیان خۆیەوە دەکەونەوە و لەگەڵ ڕەوتی نەسرەوتی ژیاندا دێنەوە. سەرمایەداری کە واتا بەخشی دیموکراتی و داد و ئازادییە تاوەکو ئێستا توانیویەتی شایستەیی خۆی پشت ڕاست بکاتەوە. مرۆڤایەتیش بە هەموو توانایەوە نەیتوانیوە ئاڵتەرناتیڤێک دابهێنێ کە جێگای سەرمایەداری بگرێتەوە، ئەمەش ڕەوشێکی ئاساییە، چونکە وەلانانی سەرمایەداریی وەلانانی ژیر و ژینە.

(٤) لەم کەشوهەوا و هەلومەرجەی سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئیدمۆند هوسەرڵ دەستبەکاربووە. هوسەرڵ لەسەرەتادا خوێندنی بیرکاریی (ماتماتیکی) تەواو کردووە و تێزی دکتۆرییەکەی لە بارەی ئەم زانستەوە بووە. بەپێچەوانەی فرێگەوە، لەسەرەتاوە و بەهۆی ئەو کارەی فرەنتس برێنتانۆ تێیکردووە هەوڵی داوە مەنتیق بباتەوە سەر سایکۆلۆژی (دەروونناسی)، بەڵام بەهۆی ئەو ڕەخنانەوە کە لەلایەن فرێگەوە لێی گیراون، دەستبەرداری ئەو ڕایەی بووە و مەنتیق و سایکۆلۆژی بەدوو بابەتی لەیەکتری جیاواز داناوە. هوسەرڵ کۆششی کردووە میتۆدەیەکی ژیرەکی، پشت ئەستوور بە بیرکاری، دابهێنێ و ئەو میتۆدەیە بەسەر هەست و هۆشدا Bewusstsein جێبەجێ بکات. لەسەرەتادا، وەک هەندێ فەیلەسووفی تر کە لە بنەڕەتدا لەکایە و بابەتێکی تردا پسپۆڕ بوون، سەرگەرمی ئەوە بووە فەلسەفە ببێ بە زانستێکی وردی ڕێکوپێک(١). لەگەڵ جێگیر بوون و بڵاوبوونەوەی فینۆمینۆلۆژی چ وەک فەلسەفە و چ وەک میتۆدە لەلایەن بابەتە زانستییەکانی ترەوە سوودی لێ وەرگیراوە و هەوڵی جێبەجێ کردنی دراوە. بۆ نموونە ماکس شیلەر و ئەلفرید شوتس(٢) هەوڵیان داوە میتۆدەی فینۆمینۆلۆژی لەکایە و پاوانی زانستی کۆمەڵایەتییدا (سۆسیۆلۆژی) جێبەجێ بکەن.

## پەیڕەوی ئامانجەکی

ئامانجەکی لێرەدا واتای مەبەست و نیاز دەگەیەنێ، بەرانبەر بەوشەی لاتینی Intention بەکارهاتووە. ئەم هەڵوێستە کە پتر بایەخ بە تاقیکردنەوە و ئەزموونە هۆشییەکان دەدات، ئەم ئەزموونانە بە چەند هاوردە و دادێکی ڕاستەقینە (واقیعی) دادەنێ کە سروشتێکی تایبەتی مێشک نیشان دەدەن، ئەمەش ناوی ڕێبازەکە ساغ دەکاتەوە کە بە تایبەتی بایەخ بە دیاردە Phanomenon دەدات. لەم پرۆسەیەدا، کە ڕێبازە فەلسەفییەکە خۆی لە پەیڕەوێک بەولاوە نییە، هەموو گریمانە پێشینەییەکانی بوون کە لە هەڵوێستی سروشتی ژیانی ڕۆژانەدا هۆشی مرۆڤ بە ڕوون و ئاشکرایان دەدانێ لە کایەی توێژینەوەدا دووردەخرێنەوە و ئەوەی لەهۆشدا وەک ناوەرۆکی بێ گەردی حازر بەدەست و لەبەردەستدابوو، هەیە، بە وردی باس دەکرێن.(٣)

یەکەم: بابەت، ناوەرۆک کە مەبەست و ئامانجێکی دیاری کراوی هەیە و تێیدا دەردەکەوێ.
دووەم: لایەنی دەروونی ئەمەش کاری بۆچوون و بڕیاردانەکە و خۆشویستن و ڕق لێبوونەوەیە.
ئەم سێ جۆر و توێژەی کردار لە بەرانبەریاندا سێ جۆر و توێژی فۆرمی بابەت هەیە کە یەکێکیان وێناکردنێکی سادە و ساکاری شتێکە، دووەمیان کارێکی هەڵوێست نواندن و دیاریکردنە دەربارەی شتێک و ئەمەیان پتر تیۆری و هزرییە و سێیەمیان کردەکی و پراکتیکییە کە لەناخی دەروونەوە دێتە دەرێ و لەچوارچێوەی پەسندکردن، یان حەز کردن و حەز نەکردندا خۆی دەنوێنێ.
وشە و بابەتی ئامانجەکی لەخۆیدا وەک برێنتانۆ بۆی چووە جیاوازی نێوان فاکت و ڕاستییەکانی فیزیک و دەروونناسی دیار و دەستنیشان دەکات هەموو چالاکییەکی دەروونی کە پێوەندی بەدەروونناسییەوە هەیە هەر لە کردارەوە تاوەکو دەگاتە هەست و هۆش و سۆز و ئێش و ئازار پێوەندی بە بابەتێکەوە هەیە کە ناوەرۆکەکەی لێ پێک دێت. مرۆڤ دەبینێ، ئەم دیتنە بینینی بابەتێکە، خوشویستن ناوەرۆکێکی هەیە کە خۆشویستنەکە ئاراستەی کراوە، مرۆڤ شتێک هەڵ دەسەنگێنی، تاد... ئەم پێوەندی بوونە بە بابەتەوە یەکەم کەرەسەی دەروونییە و دووەم ئامانجێکی دیاری کراوی هەیە. هەموو کارێک، خواستێک، ئەزموونێک، هەست و هۆش و نەست و سۆزێک سنووری خۆی دەبەزێنێ و پێوەندییەک بە ناوەرۆک و کەرەسەیەکەوە (Sich-Beziehen) دیار و دەستنیشان دەکات کە ئامانجەکەی لێ پێک دێت. ئەمەیە پەیڕەوی ئامانجەکی کە لەلای زانا و فەیلەسووفی مەنتیقی نەمسایی، پرۆفیسۆر ئەلێکیس فۆن ماینۆنگ بنەمای تیۆری بابەتیان Ge-genstandstheorie پێک هێناوە.

### قەیرانی زانستەکان

لەبەرهەمێکدا کە یەکەم جار لە شاری هالە (ساڵی ١٩٢٩ز) بڵاوکراوەتەوە هوسەرڵ بەوپەڕی نائومێدییەوە باسی زانست و ڕەوشی زانستی سەردەمی خۆی دەکات و نیشانی دەدات کە قەیران و تەنگژەیەکی زانستی لە ئارادایە و زانستەکان گۆشەگیرانە لە ژیانی ڕۆژانەی



**هایدگەر و ئیدمۆند هوسەرڵ**

وشەی ئامانجەکی لەخۆیدا لە بابەتی دەروونناسی (سایکۆلۆژییەوە) خوازراوەتەوە.
بەپێی سەرچاوەکان هوسەرڵ ئەم پەیڕەوی ئامانجەکییە لە پرۆفیسۆر فرەنتس فۆن برێنتانۆ (١٨٣٨-١٩١٧ز) فێربووە کە ئەوکاتە لە زانکۆی ڤییەننا مامۆستابووە برێنتانۆ لەو باوەڕە دابووە کە دیاردەکانی هەست و هۆش کە ئەو بە ئەزموونی ئامانجەکی ناوی بردوون دەکرێن بە سێ جۆر و توێژی ئەزموونەوە Erlebnis:
**یەکەم**: بۆچوون Vorstellung
**دووەم**: حوکمدان Urteil
**سێیەم**: دیاردەکانی سۆز (خۆشویستن و ڕک لێبوونەوە.)
ئەم سێ جۆرە سێ ڕەوشی ئامانج نیشان دەدەن(٤). واتە پێوەندییان بە بابەتێکی نیازکراوەوە هەیە. هەموو ئەزموونێک کە لە هزرەوە کەوتبێتەوە و توندوتۆڵ پێوەی بەسترابێ، دوو لایەنی لەیەکتری جیاواز و بەیەکترییەوە گرێدراوی هەیە:

مرۆڤ و کۆمەڵگە دوور کەوتوونەتەوە و کەسیش بڕوای جارانی پێیان نەماوە. هوسەرڵ لەوێدا گوتوویەتی:

**«ڕەوشی سەردەمی ئێستای زانستە ئەورووپاییەکان بیرکردنەوە و تێرامانێکی ڕادیکاڵی- ڕیشەیی- پێویست دەکات. ئەوان لە بنەڕەتدا بڕوای قایم و پتەو بەخۆ بوون و بە گرنگی بایەخە ڕەهاکەیان لەدەست داوە. مرۆڤی مۆدێرن ئەمڕۆ وەک مرۆڤی قۆناخی ڕۆشنگەرایی نەماوە، زانست و ئەو کولتوورەی بەهۆیەوە خەت و خاڵی داوە، بەخۆ بەبابەتکردن و بەجێ هێنانی ژیری مرۆڤیان دانانێ.. ئەو باوەڕە، زانست بەرەو گەیشتنە ڕاستی دەچێ، بەهەموو شێوەیەک... هێز و قایمی خۆی لەدەست داوە.»(٥)**

(١) ئەو گۆڕانە کە دەکرێ، بەپێی قسەی هوسەرڵ، بەتەنگژە و قەیران دابنرێ کە زانستەکەیان دووچاری بوون کامەیە؟ دەبێ ئەو بڕوایەی جاران مرۆڤ بە زانستەکانی هەبووبێ چی بووبێ و چاوەڕێی چی لێ کردبن و چ مەبەست و نیازێکی پێیان هەبووبێ؟ ئایا ئەم بڕیارەی هوسەرڵ دەچێتە چ خانەیەکەوە؟

ئەگەر مرۆڤ بە هێمنی لەو قسەیەی پرۆفیسۆر هوسەرڵ وردبێتەوە دوو خاڵ- لەلای - پشت ڕاست دەکرێنەوە:

**یەکەم**: لەسەرەتادا مرۆڤ هیوایەکی لە سنوور بەدەری بە زانست و ئەنجامەکانی هەبووە. وای داناوە کە ئەفسانە ئاسا ئەم بابەتە کێشە سەرەکییەکانی ژیان و کۆمەڵگە چارەسەر دەکات، دواڕۆژێکی چاوەڕوانکراو دابین دەکات، بەڵام؟

**دووەم**: بەپێچەوانەوە نەک ئامانجە سەرەکییەکان بەتەواوەتی نەهێنراونە دی، بگرە زانست خۆی، یان زانستەکان خۆیان لەلای خۆیانەوە بوون بە کێشە و مایەی ترس و لەرز و دڵەڕاوکێی. ئەگەر زانست کێشەیەک، یان چەند کێشەیەکی چارەسەرکردبێ ئەوە چەکی ئەتۆم و ناوکی و کیمیایی داهێناوە و هەڕەشەی کاولکردنی یەکجارەکی لەمرۆڤ و ژینگە و کۆمەڵگە دەکات!.

(٢) دوای مردنی هێگڵ (ساڵی ١٨٣١ز) ڕێبازی مەتریالیستی (ماددی) ئەوپەڕی گەشەی کردووە و بەهێز بووە، لە بەرانبەردا فەلسەفەی ئایدیالیزمی بەتایبەتی و فەلسەفەی سروشتی پشت ئەستوور بە ئایدیالیزم هەرەسی هێناوە و هیچی تر نەیتوانیوە لەبەردەم هێرشی زانست و مەتریالیستەکان خۆی بگرێ(٦). لەلایەکی دیکەوە زانست پەرەی سەندووە و بەهەنگاوی گەورە بەرەو پێش چووە. زانا و توێژەرەوە زانستییەکان لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم لە ئەڵمانیادا کە بۆچوون و ئاراستەی مەتریالیستییان هەبووە بەتایبەتی: کارل فۆگت (١٨١٧- ١٨٩٥ز) Vogt. پرۆفیسۆر یا کوب مۆلیشوت Moleschott (١٨٢٢- ١٨٩٣ز). ئینجا لودفیش بووشنەر (١٨٢٤- ١٨٩٩ز) Buchner کۆششیان کردووە کە میتۆدەی ئەزموونی پشت ئەستوور بە بنەمای ماددی جێگیر و جێبەجێ بکەن و هەوڵیان داوە ساغی بکەنەوە کە:

**یەکەم**: زانینی زانستییانە دەبێ خۆی لە هەموو تێڕوانینێکی پەتی ڕووت لابدات و لەسەر بنەما و بنچینەی ئەزموونیی دابمەزرێت.

**دووەم**: فەلسەفەی سروشتی ڕووت و پەتی و تیۆرییانە نەک هەر بەهۆی بەرەو پێشچوونی زانستە جیاجیاکان دووچاری قەیران و تەنگژەبووە، بگرە بەهۆی زانستەکانەوە پووچەڵ کراوەتەوە(٧).

وەک پەرەسەندنی دواتری زانست و فەلسەفە دەری خست ئەم بڕیارەی ئەم زانا مەتریالیستانە بڕیارێکی تاک ڕەهەندی بووە. فەلسەفە بەشێکی هوشیاری کۆمەڵایەتییە سوود لە زانستەکان وەردەگرێ و سوودیان پێدەگەیەنێ، بەڵام هەرگیز نە دەبێ بە زانست و نە دەکرێ دەستبەرداری کایە و پاوان و کارەکتەری خۆی ببێ، چونکە بابەت و میتۆدەی خۆی هەیە کە لەهی زانستەکان جیاوازترە و ئەمەش تایبەتمەندی فەلسەفە دەپارێزێ. زانستەکانی ئەو سەردەمە، وەک لە بڵاوکراوەکانیان و سەرچاوەکانەوە دەردەکەوێ میتۆدەی ئەزموونیان بەکارهێناوە و جێبەجێ کردووە، ماتماتیک ئەو نموونەیە بوو کە پشتی پێ بەستراوە و پەیڕەو کراوە، بەڵام کێشەکانی فەلسەفە و کێشە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ ئەم میتۆد و چارەسەرانەدا نایەنەوە. ئەگەر میتۆدەی ئەزموونی زانست و میتۆدەی ڕوخساری بیرکاری کێشەی مادە و سروشت و فیزیکیان پێ بەلایەکدا بخرێت، میتۆدەی بیرکاری (ماتماتیک) قسە لە بابەتەکانی ژمارە بنەما و قانوونەکانی هزر و مێشک بکات و لەگەڵ مەنتیقی بیرکاری نوێدا سەرگەرمی توێژینەوەی بنەماو

قانوونە سروشتییەکانی پرۆسەی بیرکردنەوە بێت، ئەوە فەلسەفە لەخۆیدا شتێکی ترە، جۆرێکە لە جۆرەکانی جیهاندیدی Weltanschauung کە بەمیتۆدەی تایبەتی خۆی نەبێ بەهیچ میتۆدەیەکی تر نە قسەی لێدەکرێت و نە بەلایەکدا دەخرێت.

(٣) ڕاستە لەسەردەمی ڕێنێسانسەوە تاوەکو کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم زانست و میتۆدەی زانستی سەرکەوتنی مەزنیان بەدەست هێناوە، بە هەنگاوی گەورەی ئەوتۆی چاوەڕواننەکراو بەرەو پێش چوون، بەهۆی ئەم پەرەسەندنە شۆڕش ئاسایەوە دیدی خۆیەتی و میتافیزیکی و ئەفسانەیی و تەنانەت لاهووتیش لاواز بوون. پەیڕەو میتۆدی زانستییە سروشتییەکان بوون بەمەرجێ دەستەبەربوونی دڵنیایی و ڕەواندنەوەی ئەگەر و گومان و جێگیرکردنی هەڵوێست و دیدی بابەتییانە. بۆیە لەنێو کۆڕ و کۆمەڵەکاندا ئەو باوەڕە پەرگیرە بە زانست جێگیر بووە، گوایە زانست تاکە فۆرمێکە لەنێو فۆرمەکانی زانیندا کە دەبێ مرۆڤ دانی پێدابنێ و بڕوای پێی هەبێ، ڕاستی لە هەموو کایە و بوارەکانیدا، جا دەربارەی ناخی دەروونی مرۆڤ بێ، یان لە بارەی جیهانی دەوروبەر و دەرەوە بێت، بە تەنیا هۆی میتۆدە و پەیڕەوی ئەزموونی زانستەوە پێی دەگەیشترێ و بەدەست دەهێنرێت(٨). هەروەها ئەو وێنەیە لە مێشک و ناخدا نەخشاوە گوایە زانینی ورد و بنەڕەتی زانستییانە دەربارەی فاکتەر و هۆکارەکانی دیاردەکان دەبێتە ئەوەی مرۆڤایەتی بە کەماڵ و تەواوێتی و بەختەوەری بگات. لەلایەکی ترەوە ئەو داوایە ڕەواکراوە کە هونەر و ئەدەب و فەلسەفە و سۆسیۆلۆژی و تاد.. لەسەر بنەمایەکی پەیڕەوی ئەزموونی دابمەزرێن و ئەنجامەکانیشیان پابەندی تێبینی و ساغکردنەوە و پشت ڕاست کردنەوەی ئەزموونی Empirie بن.

(٤) لەسەرەتای سەدەی بیستەم تەنگژە و قەیرانی زانستەکان و پەیڕەو و میتۆدە ئەزموونییەکە دەستی پێکردووە. زانستە مرۆڤایەتییەکان بەلق و بابەتە جۆربەجۆر و جیاوازییەکانیانەوە لە بەڵێن و پەیمانەکانی زانست و میتۆدەی ئەزموونییانەوە وردە وردە دڵیان کرمێ بووە.

لەلایەکی ترەوە، فەیلەسووف و سۆسیۆلۆژ (زانایانی زانستی کۆمەڵایەتی) و دەروونناسان (سایکۆلۆژیستان) وردە وردە لەلایان ساغ و ڕوون بۆتەوە کە دیاردە مرۆڤی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان لە جۆرێکی ترن و ناوەڕۆک و ڕوخساری تایبەتی خۆیانیان هەیە و بە تەواوەتی لەو دیاردە سروشتییە- فیزیکیانە جیاوازن کە بابەتی چالاکی توێژینەوەی زانستە ئەزموونییەکانن. بۆ نموونە ئەگەر زانایەک لە قانوون و بنەماکانی دیاردە سروشتییەکان شارەزا و ئاگاداربێت، بەتایبەتی کە لە سروشتدا دووبارە بوونەوە هەیە، دەتوانێ پرۆسە و قەومانیان پێشبینی بکات و بگرە کۆنترۆڵیشیان بکات. بەپێچەوانەوە ئەو دیاردە و بابەتانەی فەلسەفە لێیان دەکۆڵێتەوە، دیاردە دەروونییەکان، دیاردە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەچاو دیاردە سروشتییەکان شتێکی ترن، ناکرێ و بگرە کاری پێشبینی کردنیان لەتوانادا نییە. ئەمە یەکەم دیاردە و نیشانی تەنگژە و قەیرانی زانستەکان بووە.

دیاردە مرۆڤییەکان چەندین دیاردەی زیندووی ژیان و گیان و کۆمەڵایەتین هەریەکەیان لەوی تریان جیاوازن و تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە و بەهیچ جۆرێک دووبارە بوونەوە و لەیەکتری چوونیان تێدا نییە، بۆیە ناکرێ بە شیکردنەوەی بێ گیانی فۆرمییە بیرکارییەکان و چەمکە وشک و برینگەکانی مەنتیق بەلایەکدا بخرێن. ناکرێ ئەم دیاردانە لەگەڵ دیاردەکانی سروشت و بابەتەکانی ماتماتیک و مەنتیق بخرێنە نێو دوو تای بەرانبەری یەک تەرازووەوە. شرۆڤەکردن و توێژینەوەی دیاردەکانی ژیان و ژیان خۆی بەمیتۆدەی زانستە فیزیکییەکان و لێکدانەوەیان بە بنەما و چوارچێوە و فۆرمە وشکە بێ ناوەڕۆکەکانی ماتماتیک و مەنتیق دەبێتە مایەی بێ پێزکردن و هەژاری و بەزڕ کردنی جیهانی بەپێز و فرە ڕەنگ و هەمە چەشنەی ژین لەنێو زانستە مرۆڤییەکاندا. لەم کەشوهەوایەدا نەمامی ڕێبازی فینۆمینۆلۆژی ئیدمۆند هوسەرڵ شین بووە و هاتۆتەبەر و ئینجا فەیلەسووفە ئیگزیستێنتیالیستەکانیش بەتایبەتی مارتن هایدیگەر و ژان پۆل سارتر و مۆریس میرلۆپۆنتی لەمەیدانەکەیدا ئەسپی خامەیان تاوداوە.

**هاتنەوە سەر شت خۆی**

(١) لێرەدا مەبەست لە جۆرە گەڕانەوەیەکە بۆ سەر شت

خۆی کە هوسەرڵ بە ئەڵمانی بەم جۆرە نووسیویەتی: Zuruck Zu den Sachen Selbst ئەگەر مرۆڤ لەتێکرای بەرهەمەکانی هوسەرڵ وردبێتەوە کە لەهۆڵەندە لەژێر ناوونیشانی «هوسەرڵییانە»دا بلاو کراونەتەوە بۆی دەردەکەوێ کە ڕابەری فینۆمینۆلۆژی بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕ بووە و هەر قۆناغەش لەبەرهەمێک، یان لە چەند بەرهەمێکیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە فەلسەفە ئاوێنەیەکی پاک و ڕوون و بێ گەرد بەجوانترین شێوە گیانی سەردەم دەردەبڕێت. هوسەرڵ لەسەرەتای ژیانی ئەکادیمیدا کە دەستبەرداری بیرکاری (ماتماتیک) بووە و ڕووی لەجیهانی فەلسەفە کردووە لە دەرگای مەنتیقەوە هاتۆتە ئەو دنیایەوە. لە شاکاری «چەند توێژینەوەیەکی مەنتیقی»دا کۆششی کردووە لەنێوان دەروونناسی ئەزموونی و مەنتیقدا ڕێگایەکی تر بدۆزێتەوە کە پێیدا بڕواو سەرەو دەربکات، بۆیە لەدوو لاوە هەوڵی داوە:

**یەکەم**: دەروونناسی کە زانستێکی سەربەخۆیە لە ناوەڕۆکی مادییانە پاک بکرێتەوە و بەهۆی مەنتیقیشە گۆڕان بەسەر ڕوخسارەکەیدا بهێنرێ. بەم پێیە دەکرێ هەست و هۆش کەرەسەی دەروونناسی بن و مەنتیقیش ڕوخسار و فۆرمەکەی بێت(٩).

**دووەم**: مەنتیق لە دەروونناسی دابڕدرێ و بکرێ بە مەنتیقێکی فینۆمینۆلۆژییانە کە بایەخ بەجیهانی هەست و هۆش بدات و وەک تاقیکردنەوەیەکی زیندوو لەکایەی تیۆری زانستدا سوودی لێ وەربگیرێت و لە بابەتی زانین نزیک ببێتەوە. بەم هەنگاوە هوسەرڵ کۆششی کردووە مادە و ڕوخسار لە بابەتی مەنتیقدا لەیەکتری جیا بکاتەوە.

بابەتی هەست و هۆش لە فەلسەفەی هوسەرڵدا ڕۆڵێکی سەرەکی و ناوەندێکی گرنگییان هەیە. بەلای داهێنەری ئەم ڕێبازەی فەلسەفە و هۆشی بێ گەرد reine Bewusstein توند و تۆڵ بە جیهانبینی فەلسەفەوە بەندە بۆیە:

«هەموو ئەوەی ئێمە بەهۆی هۆشەوە وێنای دەکەین و بۆی دەچین، جا ئەمە بەدیتن، بە بۆچوون، بەهزر و بیرکردنەوەوە، بە بەها پێدان بێت هوسەرڵ بە دیاردە – فینۆمین- ناوی دەنێ، بۆیە زانستی هۆشیش بەفینۆمینۆلۆژی ناودەبات»(١٠)

(٢) بەپێی سەرچاوەکان وشەی فینۆمین و گەردان کردنەکانی تری کە بە دوای دادێن، یەکەم جار لە لایەن هوسەرڵەوە بەکارنەهاتووە، بەڵکو بە ڕێکوپێکی یەکەم جار لەسەدەی هەژدەیەم لەلایەن لامبێرت Lambert ئینجا لەسەدەی نۆزدەیەم لەلایەن هیگڵەوە بەکارهاتووە. لامبێرت فینۆمینۆلۆژی بەو ڕێبازە و تیۆرییە داناوە کە پێوەندی نێوان دیاردە و ڕاستەقینە شرۆڤە دەکات. بابەتەکەش پێوەندی بەم کێشەیەوە هەیە، چۆن لە دیاردەوە دەکرێ بەرەو بوونی ڕاستەقینە بەرەو پێش هەنگاو بهاوێژرێ. هیگڵ کە شاکارێکی خۆی «فینۆمینۆلۆژی گیان» ناو ناوە جیا لە هوسەرڵ مەبەستی خۆی دەربڕیوە. بەلای هیگڵەوە، کە باسی دەرکەوتن و پەرەسەندن و بەرەو پێشچوونی دیالێکتیکییانەی پرۆسەی گیانی کردووە ئەم چەمکە ئەزموون و شارەزایی ئەنجامەکانی وێنە و ڕوخسارەکانی هۆش و هۆشیاری لە سروشتە ناچارییەکەیدا دەردەبڕێ(١١). فینۆمینۆلۆژی گیان دەربڕینی ڕێکوپێک و سیستمییانەی فۆرمەکانی هۆشە، گەشتێکە کە هۆش بەرەو گەیشتنە زانینی ڕەها دەیکات. ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشی هوسەرڵ و لایەنگیرانی ڕاستە ئەم چەمکەیان بەکارهێناوە و کردوویانە بەناوونیشانی فەلسەفەکەیان، بەڵام هیچ جارێک و لە هیچ بەرهەم و نووسینێکیاندا پێناسەیان نەکردووە.

(٣) فینۆمینۆلۆژی توێژینەوەی ڕێکوپێک و سیستمییانەی هۆش وەک ئەرکی فەلسەفەیی گرتۆتە ئەستۆ، چونکە هۆش تاکە دیاردە و فینۆمێنە کە مرۆڤ لێی دڵنیایە و ئەگەر و گومان هەڵناگرێت، شارەزایی و ئەزموون دەربارەی جیهان و دەوروبەر، هەرچی هەیە و نییە، هەر لە پەی بردن بە بابەت و کەرەسەکانەوە تاوەکو زانینی زانستییانە لە هۆش بەو پێک دێت و دەستنیشان دەکرێت. دیاردەکانی هۆشی بێ گەرد ئەو دیاردانەن کە فینۆمینۆلۆژی سەرگەرمی توێژینەوەیانە. هۆش و هۆشیاری لە ئەزموونی ژیانی ڕۆژانە Erlebnisse پێک دێت، چونکە ئەوەی دەرکەوێت و مرۆڤ پەی پێ بەرێت لەو ئەزموونەدا دەردەکەوێت، بۆیە هوسەرڵ پێکهاتەو بنەمای هۆش- ئەزموونی کردووە بەبابەت و کەرەسەی شرۆڤە کردن و توێژینەوە لەچوارچێوەی ڕێبازی فینۆمینۆلۆژیدا. ئەمە ئەو خاڵە تایبەتییە کە هوسەرڵ لە

ڕابەرانی فەلسەفەی کۆڕی ڤیەننا جیا دەکاتەوە لەکاتێکدا فەیلەسووفەکانی ئەم کۆڕە ئەزموونییە- مەنتیقییەی ڤیەننا بەڕابەرایەتی موریتس شلیک و ڕودولف کارناپ شیکردنەوەی دەستەواژە و ڕستەکانی زمان و مەنتیقیان کردووە بە کەرەسەی لێکۆڵینەوە، هوسەرڵ شانی داوەتە بەر توێژینەوەی ئەزموونی هۆش و پێکهاتە و بنەماکانی(١٢) بنەماکانی دەستەواژەکانی زمان و دەربڕین ناکرێ بە تەواوەتی مرۆڤ لە نهێنییەکانی ناوەرۆک و بابەتی مەبەستیان بگات، ئەگەر بێتو ئەرکی شیکردنەوەی پێکهاتە و بنیادی ئەزموونەکە کەواتا (مانا) دەلالەت بە دەستەواژەکە دەبەخشێ، نەگیرێتە ئەستۆ. ئەگەر ئەم دەستەواژە و ڕستانەش، گریمان، هێما و نیشان بن، یان بنیادێکی هێما و ئاماژە و نیشان بن بە سایەی چالاکییەکی لێ تێگەیشتن زیندوویی و گەرموگوڕی و دەستبەکاربوونیان پێ دەبەخشرێ. بەبێ ئەم چالاکییەش هیچ هێمایەک Zeichen واتا و دەلالەتی نییە و نابێت.

هەر لەم سۆنگەیەوە بەهۆی شیکردنەوەی بنەما و بنیادی Struktur ئەزموونی هۆشی ئامانجەکی خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی جیهان کە مرۆڤ تێیدا دەژی، ڕوون دەکرێنەوە. ئەم ئەرکە لەلای هوسەرڵ کە بە گەڕاندنەوەی فینۆمینۆلۆژیانە ناودەبرێ Phanomenologische Reduktion بریتییە لە دوو لایەن، یان بەدوو قۆناغدا تێدەپەڕێ و جێبەجێ دەکرێ و هەر قۆناغەش تایبەتمەندی خۆی هەیە. هوسەرڵ بۆ ئەم لایەنانە چەند ناوێکی یۆنانی- لاتینی بەکارهێناوە کەوا بە ئاسانی بەرانبەرەکەیان لەزمانی کوردیدا نادۆزرێتەوە: ئەم چالاکییە بەو مەبەستەیە کە پێوەندی پێکهاتە و ڕەگەزە جەوهەرییەکانی زانینی مرۆڤ Kognitive لەگەڵ جیهانی دەوروبەردا ڕوون بکاتەوە و بەدەربخات، ئەو دوا هەلومەرجە گرنگانە ڕوون بکاتەوە کە دەستەبەری زانینی شیاو و ڕاستەقینە دەبن. لێرەوە مرۆڤ فینۆمینۆلۆژیست بە وردی تەنیا سەرگەرمی توێژینەوەی ئەو تەوژمەی ئەزموونە تایبەتییەی دەبێ کە لەناخدا هەیە ئەو ئەزموونە ئەو ڕووداوە ئیمپرییانە مەبەست نین کە لە جیهانی سروشتیدا پەیدا دەبن و دەقەومێن، بەڵکو ئەو بنیادە ئامانجکییانەن کە لە ئەزموونی هۆشدا هەن و بەهۆی بیرکردنەوەی فینۆمینۆلۆژییەوە شرۆڤە دەکرێن. هۆش لەخۆیدا لە تەوژمی شارەزایی و ئەزموون بەولاوە نییە. لەم کایەیەدا دیاردەکانی فینۆمینۆلۆژی چەند بنیادێکی نۆئیتی-نۆئیمین، واتە چەند ئەزموونێکی ئامانجەکین(١٣). ئەم دوو وشە یۆنانییە ئاماژەن بۆ چالاکی و پرۆسەی هزر و ناوەرۆکەکەی.

(٤) قۆناغی یەکەم، ئەوەیە کە هەرچی بیروبۆچوون و بڕیار و حوکمی پێشوو پێشیانە هەیە بخرێنە ناو دوو کەوانەوە و لە کایەی بیرکردنەوە و توێژینەوە و شرۆڤەکردن دوور بخرێنەوە. ئەوی ڕاستەوخۆ پێوەندی بە «خۆوە» هەیە بخرێتە لاوە بۆ ئەوەی بە ڕەوانی و بێ گەردی ڕوو لە بابەت و لە شت بکرێت و هۆش و هزر تەنیا سەرگەرمی جەوهەری شت خۆی بن. ئینجا چ گریمانە و تیۆری و بەڵگەنەویست کە لە ئارادان و پێشتر وتراون و بەکارهاتوون بخرێنە ناو دوو کەوانەکەوە و پشت گوێ بخرێن، چونکە ئەم تیۆریانە پێش تاقیکردنەوە و ئەزموونەکە کەوتوون ڕێگری ئەو دەرفەت و هەلومەرجە دەبن هاوردە دراوە دادرەکە gegebene ڕاستەوخۆ پەی پێ ببردرێ. ئەگەر ئەم چالاکییە جێبەجێ کرا ئەوە ڕاستەوخۆ مرۆڤ خۆی لە بەرانبەر شتەکە خۆیدا چۆنە، دەبینێتەوە. بەم پێیە لەم قۆناغەدا بایەخ بەو شت و دیاردانە دەدرێ کە ڕاستەوخۆ لەمێشک و هۆشدا پەیدا دەبن دوای ئەوەی تەپوتۆزی دەوروبەر و بڕیار و بۆچوونیان لێدەتەکێنرێ. ئەم دیاردانە بە جەوهەر و ماهیەتی ڕاستەقینە دادەنرێن وەک چەند هزر و بیرۆکە و چەمکی پێشیانە سەرنج نادرێن. بابەتە دادودراوەکانی جیهانی دەوروبەر و دەرەوەی مرۆڤ چەند داد و ڕاستەقینەیەکی کە هۆش خۆی دەیانداتە دەست. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە نموونەیەک دەخەینە ڕوو. مرۆڤ درەختێک بەدی دەکات، یان پەی بە درەختێک دەبات. خودی مرۆڤ و درەختەکە دوو بابەتن شان بەشانی لە ژماردن نەهاتووی بابەتی تر لە جیهانی دەوروبەردا کە هەن بوونیان هەیە. ئەوی لە بارەی خودی مرۆڤ و درەختەکەوە وتراوە، دەخرێنە نێو دووکەوانەوە و وەلا دەنرێن. هەروەها ئەوە بە هەند دانانرێت ئایا لەدەوروبەری مرۆڤ لەجیهانی دەوروبەردا شت بوونی هەیە، یان نا. لە جیهانی هەموو ئەمانەدا مرۆڤ ورد دەبێتەوە و هزر و بیری خۆی Sich Konzentrieren بە ئەزموون و شارەزایی خۆی دەربارەی درەختەکە لە هۆشیدا ڕەنگ

ڕێژدراوە(١٤)، خــەریک دەکــات. بەپێـــچـــەوانەی ڕێبازەکانی ترەوە درەختەکە، بوونی لەجیهانی دەرەوەی خـودی مـرۆڤـدا، ئەوەی تائێـسـتـا لەبارەیە گـوتراوە و نووسراوە و بەهزر و بیر و ئەندێشە داهاتووە گرنگ نین و دەخـــــرێنە لاوە. ئەوی گـــــرنگە چۆن ئەم دارە وەک جەوهەرێک وەک چیـەتییـەک (مـاهیـەتێک) لەهۆشی مـرۆڤـدا نەخشـاوە، شـرۆڤـە و باس بکرێت. جـا ئەو جـەوهەرە چیـەتیـیـەکی گـشـتی، یان مـاددە بێت ئەو بوونەوەر نییـە، بەڵکو چەند پێکهـاتەیەکی دەلالەت و واتان کە ڕاستی ژێرەکی دادو هاوردەی هەست و هۆشیان لێ پێک دێت. ئەمـەیە مـەبەسـتی هوسـەرڵ کـە باسی دیتنی جەوهەر(١٥) و چییـەتییـەکانی کردووە. We-sensschau.

(٥) قۆناغی دووەم بریتییە لەو چالاکییەی هوسەرڵ وشەی یۆنانی ئێپـۆخێی بۆ داناوە (Epoche) کەواتا و مـانای دەسـتـبـەرداربوون لە بڕیاردان، یان خـودداری لە حوکم دان دەگەیەنێ.

گـەڕانەوە بۆ سـەر شت خـۆی واتا و دەلالەتی تایبـەتی خۆی هەیە، بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێ و جێبەجێ دەکرێ.

ئەم هاتنەوە سەر شت، کە مەبەست گەڕانەوەیە بۆ سەر جەوهەری شت خۆی نەک چۆن لە دەوروبەردا دەردەکەوێ، بریتییە لە شرۆڤەکردن. وشەی نۆئیـما Noema کە لەم کایەیەدا بەکارهێنراوە ناوەرۆکێکی دیاریکراوی هەیە و بەهۆیەوە دەرفـەتی چوونە سـەر کـەرەسـە و بابەتەکـە دەڕەخسێ، نۆئیـمـا ئامـاژەیە بۆ ئەو شـتـەی لە هۆش و هەسـتدا پەی پێ براوە، جا ئەم پەی پێ بردنە بریتی بێ لە وازانین، بڕوا پێ بوون، گــومــان و ئەگــەر، یان وەبیـرهاتنەوە، خـۆی لە خـۆیدا یەکـەیەکی کـەرەسـەیی و بابەت و شـمـەکییـە. بۆ نموونە کـە مرۆڤ دارەکـە دەبینێ ئەزمـوونەکـە تەنیـا هەر شـارەزاییـەک نییـە، بەڵکو دەربارەی درەخـتـەکـە هوشیـارە و بەئاگـایە و ئەم هۆش و ئاگایەیە کـە شارەزایی و ئەزموونەکە دیارو دەسـتنیـشـان دەکات، بۆیە دەبێ جەوهەری شتەکە مەبەست بێ و هیچ بڕیارێکی سەرپێی و پێشـییـانە نەدرێ. ئەوەی پێـشـتـر وتراوە بخـرێنە لاوەو بۆ بڕیاردان نەک هەر پشـتـیـان پێ نەبەسترێ، بەڵکو مرۆڤ لە بڕیاردانەکەش خۆی بپارێزێ. ئەم خۆ لە بڕیار و حوکمدان بواردنە، ئەو شتانە دەگرێتەوە کـە بوونیـان لەکـات و شـوێنی دیاریکراودا دەکـەونە بەرهەست و دید و سەرنج و ئاگای ئێمەوە.

خۆ بواردن لە بڕیار و حوکمدان کە بەرانبەر بە دانانی بوونی جیـهـانە لەنێـو دووکـەوانەدا لەو جیـاوازییـەوە هەنگاو دەنێ کە لەنێوان کاری هزر و بیرکردنەوەدا دەکرێ ئەو کـارو چالاکـیـیـەی کـە واتا و دەلالەت بەکـەرەسـەی ناوەرۆکی هەست و هۆش دەبەخشێ «نۆئیسیس» لەگەڵ بابەتی ئامانجەکی کە (نۆئیمایە). ئەم جیا کردنەوەیە لە تەرازوویەک دەچێ کە دوو تای بەرانبەر بە یەکتری هەیە لەتایەکـیـاندا ناوەرۆکی نۆئیـتی تێبـینی کـردن، بڕیار و حـوکـمـدان و وەبیــرهاتنەوە هەیە و لە تایەکـەی تری بەرانبــەریدا پێــوەندی دەســتــیــاوی Korre Late نۆئیمییانەی ئەوەی پەی پێ براوە، ئەوەی تێبینی کراوە، ئەوەی بڕیار و حـوکـمی بەسـەریدا و لەبارەیەوە دراوە و ئەوەی کە بەبیردا هاتۆتەوە(١٦) هەیە.

(٦) ئەگـەر بەوردی سـەرنجی ئەم پەیڕەوە بدرێت کـە لایەنی سەرەکی ڕێبازی فەلسەفەی هوسەرڵ پێک دەهێنێ دوو لایەنی سەرەکی تێیدا سەرنج ڕادەکێشن، لایەنێکی تیۆری جەوهەرە و لایەنەکەی تری خودی مرۆڤ خۆیەتی ئەو خـۆیەی کـە واتا و مــانا و دەلالەت بەناوەرۆکی دیاردەی هۆش دەبەخـشێ. لەیەک ڕەنگی ئەم دوولایەنە کـە لەلایەکـەوە کـێـشـەی دوو ڕەنگی خـۆ و بابەتی چارەسەرکردووە، لەلایەکی تریەوە سێ ئەرکی جیـاواز و پشت بەیەکتری بەستوو یەکتری تەواوکەر دەگرێتە خۆ:

**یەکـەم**: ئەرکی توێژینەوەی جـەوهەری ئەو شـتـانەی بەشـێـوەیەکی بابەتیـیـانە لەبەردەسـتـدان و توێژینەوەی ڕەوش و چالاکی شتەکان (نۆئیما).

**دووەم**: ئەرکی توێژینەوەی جەوهەرەکانی شێوازە جۆر بەجۆرەکانی شارەزایی و جۆرەکانی کاری خۆ کە ڕەوش و دۆخی شتەکانیان پێدراوە (نۆئیسیس).

**سێیەم**: توێژینەوەی پێوەندی جەوهەرییانەی نێوان جۆرەکانی کارو چالاکی و بابەتەکان(١٧).

ئەم چالاکییە سێ ڕەنگییەی ڕەوت و پرۆسەی چالاکی و میتۆدەی فینۆمینۆلۆژی دوو خاڵ نیشان دەدات:

**یەکەم**: لایەنێکی نالەبار و نێگەتیڤ:

ئەم لایەنە بریتـیـیـە لە دەسـتـبـەرداربوون لە هەمـوو بیروڕاو حوکمێکی پێشیـانە ئەگەر هاتو پشت ڕاست و سـاغ نەکـرابوونەوە. هوسـەرڵ لەم لایەنەدا گـومـان لە

هەبوونی ڕاستەقینەی جیهانی دەوروبەر ناکات، بەڵکو داوا لە ژێر دەکات بوونی ڕاستەقینە و واقیعی شمەکەکان بخاتە «نێوان دوو کەوانەوە» بۆ ئەوەی خۆ تەنیا خەریکی شرۆڤەکردنی خەسڵەتە جەوهەرییەکانی ببێ چۆن لە هەست و هۆشدا پەیدادەبن.

**دووەم**: لایەنێکی لەبار و پۆزەتیڤ:

ئەم لایەنە بریتییە لە «گەڕانەوە بۆ سەر شتەکان خۆیان» (١٨) شتەکان چۆن بە ڕوون و ڕەوانی لەهۆشدا بەدەردەکەون. ئەمانەش بریتین لە چەند جەوهەر و چیەتییەکی نەگۆڕ کە بە سۆسە (بۆ هاتن- حدس)ێکی تایبەتی پەیان پێ دەبردرێ و دەزانرێن، وەک ڕەنگ و دەنگ و بڕیار و حوکمدان.. تاد. لێرەوە خۆ بواردن لەحوکمدان و بۆ هاتن (حدس) دوو بنەمای سەرەکی پەیڕەو و میتۆدەی فینۆمینۆلۆژین.

## فینۆمینۆلۆژی و کۆمەڵگە

تایبەتمەندییەکی دیار و بەرچاوی ڕێبازی فینۆمینۆلۆژی ئەوەیە لەکایە و مەیدان و پاوانی زانستەکانی تردا تا ڕادەیەک پەیڕەو کراوە و سوودی لێوەرگیراوە، سەرەڕای ئەو گۆڕانە فرە ڕەنگە و پەرەسەندنە بەپێزەی دوای هوسەرڵ بەسەریدا هێنراوە. ئەو کۆششەی لەم کایەیەدا جێگای بایەخ پێدانە جێبەجێ کردنی میتۆدە و چەمک و شێوازی توێژینەوەی فینۆمینۆلۆژییە لە بابەتەکانی سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتی)دا.

ئەم بابەتە لەخۆیدا کێشەیەکە هەویرەکەی ئاوێکی زۆر و زەبەندە دەکێشێ، چونکە کێشەکە لە دوو خاڵدا خەست و خۆڵ دەبێتەوە کە دەکرێ بە سێ پرسیاریش دابنرێت:

**یەکەم**: بایەخ و گرنگی فینۆمینۆلۆی بۆ سۆسیۆلۆژی دەبێ چی و چۆن بێ؟

**دووەم**: پێوەندی نێوان فەلسەفە و سۆسیۆلۆژی چۆنە؟!

**سێیەم**: ئایا سوود وەرگرتن لە فەلسەفە، چ بابەت و چ پەیڕەو و میتۆدە بێ، سوودبەخشە، یان زیان لەکەسایەتی سەربەخۆی زانستییانەی سۆسیۆلۆژی دەدات؟!

١- هیچ گومان لەوەدا نییە کە فەلسەفە و سۆسیۆلۆژی دوو بابەتی ناوەرۆک و میتۆدە و پەیڕەو لەیەکتری جیاوازن. لە کاتێکدا فەلسەفە لەسەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژی و بەرەو پێشچوونی شۆڕش ئاسای زانستەکان دووچاری کێشە بووە ئایا وەک هوسەرڵ داوای کردووە ببێ بە «زانستێکی ورد و ڕێک و پێک»، یان هەر بە فەلسەفەیی بمێنێتەوە؟ هەوڵدان بۆ دەسکاری کردنی ڕەوشی فەلسەفە بەوەی بە پاشکۆی ئایین (سەدەکانی ناوەڕاست) بکرێت، یان دەستبەرداری شرۆڤەکردنی جیهان ببێ و دەست بخاتە دەستی سیاسەت و ئابوورییەوە و ببێ بەتیورییەکی (شۆڕشگێڕی سەدەی نۆزدەیەم) یان ببێ بە زانست لەوە بەولاوە نییە کە فەلسەفە دەستبەرداری ئەو کولتوورە دوو هەزار و شەش سەد ساڵییەی ببێ و هیچی تر فەلسەفە نەمێنێ و ببێ بەبابەتێکی تر ئەگەر نەڵێین هیچی تر سەربەخۆ نەمێنێ و ببێ بە پاشکۆ و چاوی لەدەست و گوێ لە فرمانی بابەتەکانی تر بێت! هەوڵدان بۆ گۆڕینی فەلسەفە لەخۆیدا دوو خاڵ دەردەخات:

**یەکەم**: فەلسەفە بەناوەرۆک و ڕوخساری ئێستای هیچی تر لەگەڵ گیانی سەردەم ناگونجێ و لەگەڵ شۆڕشی زانست و گۆڕان و بەرەو پێشچوونی ژیان و کۆمەڵگەدا نایەتەوە.

**دووەم**: یان دەبێ هیچی تر فەلسەفە نەمێنێ و ببێ بە بابەتێکی تر. ئەم بوون بە بابەتەی تر لەوە بەولاوە نییە کە دەستبەرداری کەسایەتی سەربەخۆی خۆی ببێ!

لەم سەردەمەماندا، ڕاستە مەنتیق، شا لقی فەلسەفە ئەوپەڕی پەرەی سەندووە و لەناوەرۆک و ڕوخسار و میتۆدەدا لەماتماتیک نزیک بۆتەوە و خەریکە هەوای سەربەخۆ بوون وەک بابەتێکی خاوەن ناوەرۆک و ڕوخسار بکەوێتە کەللەیەوە.

ئاکاریش کە لقێکی تری فەلسەفەیە لەسەردەمی خەتوخاڵدانی سۆسیۆلۆژییەوە هەوڵی ئەوە دەدات ماڵی خۆی بکات و سەربەخۆ بێت.

میتافیزیک لقی سەرەکی فەلسەفە لەدوای قۆناغی یۆنانەوە بووە بە نیشانەی تیرو توانجی فەیلەسووفانیش خۆیان، بەڵام فەلسەفە هەر بە فەلسەفەیی ماوەتەوە و ئەم لقانەش ئەگەر گۆڕانی سەرتاپاگیریان بەسەردا هاتووە و لە شیری دایکی فەلسەفە کراونەتەوە، بەڵام بەهیچ جۆرێک بۆیان نەکراوە و لەمەولاش ناکرێ دەستبەرداری باوەشی گەرموگوڕی فەلسەفە بن.

٢- بەپێچەوانەوە، سۆسیۆلۆژی ئەگەرچی زانستێکی نوێیە و تا هەڵگیرسانی شۆڕشی فەڕەنسا (١٧٨٩ز)

بەشێک بووە لەو بابەتەی بە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی ناوبراوە، ڕۆژ بە ڕۆژ پتر هەنگاوی بە زانست بوون دەهاویژێ، ئیتر چ لە میتۆدەی پەیڕەوکردنی چالاکییەکانیدا و چ لەپشت بەستن بەڕێبازی ئەزموونی.

ڕێبازی سەرژمێریی کە پشت بە زانست دەبەستێ، بووە بە پشکێکی گرنگی چالاکی ئەم زانستە، بۆیە ئەم زانستە پتر لە فەلسەفە لەتوانایدا هەیە بەرەو زانستێکی سەربەخۆ بەرەوپێش بچێ و تاڕادەیەک دەستبەرداری میتۆدە و کەرەسە کلاسیکییەکانی ببێ. سۆسیۆلۆژی لەم سەردەمەماندا شان بەشانی زانستە ئەزموونییەکانی تر لە بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەدا بەهەنگاوی ڕێکوپێکی نەزم ئاسا بەرەوپێش دەچێ و لەتوانایدا هەیە سوود لە ئەنجام و تاقیکردنەوە و میتودە سەرکەوتووەکانی زانستە ئەزموونییەکان وەربگرێ.

ئەوەی لێرەدا بە بیردا دێ و دەکرێ لەچوارچێوەی پرسیاردا ڕەنگڕێژ بکرێت ئایا دەکرێ سۆسیۆلۆژی سوود لە ڕێبازێکی فەلسەفە، بەتایبەتی لە فینۆمینۆلۆژی ئیدمۆند هوسەڕڵ وەربگرێ؟!

فینۆمینۆلۆژی هوسەڕڵ ڕاستە داوا دەکات فەلسەفە ببێ بە زانست، بەڵام ئەم داوایە لە چوارچێوەی ئاوات و کۆششی سنووردار نەچۆتە دەرەوە. فینۆمینۆلۆژی خۆی لەخۆیدا ڕێبازێکی ئایدیالیستی ترانسندنتالیە و لەجیهانی تەنگەبەر و گۆشەگیری «زانستی خود»ەوە Egologie هەنگاو دەنێ و ئەو پەیڕەوە سەرەکییەش کە بە سەرنجدانی جەوهەرەکان ناودەبرێ Wesensschau لە وردبوونەوەیەکی ڕووتی تیورییانە کە جۆرە شێوازێکی نێو خودی هەیە و لەوە بەو لاوە نییە و ناکرێ بەهیچ پێودانگ و پێوانەیەکی زانستییانە ساغ و پشت ڕاست بکرێتەوە(١٩)، بەڵام سۆسیۆلۆژی خۆی لەخۆیدا و لە پەیڕەو و میتودە و بابەتی کارو چالاکی و توێژینەوەیدا ناکرێ پابەندی وردبوونەوە و خودی توێژەر ببێ و دەستبەرداری زانستە ئەزموونی و پەیڕەو و میتۆدە و ڕێبازەکانیان ببێ. کەوابوو لە چ سۆنگەیەکەوە دەکرێ ئەم کارە و ئەم سوود وەرگرتنە لە فینۆمینۆلۆژی لەکایە و گۆڕەپانی سۆسیۆلۆژیدا سەرنج بدرێت؟!

٣- هەروەک ڕوون و ئاشکرایە هوسەڕڵیش سەرگەرمی ئەوە بووە فەلسەفە ئەگەر نەشبێ بەزانست، سوود لە زانست و میتۆدەکەی وەربگرێت و لێی نزیک ببێتەوە، باشە ئەگەر فەلسەفە خۆی پێویستی بەوە هەبێ ببێ بە زانست چۆن سۆسیۆلۆژی کە خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە زانست سوود لە بنەما تیۆرییەکانی فەلسەفە وەردەگرێ؟ ئایا پتر بە زانست بوون، یان خۆ ڕزگارکردن لە نا زانستی بەوە نابێ کە سۆسیۆلۆژی و زانستە لاوەکانی تر لە فەلسەفە دوور بکەونەوە؟! دەکرێ باسی میتافیزیکی کۆمەڵگە بکرێت؟! دەکرێ ئەو گریمانەیە پەسند بکرێت کە زانست بە هەموو جۆر و ڕەنگەکانییەوە لەتوانایدا نییە دەستبەرداری فەلسەفە و هەلومەرجەکانی میتافیزیک ببێت؟!

لەوەڵامی ئەم پرسیارە سەرسوڕهێنەرانەدا دەکرێ بوترێ، لەچوارچێوەی زانستی کۆمەڵایەتیدا چەندین لق و بەش هەن تائێستا نەیانتوانیوە لەلایەنی تیۆری و لەپێوەندی دەستیاوی لەگەڵ فەلسەفەدا دەستبەرداربن، وەک هزری کۆمەڵایەتی و سۆسیۆلۆژی زانین و تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم سێ لقە گرنگەی ئەم زانستە ئەو زەمینە بە پێز و ڕەنگینە پێک دەهێنن کە نەمامی پێوەندی و کارو کار لە یەکتری کردنی هەردوو بابەتی فەلسەفە و سۆسیۆلۆژی تێیدا شین دەبێ و دێتەبەر. بۆیە ئەو پرسیارانەی پێشتر هێنرانە سەر خوانی باسکردن، دەکرێت بەم جۆرە پوخت بکرێنەوە: لە چ کایە و گۆڕەپان و بابەتێکدا دەکرێ ئەم سێ لقەی سۆسیۆلۆژی سوود لە فەلسەفە وەربگرن؟!

هەرسێک بابەتی هزر و زانین و تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێ سوود لە جیهاندیدی فراوان و فرە ڕەنگی فەلسەفە وەربگرن. گومان لەوەدا نییە کە پێوەندی خۆ و بابەت بابەتێکی گرنگی تیۆری زانینی فەلسەفەن خۆیەکە کەسایەتی توێژەر و هزر و بابەتیش دەوروبەری مرۆڤ کە جیهانی ناخۆ، نا من، پێک دەهێنێ دەردەبڕن، دەکرێ ئەم چوارچێوەیەش بۆچوونی هەندێ بابەتی سۆسیۆلۆژی تێدا دابڕێژرێن. بۆ نموونە پێوەندی هزر و هەڵکەوت دەکرێ ببێ بە هەڵوێستی توێژەری کۆمەڵایەتی بەرانبەر بە دیاردە و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان کە لەسەردەم و شوێن و کۆمەڵگەیەکی دیارو دەستنیشانکراودا دەقەومێن و سەر ئاو دەکەون. دوور نییە لێرەدا دیسان گازندە و ڕەخنەیەک لەچوارچێوەی پرسیارێکدا خۆی دەربخات کە بەم جۆرە بێت:

دیارده و ڕووداو و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە بابەتی توێژینەوەی سۆسیۆلۆژین، بریتی نین لە چەند داد و هاوردەیەکی هەستەکان و نە بنیاد و پێکهاتەیەکی ژیرەکی پێک دەهێنن و ژیر دای نەهێناون و بگرە لە هەڵکەوتیشدا بەو جۆرەی فەیلەسووفان دەڵێن نەزم و ڕێکخستن و سیستمێکی ژیرەکی پێوەندییەکان لەئارادا نییە کە دیاردەکان بەجۆریک بەیەکەوە دەبەستێتەوە دەکرێ بابەتێکی ڕێک و پێکی توێژینەوەی کۆمەڵایەتیان لێ پێک بێت. ئینجا سۆسیۆلۆژی خەریکە لەپەیڕەو و میتۆدەی شرۆڤە (وەسف) کردنی دیاردەکان دوور دەکەوێتەوە و لە زانستە ئەزموونییەکان نزیک دەبێتەوە و پەنا دەباتە بەر ئەزموون و تاقیکردنەوە!

لەبەرانبەر ئەم ڕەخنەیەدا دەکرێ بوترێ دیاردەی کۆمەڵایەتی چ تاک و چ کۆ لەکۆمەڵێک و کۆیەکی بۆچوونی کۆ و دەستەجەمعی بەولاوە نین ئەم کۆی بۆچوونە بریتییە لە شێوازی هزر و بیرکردنەوە و هەست و هۆش و کردار کە لە ڕەفتاری تاکەکاندا دەردەکەون.

کۆی ئەم بۆچوونانە لە هەست و هۆشی تاکەکەساندا خەتوخاڵ دەدات و کۆنترۆڵی هەڵسوکەوت و کرداریان دەکات. هۆشیش وەک لەمەوبەر ئاماژەی پێ کرا، ئەو بابەتەیە کە فینۆمینۆلۆژی ئیدمۆند هوسەرڵ کردوویەتی بە کەرەسەی سەرەکی توێژینەوە، بۆیە دەکرێ بوترێ، سۆسیۆلۆژی لەدەرگای کۆشکی فەلسەفەوە چووە دەرێ و جارێکی تر بە سایەی هۆشی دەستەجەمعییەوە لە پەنجەرەوە هاتەوە نێو جیهانی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی.

٤- بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان ئیدمۆند هوسەرڵ ڕاستەوخۆ شتێکی وای نەنووسیوە وەک بەڵگە پشتی پێ ببەستترێ کە لەچوارچێوەی ڕێبازە فەلسەفییەکەیدا نیازی هەبووبێ جێگا بۆ بابەتی زانستی کۆمەڵایەتی بکاتەوە، بەڵام ئەوانەی دواتر هاتوون و خۆیان بەلایەنگرێکی فینۆمینۆلۆژی داناوە کۆشاون میتۆدە و پەیڕەوی ئەم ڕێبازە لە بابەتەکانی سۆسیۆلۆژیدا جێبەجێ بکەن، ماکس شێلەر، بەتایبەتی لەکایەی فەلسەفەی بەهاکاندا، ئەلفرێد فیرکاندت (١٨٦٧-١٩٥٣ز) لەکتێبی Naturvolker und kul-turvolker خۆی بەلایەنگری هوسەرڵ و شێلەر نیشان داوە و کۆشاوە پەیڕەوەکەیان بگرێتە ئەستۆ. ئەلفرێد شوتس (١٨٩٩- ١٩٥٩ز) پشت ئەستوور بە فەلسەفەی ڕێبازی فینۆمینۆلۆژی هوسەرڵ هەوڵی داوە، لەژێر ناوونیشانی «سۆسیۆلۆژی تێگەیشتن»دا لە ڕەگوڕیشە و بنەماکانی کێشەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بکۆڵێتەوە تاوەکو دەگاتە ڕاستییە بنەڕەتییەکانی پرۆسەی هۆش و هوشیاریی(٢١). هیلمۆت پلیسنەر ئەم کارەی لەکایە و گۆڕەپانی ئەنترۆپۆلۆژیدا کردووە.

لە تێکست و دەقەکانی فینۆمینۆلۆژیدا چەندین وشە و چەمک و دەستەواژە بەدی دەکرێن، دەکرێ وەک دەستپێک و بنەما سوودیان لێ وەربگیرێ بۆ نموونە هوسەرڵ لەجیاتی بابەتی سوسیال (کۆمەڵایەتی) چەمکی(٢٢): نێو خودەکان، بیانییەکە، ئەوانی دیکە، ئەوی تر، بەکۆمەڵ، کۆ، نێومۆنادەکان، مرۆڤی برا -Mit-mensch، پێکەوە بوون، منێکی تر Alterego ، هەرەوەزی، کۆڕ و کۆمەڵەی هاوبەش...تاد. چەمکێکی ناوەندی کە هەمیشە وەک چەمکێکی سەرەکی لە بەرهەمەکانی داهێنەری ئەم ڕێبازەدا بەکارهاتووە و جۆرە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە چەمکی ئامانجەکییە Intentionalitat. ئەم چەمکە بایەخەکەی لە کایەی شرۆڤەکردنی پرۆسەی «گەڕانەوە بۆ سەر شت» دەردەکەوێ. ئامانجەکی کاتیگۆرییەکە نیشانی دەدات کە هۆش هەمیشە بەبێ ناوەرۆک و بەبێ ئامانجی دیاریکراو نەبووە و نابێت. هوسەرڵ خواستوویەتی بەهۆی شرۆڤەکردنی ئامانجەکییانەی کاروچالاکی هۆشەوە بنیادی پێکهاتەی ئامانجەکی هۆش تاووتوو بکات و لێرەوە هەنگاوێکی تر بەرەو پێش بهاوێژێ، هەنگاوی پشت ڕاستکردنەوەی بابەتیەتی ڕاستی بەهۆی خۆیەتی چالاکی و ئەرکی زانینەوە. بنەمایەکی جەوهەری هۆش لەوەدا ساغ دەبێتەوە کە پەیوەستی ئاراستەبوونێکە، هەموو هۆشێک بریتییە لە هۆش بوون لە شتێک. هەموو چالاکی و کارێکی هوشیاری و هۆش بابەتێکی دیاریکراویان هەیە. خۆشویستن بەبێ ئەو بابەتەی خۆش دەویسترێ نابێ. ئەم بابەتە پردی نێوان فینۆمینۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتی) هەڵبەستووە. لەلایەکی ترەوە بابەتی «نێوخودی جیهانی ڕۆژانە» کە لەچوارچێوەی ڕێبازی فینۆمینۆلۆژیدا بایەخی پێدراوە، بووە بە دەروازەی چوونە نێو جیهانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی بوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤ. جیهانی ژیانی

ڕۆژانه Alltagswelt که بەشێوازی نێوخودی بنیاد نراوه و دامەزرێنراوه بنەمایەکی هەموو چینەکانی تری هەڵکەوته کۆمەڵایەتییەکانه. له پرۆسەی بنیادنانی جیهانی کۆمەڵایەتیدا پشت ئەستوور به پەیڕەوی فینۆمینۆلۆژی کۆشش دەکرێ، له چوارچێوەی سۆسیۆلۆژی تێگەیشتندا، وا له واتای خودێتی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بکرێت بەشێوازی بابەتییانه Objektiv تێی بگەیشترێ. له لایەکی ترەوه گرێبەستی نێوان هزر و زانست کاتێک کلۆم و پتەو دەبێ ئەگەر بێتو ژیان خۆی لەجیهانی کۆمەڵایەتیدا ببێ به کەرەسه و بابەتی ناوەندی توێژینەوەی زانستەکه. ڕاسته و هیچ ئەگەرێک هەڵناگرێ که دروستی بابەتیەتی زانستیانه داهێنانێکی چالاکی خودی مرۆڤه و بنەما و بنەڕەتەکەشی لەنێو پێوەندی توندوتۆڵی سروشتییانەی ژیانی خودی مرۆڤ خۆیدا هەیه و لەوێشدا دامەزراوه. ئەرکی سەرشانی ئەم جۆره زانسته لەم کایه و گۆڕەپانەدا پێش هەموو شتێک شرۆڤه کردنی واتای ئەو ڕووداوانەن که دەلالەت بەخشن و لەنێوان ئەوانەی لەجیهانی کۆمەڵایەتیدا دەژین و دەقەومێن و دەردەکەون(٢٣). هەڵکەوت (واقیع) خەسڵەتێکه بەو دیاردانەوه بەنده که دەیانزانین و خۆیشی پەکی لەسەر خواستی تایبەتی ئێمه نەکەوتووه، چونکه سەربەخۆیه. دیاردەکانیش لەخۆیاندا هەڵکەوت و ڕاستەقینه و خەسڵەتی دیار و دەستنیشانیان هەیه. شی کردنەوەی فینۆمینۆلۆژیانەی هەڵکەوتی ژیانی ڕۆژانەش بابەتێکی توێژینەوەی ئەو زانسته کۆمەڵایەتییه پێک دەهێنن. گومان کردن له ڕاستی بوونی هەڵکەوتی (واقع) ماددی و کۆمەڵایەتی بنەمایەکی پتەوی دڵنیایی لێکراوی نییه، هەروەها ئەو ڕاستییه گومان و ئەگەر هەڵناگرێ که ئەو هەڵکەوته بەو جۆرەیه که بۆ ئێمه دەردەکەوێ و دێته بەرهەستمان بۆیه سۆسیۆلۆژی ئەگەر پەیڕەوی ڕێبازی فینۆمینۆلۆژی بکات دەبێ له زانستێک که شرۆڤەکار بێت deskriptiv بەولاوه نەبێت، بەگیانێکی بێ لایەنانه که لەتوانادا بێت دیاردەی دادو هاوردەکان شرۆڤه بکات.

## ئەنجام

فینۆمینۆلۆژی ڕێبازێکی گرنگی فەلسەفەیه لەلایەن هوسەرڵەوه داهێنراوه، هوسەرڵ خۆی لەسەرەتای ژیای ئەکادیمیدا پسپۆڕێکی ماتماتیک و بیرکاری بووه بەهۆی ئەو ڕەخنەو ڕەخنەگرییەی کەوتۆته نێوان ئەو و فرێگەوه دەستبەرداری هەندێک لایەنی دەروونناسی لەمەنتیق و بیرکاریدا بووه. لەکاتێکدا فرێگه سەرگەرمی ئەوه بووه لەهەلومەرجه مەنتیقییەکانی زانینی بیرکاری بکۆڵێتەوه و تاووتوویان بکات و بیرکاری بباتەوه سەر بنەمایەکی مەنتیقییانه و ساغی بکاتەوه که بیرکاری (ماتماتیک) لەمەنتیقێکی پەرەسەندوو بەو لاوه نییه.. هوسەرڵ بەپێچەوانەوه بەپلەی یەکەم بایەخی بەهەلومەرجه هزرییه ژێرییەکانی noetisch بیرکاری و مەنتیق داوه(٢٤).

١- بەلای هوسەرڵەوه ڕاستی و جەوهەر لەیەکتری جیاوازن. ڕاستی توانای گۆڕانی هەیه و له ڕوخسارەکانی بەدەرکەوتنیان له ئەزموونی ژیان و هۆشدا جیاوازن. ئەم ڕاستییانه بەهۆی ئەو جەوهەرەی تێیاندایه دیار و دەستنیشان دەکرێن و هەر جەوهەرەکەشه که واتا و بنەما و پێکهاتەی مەنتیقییانەی ئەوانەی له ڕاستییەکاندا بەدەردەکەون پێک دەهێنێ و دیار دەکات. لێرەوه ئەو میتۆده دێت که هوسەرڵ بەدیدی جەوهەر ناوی بردووه Wesensschau ئەم میتۆده بەوه ناسراوه:

دید و سەرنجدانی جەوهەر میتۆدەیەکی ئیپستمۆلۆژی (زانینه) داوا دەکات واقیعیەتی به هەست پەی پێ براوی بابەتێک دەبێ بخرێته نێو دوو کەوانەوه بۆ ئەوەی بوونەکەی، جەوهەرەکەی وەک جەوهەر چەمک و هزرییانه دەرفەتی بەدەرکەوتن و هاتنه بەر دیدی هەبێ. بەپێی ئەم پەیڕەوه، وێنەی پوختەی کەرەسەی بەرهەست، نەک کەرەسەکه لەخۆیدا، که ناوەرۆکی هۆشی لێ پێک دێت دەکرێت به بابەتی چالاکی فینۆمینۆلۆژی.

فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی هوسەرڵ بەپێی بەرهەمه بڵاوکراوەکان گۆڕانی بەرچاوی بەسەرداهاتووه، دەکرێ پرۆسەی ئەم گۆڕانه به چوار قۆناغ دیار و دەستنیشان بکرێت:

- قۆناغی فینۆمینۆلۆژی شرۆڤەکردن له دیارترین هەنگاو تێیدا که هاوێژراوه بریتی بووه له بانگەوازی «گەڕانەوه بۆ سەر شتەکان خۆیان» بووه. هاوردەی ڕاستەوخۆ gegebene دەربارەی کەرەسەکانی دەوروبەر دوای ئەوەی پوخته و جەوهەرەکەی لەهۆشدا دەنەخشێ، شرۆڤه دەکرێت.

- قۆناغی فینۆمینۆلۆژی ئایدێتی eidetische،

خودێتی ترانسندێنتالی ڕەنگ دەڕێژێ و لەچوارچێوەی گـێڕانەوەی بەئایدیاکردنی ناوەڕۆکی جەوهەر و دەلالەتەکان بەهۆی شیکردنەوەی دیاردەکان بەدەردەخرێن و کاریان لەسەر دەکرێن.

– قۆناغی فینۆمینۆلۆژی ترانسندێنتالییانە، بە یارمەتی گێڕانەوەی ترانسندێنتالیی بنیاد و پێکهاتەی جەوهەری خودێتی ترانسندێنتالی ساغ و پشت ڕاست دەکرێتەوە.

– دوا قۆناغ فینۆمینۆلۆژی ڕەهایە. لەم قۆناغەدا جۆرە ئایدیالیزمییەکی میتافیزیکی ترانسندێنتالی دادەمەزرێت و دەکەوێتەوە کە لەتیۆری فۆرمی ئەفلاتوونەوە نزیکە. بەهۆی شیکردنەوەی فینۆمینۆلۆژی ئەزموونەکانی ژیانەوە Erlebnissen کە بە مەبەستی ڕەنگڕشتنی جیهاندیدێک لەبارەی جیهانەوە بووە، ڕێبازی خودێتی بۆ ئاستی هۆکارێکی ڕەهای واتابەخش بەرز دەکرێتەوە. ئەو جەوهەرانەی لەم قۆناغەی بیرکردنەوە فەلسەفەییەکەدا بە دەست دێن نە تایبەتمەندی لەش و نە هی گیانیان هەیە، بەڵکو جۆرە بوونێکی نموونەییان هەیە(٢٥)، ئەمەش لەخۆیدا کەوتنە ناو دەریای بێ بنی میتافیزیک و گەڕانەوەیە بۆ سەر بناوانی بوونەوەرە هزری و وێنە مێشکییەکانی بابەتی بیرکاری و ماتماتیک.

٢- جێبەجێکردنی میتۆدە و پەیڕەوەکانی فینۆمینۆلۆژی لەجیهانی پان و بەرینی سۆسیۆلۆژیدا ڕەنگ و کاردانەوەی جۆراوجۆر و جیاوازی لێکەوتۆتەوە. ئایا ئامانج و مەبەستی ڕێبازێکی فەلسەفە کە لەسەرچاوەیەکی وشک و بێ گیانی بیرکاری و ماتماتیکەوە هەڵی هێنجاوە لەگەڵ زانستی کۆمەڵایەتیدا دێتەوە؟! دەبێتە جۆری ئەم هاتنەوەیە و سوود وەرگرتنە چی و چۆن بێت؟!

فەلسەفە و سۆسیۆلۆژی دوو بابەتی سەربەخۆن و لە میتۆدە و کەرەسەی کارکردن و توێژینەوەدا لەیەکتری جیاوازن، دەکرێ فەلسەفە بە «زانستێکی گشتی هەمەکی» دابنرێت کە سیستمێکی شیکردن و تاووتوو کردنی مەرجە شیاوەکییەکانی بوون و هزر و بیرکردنەوە(٢٦) و چەمکی هەڵکەوت (ڕێئالیتی) داهێناوە. سۆسیۆلۆژی ئەگەرچی لە باوەشی فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا پێگەیشتووە، بەلام ئەمڕۆ بووە بەزانستێکی سەربەخۆ و بەپێی کایەی توێژینەوەی زانستی تایبەت بەخۆی سەرگەرمی لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتی و پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگەیە. دەبێ ئەوە لەم ڕەوشەدا لەبەرچاو بێت کە سوود وەرگرتن لەیەکتری و هاوکاری کردنی یەکتری و کار لە یەکتری کردن و پاشکۆیەتی، چەند شتێکی لەیەکتری جیاوازن. خۆ ئەگەر سۆسیۆلۆژی سوودی لە فەلسەفە و میتۆدە و ڕێبازەکانی وەرگرتبێ و وەربگرێ، ئەوە دەبێ ئەم سوود وەرگرتنە لایەنە تیۆرییەکانی گرتبێتەوە.

**پەراوێز و سەرچاوە:**


**1- Husserl, Edmund., Philosophie als strenge Wissensschaft in: Aufsatze und Vortrage. 1911- 1921.**

**2- Schutz, Alfred., Der Sinnhafte Aufbau der Sozialen Welt. 1932. Suhrkamp. Nr.92- 1974.**

**3- Coreth, Emerich. Enlen, Peter. Haeffner, Gerd. Ricken, Friedo., Philosophie des 20. Jharhunderts. Kohlhammer. Stuttgart 1986. s.16. ff.**

**4- Steg muller, Wolfgang., Hauptstromungen der Gegenwarts Philosophie. Bd. I. Sechste Auflage, Stuttgart 1978. S.4 ff.**

**– كرم، يوسف: تأريخ الفلسفة الحديثة. دارالمعارف بمصر. مكتبة الدراسات الفلسفية. ط-٥، القاهرة- ١٩٨٦ ص٤٥٩ فما بعد.**

**5- Husserl, Edmund., Formale und tranzendentale Logik. 2.Auflage. Tubingen 1981. S. S.4-5.**

**6- Schnadelbach, Herbert., Philosophie**

in Deutschland, Stw. Frankfurt am Main 1983. S.15 ff.

7- Lange, Friedrich Albert., Geschichte des Materialimus und kritik Seiner Bedeutung in der Gegenwart. Bd. 2. Funfte Auflage, Leipzig 1896. S.87 ff.

٨- حسنين، الدكتور حسن حنفي، قضايا معاصرة.. في الفكر الغربي المعاصر. دارالفكر العربي القاهرة، بلا تأريخ، ص٢٩٦ فما بعد.

هەروەها بڕوانە:

- زكريا، الدكتور فؤاد، التفكير العلمي. عالم المعرفة، الطبعة الثالثة. المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب الكويت ١٩٨٨. ص١٩٥ وفي اماكن متعددة.

٩- حسنين، الدكتور حسن حنفي: المصدر نفسه ص٣٠٢ وفي اماكن متعددة.

10- Storing, Hans Joachim., Kleine Weltgeschichte der Philosophie. kohlhammer Stuttgart 1961.

11- Rod, Wolfgang., Die Phanomenologie Edmund Husserls. In: - Die Philosophie des aus gehenden 19. und des 20 Jharhunderts 2. (Geschichte der philosophie). Bd. 12. Munchen. 2004. S.133 ff.

12- Pivcevic, Edo., Von Husserl Zu Sartre. List Verlag Munchen 1972. S.13 ff.

13- Pivcevic, Ede., Ebenda. S. 91.

14- Lubcke, Poul., Edmund Husserl: Philosophie als Strenge Wissenschaft. In: Philosophie im 20. Jnrhundert. Bd. I.rowohlts enzylelopade. s. 76-77.

هەروەها بڕوانە:

- شرفي، عبدالكريم، من فلسفات التأويل إلى نظريات القراءة. الدار العربية للعلوم. منشورات الإختلاف بيروت ٢٠٠٧. ص٩٤ فما بعد.

15- Stegmuller, Wolfgang, Ebenda. S.70 ff.

16- Rod, Wolfgang., Ebenda. S.150.

17- Held, klaus., Edmund Husserl. Transzendentale Phanomenologie: Evidenz und Verantwortung. In: Philosophen des 20. Jahrhunderts. (Hrsg) von Margot Fleischer. Primus Verlag. 4. Auflage. Darmstadt 1995. S.101.

١٨- كرم، يوسف، تأريخ الفلسفة الحديثة. ص٤٦٠ فما بعد.

19- Brauner, Hilmer., Die Phanomenologie Edmund Husserl und ihr Bedeutung fur Soziologische Theorien. Meisenheim am Glan: Hain 1978. S.89. ff.

20- Brauner, Hilmer, Ebenda. S.65 ff.

21- Brauner, Hilmer, Ebenda. S.72.

22- Brauner, Hilmer, Ebenda. S.28.

23- Brauner, Hilmer, Ebenda. S.105.

24- Povcevic, Edo., Ebenda. S.30 ff.

25- Brauner, Hilmer, Ebenda. S. 28-29.

26- Brauner, Hilmer, Ebenda. S.23.

# زەینییەت، زەمان و فیمینیزم

سولەیمان سیابەخت
(بۆکان)

بەبڕوای دریدا بۆ تێگەیشتن لە دەق، دەبێ وەدوای مانا کەوین ئاشکرایە کە ئەویش بێ دیاری کردنی ناوەندێک لەدەقدا مەیسەر نابێ. ئەو مانایە کە هیگڵ ناوی بەیانی لەسەردادەنێ ناوەندێکە کە بەهۆی هێندێک مەدلوول لەزەینی ئێمەدا خۆیا دەبێ.

ئێمە هێندێک مەدلولمان هەن کە لەگەڵ نیشانەگەلێکی وەکو دەسەڵات، ئازادی، نەزم و.. لەپێوەندیدان، زۆرجار پێمان وایە ئەم چەمکانە بناغەی هەموو چەمکەکانی کۆمەڵگەن، بەڵام لە پانتایی دەقدا ڕاستەوخۆ ئاشکرا نابن، ئەوانە لەلایەنە جۆراوجۆرەکانی دەقدا شاردراونەتەوە و پاش تەئویل خۆیا دەبن و تەواوی ماناکانی دەق بۆ لای ئەوانە دەگەڕێتەوە.

وەک ئامانجێک وان کە پەیڤی کۆمەڵگە لە دەوری وان دەخولێتەوە یەکێک لەو تێڕامانانەیە کە دریدا زۆری کەڵک لێ وەردەگرێ (Teleology)یە.

لە ڕوانگەی دریداوە هەر نیزامێک کە لەسەر وەها پێش فەرزێک دامەزرابێ، نیزامێکی میتافیزیکە، دەشزانین کە هەموو نیزامە میتافیزیکەکان لەسەر بنەمای دووانە لێکدژەکان بنیاد نراون کە هەمیشە لەم جۆرە نیزامانەدا تایەکی دووانەکە قورس دەکرێ و دەبێتە هۆی پەراوێزکردنی ئەوی تر و بایەخ پێدانێکی کەمتر. ئەوی تر وەکو لۆگۆسێک لەم نیزامەدا ئیش دەکا.

دریدا بەوەها سەنتەرێک ڕازی نییە و پێی وایە ناتوانین مانایەکی پەتی وەدەست بێنین. جا کە وابوو دەبێ خۆ لەتەوەرە بوونی کەلام بپارێزین. سیکۆس لە وتارێکدا هێندێک لەو دووانە لێکدژانە دێنێتەوە کە بەگشتی بیرۆکەی ڕۆژئاوایی و ئاکاری سیاسی ئەویان

خستۆتە ژێر ڕكێفی خۆیانەوە. ئەم دژوازیانە بریتین لە سەر، دڵ، شێوە، مادده، وتن، نووسین.. لەئاكامدا ئەوانە بەدژایەتی نێوان ژن و پیاوەوە گرێ دەدا. لە بیرۆكەی ئەودا ئاماژە بەوەیە كە هەمیشە بایەخ بەلایەنێک دەدەرێ بۆ ناسین و لەئارادابوونی دەسەڵاتی هەر كامێكیان دەبێ ئەوی تر بەردەوام لەسڕینەوە دابێ. ئەم دژوازیانە جۆرێک پێکهاتەی دیالێکتیکیان هەیە کە لە ئاکامدا یەکیان وەسەر دەکەوێ و بەفەرمی بوونی لایەنی زاڵ ئەوی تر بەردەوام دەچەوسێتەوە و لەگەڵ شکڵ گرتنی زەینییەت ڕەنگدانەوەیان دەبێت. سیکۆس بۆ بەیانی ئەو پێوەندییە لە چیرۆکی خاوەن و بەردە (کۆیلە)ی هیگڵ کەڵک وەردەگرێ بەو جۆرە کە لەشەڕێکدا کە هاتۆتە ئاراوە هەردوو لایەنی شەڕەکە زیندوو دەمێنن یەکیان خۆ بەدەستەوە دەدا و دەبێ خاوەنەکەی خۆی بەڕەسمی بناسێ. بەو شێوەیە شەڕ کۆتایی پێ دێ. ئۆبژە دەتوانێ بابەتێکی ئینسانی بێ، ئەویش مەیل بۆ ناسینی مرۆڤێکی ترە.

سۆبژە و ئۆبژە هەردووکیان دەبنە بابەتێکی ئینسانی و ئەو پێوەندییە بەردەوام لەجموجۆڵ و گواستنەوە دایە، ترسی ئەوە هەیە کە یەکیان بە ڕەفزکردنەوەی ئەوی تر بیکاتە سوغرەی خۆی.

سیکۆس بەتوندی لەگەڵ ئەم پرۆسە مەعریفییە بەربەرەکانی دەکا و لە چیرۆکی (زیبای خفتە - جوانی خەوتوو) نووسەر وەبەر ڕەخنە دەدا کە بۆچی ژن هەتا پێش ماچ کردنی بەهۆی پیاوەکەوە زەینییەتێکی مەنفی بەنیسبەت پیاوانەوە هەیە، بەڵام لەدوای ماچ کردنەکەدا ئەو زەینییەتە نامێنێ، بەجۆرێک ژیان بوون بەژنەکە دەدرێ! کە لەوە پێشتر نەیبووە ئەو بوونەشی بۆیە پێ دەدرێ کە تەسلیمی داخوازی شازادەکە بێ.

لەکۆمەڵگەی پیاوسالاریدا، ژن بەردەوام وەک ئەوی تر لەلایەن پیاوەوە سەرکوت دەکرێ، هەتا ئەو جێیەی سۆبژەی پیاو بگاتە هێمنایەتییەک کە لەمەڕ ناسینی خودی خۆیدا پێکدێ، ئەویش بەردەوام ڕەفز کردنەوەی ژنە لەوەها کۆمەڵگەیەکدا بوونی ژن وەک ئەوی تر بۆ خۆیان بوون و شوناسی پیاو لە ئارادایە هیچ کات ڕێگە خۆیابوون بەژنان نادەن، چونکە ژن بەردەوام وەک مەترسییەک بۆ سۆبژەی پیاو لە ئارادایە.

فیمینیزمەکان ئەو باسە لەبیرۆکەی ڕۆژئاوایی کە لەودا ئەوی تر تەنیا زەمانێک مۆڵەتی پێدەدرێ کە سەرکوت کرابێ دەخەنە ژێر ڕەخنەی دیالیکتیکی هیگڵی بەنابەرابەری دەسەڵات لەنێوان دووانە لێکدژەکانەوە پێوەندیان هەیە. ئیریگاریش کەڵکەڵەی دۆزینەوەی زەینییەتێکی ژنانەی هەیە و پێی وایە کە کولتووری ڕۆژئاوایی کولتوورێکی تاک زمانی و تاک جنسییە، کە لەودا تەنیا پیاوان قسە دەکەن، ئیریگاری سوورە لەسەر بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەیەک کە لەودا ژنان بتوانن منی پەیڤ (گفتمان) بن نەک (من)ێک وەرگیراو لەوجوودی پیاوان.

خاڵێکی تر کە لە بیرۆکەی فیمینیزمیدا بەرچاوە، خوێندنەوەی ئەم ئوستوورانەن کە لەسەر لۆژیکی (منطق) پیاوسالارانە دامەزراون. لەکارەساتی کوژرانی کلیمنسترا بەدەستی ئورستیوس (ئورستیا) ئاپۆلۆ یاسایەک دەچەسپێنێ کە لە ناحەزی ئەو کارەساتە کەم دەکاتەوە «ژنێک کە ئێوە دایکی منداڵی ناو دەنێن، دایک نییە، بەڵکو تەنیا بەخێوکەری منداڵەکەیە.. پیاو تەنیا سەرچاوەی ژیانە» لەو میتیمەدا (my them) دایک بەدەستی کوڕەکەی دەکوژرێ، پاشان هەر ئەو چیرۆکە دەبێتە هۆی پەرەپێدای بیرۆکەی پیاوسالارانە. سیکۆس ئەم یاسایە دەخاتە بەر سەرنج و دواتر ئیکیلتراش تاوانبار دەکا کە بۆچی وەکو سەرۆکی نێرینەخوازەکان داوای گۆشتی دایکی دەکا.

ئاپۆلۆ ئەو یاسایە لەپێش چاوی ئاتێنا دەچەسپێنێ و بەو بەهانەیە کە دایککوژی ئورستیوس هەڵگری پاساوە ئاتێنا شاهیدی ئەو یاسایە بوو دیتی کە باوکی چلۆن بەپێچەوانەی.. ژنان ئەو کارەی کرد. بەوتەی فرۆید گرێیەک کەوتە ناو دڵی و پاشان سەری میدۆسای لەسەر مەتاڵەکەی خۆی قایم کرد و لەو ڕۆژەوە ببووە ژنێک کە ئەگەری گەیشتن بەو نییە و هەرپیاوێک چاوی لە مەتاڵەکەی کردبا دەبوو بە بەرد، فرۆید ئەو بەردبوونە وەکو جۆرێک لە بەختەوەری دەزانێ کە دەستی کەمێکی لەمردن نییە. ژنان ئەو چیرۆکە بە دامەزرێنەری نیزامی پیاوسالارانە دەزانن، هەروەها ئیریگاری چیرۆکی ئەشکەوتی ئەفلاتوون بەو جۆرە لێک دەداتەوە.

دایک ــــ ئەشکەوت (منداڵدان).

باوک ــــ دنیای سەرەوە (عالم المثل).

بەپێی بۆچوونی ئیریگاری ڕۆیشتنی بەندییەکە

لەتاریکستـــانی ئەشکەوتەوە بۆ لای رووناکی دەرەوە، هاوکاتە لەگەڵ دووربوونەوە لەدایک هەروەک چیرۆکی ئورستیا دایک لەمافی بەرهەم هێنانەوەی منداڵ بێبەش دەکا. ئیریگاری پێی وایە کۆماری ئەفلاتوون هیچ کات هەڵگری بەرابەری یاسایی نییە. یوتۆپیاکەی ئەو تاک جنسییە و ژنەکانی هەموو پیاوان کە تەواوی کۆمەڵگە رازین تارادەیەک وەک پیاوانیان لێدێ لەشوناسی خۆیان پاشگەز دەبنەوە. فیبینیزم لەهەموو شێوەکانی خۆیدا، میراتگری رۆشنگەرییە و (ئەو تیۆریخوازانە فیمینیزمیش دەخاتە ژێر پرسیارەوە.) روون و ئاشکرایە کە بایەخەکانی رۆشنگەری ناتوانێ لەمەڕ ژناندا بێتە ئاراوە. بایەخی وەک متمانە بە هزر و ئیرادە و زەوت کردنی سروشت.. ئیریگاری پێیوایە ئەو بیرۆکەیە تووشی هەڵە بووە. ئیریگاری هزری رۆشنگەری وەکو هزرێکی پیاوسالارانە دەناسێ و پێی وایە کولتووری رۆژئاوایی تاک جنسییە و هەلومەرجی ژنان لە پلەوپایەیەکی نزمتر دایە، لەوەها کولتوورێکدا لایەنگر نەبوون جێگەیەکی نییە، بۆ نموونە پێی وایە زاست و فەلسەفە لەڕاستیدا تاک جنسین و لەڕاستیدا پەیڤی (گفتمان) سۆبژەیەکی نێرینەن، لەکاتێکدا ئیریگاری رەخنە لە هزرخوازی دەگرێ مەبەستی ئەوە نییە کە ژنان بەشێوەیەکی ناماقووڵ بجووڵێنەوە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە پێکهاتەیەکی دیاریکراوی هەیە.

هزر خوازی رۆژئاوایی لە ڕوانگەی دریداوە ئیریگارییە بەهۆی چەمکی شوناس- ئەسڵی نەبوونی دژوازیەوە نەرمتر کراوەتەوە واتە (A بەرانبەری A و A نا بەرانبەری B) لەو بنەمایەدا دژوازی بەلانی کەمی خۆی گەییوە بۆ وێنە ئەو دژوازیانە ئاوا شی دەکاتەوە: «هەر شتێک شتێکە، یان شتێکی تر» رەخنە لەسەر ئەو نووسەرانەیە کە پێوەندی نومادینی ژنانە پیاوانە بۆ پێناسەکردنی هزر و بیر کەڵک وەردەگرن بەشێوەیەک کە ئاگایی نومادی پیاوانە و نائاگایی نومادی ژنانە ئیریگاری لێرەدا ئەم پرسیارە دێنێتە گۆڕێ کە ئایا بڕوادار بوون بە نائاگایی ژنان مەترسی هێنەر نییە؟

دیاردەناسی لەسەر خودی ئازاد (سۆبژە) جەخت دەکا و بنەماخوازی لەسەر جەبر گەرایی زمان، لاکان لە بنەماخوازی کەڵک وەردەگرێ، بەڵام هیچ کات سۆبژە روون ناکاتەوە، لاکان بەهۆی پێکهاتە شکێنیی بوونی خۆیەوە پێی وایە کە دەق هەرگیز ناتوانێ هەڵگری مانایەکی رەها بێ! لە ڕوانگەی لاکانەوە شرۆڤە گەر دەبێ راستەوخۆ لەگەڵ ناخود ئاگای مرۆڤدا لە پێوەندیدا بێ و لەسەر ئەم بڕوایە کە ناخود ئاگا پێکهاتەیەکی شاراوەی هەیە کە زۆر وەکو زمان دەچێ و ناسینی خود و جیهان بەهۆی ئەم زمانەوە مەیسەر دەبێ.

بۆ شیکردنەوەی زمانی ئەدەبی، دەبێ ئاماژە بە هەڵوەشاندنەوەی گرێی ئۆدیپ لەلایەن لاکانەوە بکەم. پاشان بۆ لێکدانەوەی بیر و بۆچوونی کریشتواش پێویستمان بەم خاڵە هەیە لە ڕوانگەی لاکانەوە ئەم زمانە لە سێ قۆناغدا بەدی دێ.

١- منداڵ بێ ئاگایی، خولیای ئەوەیە کە بوونی دایکی تەواو بکا، لێرەدا منداڵ لە بەرانبەر ئاوێنەدا رادەوەستێ لەگەڵ ئەوانی تر بە هەڵە دەگەڕێ. لاکان ناوی ئەم قۆناغە دەنێت ئیشی تەخەیولی (امر پیش ادیپی).

٢- باوک (یاسا، زمان) دێتە ئاراوە و منداڵ لەم کارەی پاشگەز دەکاتەوە، منداڵ لەگەڵ یاسای باوک بەرەو ڕوو دەبێتەوە بەجۆرێک یەختەیی هەست دەکا. منداڵ زەینییەت لە ئاوێنەکە وەردەگرێ و بۆی دەسەلمێ کە لە وێنەی ناو ئاوێنەکەدا راستەقینە نییە. لاکان ناوی ئەو قۆناغەش دەنێت ئیشی نمادین. هەر ئەو قۆناغەیە کە بەکری تەمیزی ناوی سامانی سەمبولیکی لێ ناوە.

٣- لە قۆناغی یەکەمدا منداڵ جۆرێک هەست بە یەکبوون لەگەڵ دایکی دەکا لە قۆناغی دووەمدا تووشی کێشە دەبێ و باوکی لە دایکی جوێ دەکاتەوە، ئەوە دووانەیەکە کە منداڵ بۆ ناسنامەی «هویت»ی خۆی بیکێشێ، لێرەدا منداڵ کە وێنەی تەنیا زایەڵەیەکە و وێنەی ناو ئاوێنەکە کەسێک نییە جگە لەخۆی، لاکان ناوی ئەم قۆناغەش دەنێت ئیشی ڕاستەقینە (امر واقع).

ژولیا کریستیڤا بەشێوەیەکی بەرچاو لەژێر کارتێکەری (لاکان) دایە و یەکەم نووسراوەکانی هەڵگری بیروبۆچوونی لاکانن لەمەڕ قۆناغی ئاوێنە و گرێی یاختە بوون (قۆناغی دووەم) ئەو دوو قۆناغە هەلومەرجی پێویست بۆ فێربوونی زمان بەدی دێنن.

لە قۆناغی پێش ئۆدیپیدا منداڵ هێشتا ناتوانی لە زمان کەڵک وەرگرێ، بەڵام دەتوانێ لەشی ئەو لەهەمبەر ئەو هەڵسوکەوت و دژ کردەوانە کە هێشتا ڕێکوپێک

نین، هەڵبسەنگێنین، ئێمە دەتوانین ئەم هەڵسوکەوتانە بەجۆرێک زمانی ڕوخسارە ئاسا (انگارەای) بزانین، کەچی هێشتا مانادار نین، ئەو زمانە پێش ئۆدیپە کە کریستوا ناوی نیشانەشناسی لەسەر دادەنێ، دەبێ بەهۆی زمانی نومادین تێک بشکێ بە زاراوەگەلێک دابەش بکرێ، بەڵام ئەو بەرگریبە ناتوانێ سەرکەوتووبێ، چونکە ئیماکانی پێش ئۆدیپی وەکو پاڵەپەستۆی دژە کردەوەیەک لەناو خودی زمان، لەحن، وەزن، چۆنیەتی لەش، هەروەها لە دژایەتی بێ مانایی بێ دەنگی و لە ئارادابووندا خۆیا دەبن و ئەگەری ناسینیان هەیە، چونکە ئەو سامانە لەقۆناغی پێش ئۆدیپیدا ڕواوە و لەگەڵ لەشی دایکدا پێوەندی هەیە، کریستیڤا بەجۆرێک زمانی ژنانەی دەزانێ ئەمە لەکاتێکدایە کە سامانی نومادین جۆرێک لۆژیکی پیاوانەی هەیە. زمانی کۆمەڵگای پیاوسالاریبە پێی وایە لەڕاستیدا نێرمایەکی پیاوسالارانەی هەیە و تەکوزێکی کۆمەڵایەتییە کە لە دەوری بازنەی مەدلوولی بەرز (لۆگۆ سەنتیزم)دا دەخولێتەوە. ئامرازێکی پیاوانەیە و لەژێر سێبەری یاسایەکدایە کە باوک وەبیر هێنەرەوەی ئەوە.

لە ڕوانگەی کریستیڤاوە دەقەکان و بەرهەمە کولتوورییەکان ئاکامی دیالێکتیکن کە لەدژ کردەوەی دوو وزەی ئاڵوگۆڕ هێنەر و بنەڕەتی لەزماندا ڕوودەدەن. سامانی نومادین (زمان) کە هەر ئێستا لە ئارادایە و سامانی خەیاڵاوی، یان نیشانە شناسانە خەریکی تێک شکاندنی کەشوهەوای نومادینە.

لە زۆربەی نووسراوەکانی نوماد گەرای فەرەنسیدا ئەو مانایانەی کە لەزمانی ئێستادا جێ پێی خۆیان قایم کردووە لەژێر کارتێکەری ئەم سامانە نومادینەدا دەچەمێتەوە و گەڕیانێک بەدی دێ کە نیشانەکانی زمانی تا ئەوپەڕی خۆی وێک دێنێ تایبەتمەندییەکی وەکو زەرباهەنگ، ئاهەنگ و مۆسیقا لەدەقدا زەق دەکاتەوە. جۆرێک دژ کردەوە لەناخود ئاگاوە دێنێتە ناو دەقەوە کە بایەخە بەپێزەکانی کۆمەڵگە لەق دەکەن.

کریستیڤا خولیای ئەو دەقانەیە کە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەدی دێنن، ئەو بابەتانەی کە هەتا ئەورۆ باسی لێ نەکراوە، دەیڵێین بەتایبەت ژنانی نووسەر دەبێ لە حاست نەزمی نومادین وەدەنگ بێن لەو سامانە خەیاڵکردەش کەڵک وەربگرن بۆ بەدی هێنانی دەقی ئاوانگارد، بەڵام دەبێ ئەوەشیان لەبەرچاو بێ ئەو دەقانە نەبنە نەزمێکی نومادین.

ڕوانگەی نیشانە شناسی لەبەرهەمی نووسەرانی پیاودا زیاتر لەبەرچاوە. نووسەرانێکی وەکو مالارمێ، جۆیس، نیتشە، هیگڵ و دریدا لەبەدی هێنانی دەقی ئاوانگارد لەژنان سەرکەوتووترن کە جێی پرسیارە و من بەئاواڵەیی دەیهێڵمەوە.

ئیریگاری پێی وایە کە ژنان دەبێ خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیان بن وەک چۆن پیاوان لەهەوڵی بیناکردنی ماڵێک بۆ خۆیانن جا لەهەر چییەک بێ! ئەشکەوت بێ، شار بێ، ژن بێ، یان بیرۆکە و زمان بێ. ژنانیش پێویستیان بەماڵی زمان هەیە ئەوان لەجیاتی ئەو بەندیخانەیەی زمان کە نابیندرێ پێویستیان بەماڵێک هەیە بۆ ژیان، بەڵام بەهۆی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە زمانی ئێستا ناتوانێ ماڵی ژنان بێ.

دەسەڵات کۆنترۆڵی ماناو ویستی حەقیقەتێکی پەتی و عەینییەت و زانستە، ئەمانە تایبەتمەندی نووسراوە، یان قسەکردنی پیاوانەن. ئەمە لەکاتێکدایە کە قسەکردن بۆ ژنان بەپێچەوانەی ئەوانە بەرهەم هاتووە. ئیریگاری لە هەوڵی دۆزینەوەی زمانێکدایە کە تایبەتمەندی و شوناس و مۆرکی ژنانەی پێوە بێ. شوالتر مێژووی نووسینی ژنان کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بووە، بەم جۆرە دابەش دەکا:

(Feminine) ژنانە- لەم قۆناغەدا ژن لە هەوڵی ئەوەدایە لەگەڵ کولتووری پیاو تەوەرەدا بەربەرەکانێ بکا.

(Feminists) لایەنگرانی یەکسانی ژن و پیاو- لێرەدا ڕەخنەی لەسەر نابەرابەری و هەلومەرجی ژنانەیە.

(Female) مێینە- بەدی هێنانی جۆرێک نووسراوەی ژن تەوەرییە.

ڕەخنەی فیمینیزمی فەرەنسی زیاتر لە خاڵی سێیەم کەڵک وەردەگرێ. سیکۆس وتار بەجۆرێک لە ئامرازی دژ کردەوانەی ژنان دەزانێ و جەختی لەسەر نووسراوەیە سیکۆس نووسین بە بۆشاییەک دەزانێ کە ئێمە دەتوانین لەودا لێکۆڵینەوەیەکمان لە تەکووزی و دووانە لێکدژەکاندا هەبێ نەهێڵی خۆیا بن (بەناوەند سڕینەوە لەدەق).

سیکۆس بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کارە لە چەمکی

ئابووری جێ نشێن (اقتصاد بدیل) کەڵک وەردەگرێ و سەرەنجام لە ڕێی چەمکی بەخشین، ئەو ئابوورییە تیۆریزە دەکا و لەهەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم چەمکەدا دوو جۆرە داگەران دەبینێتەوە.

١- بەخشینی پیاوانە کە لەسەر بنەمای ئابووری کلاسیک دامەزراوە و لەگەڵ سەرو سەودا کردندا خۆیا بووە و تەنیا زمانێک دەبەخشێ کە متمانەی بەهاتنەوەی خەڵاتەکەی خۆی هەبێ.

٢- بەخشینی ژنانە کە لەسەر بنەمای زۆر بوون دامەزراوە و بەرهەم و کالاکەی ئابووری نییە وەکو بەخشینی تیشکی ڕۆژ بەزەوی. سیکۆس بە پەیڕەوی لە (ژۆرژباتیل) ئەم ئابوورییە دێنێتە ئاراوە کە لەبەرهەمەکانیدا خۆیا بوون.

ئەم ئابوورییە لە بارەی هونەر و ژینگە و شەڕ و... بەرهەم دێ لە ڕوانگەی ئەوەوە، ئەم جموجۆڵانە نیشانەی بێ کەڵک بوونی بەنیزام کردنی ژیانی میکانیکی مرۆڤن. وەها نووسینێک هێمنایەتی کۆمەڵە داڕێژراوەکانی کۆمەڵگە دەخاتە مەترسی، سەرەڕای ئەوەش لەخۆیا کردنی سۆبژەی زۆر ترسێکی نییە.

هەڵسوکەوتی ژنان بەشێوەیەکی نەریتی کولتووری لەگەڵ لەشیان چقڵی گرتووە و ئیشی کولتووری بۆ هەر کام لەژن و پیاو بەشێوەیەکی جیاواز بەرهەم هاتووە نووسینێک کە بتوانێ لەسەرڕاوە کولتوور ڕێسادار بکاتەوە، گرینگایەتییەکی زۆری هەیە.

سیکۆس لەسەر ئەم باوەڕەیە کە نووسراوە لەپێوەندی لەگەڵ لەشدا بەرهەم دێ، ئێمە عادەتمان بەوە کردووە کە فکر و لەش جوێ کەینەوە، بەڵام ئەوە بە بەهای لەناوبردن و سانسۆر کردنی لەش، بەتایبەت سیکۆس جەخت لەسەر زەینییەت و نووسین دەکاتەوە، ئەو سەلماندی کە ئەو کارە ژنێکی نووسەر بەناوی لیسپکتۆر دۆزییەوە کە توانای بوونی زۆربەی بیرۆکانی سیکۆش لەبەرهەمەکانیدا نیشان بدا.

ئەو ڕەنگدانەوەیەی کە نووسراوەکانی سیکۆس لەسەر ئەو ژنە داینابوو دیاری کرابوون. خاڵی هاوبەشیان ئەوەیە کە هەموویان لەسەر پێکهاتە شکێنی سوورن، بەتایبەتی کەڵک وەرگرتن لەبیرۆکەکانی دریدا و لاکان.

# ئەدەبی شانۆیی منداڵانی کورد

محەمەد ئەحمەد حەسەن

ئەدەبی منداڵان لە هەموو جیهاندا بایەخێکی گەورەی هەیە، لە هەمـوو ژانرەکـانی تری ئەدەبی بە شـیعـر و چیـرۆک و رۆمـان و پەخـشـان رەنگی داوەتەوە. دەیان نووسەرمان هەیە کە هەموو ژیانی خۆیان بۆ ئەم جیهانە پاکە تەرخان کردووە و داهێنانی جوان جوانییـان تێدا کـردووە و سـەرکـەوتنی بەرچاویان بەدەست هێناوە. بەداخـەوە ئەم ئەدەبە (ئەدەبی منداڵان) لەناو کـورددا تا درەنگ بـایەخی پێ نەدراوە. لە دوای گـۆڤـاری (گەلاوێژ)ەوە تاکوتەرا شیعر و چیرۆک و شانۆگەری منداڵان بایەخی پەیدا کرد. لە شیعردا هەندێک شاعیر ئەم بوارەیان فەرامۆش نەکرد وەکو: (فایەق بێکەس و کـاکـەی فـەللاح و ع. ع. شـەونم)، بەڵام لە ژانری شـانۆگـەریدا زۆرکـەم بوو تاکـو دوای راپەڕینی بەهاری (١٩٩١) کە پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دی.

سـەرەتا دەبێ لەوێوە دەست پێ بکەین لە رووی مێژووییەوە شانۆگەری منداڵان لە جیهان چۆن پەیدا بووە و دواتر دێینە سەر مێژووی شانۆگەری منداڵانی کورد.

دنیـای منداڵان دنیـایەکی تایبـەتییـە، ئەم دنیـایەش لایەنی خۆشی و ناخۆشی تێدایە، واتە منداڵ لە تەمەنی منداڵیـدا هەست بە خـۆشی و بە ئازار دەکـات، هەروەها چەندان ئارەزووی هەیە دەیەوێ بیـهـێنێـتـە دی، جا بۆ دەربڕینی خۆشی و ئازار، پێویستی بە هۆیەک هەیە تاکو ئازار و خـۆشـیـیـەکـانی پێ دەرببـڕێ. ئامـانج لەمـەش پەروەردەکردنی منداڵە و ئەوەش پێویستی بە زمانێکی سـادە و سـاکـار و رەوان هەیە. سـەرەتای پەیدابوونی شـانۆگـەریش بۆ گـەمـە و یارییـەکـان دەگـەڕێتـەوە وەک

گەمەی «قەرەقۆز ...تاد هەرچەندە هونەرێکی سادەیان لەگەڵ خۆیاندا هێنایە مەیدانەوە، بەڵام لەچاو منداڵاندا ئەو گەمەیە هێجگار بەتاموچێژ بوو، هونەرێکی پڕ لە جوانی و بەتاسوخ بوو. دنیایەکی ئەفسووناوی وەهای بۆ دەکردنەوە کە تێیدا خەون و خەیاڵەکانیان دەکەوتنە پیاسە و وەهمە بەسۆز و تاسەکانیان تا ئەوپەڕی ئەندێشە وەک پەپوولە باڵیان تێدا دەگرتەوە» (١) ئەمەو شانۆگەری منداڵان بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، سەرەتا وەک وتمان قۆناغێک بریتییە لە گەمەی منداڵان، هەروەها زۆر لە ئەدەبی منداڵان نەنووسراوەتەوە و بە شێوەی فۆلکلۆر پشتاوپشت بۆمان ماوەتەوە «هەر لەو کاتەی کە دایک منداڵی بووە جۆرێک لە ئەدەبی منداڵان دروست بووە، لایە لایە ئەو شێوە باوەیە کە بۆ خەولێخستن و ئارامی منداڵ وتوویەتی» (٢) بێ گومان ئەمەش دەورێکی کاریگەری هەبووە لە پەیدابوونی شانۆی منداڵان، چونکە گۆرانی و مۆسیقا ڕەگەزێکی سەرەکی شانۆن. شانۆش هەروەک دایک وایە و قوتابخانەیەکە بۆ پەروەردەکردنی منداڵان و پێگەیاندنی نەوەیەکی زیندوو و چالاک بۆ دوارۆژ تاکو کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و شارستانی پێک بهێنێ، هەروەها ئەو چیرۆک و ئەفسانانەی کە داپیرەکان بۆ منداڵانیان دەگێڕایەوە لە کاتی شەوانی زستان کە دەورێکی باڵایان هەیە لە پەروەردەکردنی منداڵاندا. ئەگەر سەیری منداڵانی هەر میللەتێک بکەین دەبینین منداڵانی ئەو نەتەوانە چەندان یاری و گەمە دەزانن، ئەمەش جیاوازە لە یاری و گەمەی منداڵانی نەتەوەیەکی تر. لەو گەمانە منداڵان زۆربەی جاران لاسایی گەورەکان دەکەنەوە هەر لە کارەکانی ناوماڵ و دەرەوە و شەڕ و پاڵەوانبازی و تەمسیل کردن، ئەمەش دەبێتە هۆی چێژ بەخشین بەو منداڵانە و بە خەیاڵی خۆیان دنیایەکی وا دروست دەکەن کە هەر لە شانۆگەرییەکی جوانکیلە دەچێت «گەمە جۆرێکە لە شانۆ وەک هەندێ کەس وا دەزانن، بەڵکو دەمانەوێ بڵێین شانۆ لاسایی کردنەوەی تێدایە، لاسایی کردنەوەش لای مرۆڤ بە گشتی و لای منداڵ بەتایبەتی شتێکی سروشتییە و لە ناخەوە سەرچاوە دەگرێ، سادەترین نموونەی دەربڕینی گەمەیە، باڵاترین شانۆیە» (٣)

هەروەک ئاشکرایە میللەتی کورد هەر لە دێر زەمانەوە داگیرکەران وڵات و خاکیان داگیرکردووە و ئەوەندەی خەریکی خەباتی ڕزگاریخوازی بووە، ئەوەندە نەپڕژاوەتە سەر ئەدەب، ئەم قسەیەشمان ئەوە ناگەیەنێت کە میللەتی کورد ئەدەبی نییە، بەڵکو ئەدەبێکی یەکجار دەوڵەمەندی هەیە، چ ئەدەبی فۆلکلۆری بێت، یان ئەدەبی نووسراو. دەیان شاعیرمان هەن کە بە شیعرەکانیان تەنانەت ڕووبەڕووی دوژمن بوونەتەوە، بەڵام ئەوەی مەبەستمانە زیاتر شانۆگەری منداڵانە. کە تا درەنگانێ لەناو کورددا سەری هەڵنەدا، ئەمەش مانای ئەوە نییە ئەدەب دۆستان و نووسەران توانای نووسینی ئەم ژانرەیان نییە. ئەم ژانرە گرنگە تا دوای ڕاپەڕین ساڵی (١٩٩١) گەشەی نەسەند پێشتر تاکوتەرا هەبووە، بەڵام دوای ڕاپەڕین ئازادی و سەربەخۆیی پەیدابوو و بوار بۆ هەموو چین و توێژێک ڕەخسا تاکو لە هەموو لایەنەکانی تری ئەدەبی قەڵەمەکانیان بەکاربهێنن. هۆیەکی تری گەشەسەندنی ئەم ژانرە گرنگە ئەوەیە کە بواری ڕاگەیاندن گەشەی سەندووە، بەتایبەتی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار دەرچوون، هەرچەندە هەر حیزبە و ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆنی تایبەتی خۆی هەبوو، واتە ئەم بوارەی ڕاگەیاندنی بۆ ئامانجی حزبەکەی بەکار دەهێنا، بەڵام هۆیەکی گرنگ بوو بۆ گەشەسەندنی شانۆگەریی منداڵان. چەندان گۆڤاری تایبەت بە منداڵان دەرچوو وەکو (هەنگ، زەنگ و....تاد) هەروەها لە تەلەفزیۆنەکان پێش پەخش کردنی بەرنامەکان فیلمی منداڵان (کارتۆن) بۆ منداڵان لێدەدرێت و بەرنامەی تایبەت بە منداڵان پێشکەش دەکرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە منداڵان بایەخ و گرنگییان پێ دەدرێت. بێ گومان ئەدەبی منداڵان بە هەموو ژانرەکانییەوە لەناو کورددا دەمێکە سەریان هەڵداوە، بەڵام ژانری شانۆگەری منداڵان کورد زۆر لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە. ژانری تری وەک شیعر چەندان لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و نامەی ماستەر و دکتۆرای لەسەر نووسراوە وەکو تێزەکەی (د. فازل مەجید) کە دکتۆراکەی لەسەر (شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا)یە، هەروەها لە بواری شانۆگەری نامەی دکتۆراکەی (د. سەلام فەرەج کەریم) بەناوی (گەشەسەندنی درامای کوردی لە عێراقدا) لە ساڵی ١٩٧٥-١٩٩٥ شتێکی جوانی کردووە و جێی بایەخە، بەڵام بە داخەوە دەبوایە ئاوڕێکی لەم لایەنەی شانۆگەری منداڵان بدابایەوە، چونکە ئەو ساڵانەی کە دیاری کردووە ١٩٧٥- ١٩٩٥ دیارە چەند ساڵێکی دوای ڕاپەڕینیش

دەگرێتەوە کە لەم ماوەیەشدا دەیان شانۆگەری منداڵانیش نووسراون. هەروەها (د. ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ) کە نامەی ماستەرەکەی باس لە (کاریگەری کەلەپووری کوردی لەسەر شانۆی کوردیدا) دەکات، دیارە لێرەش هەر باسی ئەدەبی شانۆگەری منداڵانی نەکردووە هەروەها لە ساڵی (١٩٧٢) بۆ یەکەم جار مامۆستا (عومەر عەبدولڕەحیم) کۆمەڵە شانۆگەرییەکی لەژێر ناوی (شانۆی منداڵان) بە چاپ گەیاندووە و بڵاوی کردۆتەوە. ئەمەش دەرگایەکی باش بوو بەسەر ئەم ژانرە ئەدەبییەی منداڵاندا کرایەوە (بەو حەوت شانۆگەرییە کە شانۆنامەی منداڵانی لەخۆ گرتبوو، پڕ ببێتەوە ئەمانەن:

١- جوو، جوو، جوو، جوو، جوو — چوار پەردەیە
٢- کفرە ئەحمەد — یەک پەردەیە
٢- شێخەولا — یەک پەردەیە
٤- حەمەنۆش — دوو پەردەیە
٥- پیری دەروون بەرز — یەک پەردەیە
٦- کۆمەڵی کەڕان — دوو پەردەیە
٧- بەژنی ئاوێنە — یەک پەردەیە) (٤)

هەروەها هەردوو مامۆستایان (فەرەیدوون عەلی ئەمین و عومەر عەبدولڕەحیم) شانۆگەرییەکانیان بە شێوەی هەڵبەست لەژێر ناوی (پاڵەوانی دوارۆژ) لە ساڵی ١٩٥٨ بەچاپ گەیاندووە، مامۆستا (فەرەیدوون عەلی ئەمین) شانۆگەری (پشکۆ و شێرکۆ شەڕیانە لەسەر دەنکێ زەنگیانە) کە شێرکۆ و پشکۆ هەردووکیان قوتابی یەک قوتابخانەن و لە کاتی ئاو خواردنەوە شێرکۆ شانی بە پشکۆ دەکەوێ و دەگریێ، لێرەدا ڕووداوی شانۆکە دەست پێ دەکات. ئەم شانۆگەرییە بە سێ پەردە نووسراوە. مامۆستا (عومەر عەبدولڕەحیم) چەند مەرجێکی بۆ چیرۆکی شانۆگەری منداڵان داناوە. کە بە ڕاستی ئەم مەرجانەی هەڵبژاردوون چاکن و سوودێکی زۆریان هەیە، بەڵام ئەوەی جێی تێڕامانە ئەوەیە خۆی ئەم مەرجانەی لە شانۆگەرییەکانی کە بۆ منداڵانی نووسیوە، تەنانەت چیرۆکەکانی جێبەجێ نەکردووە. مەرجەکانیش ئەمانەن:

١- دەبێ چیرۆکی شانۆگەری منداڵ ڕستەکانی کورت و کامڵ بن.

٢- بەو شێوەیە بنووسرێ کە منداڵی پێنج شەش ساڵ پێی دەدوێت، واتە وشەی گران و دوور و درێژی تێدا نەبێ. هەتا ساوایان بە ئاسانی دەورەکانیان بۆ لەبەربکرێت.

٣- نابێ پیشاندانی چیرۆکە شانۆگەرییەکە لەسەر شانۆ لە بیست دەقیقە پتر بخایەنێت.

٤- بە یەک دوو پەردە پیشان بدرێت باشترە لەوەی بە سێ چوار پەردە پیشان بدرێت»(٥) هەروەها مامۆستا (محەمەد ڕەشید فەتاح) لە کتێبەکەیدا (ئەدەبی منداڵان و نموونەی لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی منداڵانی کورد) بەراوردێکی زۆر جوان دەکات لەنێوان ئەو مەرجانەی مامۆستا (عومەر عەبدولڕەحیم) دایناوە بۆ شانۆگەری منداڵان لەگەڵ دەقی شانۆگەرییەکانی هەمان نووسەر. بۆ نموونە مامۆستا (عومەر) دەڵێت چیرۆکی شانۆگەری منداڵان دەربارەی گیانلەبەران بێ منداڵ زیاتر چێژی لێ وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر سەیری چیرۆکە شانۆگەرییەکان بکەین، هیچیان دەربارەی گیانداران نین، هەروەها مامۆستا (عومەر) دەڵێت هەندێک جار چیرۆکی ئەفسانەیی لەسەر شانۆی منداڵ پیشان بدرێت لە سوود خاڵی نابێت، بە مەرجێک لە ترس و سام خستنە دڵی منداڵانەوە بەدەربێت ئەمە زۆر چاکە، بەڵام ئەگەر سەیری چیرۆکە شانۆگەری (شێخەولا) بکەین لە لاپەڕە (٣٧)دا دەڵێ:

«-شێخ: دەی خێرا ناوی جنۆکەکانم پێ بڵێ.

- ڕابین: نازانم جنۆکەی چی؟ تۆ خۆت منێوری سپیت.

- شێخ: دووقاچی ئەسرەوێنێتە پشتی ڕابین ئەڵێ بیان لێ دەی مارس بانەت کوژم.

-ڕابین: جاکوسین، جاکوسین، کلۆدمارسۆ، کلۆدمارسۆ.» (٦)

ئەگەر سەیری ئەم چەند دێرە بکەین کاتێ لەسەر تەختەی شانۆ پێشکەش بکرێت، بێ گومان ترسێکی زۆر دەخاتە دڵی منداڵەوە، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری بۆ سەر سایکۆلۆژییەتی منداڵ دەبێ، بەتایبەتی شەوان ڕەنگە منداڵ زۆر جار کاتێ ئەم ڕستانەی بیر دەکەوێتەوە خەوی لێ نەکەوێت. لێرەدا دەتوانین بڵێین ئێمەش وەکو گەلی کورد شانۆگەری منداڵانمان هەیە، بەڵام لە سەرەتادا تاک و تەرا بووە، واتە نووسەران هەر لە زووەوە هەوڵیان داوە قەڵەمیان لەم بوارەشدا بخەنە گەڕ، بۆیە زۆر پێویستە نووسەران و ڕەخنەگران و لێکۆڵەرەوان ڕووبکەنە ئەم دنیایەی منداڵان و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکەن، چونکە لەوانەیە زۆر شت هەبێ تاکو ئێستا

شــاراوە بێ جــا چ بە چاپ نەگــەیەندرابێ، یان پێی نەزانرابێ. هەروەها دوای ڕاپەڕین چەندان شــانۆگــەری منداڵان نووسـراون کە لێرەدا ناتوانین بە یەک دوو لاپەڕە حەقی خۆیان پێ بدەین، بۆیە تەنیا ئەو شانۆگەرییانەمان باس کردووە کە پێش ڕاپەڕین بە چاپ گەیانراون، چونکە ئەگــەر باسی ئەم شــانۆگــەرییــانەمــان بکردایە کــە دوای ڕاپەڕین نووسراون دەبوایە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر فراوانتر بنووسین.

**شــانۆی منداڵان لە ڕووی بابەتەوە چەند جــۆرێک دەگرێتەوە کە ئەمانەن:**

١- شانۆی گەڕۆک

ئەم جۆرە شانۆگەرییە مێژوویەکی کۆنی هەیە، چونکە وەکو تیپێک بەناو شار و گوندەکاندا دەگەڕان و شانۆیان پێشکەش دەکرد، بەهۆی ئەمەشەوە بژێوی ژیانیان دابین دەکرد، سەرەتا ئەم جۆرە شانۆگەرییە بۆ شانۆی گەورەکان بوو، دواتر شـانۆی منداڵانیـشی گرتەوە و دەتوانرێ پێی بگوترێ شـانۆی (بووکە شووشـە) چونکە کەسەکـە لەناو عەرەبانەیەک، یان پشت سندووقێک دوو بووکە شووشە کــە بە هۆی دەسـتــەکـانیـانەوە جـووڵەیان پێ دەکـات و هەرجارەی دەنگی خۆی دەگۆڕێ و جلی جوان و بریقەدار لەبەر دەکات. لەم جۆرە شانۆگەرییەشدا دنیایەکی جوان بۆ منداڵان دروست دەکات و دەیانخاتە پێکەنین و خۆشی دەخـاتە دڵەکـانیـان، پێـشـتـر ئەم جـۆرە شانۆگـەرییـانە دەگەڕان و بەرهەمەکانیان پێشکەش دەکرد.

ئەوەی تایبەت بێت بە شـانۆی گەڕۆکی منداڵانی کورد، ئەوە نموونەی بەرچاومان هەیە وەکو کۆسە بەبە کە یەکێک دەبێـتە بووکە بە بارانە و بەپێش منداڵەکـان دەکەوێت و جووڵـە دەکات و هەڵدەپەڕێ. کـە دەچنە بەر دەرگـای هەر ماڵێک ماڵەکە هەندێک ئاو بەو بووکەدا دەکات و پارە، یان هەندێک شت و خـواردەمـەنی دەدات بە منداڵەکـان، منداڵەکانیش بەردەوام هاواردەکەن:

**بووکە بە بارانە**
**سەعاتی جارانە**
**ئاوی بن دەغڵانە**
**هەیاران و مەیاران**
**یاخوا دەکاتە باران**
**بۆ فەقیر و هەژاران**

٢- شانۆی قوتابخانە

قـوتابخـانە شـوێنێکی پیـرۆزە، شـوێنی دروست بوونی نـەوەی نـوێـیــــــە، بـەهـۆیـەوە، یـان لـەوێـوە دەتـوانـرێ منـداڵەکـــانمان پەروەردەیەکی دروست بـکرێن، هەروەک دەڵێن شانۆ قـوتابخانەی میـللەتە. ئێمـەش دەڵێین شانۆ قوتابخانەی میللەت و منداڵە کە بەهۆی شانۆوە دەتوانین کـێـــشــەکـــانی منداڵی پێ دەربـبــــڕین. لە هەمـــوو قـوتابخـانەیەک وانەی وێنە (ڕەسم) هەیە، جـوانتـر وایە ئەم وانەیە ناوی بگۆڕدرێ بە (هونەر)، چونکە وشــەی (هونەر) فـراوانتـرە و لایەنی زۆر دەگـرێتـەوە، بەڵام ئەم وانەیە بایەخێکی کەمی پێ دەدرێت. پێشتر لە قوتابخانە کــۆنەکـــانی وەکـــو ئەربیـل ئولای شـــاری هەولێـــر و قـوتابخـانەکـانی سەرەتایی سەدەی بیـسـتـەم بایەخـێکی زۆری پێ دراوە و چەندان شـــانۆ لـەم قـــوتابـخـــانانە پێشکەش کراون کە بوونەتە مێژووی سەرهەڵدانی شانۆ لەناو هونەری کوردیدا، بەڵام ئێستا لە قوتابخانەکان لەم وانەیەدا قـوتابییـەکـان دەبردرێنە دەرەوەی پۆل و بەبێ هۆ کاتەکانییان بەڕاکردن و یاری دەبەنە سەر.

لەم جۆرە شـانۆگـەرییـەدا مـامـۆسـتـا بابەتێک ئامـادە دەکات کە لە دنیای منداڵەوە نزیک بێ، یان هەر تایبەت بێت بە منداڵان و قـۆناغی تەمـەنیـان کـە تێـیـدا حـەز و ئارەزووەکـــانیـان ڕەنگی دابێـتـەوە، هەر منداڵەکـانیش ڕۆڵی تێدا دەبینن و دەبن بە کەسایەتی، یان ئەکتەری ناو شانۆگـەرییـەکـە و جـەمـاوەر، بینـەریش هەر منداڵەکـانن نابێت زۆر ئاڵۆز بێ و گــرێی زۆر بێت، چونکە ئاســتی تێگەیشـتنی منداڵ سنووردارە و مێشکی قـبـووڵی شـتی ئاڵۆز ناکـات. ئەم جـۆرە شـانۆگـەرییـانە لەناو مـیـللەتی کـورددا مـێـژوویەکی دێرینی هەیە کـە لە سـەرەتاکـانی سـەدەی بیـســتــەم هەروەک پێـشـتـر باسـمـان کـرد لە قوتابخـانەکان نمایش دەکرا، بەڵام ئەوان تـایبـەت بوون بە گــەورەکـــان و تا ڕادەیەک بە منداڵانیـش ((لە ســاڵی ١٩٠٥ بۆ یەکەم جار شانۆگەری (میری دیل) لە هەولێر نمایش کراوە. شانۆگەری (سەلاحەدینی ئەیوبی) لە ساڵی ١٩٢١ لە لایەن لیـــژنەی (فـــەن و تەمـــســـیـل) لە قـوتابخـانەی ئەربیل ئولای هەولێـر نمایش کـراوە)) (٧) هەروەها لەشاری سلێمانیش چەندان شانۆگەری نووسراون (لە سـاڵی ١٩١٩ لە گـۆڤـاری ژین (عـەبدولڕەحـیم هەکـاری) شـانۆنـامـەی (مـەمی ئالان) دەنووسـێت و لە ساڵی ١٩٢٦ (فوئاد ڕەشیـد) شانۆیەک دەنووسێت و لە

ساڵی ١٩٣٣ (جەلادەت بەدرخان)، (هەڤند) دەنووسێت و پیرەمێرد لە ساڵی ١٩٣٤ (مەم و زین)دەنووسێت» (٨) هەروەها ((دەڵێن لە ساڵی ١٩٢٨ لە کۆیە لەژێر چاودێری مەلای گەورە لاوانی ئەوسا چەند جارێک چیرۆکی شانۆییان پێشکەش کردووە، هەروەها لە هەولێر لەساڵی ١٩٤١ (دانیال عوزێر قەساب) کە بلیمەتێکی هەولێر بوو لە هونەری وێنەکێشان و شانۆدا چیرۆکی شانۆیی سەلاحەدین-ی پێشکەش کرد، لە سلێمانی پیرەمێرد لەیادکردنەوەکانی نەورۆزدا و قوتابخانەی زانستی گەلێک جار چیرۆکی شانۆییان پێشکەش کردووە)) (٩) کەواتە شانۆگەری لەناو کورددا یەکەم جار لە قوتابخانەکانەوە سەریان هەڵداوە.

٣- شانۆی ئۆپەرێت و گۆرانی

ئەگەر سەیری مێژووی شانۆ بکەین ئەوە هەر لە کۆنەوە شانۆ بەهۆی گۆرانی و سەما و دەقی شیعرییەوە پێشکەش کراوە. ئۆپەرێت و گۆرانی بینایەکی هەرە سەرەکین لە شانۆدا بەهۆی ئەم گۆرانییەوە دەتوانرێ کێشەکان بخرێنە ڕوو، هەروەها کەشوهەوایەکی دڵڕفێن لای بینەر دروست دەکات. بۆ نموونە ئەگەر سەیری گریکی کۆن بکەین، دەبینین دەقە شانۆییەکان شیعر بوون و بە گۆرانی پێشکەش دەکران و تەنانەت کۆرسیان هەبووە، هەروەها سەماشیان لەگەڵ دەکرد. لە شانۆگەری منداڵاندا دەتوانین بیروڕا و ئامانجەکان بخەینە ڕوو، چونکە مەبەست لە شانۆگەری منداڵان ڕووناکبیرکردن و ڕۆشنبیرکردنی منداڵانە و دەرخستنی کێشە و بابەتەکانیانە، بۆیە بەهۆی ئەم شانۆیەوە دەتوانرێ بە بیستن بینەر (منداڵان) زووتر لە شتەکان بگات و بزانی مەبەست لەم شانۆگەرییە چییە؟ هەروەها چێژێکی زیاتریشی لێ دەبینێ، چونکە پێشکەش کردنی شانۆ بەم شێوەیە هەر بۆ پێکەنین و کات بەسەر بردن نییە، بەڵکو زیاتر بۆ پەروەردەکردنە بەتایبەتی بۆ دنیای منداڵان. هەروەها پێویستە ئەو چیرۆکە شیعریانەی بۆ منداڵان دەنووسرێن بە زمانی منداڵ بنوسرێن و نزیک بن لە دنیای منداڵان، چونکە بۆ منداڵانە نەک بۆ قۆناغەکانی تری تەمەنی مرۆڤ وەک هەرزەکاری و گەنجی. دیارە بەمەش دەتوانرێ دەوری خۆی بگێڕێ و مەبەستی خۆی بپێکێ. لەناو ئەدەبی شانۆگەری کوردی منداڵاندا گەلێک شاعیر چیرۆکە شیعریان بۆ منداڵان نووسیوە (دلاوەر قەرەداغی) بەم دواییە زۆر شتی تایبەت بە دنیای منداڵانی لە زمانانی بێگانەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بەڵام تاکو ئێستا وەکو نمایش ڕەنگە هێشتا نەخرابنە سەر شانۆ. هەروەها (کازم کۆیی) چەندین شانۆ و ئۆپەرێت و گۆرانی نووسیوە، بەڵام تاکو ئێستا نمایش و تۆمار نەکراون. بۆ نموونە لەسەر ئەوەی منداڵ لە ماوەی (٢٤) کاتژمێر چ بکات؟ بە وێنە و شیعر لەسەر پۆستەرێک نووسراوە و لەسەر ئەرکی کۆمەڵەی منداڵپارێزی چاپ کراوە، هەروەها لەسەر منداڵانی کەم ئەندامیش بە هەمان شێوە کە ئەوانیش مافیان هەیە و دەتوانن خۆیان بژێنن. چەندین ئۆپەرێتی بە شیعر نووسیوە لەسەر پۆستەر بە وێنە و شیعرەکانەوە چاپ کراون، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٥ (د. ئیبراهیم ئەحمەد شوانی) دیوانێکی پڕ لە پەند و ئامۆژگاری بۆ منداڵان بە چاپ گەیاندووە بە ناوی (خەرمانلۆغە) کە لە چەندین شیعری منداڵان پێکهاتووەو هەر شیعرێک باس لە لایەنێکی ژیانی منداڵ دەکات، باس لە هەندێ ڕەوشتی نابەجێ دەکات کە دەبێ منداڵ لێیان دووربکەوێتەوە، هەر منداڵێک ئەم دیوانە بخوێنێتەوە دەبێتە جێی بایەخ، بۆ نموونە بە شیعرێک باس لە قۆپیەکردن دەکات کە چەندە کارێکی ناشیرینە و دژی زانست و زانیارییە کە لە نێوان دوو قوتابی بە گفتوگۆ دەیکەن.

**«هۆگر قۆپیە کرێتە    چاڵی سەرچەقی ڕێتە**
**زۆری تەمبێ کردووە    بەرپێنەی هەردوو پێتە»** (١٠)

هەروەها باس لە تەندروستی دەکات کە بە ڕاستی بایەخێکی زێرینە منداڵان هان دەدات کە پاک و خاوێن بن.

**«هەموو حەفتە خۆم دەشۆم    بۆ جێی پیس هەرگیز ناڕۆم**
**گەر نینۆک سەردەربێنێ    نینۆک کەر دەیقرتێنێ»** (١١)

٤- شانۆی ئاسایی

ئەم جۆرە شانۆیە وەک شانۆی ئاسایی گەورەکانە، گەورە و بچووک بەشداری تێدا دەکەن، بەڵام مادام تایبەتە بە منداڵان، چاکتر وایە ئەو منداڵە بەهرەمەندانە بەشداری تێدا بکەن و ڕۆڵی تێدا بگێڕن، ئەم جۆرە شانۆیە دەتوانرێ لە قوتابخانەکانیش نمایش بکرێت «شانۆگەری منداڵان لە هەر شوێنێک هەبێ و سەر بە هەر

گەلێک بێت جگە لە سوودە سەرەکییەکەی لە چەندین ڕووەوە سوودی لاوەکی و پلە دووەش لە خۆی دەگرێت، وای دابنێین شانۆگەرییەکە بۆ پێکەنین و خەونێکی منداڵان دانرابوو، دەشێ سوودی تر لە ناویدا تێهەڵکێش کرابن، وەک فێربوون و نیشتمانپەروەری و ئادگاری ڕاست و دروست و هی تر» (١٢) کەواتە بەهۆی شانۆگەرییەوە دەتوانرێ ئەرکێکی پەروەردەیی لە هەموو ڕووەکانی نیشتمانی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ....تاد جێبەجێ بکرێت.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١- ئەدەبی منداڵانی کورد، حەمە کەریم هەورامی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردستان، ٢٠٠٥، بەرگی یەکەم، لا ٣٥٥.**

**٢- شیعری منداڵان لە ئەدبی کوردیدا، د. فازڵ مەجید مەحمود، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٤، سلێمانی، لا ٦٧.**

**٣- ئەدەبی منداڵانی کورد،حەمە کەریم هەورامی...لا ٣٦٢.**

**٤-ئەدەبی منداڵانی کورد، حەمە کەریم هەورامی... لا ٣٨٣.**

**٥-ئەدەبی منداڵانی کورد، حەمە کەریم هەورامی....لا ٣٨٤.**

**٦-ئەدەبی منداڵان و نموونە و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی منداڵانی کورد، محەمەد ڕەشید فەتاح، چاپخانەی ڕاپەڕین سلێمانی، ١٩٧٤، لا ٣٦.**

**٧- بینینی هاوبەش لە گواستنەوەی شانۆییدا، موحسین ئەحمەد، گۆڤاری ڕامان، ژ (١٠٣)، ٢٠٠٥، لا ١٧٤.**

**٨- بینینی هاوبەش لە گواستنەوەی شانۆییدا، موحسین ئەحمەد، گۆڤاری ڕامان، ژ (١٠٣)، ٢٠٠٥، لا ١٧٦.**

**٩- شانۆی نەتەوەیی کورد، ئەحمەد غەفوور، گۆڤاری نووسەرانی کورد، ١٩٧١، ژ (١)، لا ٢٦.**

**١٠- خەرمانلۆغە، د. ئیبراهیم ئەحمەد شوانی، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٥، لا ٢٥.**

**١١- خەرمانلۆغە، د. ئیبراهیم ئەحمەد شوانی، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٥، لا ١٣.**

**١٢- ئەدەبی منداڵانی کورد، حەمە کەریم هەورامی....لا ٣٨٥.**

# حاکمی کوردستان و ئەرشیڤی دادگای کۆیە

ئەگەر بەچاوێکی ورد تەماشای ئەرشیڤی خانەی دادی کۆیە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت ئەم ئەرشیڤە لە هەموو ڕوویەکەوە چەند دەوڵەمەندە، هەم لەسەر ئاستی شارەکە، کە چەندە گرنگە و بەسەرچاوەیەکی بیبلۆگرافیا دەژمێردرێ، لە هەمان کاتیشدا بەسەرچاوەیەک دەژمێردرێ لە ئەرشیڤی دەوڵەمەندی شاری کۆیە کە تا ئێستاکە پارێزراوە.

ئەرشیڤەکە لەکۆمەڵێک دەفتەر (سجل) پێک هاتووە کە (٧٦) دەفتەری تایبەتن بە کێشەو دەعوا مەدەنی و شەرعییەکانی شاری کۆیە و دەوروبەری، لەمانە سجلی ژمارە نۆزدەیە کە لەیەکەم بەڵگەنامەدا نیشانەی (نومرو/١)ی بۆداندراوە کەوا لەگەڵ ئەم وتارەدا وێنەیەکی بڵاودەکەینەوە، بەڵگەیەکی مێژوویی زۆر گرنگی تێدا نووسراوەتەوە کە خۆی لەخۆیدا ئەوە هەڵدەگرێت لێکۆڵینەوەی زیاتری لەسەر ئەنجام بدرێ. لەم بەڵگەنامەیەدا بۆ یەکەم جار ناوی (حاکمی کوردستان) دەکەوێتە بەرچاوان، وشەی (حاکم کردستان) کە لە ساڵی ١٩١٩ نووسراوە، ئەمە شایەد حاڵێکە کە جەنابی (شێخ مەحموودی حەفید) و لەزەمانی کابینەی یەکەمی حکومەتەکەی لە پێوەندیدا بووە لەگەڵ جەنابی (مەلای گەورە)ی کۆیە، کە ئەوسا حاکمی دادگای شاری کۆیە بووە لە ماوەی ساڵانی (١٩١٩ تا ساڵی ١٩٢٨)ز، کە ناسراو بووە بە (مەلا محەمەدی جەلیزادە) و کاتی نووسینەوەی بەڵگەنامەکە لە دادگا ساڵی (١٩١٩) زایینی بووە، بەڵام مێژووی (١٨ ربیع الاول

**ئاراس عەبدولخالق عەبدولحەمید**
**(کۆیە)**

١٣٣٧ كۆچی) واتە مێژووی ساڵی کۆچی لەسەر داندراوە، کە ئەوسا بەم شێوەیە پەیڕەو دەکرا، ئەم مێژووەش بەرانبەر مێژووی زایینی دەکاتە (٢١ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٩)، وەک لەلای گشت لایەکیش ئاشکرایە شێخی نەمر دوو جاران حوکمڕانی کردووە، هەردوو حکوومەتەکەش بە زەبروزەنگ و پیلانگێران کۆتاییان پێ هێندراوە، جاری یەکەم لە ساڵی ١٩١٩ پاش کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی ڕاستەوخۆ شێخی نەمر حکوومەتەکەی ڕادەگەیەنێت و دواییش کە بۆ هیندستان بەدەست بەسەری دوور دەخرێتەوە، بەڵام جاری دووەم کە لە ساڵی ١٩٢٢دا حکوومەتەکەی دروست دەکاتەوە، ئەم جارەش بە پیلانی دوژمنان، بەزەبری ئاگر و ئاسن و فرۆکە، لەناو دەبرێت و دەربەدەر دەکرێت. ئەمەی کە ئاماژەمان پێدا، تەنیا لە بابەت نووسینەوەی مێژووی- بەڵگەنامەیەکە، بەڵام بۆ ناوەرۆکی بابەتەکەی، ئەمە خۆی لەخۆیدا باسێکە و پێویستی بە لێکدانەوە هەیە.

جا لەسەرەتاوە وشەی «حاکم کردستان»، من لام وایە ئەمە بەڵگەیەکی تایبەتە بە خودی شێخی نەمر، واتە کەسی تر ئەو شەرەفەی پێنەدراوە و نەشبووە لەو کات و ساتەدا کە ساڵی ١٩١٩ بووە. خاڵی دووەم کەوا دیارە ژیانی ئەوساکە و بارو گوزەرانی خەڵکەکە وای خواستووە هاموشۆی دادگا بکەن بۆ ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانە و پێویستییەکانی ژیانیان هەروەکو ئەمەی کە لەم بەڵگەنامەیەدا نووسراوە، کە لەدادگای شەرعی دەرچووە ئەوساکە میراتگرانی (حاجی تەهای کوڕی حاجی عەبدولڕەحمان) سکاڵایەکیان پێشکەش بە (حاکمی کوردستان) کردووە لە شاری سلێمانی کە پایتەختی ئەوسای حکوومەتەکەی شێخی نەمر بووە، داواکارییەکەشیان تایبەت بووە بەوەرگرتنەوەی بڕی هەزار و دووسەد قروش لەقازی (مستەفا جەلال ئەفەندی) کە ناوی ئەم زاتە، یەکێکە لەو دادوەرانەی کە لەخانەی دادی کۆیە دەوامی کردووە.

جا بە لێکدانەوەیەکی یاساییانە ئەوە دەردەکەوێت کە بەڵگەنامەکە بۆ دابەش کردنی میراتی (حاجی تەهای کوڕی حاجی عەبدولڕەحمان)ە کەوا پێدەچێت لەکۆیە مردبێت، یان پارەکە پارەی قەرز بووە و لەدوای میرات دابەش کردن مابێتەوە و دواییش تەسلیم بە میراتگران کرابێ، وەک هەقێک لە هەقەکان کە خاوەن ماف بەدوایدا دەگەڕێت لەسەر داوای ئەو دەعوایەی کە میراتگران لە سلێمانی پێشکەشی حاکمی کوردستانیان کردووە، ئەویش داوایەکەی بۆ حەواڵەکردوون بۆ دادگای کۆیە «حەواڵەکردنی داواکاری»- «حوالەی عرضحال»، کە ئەمەش مانای سەروەری دەسەڵاتی مەلیکی کوردستان دەگەیەنێ لەسەر گشت بەشەکانی کوردستانی عیراق، واتە بەحوکمی یاسا مەلیکی کوردستان دەتوانێ نووسراو و داواکاری ڕەوانە بکات بۆ ئەو شوێنەی کە داوای تێدا بە ئەنجام دەگات و فەرمانی حاکمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت، لە ڕوانگەیەکی تریشەوە دەتوانین بڵێین میراتگرانی (حاجی تەها) داوای پارەتیان لە مەلیکی کوردستان کردووە بۆ وەرگرتنەوەی هەقەکەیان لە دادگای کۆیە، بۆیەش شێخی نەمر داواکارییەکەیانی ڕەوانەی دادگای کۆیە کردووە بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکەکەی، لە هەمان کاتیشدا سەروەرییەکی گەورەش بۆ دادگای کۆیە دەنووسرێ، کە خۆی لەوەدا دەنوێنێ بەڵگەنامەکە لەسەر دەستی جەنابی (مەلای گەورە) لەم ساڵەدا تۆمار کراوە.

ئەم زاتە گەورەیەش لەنێوان ساڵانی (١٩١٩-١٩٢٨)دا قازی شەرعی و دادوەر و دادنووسی کۆیە بووە، کە سەرجەمی ساڵانی ئیش کردنی لە دادگای کۆیە دەگاتە (١٠) ساڵ خزمەتی دادگایی، بەڵگەیەکی یاساییش لەسەر تۆمارکردنی بەڵگەنامەکە لەناو دەفتەری ژمارە (١٩)ی ئەرشیڤی دادگای کۆیە و لە لاپەڕە (١٢٩)دا، ئەستۆ پاکی پیشان دەدات لەسەر حورمەتی دادگا. واتە بەڵگەکە لە شوێنی «براءة الذمة»یە کە ئەم پارەیە تەسلیم کراوەتەوە و داواکارییەکەیان، داواکارییەکی دروست بووە و بەگوێرەی خواستی میراتگران بووە. ئەمە جگە لەزانایەتی و گەورەیی«مەلای گەورە» کە ناسنامەکەی بووە، چونکە ئەم دادوەرە گەورەیە نیشانەی [حاکم الشرع] [محمد عبدالله الجلي] یان [محمد جلي زادە]ی بەکاردەهێنا لە ئیمزاکردنی بڕیار و بەڵگەنامەکانی دادگادا، کە تا ئێستا لە ئەرشیڤی دادگای کۆیە پارێزراوە، واتە کاتێک کە تەماشای کۆتایی بەڵگەنامەکە دەکەین، دەبینین زۆر بەڕوون و ئاشکرایی ئیمزای ئەم زاتەی لەسەرە، کە هەڵوێستێکی گەورەش پیشان دەدات کە حاکمی کوردستان و حاکمی شەرعی کۆیە «مەلای گەورە» پێوەندییەکی بەتینیان



لەنێــواندا هەبووە، هەریەکــە و لە پایە و پلەی خــۆیدا ماوەتەوە و ڕێزیان لە سەروەری یاسا و حورمەتی هەقی خەڵک گرتووە.

گرنگی بەڵگەنامەکە لە چاوی ئەدەبی کوردیدا ئەوەیە کە بەکوردی نووسراوە، ئەمەش بۆ دیاریکردنی مێژووی پەخشانی کوردی جێی بایەخە، ڕەنگە بۆ یەکەم جار بێت زمـــانی کـــوردی لەدایەرەو کـــاروباری دەوڵەتیـــدا بەکارهاتبێت، چونکە لەسەردەمی عوسمانیدا زمانی نووسین، یان فـارسی، یان تورکی بووە، بە تایبـەتی و بەپلەی یەکـەم فـارسی کـە خـوێندەواران پێـویست بوو بیزانن کەوا هەر لەمنداڵییـەوە وردە کـتێبی فـارسی و گوڵســتانیـان دەخـوێند. لەو سـەردەمـەدا کـوردی تەنیـا زمانی شیعر و ئەدەبیاتی فـۆلکلۆری بوو، پەخشان بە دەگمەن نەبێ بەکوردی نەدەنووسرا.

سـەیر دەکـەی هەر لەگـەڵ ئەم بەڵگەنامــەیەدا باسی مەسەلەی میراتی خێزانێک کە لە دادگادا تۆمارکراوە، بە فـارسی نووسراوە. پاشمـاوەی زمـانی تورکی دەسـەڵاتی عـوسـمـانیـشی هەر پێـوە دیارە کـەوا لە دەسـتـە ڕاسـتی سەرەوەی لاپەڕەکەدا بەتورکی نووسراوە:

[ابکیوزانع سکزنجی صحیفە/ نومرو(١)].

خـاڵێکی تریش کـە پێـویسـتـە لێکۆڵینەوەی لەسـەر بکرێت، ڕسـتــەی (حــاکــمی کــوردســتــان)ە کــە لە بەڵگەنامــەکــەدا هاتووە، ئەگــەرچی من ڕای خــۆم لەم بارەیەوە پێــشــاندا و لام وایە مــەبەست لە حــاکــمی کوردسـتان (شێخ مـەحمود)ە، بەڵام ڕایەک هەیە دەڵێ تائێـسـتـا لە دۆکـیـومـێنتـەکـانی سـاڵی ١٩١٩دا ناوی حاکمی کوردستان بەم جۆرە نەهاتووە، بۆ شێخی نەمریش ڕستەی (حوکمداری کوردستانی- جنووبی) هاتووە. بە بەرپرسی یەکــەمی ئینگلیــزیش گــوتراوە (حــاکــمی سیـاسی). جا لەگەڵ ئەمـانەشدا ئەم بەڵگەنامەیەی کە لەدادگـای شەرعی کۆیە دەرچووە، نرخی مـێژوویی خۆی هەیە و مایەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی شارەزایانە.

# دەربازبوون و ڕاکردن لە سەردەم

**سوێند بە زەمان – قورئان**

نامانهەوێ لە سەردەمی خۆماندا هیچ لە دەست بدەین. خاوەنی ئەم سەردەمە ئێمەین. ناچارین کە دەبێ بژین. ئەوەی دەشێ کارمان پێی بێت، داهاتووی ئەم سەردەمەی ژیانە، چونکە هەر سەردەمێک پتر لە هەر شتێک، داهاتوویەکە و ئەم داهاتووەش یانی کاروبارەکانی سەردەم، تەقەللاکان، گەلاڵە کورت و درێژخایەنەکان، بەربەرەکانێ و شۆڕش و خولیاکانی ئەم سەردەمە.

بەم شێوەیە ئێمە بە هەڵوێست گرتن لە حاند ئەم تاکەکەسییەدا و هەڵاواردنی دەورانی خۆمان لە کات و سەردەمەکانی تر، دەگەینە هەرمان. تەقەللای نووسینی ئێمەش بۆ ئەوەیە ئەو بایەخە هەر مانانەی وا لە دەمەقاڵە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکاندا شاردراونەتەوە، پێناسە بکەین. شەڕی ئەمەشمان نییە کە ئەم بایەخانە لە جەغزی پێوەندی هەرمانییەتدا وەبینین. ئەم بایەخانە جگە لە چوارچێوەی ئەم سەردەم و هەلومەرجەی کە تێیداین، هیچ کەڵک و سوودێکیان نییە.

**(سارتەر)**

**سەردەمی خۆ لەیاد بکەن**

ئەم دروشمەی سەرەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ زەق دەکەنەوە، تا لە بابەتە گرینگەکانی سەردەمی خۆمان و بابەتە بنەڕەتییەکانی ژیان غافڵ بین. باس لەسەر لاپەڕەی ڕووداو گەلی ڕۆژنامەکان ناکەین، کەوا بۆ تاوانێک دەیان ڕۆژ دەهۆڵ دەکوتن و لاپەڕەی

**مستەفا ڕەحیمی**
**لە فارسییەوە: کەریم حیکمەتی**
**(بۆکان)**

گۆڤارەکەیان دەکەنە ئەلبوومی وێنەی تاوانبارەکە. لە گێرە شێوێنی ئەو ڕۆژنامەیە نادوێین وا ڕووداوێکی بێ بایەخ زەق دەکاتەوە و ڕووداوە گرینگەکانیش وە پشتگوێ دەخات. باس لەو هونەرەش نییە وا کۆمپانیا فلیم سازەکان بڵاوی دەکەنەوە و هەموو ڕۆژێک لاپەڕەیەکی تازەی گۆڤارەکانی لێ مارە دەکەن.

لە چێکردنی (ڕەوانناسی) ئەو سەری ئاوەکانی ئۆقیانووسی ئەتڵەس نادوێین کە فرێکی بەسەر ڕەوانی مرۆڤەوە نییە. باسی ئەو لاپەڕانەش هەر ناکەین کەوا لەپێوەندی لەگەڵ ئەستێرەناسی نوێدا، بۆ ئەوانەی لە حەوت ئاسمانی هونەردا بێ ئەستێرەن، ڕەش دەکرێنەوە.

کارێکمان بەو چاپەمەنییانەش نییە کە بوونەتە قەسابی سەردەم و دەیانەوێ بە هەڵخەڵەتاندنی هەستە هەرە ساکارەکان پلە و پایەیەک بۆ خۆیان وەدەست بێنن.

حەوتەنامە ڕەنگییەکانیش بە جێی خۆیان. تەوەری باسەکەی ئێمە چاپەمەنییە سەنگینەکانن. ئەو چاپەمەنییانەی وا بایەخیان هەیە و کاری ئەدەبی و زانستی دەکەن. ئاخۆ ئەم چاپەمەنییانەی تەوەری باسەکەی ئێمە، ئەرکی خۆیان بەجێ دێنن؟

تەنیا ئەو شانازییەی کە لە فلانە چاپەمەنیدا، بابەتی لاواز و هیچەکە و پووچەکە بڵاو ناکرێتەوە، بەس نییە. گۆڤار و بلاڤۆکی سەنگین و پڕ بایەخ دەبێ خوێنەرانی خۆی لە سەرەکیترین بابەت و ڕووداوگەلی سەردەمی خۆی ئاگادار بکاتەوە.

ئەگەر ئەرکی گۆڤارەکان، ڕۆڵی ڕێنوێنی کۆمەڵگا دەگێڕێ، ئەم ئەرکە دەشێ بنەمایەکی زانستییانەی هەبێ.

زانیاریش، بۆ خۆی پێویستی بەو ئاگادارییە هەیە کە بزانین لە سەردەمی ئێمەدا لە ئاستی لووتکەی ئەندێشە و هزردا چی دەگوزەرێ. هەموو دەزانین کە ئەم ئەرکە چەتوونە، بەڵام کاتێ بلاڤۆکێک لەسەر ئەم داوایە سوورە، دەبێ لەپای بەڵێنییەکەیدا ڕاوەستێ.

لێدوان لەوەی کە عەتتار عارفتر بووە، یان مەولەوی، (بە سەرنجدان بەو بایەخەی کە هەردووکیان لە جێگە و شوێنی خۆیاندا پێویستیان بە ناسین هەیە) هەڵاتن و خۆ دەربازکردن لەباس و کێشە گرینگەکانی سەردەمە. لێدوان لەسەر کەم خواردن یاخۆ ڕاڤەی فلانە شیعری شێخ مەحموودی شەبستەریش هەر بەم چەشنە.

هەڵبەت ئاماژە بەوە بکەین کە باس و ڕاڤە و لێدوان لەسەر عەتتار و مەولەوی شتێکی خراپ و بێ جێ نییە، بەڵام بەو مەرجەی کە بە ڕوانینێکی ئەوڕۆییەوە بێت.

ئەوڕۆکە وا باسی چاکە و خراپە، خوو و خدەی گەورەیی و بایەخەکان، باسی ڕۆژەو ناکرێ لەو شتانە بدوێین کە تەمێکی مێژوویيیان لەسەرە و عومرێکی لانی کەم سەد ساڵەیان هەیە.

زۆربەی بابەتی گۆڤارە سەنگین و پڕ بایەخەکان ئەو بابەتانەن کە دەکرا پەنجا ساڵ لەمەو بەریش بخرایەنە بەرچاو. باس و لێکۆڵینەوە لەم جۆرە بابەتە کۆنانەش هەر خۆ بزرکردن لە هەلومەرجی سەردەمە.

ئەگەر دەڵێین ئەرکی چاپەمەنییەکان چێ کردنی سەرقاڵی بۆ خەڵک نییە، ئەی بۆ بابەتگەلی کۆنە بەبا دەکەنەوە؟

وەک دەزانین خوێنەر جۆراوجۆرن. خوێنەری وایە بەدیتنی وێنەی ڕووتی ئەستێرەیەک (ئەستێرەی سینەما، فوتباڵ و...) سەرقاڵ دەبێ و یەکی تر بە موتاڵدی ئەو ڕووداوانەی وا کاتی خۆی قائانی، دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم کردوون. کە نووسەر و پێکهێنەری هەردوو سەرقاڵییەکە، هەر کامە و بە شێوازێک خەڵکیان فریوداوە.

بە پێچەوانەی هێندێک بۆچوون، هونەر و ئەدەبییات بە کۆمەڵ و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانەوە گرێ دراوە و ئەم پێوەندییەش هەرچی پتەوتر بووە، بەرهەمی ئەدەبی هەرمانتر بووە.

هەڵاتن و خۆشاردنەوە و دەربازبوون لە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان بەو مانایەیە کە لە کاری ئەوتۆ نووسەرانێکدا کەموکوڕی هەیە.

ئەمە بەو مانایەش نییە کە هونەر و ئەدەبییات و گوتارنووسی و وەرگێران، بەرتەسک بکرێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، مەبەست زەق کردنەوەی بابەتە هەمەلایەنییەکانی سەردەمە.

بەرهەم و بابەتی هەرمان و گشتی، ئەوتۆ کە بۆ هەمیشە مۆرکی پەسندی لێ درێ، بوونی نییە. کەوا بوو تەقەللای هێندێک لە پێناوی هەڵاتن لە دەست سەردەم و ڕووداوەکانی سەردەم، تەنیا خەیاڵە و پەنا بردنە بەر قوللەی قاف. ئەوتۆ نووسەرانێک دەتوانن تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت، ڕێگە لە خەڵکی هەڵە کەن، ئەمانە

نەخۆشـانی کـۆمـەڵن نەک بەننا و بیناسازی کـۆمـەڵ. بە گـوتەی (ئێـمـە سێـزێر): «ئەو شـارسـتـانیـیـەتەی کـە چاوپۆشی لە گرنگترین بابەت و گرفتەکانی خۆی دەکات، شارستانییەتێکی نەخۆش و ناتەواوە».

هیچ بابەتێک هەمـیـشـەیی و هەرمـان نییـە، بەڵام هونەرمـەندی هەرمانمان هەیە. هەرمانییـەتیش تەنیا بە شێوەی وەبەرچاو خستنی هونەرمەندانی گیروگرفتەکان بەدی دێ هونەرمەندە هەرمانەکان بەهۆی لەبەرچاوگرتنی بابەتە گـرینگ و بنەڕەتیـیـەکـانی سـەردەمی خـۆیان، چوونەتە زەریای هەرمانەوە.

لەم بوارەدا، لە ئاسـتـێکی خـوارترەوە، هونەرمـەندان و خـاوەن قـەڵەمـانێـک هەن کـە لە ناخی خـەڵکا جـێـیـان کـردۆتەوە و خـەڵک لە لووتکەی هزرەکـانی سـەردەمی خۆیان، بە ئاگا دەکەنەوە.

زەق کـردنەوە و وەبەرچاوخـسـتنی بابەتە کـۆنەکـان، شایەد تاقمێک سەرسام بکا و هۆی سەرقاڵی تاقمێکی تر وەدی بێنێ.

بەڵام ناتوانێ ببێتە هۆی تامەزرۆیی خوێنەری چالاک و وردبین. هەر بۆیە ئەندامـان و بەڕێوەبەرانی گـۆڤـار و بلاڤۆکە پڕ بایەخەکان، یان دەبێ ئەرکی خۆیان بە تەواوی بەجێ بێنن، یان واز لەو داوایە بێنن کەوا گۆڤارێکی پڕ بایەخ هەڵدەسووڕێنن. هەڵبەت ئەگەر جەغزی دەسەڵات لەمە بەرینتر بایە، خەمێک نەبوو، ئەو کات دەکرا هێندە بنووسـرابایە، کـە چۆنیـەتی ئەم گـۆڤـار و بلاڤـۆکـانە بۆ هەمـــووان ئاشکرا بوایە، بەڵام ئەورۆ بـۆ تاقــمـێک لەم بلاڤۆکە سەنگینانە هەلومەیدان و ئیمکانی زۆر ڕەخساوە و بۆ دەسـتـەیەکی تر هیچ ئیـمکانێک نییـە. لێـرەدا کـە ئەرکەکەیان قورستر و ئیشەکەیان دژوار و چەتوونتر دەبێ و گازندەی خوێنەران پتر.

کـەمـتـەرخـەمی بلاڤـۆکـە بە بایەخـەکـان سـەبارەت بەم ئەرک و ئیش و زامانە، بە قـەت کەمـتـەرخـەمی هەمـوو گـۆڤـارەکـانی تر، سـەبارەت بە ڕووداوە گـرینگەکـانی سەردەم خەماوییە و جێگەی داخە.

**سەرچاوە: نیم نگاه، مصطفی رحیمی، چاپ دهم- کتاب زمان انتشا رات سال چاپ: ٢٥٣٦**

# کیژە ئەڵمانییە گچکەکە

ئا: شێرزاد هەینی
(سوید)

**«بیرەوەری و بەسەرهاتی نووسەری دانیمارکی (لوتی تۆرب)ە، بە ناوونیشانی نازناوێکی ناپەسند»**

کیژە ئەڵمانییە گچکەکە، تا ئێستاش لەو وڵاتانەی لە شەڕی دووەمی جیهانیدا ئەڵمانیای نازی داگیری کردبوون، دەبیسترێت و بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە زۆرە. کیژە ئەڵمانییە گچکەکان لە ژیانیاندا ئازار و ئەشکەنجەی زۆریان دیوە، لەناو پشتی لۆرییەکاندا شار بەشاریان پێ کراوە، سەریان پاک دەتاشین، بە پێی پەتی سووڕاونەتەوە، سەرگەردان، لە زیندان ئاخنراون، ئەو ژنانە بە چاوی سووکەوە سەیریان کراوە، بە پەشێوی و شەرمەزاری ژیاون، ئەوانەن لە ڕۆژانی داگیرکەری ئەڵمانیادا دڵیان چووبووە سەربازە ئەڵمانییە داگیرکەرەکان، سواری خۆیان کردوون، زارۆکی بیژی (زۆڵ)یان بووە، لە ترسی کۆمەڵەکەش منداڵەکانیان نەویستووە و فڕێیان داون.

کتێبی (نازناوێکی ناپەسند) ڕۆمانە و لە لایەن نووسەری دانیمارکی (لوتی تۆرب)ەوە نووسراوە، ئەم ڕۆمانە بەسەرهاتی ئەو زارۆکە دەگێڕێتەوە کە بەهەڵە و بە خیانەتی دایکییەوە لە دایک بووە، دیارە نووسەرەکە خۆی پاڵەوانەکەیە، خۆی لە دایکێکی دانیمارکی و باوکێکی سەربازی ئەڵمانی نەناسراو لە ئەنجامی عەشقێکی پڕ شەرمەزاری لە دایک بووە. لە نووسینی ئەو ڕۆمانەدا پاک و چاک بۆی ڕوون بووەتەوە پاش ٥٣ ساڵ بەسەرهاتی لە دایکبوونەکەی دەنووسێتەوە، ڕۆمانەکە بە زمانی دانیمارکی نووسراوە و ٢١٥ لاپەڕەیە، پاڵەوانی ڕاستەقینە خۆیەتی، بەڵام ژمارەیەکی زۆری زارۆکی ئەو سەردەمە دەگرێتەوە کە بەو شێوەیە لە دایک بوون و بێناز ژیاون، دایکیان بە هەڵەکانیان دروستیان کردوون، ئەوانیش بوونەتە قوربانی شەرمەزاری دایکەکانیان.

لوتی تۆرب لە خانەی منداڵانی بێ سەرپەرشتان ژیاوە، پێیان وتووە، باوکت ئەندامی دەستەی وڵاتپارێزی ئەڵمانی بووە، ئەوەندە بەدڕەوشت بووە، سکی کیژی گەورەی خۆی پڕ کردووە، کە ناوی (ئوسی) بووە، تۆ لە خوشکی گەورەت بوویت و باوکت ئەندامێکی وڵاتپارێز بووە.

بەو جۆرە تێیان گەیاندبوو، بۆیەش کەوتبووە ئۆردووگایەکی منداڵانی لانەواز و منداڵانی بیژی، منداڵە باوک ئەڵمانییەکان ژیانیان کەوتبووە مەترسی و نەخۆشی و چەرمەسەری.

خاڵۆژنێکی کە لەو شوێنەدا کاری کردووە، بە چاکەی خۆی لە زیندان ڕزگاری دەکات، لەلای خۆی گلی داوەتەوە، ئەوەش چوار ساڵ دەخایەنێت، لەبەرئەوەی خاڵەکەی بە نۆکەری بۆ ئەڵمانییەکان کاری کردووە، بۆیە نەوای ئەو منداڵە بەستەزمانە دەشێوێنێت، دەگەڕێتەوە لای باوانی دایکی لە گوندێک، بەو شێوەیە دەژیت تا دایکی خۆی لێ ئاشکرا دەکات، لەو شوێنە دووری دەخاتەوە و دەیباتە کۆبنهاگن، بەڵام ئەوە زۆر ناخایەنێت دایکی شوو دەکاتەوە، زڕباوکەکەی ئارەزووی لە منداڵ نابێت، دایکیشی لەبەر لەزەتی پیاوەکە منداڵەکە دوور دەخاتەوە بۆ لای باوانی.

لوتی دەنووسێت و زۆری لە دڵە، زۆری لەو تاڵییە چێشتووە، بە وردی باسی ڕۆژانی ئۆردووگاکە دەگێڕێتەوە، باسی ژووری تەسک و بچووکی تەنگەبەری بێ هەواو هەتاو.. خواردنی خراپ و جنێوو نەفرەتکردن و

نەخۆشی و کەمی دەرمان و چارەسەرکردن دەکات.

ئەو بوویتە قوربانی دایکی کە چۆن بۆ هەوەسی خۆی، بۆ ڕابواردن لەگەڵ سەربازێکی داگیرکەری ئەڵمان، وازی لە وڵات و کەرامەت و پیرۆزی خاکی خۆی هێناوە، ئەوی بەو شەرمەزارییەوە دروست کردووە تا ببێتە کیژێکی سەرگەردانی لانەوازە.

ڕۆمانەکە بە گەرمی پێشوازی لێکراوە، زۆر خوێندراوەتەوە، تا پایزی ساڵی ١٩٩٨ لە وڵاتی دانیمارک ٩٦ هەزار دانەی لێ فرۆشراوە، لەبەرئەوەی نهێنی ناو ڕۆمانەکە گەورەبووە، ناساندنی کێشەیەکی جەرگبڕ بووە، بۆیە خوێنەری زۆری هەبووە، بەتایبەتی ئەو خۆی پاڵەوانەکەی بووە. لوت دەبێژێت من لە ساڵی ١٩٥٠ بۆ یەکەم جار بەڕاستی بۆم ئاشکرا بووە کێ دایکی ڕاستەقینەی من بووە، کە لە ئێستگەی ترێنی شاری (ئورهۆس)ی دانیمارکی بەیەکتر شادبووینە، لە ڕێگا بەرەو کۆپنهاگن بوون، دایکی خۆی لێ ئاشکرا کردووە، پێی وتووە: من دایکی ڕاستەقینەی تۆم، ئوسی خوشکی گەورەی تۆیە، منیش دایکی ڕاستەقینەی تۆم.

لەو ڕۆژەوە بە چاوی فریشتەی پاک تەماشای خوشکی کردووە، کە ئەو ڕاستییەی زانیوە ڕەنگی گۆڕاوە، ئەو تەمەنی گچکە بووە و تێیان گەیاندووە کەوا خوشکەکەی دایکیەتی، سەرەڕای ئەوەش هەر پێیان وتووە کیژە ئەڵمانییە گچکەکە، ئەو نەیدەزانی بۆ بەو ناوە بانگی دەکەن، لەبەر ئەوەی شارەکەیان گچکەش بوو، بۆیە هەموو یەکتریان دەناسی، هەموو بە کیژی سەربازە ئەڵمانییەکە بانگیان کردووە، بە کیژی (ولفگانگ) دەناسرا.

پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەیگێڕێتەوە، منیش ئەو ناوە لەوان فێربووم، نەمدەزانی بۆ وا بانگم دەکەن، تفیان تێدەگرتم، من لەناو ئەو بەزمە ژیاوم، دایکیشم لە بەزم و ڕەزمی خۆی نەدەکەوت، بۆیە پاش ئەوەی منی دۆزیوەتەوە دووبارە هەوارەکەمان بۆ لای پیاوێکی تر گواستیتەوە، ئەم جارە دایکی شووی بە پیاوێکی مۆسیقاژەن کردیتەوە، ئەو ماوەیە لوتی خۆش ژیاوە، جوانییەکەی بێ وێنە بووە وەک مارلین مۆنرۆ جوان بووە. نۆرەی عیشق و سووتانەکە گەیشتووەتە ئەو، لەگەڵ نووسەری دانیمارکی (هنریک ستانگریب) نۆ ساڵ ژیاوە، کوڕێکیان دەبێت، بە ناوی یاکووب، ئەم جارە شوو بە پیانۆژەن (نیلس یورگن) دەکات ئەو وتوویەتی، ئەو ژنە نووسەرە بەردەوام وێڵی ئەوە بووە، بۆ دۆزینەوەی خودی خۆی، هەر چەند لاپەڕەی لە ژیانی دەدۆزییەوە زۆرتر هەستی بە شکان و داڕووخان کردووە.

لوتی نووسیویەتی:

من کێشەی ئاڵۆزم لەگەڵ دایکم هەبووە، دەمویست بزانم من کێم، باوکم کێیە؟ بەڵام دایکم دەیویست بۆ خۆی بژیت، ئاوڕی لە ڕابردوو نەدەدایەوە، دوێنێی بە هەند هەڵنەگرتووە.

بۆ گەڕان بەدوای ڕەچەڵەک و ناوی باوکی گەیشتە لای دکتۆرانی دەروونی، دکتۆرەکەش زۆر خەریکی دەبێت، زۆری لەسەر کۆدەکاتەوە، کەچی هیچی دەست ناکەوێت، بەڵام باپیری زوو هەندێ زانیاری و نهێنی بۆ ئاشکرا کردبوو، پێی وتبوو تۆ لە سەربازێکی ئەڵمانی بوویت، لە ساڵی ١٩٤٤ دایکت عاشقی سەربازێکی ئەڵمانی بووە، وەنەبێ دایکیشی شانازی بەو سکە کردبێت، نووستنەکەی لەگەڵ ئەو سەربازە ئەڵمانییەی بە شکۆ زانیبێت، ئەویش گلەیی لە باوانی هەبووە، سەرەتا گوێیان ڕانەکێشاوە، تەمبێیان نەکردووە، ئەگەرنا تووشی گێژەن و شەرمەزاری نەدەبوو، بێجگە لە شەرمەزارییەکە هەمبەر وڵاتپارێزانی دانیمارکیش سەرکۆنەکراوە، سەرنێزەی تێ ڕاکراوە، لە ترسی ئەوانیش خۆی شاردیتەوە، بە ناچاری وڵاتی جێ هێشتووە، لە سنوور پەڕیوەتەوە، گەیشتووەتە ناو خاکی ئەڵمانیا و شەیدای دۆزینەوەی عاشقەکەی بووە، لەوێ زانیویەتی سەربازەکە لە بەرەکانی پۆڵۆنی نەگەڕاوەتەوە، بۆیە بەیەکجاری و بەشەرمەزاری دووبارە گەڕاوەتەوە، بە ترس و بەخۆشاردنەوە لە کۆپنهاگن ژیاوە.

ڕۆمانەکەی لوتی ڕووبارێکە لە هەست و سۆز و ڕاگەیاندن و ئاشکراکردنی نهێنی و دانپێدانان بە تاوان و درۆی پیری چەند ساڵە، خوێنەر وا دەزانێ خەیاڵە و گێڕانەوەی ئەفسانەیەکە، بەڵام ڕاستییەو نووسەرەکەی بەسەری هاتووە. لوتی شەرم ناکات و ئەوانە بە برینەوە دەگێڕێتەوە، ئەویش دەڵێت هێشتا کەسانی وەک من لەو وڵاتە و لەو جیهانە ماون وەک منیان بەسەر هاتووە، بوونەتە قوربانی ڕەوشەکە، ڕاستییەکان نازانن.. لە نەروێژ کەسانی وا هەن تەمەنیان گەیشتووەتە سەرووی پەنجا ساڵیش، داوای قەرەبوو دەکەنەوە، لە حکومەت داوا دەکەن ڕەچەڵەکیان بۆ بدۆزنەوە، بۆیان ڕوون بکەنەوە باوکیان کێیە، چەند ساڵە لەناو سەراب دەژین، لەگەڵ حکومەت و دادگا دانووستانیان بەردەوامە.

لوتی بەو ڕۆمانە و بەو گێڕانەوەیە و درکاندنی ڕاستییەکی تاڵ خۆی خۆشەویست کردووە، لەناو دانیمارک ڕێز و حورمەتی زۆری بەدەست هێناوە.

**سەرچاوە: لە هەفتەنامەی (الكفاح العربي) لبناني ڕۆژی ١٩٩٩/١/٧ەوە ئامادەکراوە.**

ئەزموونی ڕیژیسیۆرێک

# یارییە خەونێکی ستریندبێرگ ڕەبات... کەمبریا

د. فازیل جاف
(سوێد)

بۆچی شانۆنامەی یارییە خەونێکی ستریندبێرگ لەناو هەموو شانۆنامەکانیدا بۆ ڕیژیسیۆران سەختترە؟

دوور نییە هەر ڕیژیسیۆرێک بە بۆچوونی خۆی وەڵامێکی جیاوازی بۆ ئەم پرسیارە هەبێت، من پێم وایە هۆی سەرەکی سەختی ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەم شانۆنامەیەدا ئەوەیە کە ئەم بەرهەمە نەک تەنیا لووتکەی داهێنانی نووسەرەکەیەتی، بگرە کاکڵەی هەموو شانۆنامەکانی لەم شانۆنامەیەدا چڕ کراوەتەوە.

هەر بۆیە کە لەنمایشکردنی دەبیتەوە، هەست دەکەیت هێشتا تەواو دەستبەرداری نەبوویت و زۆر لایەنی تێدایە کە وا پێویست دەکات چاکتر کاری لەسەر بکەیت. تەنانەت ڕەنگە ئارەزووی ئەوە بکەیت جارێکی دیکە کاری لەسەر بکەیتەوە. وا بزانم کە ئینگمار بێرگمان بە درێژایی تەمەنی چوار جار کاری لەسەر کردووە، ئەمەش باشترین بەڵگەیە بۆ ڕاستی ئەم قسەیە.

ئەگەر بتەوێت ئەم بەرهەمە بخەیتە سەر شانۆ وەکو ڕیژیسیۆر پێویستیت بەوەیە زۆربەی بەرهەمەکانی ستریندبێرگ بخوێنیتەوە، بەتایبەتی چەند دانەیەک لەوانەی گرنگترینیانن و لە هەموویان پتر نمایش دەکرێن، تەنانەت چاکتر وایە بەر لەوەی دەست بەکار بیت، پێشتر ئەزموونێکی باشت لە بواری ستریندبێرگدا هەبێت و کەم تا زۆر کارت لەسەر دەقەکانی کردبێت و لە ڕووی تەکنیکەوە شارەزایان بیت و توانای خۆت تاقی کردبێتەوە.

### ئەزموونێک لە بواری ستریندبێرگدا

یەکەم شانۆنامەی ستریندبێرگ کە کارم لەسەر کردبێت، بەڵام پیشان نەدرابێت، شانۆنامەی "پاریا"یە، کە مامۆستا (فەرهاد شاکەلی) لەسەر داخوازی تیپی شانۆی ئارارات وەریگێڕایە سەر زمانی کوردی، واش دەزانم ئەم شانۆگەرییە تاکو ئەو سەردەمە یەکەم بەرهەمی



شانۆیی ستریندبێرگ بوو کە کرابێتە کوردی.

هەر چەندە شانۆگەرییەکە یەکێکە لە شانۆنامە کورتەکانی نووسەر و تەنیا دوو کارەکتەری پیاو نمایشی دەکەن، بەڵام شێوازێکی درامی و سایکۆلۆژی تایبەتی هەیە و زمانکەشی زمانێکی درامی توندوتۆڵ و چڕە. مەشقکردنی ئەکتەرانی ئارارات، (کوردۆ گەلاڵی و قاسم عەزیز) لەسەر ئەم شانۆنامەیە، ئەگەرچی پێشکەش نەکرا، دەلاقەیەکی باش بوو بۆ ئاشنابوون بە جیهانی دراماتورگی نووسەر. بۆ منیش وەکو ڕێژیسۆر پەنجەرەیەک بوو لێیەوە دەمڕوانییە جیهانی بەرینی ئەم نووسەرە و شێوەی تەکنیکەکەی لە درامای سەردەمی نوێدا.

یەکەم شانۆنامەی ستریندبێرگ کە کارم لەسەر کردبێت و لە لەندەن پیشان درابێت، شانۆنامەی (سەموم) بوو، دیارە کەسێک ئەم شانۆنامەیەی خوێندبێتەوە دەزانێت بە بەراورد لەگەڵ سەرجەمی بەرهەمەکانی ستریندبێرگدا چەندە جیاواز و شازە. ئەم بەرهەمە کورتە سەرنجڕاکێشە زۆرتر لە جیهانی ئەدەبی ئالان پۆوە نزیکە.

لە هەندێک لە وۆرکشۆپەکانمدا تێکستی شانۆییەکانی ستریندبێرگم بەکار هێناوە، بە تایبەت لە بواری مەشقکردن لەسەر ئەدای دەروونی و پشووی سایکۆلۆژی و درامای خێزان.

## یاری بەئاگر

لە نەوەتەکاندا سێ شانۆی ستریندبێرگ (البجعة، اللعب بالنار، السموم)م وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و لە لوبنان لە چاپ دران.

ڕەنگە زۆرڕۆیی نەبێت، ئەگەر بڵێم پرۆسەی دەرهێنانی شانۆنامەی یاری بە ئاگر بە ڕووسی و لە یەکێک لە شانۆکانی سانت پیتەربۆرگ، بۆ من دەوڵەمەندترین ئەزموونمە لەگەڵ دەقی ستریندبێرگدا. ئەم شانۆنامەیە وا دادەنرێت کە تاکە کۆمیدیای ستریندبێرگ بێت ستریندبێرگ لەم شانۆنامەیەدا بە چاوی تەنز و کۆمیدیاوە دەڕوانێتە گەلێ مەسەلەی جددی وەکو خۆشەویستی و پێوەندی ژن و مێرد و ژیانی ناو خێزان و خیانەتکردن، ئەگەرچی پەیامی شانۆنامەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە: کە یاریکردن بە هەست و سۆزی کەسانی دیکە یاریکردنە بە ئاگر.

ئەکتەرانی شانۆنامەکە هەر تەواو سەر بە قوتابخانەی ڕیالیزمی سایکۆلۆژی بوون و لە ئەکادیمیای شانۆی شاری سانت پیتەر بۆرگدا لەسەر میتۆدی ستانیسلاڤسکی ڕاهێنرابوون. ئەمە زیاتر یارمەتی داین، کە بەقووڵی بچینە ناو جیهانی شانۆنامەکەو ناخی کەسایەتییەکانەوە، بەڵام لە بواری کارکردن لەسەر دۆزینەوەی فۆرمی فیزیکی و سۆراخ کردنی ئامرازەکانی ئەدای جەستەیی کارکردن لەگەڵیاندا گەلێک خاو دەڕۆیشت و بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ڕیتمی ئێستای شانۆی ئەورووپاییدا نەدەگونجا.

## یارییە خەونێک ئاوێنەیەکی هونەری

یارییە خەونێک ئاوێنەی هونەری هەموو شانۆنامەکان

و ژیانی نووسەرە، بەرهەمەکانی پێشتری تا ڕادەیەک وەکو سکێچی جۆراو جۆرن، هێمایان و سیمبۆلیان لێرەدا زۆر هونەرمەندانە ڕەنگیان داوەتەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە شانۆنامەکە ئاوێنەی ژیانی شەخسی ستریندبێرگ و چیرۆکی دڵداری و خۆشەویستی پڕ لە نەهامەتی خۆیەتی بۆ ئافرەت. ئەوەندە هەیە ستریندبێرگ لەم شانۆنامەیەدا کاملتر و قوولتر و هێمن و ژیر ترە، لێرەدا گەیشتۆتە ئێوارەی تەمەن و سۆراخی ئاشتبوونەوە و هارمۆنیای دەروونی دەکات، بۆیە سەرەڕای هەموو ڕەشبینییەک و هەستکردن بە تاڵی ژیان، شاعیرانەتر و ناسکترە.

نووسەر لە بەرهەمەکانی پێشوویدا بەربەرەکانی ژیان و کێشەی دەروونی و بەرەنگاربوونەوەی ئەم جیهانە و هەڵوێستی ئاڵۆزی بەرانبەر بە ئافرەت لەلای دەگاتە ئاستێکی تراژیدی وجوودیانە، بەڵام لە یارییە خەونێکدا بۆ هارمۆنیا و هاوئاهەنگی دەگەڕێت و ڕۆح و دەروونی جاری ئاشتبوونەوە دەدات. لەم بەرهەمەدا لێبووردەیی مەسیحییەت و چڕبوونەوەی وجوودی بووزایی، لە فیکرەی بایەخی ژیان لە ئێستاو ئێرەدا هاوتەریبن: ئەوی هەبێت لە ژیان و لەناو جەرگەی وجوود خۆی هەی، بۆ تیگەیشتن لە ژیان هیچ دەرگایەکی دیکە نییە، غەیری ژیان خۆی و ئێستا، ئەمەش جەوهەری فیکری وجوودییە.

هۆکارێکی دیکە ئەوەیە، کە بنەماکانی یارییە خەونێک لە فۆرم و ستیلی جیاجیای تەوژم و ئاراستە نوێیەکانی شانۆی مۆدێرنەوە سەرچاوە دەگرن، لەوانە ئێکسپرسیۆنیزم و سیمبۆلیزم و تا ڕادەیەکیش سوریالیزم. کە بە ڕای من ستریندبێرگ لە مەسەلەی بەکارهێنانی تەکنیکی خەون و پچڕپچڕی بینای دیمەنەکان و بەکارهێنانی هێماو ئاستەکانی جیهانی بێ ئاگایی، پێش سوریالیستەکان کەوتووە. ئەم جیهانە نوێیە لەشانۆدا میتۆدێکی نۆیی بەرجەستەکردنی هێنایە ئاراوە و بوو بە سەرچاوەی ئیلهام بۆ نووسەرانی ئەبسیوردیش( لا مەعقول).

## ڕاهێنانەکانی بەر لە پرۆڤەکردن

لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی پار جارێکی دیکە، ڕەنگە بۆ دەیەمین جار، گەیشتمەوە ڕەبات و لە کۆلێژی شانۆدا دەست بەکار بووم، دەبوایە لە ماوەی مانگ و نیوێکدا شانۆنامەی یارییە خەونێک بۆ قوتابیانی دوا ساڵ دەربهێنم.

بە گوێرەی پلان و پرۆگرامی ئەم کۆلێژە، ڕێکخستن و سازدانی وۆرکشۆپ لە بوارە جیاوازەکانی تەکنیکی شانۆدا کارێکی گەلێک گرنگە، بۆ ئەم مەبەستە هەموو ساڵێک پەنا دەبەنە بەر مامۆستا و شارەزایانی دەرەوەی مەغریب، بە تایبەتی وڵاتانی فەرەنسا و ئیتاڵیا و ئیسپانیا، مەغریبییەکان ئەم سێ زمانە باش دەزانن و پێوەندی کولتووریان لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا لە سەرووی هەموویانەوە فەرەنسا پتەوە. زۆر بە دەگمەن شارەزایان و شانۆکاران لە وڵاتانی عەرەبییەوە بانگێشت دەکەن. لەوانە بۆ نموونە ڕێژیسێری توونسی فازل جەعاییبی.

من هەر لە ساڵی ١٩٩٨ەوە بەردەوام بانگهێشت دەکرێم. بەڕێوەبەری پێشووی کۆلێژەکە لە نامەیەکدا کە لە سەرەتای ساڵی دوو هەزار بۆی نووسیبووم دەڵێت: قوتابییەکانی ئەم ساڵمان، ئەوەندەیان نەماوە خوێندن تەواو بکەن، ناشمانەوێت بەر لەوەی خوێندن تەواو بکەن و بڕۆن بە بێ ئەوەی ئێوە مەشقیان پێ بکەن، ئەوە بوو گەڕامەوە شانۆنامەی خەونی نیوە شەوێکی هاوینەم بۆ ئەو خولە دەرهێنا.

## ڕاشامون... دەستپێک

جاری یەکەم کە لەو کۆلێژەدا کارم کرد شانۆنامەی "ڕاشامون"م دەرهێنا، کارکردنم لەسەر ئەو شانۆنامەیە بۆ ئەو سەردەمە وەکو دەستپێک ئەزموونێکی پێداگۆگی (پەروەردەیی) و هونەری گرنگ بوو. چ وەکو مامۆستا و ڕاهێنەر چ وەکو ڕێژیسێر یەکەم جارم بوو بە عەرەبی کار لەگەڵ گرووپێکی عەرەبیدا و لە وڵاتێکی فرە کولتووری وەکو مەغریب بکەم، هەروەها یەکەم جار بوو میتۆدی بیۆمیکانیک لە بواری پێداگۆگیدا لەسەر جەستەی دەقێکی شانۆییدا و لە چوارچێوەی کۆلێژێکدا ئەنجام بدەم.

## خەونی نیوەشەوێکی هاوینە

ئەم گرووپە ئەو ساڵ ١٩٩٨ لە پۆلی سێیەمدا بوون، هەر ساڵێکی نەبرد دیسانەوە بانگهێشت کرامەوە، ئەمجا بۆ ماوەیەکی درێژتر و بۆ کارکردن لەسەر شانۆنامەی خەونی نیوە شەوێکی هاوینەی شەکسپیر.

شانۆنامەی خەونی نیوەشەوێکی هاوینە بۆ من وەکو خەونێک بوو، بڕوا ناکەم جگە لە شانۆگەری گێژەنی تیپی شانۆی ئارارات، هیچ کارێکی هونەری دیکەم، تا ئەو دەمە ئەوەندە ئەزموون و چێژ و شادی پێم بەخشی بێت.

شانۆگەری خەونی نیوەشەوێکی هاوین، بۆ من ئەزموونێکی گرنگ بوو، بۆ یەکەمین جار دەرفەتم بۆ ڕەخسا کار لەسەر دەقێکی شەکسپیر بکەم، کە ئەمە خەونێکی هونەریم بوو، ئەم خەونەم هاتە دی! بەڵام لە

کویێ؟ لەسەر شانۆیەکی گەلێک گەورە و بە ناوبانگ، شانۆی نەتەوەیی مەغریب، شانۆی (محمد الخامس). تاکو ئەو ڕۆژە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، گەورەترین شانۆ یە کە کارم لەسەر کردبێت، هەردوو جەمسەری کارەکە چ وەکو دەق و ئەکتەر و چ وەکو فەزای کارکردن بەرەنگارییەکی گەورەی تێدا بوو.



## ئەرکی ئەکتەر ... ئەرکی ڕێژیسیۆر

وەکو نەریتێکی چەسپاو کە لەگەڵ قوتابیانی شانۆ لە چوارچێوەی وۆرکشۆپدا کاردەکەم، هەموو جارێک بەر لە هەموو شتێک ئەرکی پێداگۆگی و ئەرکی هونەری دەستنیشان دەکەم، بە تایبەتی کە وۆرکشۆپەکان بە گشتی بە نمایش کۆتاییان پێ دێت، واتە دەبێت لەسەر زەمینەی تێکستێکی شانۆیی کار بکەین و لە ئەنجامدا کارێکی هونەری نمایش بکرێت.

ئەگەر لێم بپرسیت ئەرکی هونەر لەم دۆخەدا چییە، بۆچوونی من لەم ڕووەوە بەم جۆرەیە: زۆرم بەلاوە مەبەستە، قوتابی ئەکتەر شارەزاییەکی نوێ و قووڵ و فرە لایەن بە دەست بهێنێت، ئاشنای ئەو میتۆدە بێت کە کاری لەسەر دەکەم و فێری بێت.

پێم وایە قوتابی ئەکتەر بە شێوەیەکی گشتی تا دەکرێت دەبێت بواری بۆ بڕەخسێنرێت لە قۆناغی خوێندندا مەشق و ڕاهێنان و پرۆڤە لەسەر شاکارە گرنگەکانی شانۆ بکات و ڕێبازە سەرەکییەکانی دنیای ئەدەبی شانۆیی تاقی بکاتەوە. ئەمە یەکەمین ڕێگایە کە بەرەو پێشەکاری دەبات.

واتە قوتابی ئەکتەر دەبێت بە شانۆنامەکانی شەکسپیر و مۆلییر و چێخەڤ و بێکێتدا بڕوات و فێری جیاوازی ئەداو نمایشی ئەم قوتابخانانە ببێت. ئاگادار بە من بەرهەمەکانی ئەم نووسەرانە بە قوتابخانە دادەنێم، چونکە بە بۆچوونی من و کەسانی دیکەی پێش منیش نمایشی هەر یەکێک لەم نووسەرانە بۆ خۆی قوتابخانەیەکی جودایە، کە قوتابی ئەکتەر فێری نمایشی شانۆنامەکانی شەکسپیر دەبێت، بە شێوەیەکی گشتی فێری ئەدای کلاسیک دەبێت، لەسەر هەموو تەکنیک و پێداویستییەکانی شانۆی کلاسیکی هەر لەسەردەمی ئەنتیکەوە تا شانۆی مۆدێرن ڕادێت.

هەمان شت دەکرێت بگوترێت سەبارەت بە مۆلێیر و کۆمیدیا و کۆمیدیای دیل ئارتی و تەنز و تەنانەت شانۆی سیاسیش. کە ئەکتەر بتوانێت مۆلێیر نمایش بکات، دەسەڵاتی بە سەر هەموو تەرزەکانی کۆمیدیای کۆن و هاوچەرخدا دەشکێت.

شانۆنامەکانی چێخەڤیش باشترین کلیلن بۆ ئەداو نمایشی شانۆی مۆدێرن، شانۆی مەجاز و شاعیرییەت و سایکۆلۆژیا و زمانی ناخ و دەروون، کە قوتابی ئەکتەر لە جەوهەری نمایشی چێخەڤ گەیشت و لەسەر چۆنیەتی ئەدای شانۆ چێخەڤ ڕاهات بە ئاسانی لە هەقی شانۆنامەکانی ئیبسن و ستریندبێرگ و میللەر ویلیامز و پینتەر و گەلێ نووسەری دیکە دێت.

ڕەنگە لە دواییدا ئەگەر بوار هەبێت پانتاییەک بۆ (بێکێت)یش تەرخان بکرێت، چونکە شانۆنامەکانی بێکێت، کلیلی زمانی شانۆی ئەبسیۆرد (لامەعقول) و گرۆتیسک و کۆنتراست و دژاودژییە، کە ئەمەش بنەمای فۆرم و زمانی بەشێکی زۆر شانۆی مۆدێرنە و تەرز دەهاوێت تەنانەت بۆ شانۆی پۆست مۆدێرنیزمیش.

## نواندن بە پێی نەریتەکانی نمایش

بەڵام دەبێت ئەم قوتابخانە جیاوازانە وەکو خۆیان نمایش بکرێن، ئەکتەری قوتابی لە بنەماو نەریتیان چاک شارەزا بێت، بە حوکمی ئەوەی هەر یەک لەو نووسەرانە شێواز و تەکنیک و داخوازی خۆیان هەیە لە ئەکتەر.

خۆ ئەگەر ئەکتەر لە زمانی هونەری و داخوازییەکانی نووسەر لە بارەی تەکنیک و هونەری ئەکتەرەوە تێنەگەیشتبێت، ئەوە ڕەنجی بە هەدەر دەڕوات و کارەکەی نەک هەر بێ سوود دەبێت، بگرە کاردانەوەی خراپی دەبێت.

ئەمەش وەنەبێت بە دەگمەن ڕوو بدات، نەخێر فەرامۆشکردنی قوتابخانەی ئەدای نووسەر لە کۆلێژ و قوتابخانەو پەیمانگاکانی شانۆ لە جیهانی سێدا گەلێ

باوە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەشارەزایی مامۆستاکان و نەبوونی پسپۆڕی تەواوی مەیدانی داهێنانی ئەو نووسەرانە. هەر بۆیە کۆلێژەکانی شانۆ لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا مامۆستاو شارەزاو پسپۆڕ بۆ سازکردن و ڕێکخستنی وۆرکشۆپ و سیمنار بانگهێشت دەکەن.

### وۆرکشۆپ... مەغریب نموونەیەک

لەناو جیهانی عەربیدا مەغریب یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بایەخێکی تەواو بەم لایەنە دەدات، ئەوەندەی من بزانم توونسیش ئەم کارە دەکات. هەر بۆیە بزاڤی شانۆییان بە بەراورد لەگەڵ بزاڤی شانۆی وڵاتەکانی دیکەی عەرەبدا بەتینتر و دەوڵەمەندتر و مۆدێرنترە. دیسانەوە دەمەوێت ئەوە دووپات بکەمەوە، کە کاری پەروەردەیی لەسەر بەرهەمی ئەو درامانووسانە، ناکرێت بە دەر لە شارەزاییەکی باشی شێواز و میتۆدەکانیان و بە بێ بوونی مامۆستای پسپۆڕ ئەنجام بدرێت. مەبەست لە ڕاهێنانی قوتابی ئەکتەر لەسەر ئەم کارانە نابێت تەنیا و بە پلەی یەکەم لە پێناوی ئاشنابوون بە تێکستی نووسەرەکە بێت، بگرە بەر لە هەموو شتێک دەبێت لە پێناوی بە دەست هێنانی هەگبەیەکی نۆیی تەکنیک و کەرەستە و شارەزایی هونەری و پیشەیی بێت. واتە ڕاهێنان و مەشقێکی نۆیی جیهان فێربوون و ڕاهێنان بێت، ئەمجا بێ گومان وەکو تەرزێکی شانۆییش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

### چێخەڤ وەکو نموویەک

جارێک بانگهێشت کرام شانۆنامەیەکی چێخەڤ لە یەکێک لە پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان لە کوردستاندا ببینم، زۆر بە تاسەو ئارەزووەوە بۆ بینینی ڕۆیشتم، بەڵام ئەوەی کە من بینیم هەر تەواو دژ بە چێخەڤ بوو، کە دەڵێم دژ بە چێخەڤ مەبەستم ئەوەیە، کە دژ بە جەوهەری ژیانە، چونکە بە ڕاستی چێخەڤ باس لە جەوهەری ژیان دەکات.

شانۆنامەکانی چێخەڤ باشترین سەرچاوە و زەمینە و کەرەستەن بۆ ئەدای خوڕ و بێگەرد و قووڵ و ئاسایی و لە هەمان کاتیشدا جۆشدراو بە هەستی قووڵ و ئەزموونی ئینسانی، هەموو جارێک کە نمایشێکی سەرکەوتووی شانۆنامەکانی چێخەڤ دەبینم دەگەمە ئەو باوەڕەی کە نمایشکردنی چێخەڤ باشترین ڕێگا و چارەسەرە بۆ دوورکەوتنەوە لە کلێشەی شانۆیی. باوەڕ ناکەم بەرهەمی هیچ نووسەرێکی دیکە ئەوەندەی بەرهەمەکانی چێخەڤ دژ بە کلێشەو فۆرمی سواو شێوازی تەقلیدی و باو بێت، چێخەڤ ژیانە و لاساییکردنەوە قبووڵ ناکات، ئەمەش وەکو دەرس و ڕاهێنان باشترین میتۆدی پەروەردەکردنی ئەکتەرە.

پێم سەیرە قوتابی ئەکتەر خوێندن تەواو بکات بێ ئەوەی لەسەر بەرهەمەکانی چێخەڤ ڕاهێنرابێت، یان خراپ ڕاهێنرابێت.

### شاعیرییەت و سایکۆلۆژیا

شانۆنامەکانی چێخەڤ لەسەر دوو کۆڵەکە بنیاد نراون، یەکەمیان شاعیرییەت، کە ڕووسەکان بە "شاعیریەتی چێخەڤ" ناوی دەبەن، ئەمەش بەر لە هەموو شتێک لەناو جەرگە و نەبزی زمانی شانۆنامەکاندایە، دووەمیانیشیان سایکۆلۆژیایە، ئەم دوو دەستکەوتەی چێخەڤ بۆ شانۆی مۆدێرن گەلێ مەزن و تایبەتمەندن و باڵیان بەسەر شانۆی مۆدێرندا کێشاوە و کەم نووسەر هەیە نەکەوتبێتە ژێر کاریگەرییانەوە.

مامۆستایەکی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، کە سەرپەرشتی پرۆژەی کارکردن لەسەر دەقێکی چێخەڤ دەکات، دەبێت لە هەموو قوتابییەکانی بگەیەنێت کە مەبەست لەو پرۆژەیە ئەو لایەنانەیە کە باسمان لێ کردن، نەک تەنیا نمایشکردنێکی سەقەت و شێواوی چیرۆکەکە. کە دیار بوو ئەوەندە لە چێخەڤ تێگەیشتبوون کە مەبەستی سەرەکی لای ئەو چیرۆکە و پێکهاتە و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان بێت. ئەمجا باسی زمانەکەی ناکەم، کە زۆر ناشارەزایانە لە عەرەبییەوە کرابووە کوردی. هەر بۆ نموونە دیالۆگی یەکێک لە ئەکتەرەکانی کە لە دەقە ئەسڵییەکەی چێخەڤدا دەڵێت: درەنگە... دەبێت بڕۆم، کرابوو بە: درەنگە... پێویستە لەسەرم بڕۆم.

بەداخەوە هیچ یەک لەم ڕەهەند و تایبەتمەندییانە لە ئەدای قوتابییەکان و کارو بۆچوونی ڕێژیسێرەکەدا بەدی نەدەکرا. کە ئەمە دەبێت لای چێخەڤ زۆر سادە و ڕەوان بێت. ئەکتەرەکان بە شێوەیەک قسەیان دەکرد دەتگوت ئەکتەری فیلمی کارتۆنن، یان بووکە شووشەی قورمیشکراون، لە جێگەی خۆمەوە بە یەکێک لە مامۆستاکانم گوت بۆچی وا قسە دەکەن؟ بۆ بە شێوەیەکی ئاسایی نادوێن؟ نازانم ئەم ئەدا خراپ و نەشازە چۆن بە سەر مامۆستاکانی نواندندا تێدەپەڕێت!

### وۆرکشۆپ... ئەرک و مەبەست

لە مەغریب بۆ خۆم ئەوەم کردووە بە ئەرک و مەبەست، کە زیاتر قوتابیان بە جیهانی ئەو بەرهەمانە بناسێنم کە نمایشکردنیان لەسەر بنەمای نەریتێکی تایبەت دەڕوات،

بۆیە کارکردنم لەسەر شانۆنامەکەی شەکسپیر ئەو مەبەستەی دەپێکا، پاشتر کارکردنم لەسەر شانۆنامەی بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆوە، دیسانەوە هەنگاوێکی دی بوو هەر لەو بوارەدا. لە بواری تەکنیکی ئەکتەریش زیاتر مەشقمان لەسەر ڕیتمی ناوەوە و وچان و بێدەنگی سایکۆلۆژی و گوزارشتی جەستەیی بوو، ئەمە سەرەڕای قووڵبوونەوە لە چەمکی لا مەعقوول و گرۆتیسک.

هێشتا لە ژەنەراڵ پرۆڤەی یارییە خەونێکدا بووین، بەڕێوەبەری کۆلێژ پێشنیاری ئەوەی کرد کە بۆ ساڵی داهاتووی خوێندن کە لە مانگی ئەیلوولەوە دەست پێدەکات بیر لە پرۆژەی چێخەف بکەمەوە، واتە کارکردن لەسەر یەکێک لە شانۆنامەکانی چێخەف بکەمەوە و کاری لەسەر بکەین.

### هەموو جارێک ... دیدار لەگەڵ گرووپێکی نوێدا

گەر تۆش وەکو من کار بکەیت، وەکو من لەم وڵات و ئەو وڵات کار بکەیت و بەرچەند زمانێک (بە عەرەبی و سوێدی و ئینگلیزی و ڕووسی) کاربکەیت ، هەمیشە ئاشنای گرووپێکی نوێ دەبیت و کەسانێکی نوێ دەناسیت و کاریان لەگەڵدا دەکەیت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەزموونێکی ئینسانی دەوڵەمەندە و کارێکی ناخۆش نییە، بەڵام هەموو جارێکیش ئاسان نییە، بە تایبەتی کە دەبێت لە ماوەیەکی کورتدا ڕایان بهێنیت و لە باری پەروەردەییەوە سوودیان پێ بگەیەنیت و شانۆنامەکەش بگەیەنیتە ئەنجام، واتە نمایش بکرێت. ئەمە هەمموو لە شەش هەفتەدا، هەندێک جار کەمتر و بە دەگمەن بووە زیاتر بێ.

بۆیە دەبێت زۆر کاریگەرانە و سایکۆلۆژیانە کار بکەیت، چ وەکو مامۆستا و چ وەکو ڕێژیسێر و چ وەکو سەرکردەی گرووپێک کات بە فیڕۆ نەدرێت و هەموو شتێک بە هەند و بە پلان و پرۆگرام وەربگیرێت. لەبەر ئەوە ئەو ئەرکەی کە دەبێت بیگەیەنیت، هەر بە دەم ئاسانە، گەلێک پاڵەپەستۆی تێدایە، تا ڕادەیەک هەندێک جار کاتێکی زۆرت لێدەگرێت. دروستکردنی پێوەندییەکی پەروەردەکارانە کلیلی سەرکەوتنە.

### کلیلی سەرکەوتن

بۆیە لە دیداری یەکەمدا، هەوڵ دەدەم قوتابییەکان بناسم و پێوەندییەکی باشیان لەگەڵدا دروست بکەم. مەبەستیشم لە پێوەندی باش متمانە و باوەڕە بە یەکدی. ئەمەش تەنیا لە یەک دۆخدا دێتە ئەنجام، کە بتوانم لەگەڵ قوتابییە ئەکتەرەکاندا زمانێکی هاوبەش بدۆزینەوە، زمانێکی دوور لە زمانی ڕەسمی ناو کۆلێژ و زانکۆکان، زمانێک بە دەر لە زمانی ئەکادیمی و جۆشدراو بە هەست و ڕۆحییەتی هونەری. بێ گومان ئەم زمانە هاوبەشە مەرجێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی پێوەندی نێوان ڕێژیسێر و ئەکتەران نەک هەر لەناو پۆل و کۆلێژەکاندا، بگرە لە شانۆشدا، بەڵام لە کۆلێژەکاندا بە حوکمی ئەوەی زمانی فەرمی نێوان مامۆستا و قوتابی زمانێکی باوە، پتر زمانی هونەر نێوانیان لە کار دەخات.

ڕەنگە ئەزموونی هونەری و تەمەن و ئاشنایەتیم لەگەڵ کولتووری جیاجیادا هەندێک ئەم ئەرکەیان بۆ ئاسان کردبێتم، کە ئێستا دەتوانم نازی قوتابییەکان هەڵگرم و بە ماوەیەکی کەم لە یەکتر بگەین و بتوانین پێکەوە کار بکەین، دەڵێم ناز، چونکە کەس ئەوەندەی ئەکتەر حەزی لەوە نییە کە ڕێژیسێر نازی هەڵبگرێت، بە تایبەت ئەگەر باوەڕ و متمانەی بە ڕێژیسێرەکەی هەبێت.

ڕێژیسێری ڕووسی ئەناتۆلی فرانس دەڵێت: من ئەکتەران بە ڕەهەندی مێینە دەچوێنم لە پرۆسەی داهێنانی مرۆڤدا، ئەکتەران هەمیشە پێویستیان بەوەیە نازیان هەڵبگرین و لێیان تێ بگەین.

دیارە بۆ ڕێژیسێر خێراترین و کورترین ڕێگا بۆ دابینکردنی متمانەی ئەکتەران دەست هەڵگرتنە لە شێوازی دەسەڵاتی هونەری و لە بەری ئەوە دەسەڵاتی پێداگۆگی بەکار بهێنێت.

### پرۆڤە ... خوڵقاندنی ئەتمۆسفیرێکی لەبار

ئەم ناوونیشانەی چەند سادە خۆی دەنوێنێت، چەند ساکار دێتە پێش چاو، ڕەنگە تا ئەندازەیەک لە قسەی سواو بچێت، بەڵام هەر خوڵقاندنی بارێکی گونجاو بۆ پرۆڤەکانت، کاری هونەریت پێش دەخات.

جارێک لە کۆنفراسێکی هونەری ڕێژیسێری کە لە شاری هێلسینکیدا سازکرا، ئاشنای ڕێژیسێرێکی لیتوانی بووم کە ئەویش مامۆستا و ڕاهێنەر بوو وۆرکشۆپی سازدەکرد، تێگەیشتم کە وۆرکشۆپەکانی لە بوارێکی گەلێ تایبەتدا بوون، بواری چۆنیەتی پرۆڤەکردن، ئەم ڕێژیسێرە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە تەنیا پرۆڤەی سەرکەوتوو دەتگەیەنێتە نمایشی سەرکەوتوو، چونکە ئەوەی کە ئێستا و لەم کاتەدا مەشقی لەسەر دەکەیت، سبەی و دوو سبەی هەر ئەوە دەگوازرێتەوە بۆ سەر شانۆ و پیشانیان دەدرێت، هەموو بارودۆخ و میزاج و هەست و نەستی جۆراوجۆری بەشداران لە پێش بینەراندا دەردەکەون و ڕەنگ دەدەنەوە.

مەبەستی ڕێژیسێر لە قۆناغی یەکەم و دەستپێکدا گەیاندنی ناوەڕۆک و کەرەستە درامییەکەیە، بێ ئەم

مەبەستە هەر کارێک بکات مایەپووچ دەبێت. ئەگەر ئەکتەران پەی بەم مەستە نەبەن و ئەم ئەرکە جێبەجێ نەکەن هەرگیز ناتوانن کەرەستە هونەرییەکانی گوزارشت و بەرجەستەکردن بە دەست بهێنێت، بۆیە هەموو مەشق و ڕاهێنانێکیان بێ هوودەیە. هەرچی شتێکیش بکەن، تەنانەت ئەگەر خۆی جوان و شەنگیش بنوێنێت جوانکارییەکی ڕواڵەتانە و بۆش و بێ ناوەڕۆک دەبێت، بۆیە هەنگاوی یەکەم لە کاری (مامۆستاییدا) ئەوەیە کە قوتابی فێری ئەوە بکەیت چۆن سەرچاوەی ڕاستەقینەی کەرەستە درامییەکان و ئامرازەکانی گوزارشتی شانۆیی دەدۆزێتەوە.

## خۆ ئامادەنەکردن کۆسپە

دیارە یەکێک لە کۆسپەکانی کارکردنی پێداگۆگیانە لە شێوەی وۆرکشۆپ بە مەبەستی نمایش ئەوەیە، کە کاتی خۆ ئامادەکردن و قوولبوونەوەت لە تێکست و زمانی نووسەر ئەوەندە زۆر نییە، تۆش چ وەکو ڕاهێنەر و چ وەکو دەرهێنەر ناتەوێت قوتابییەکان بە نیوە ناچڵی و بێ ئامادەیی تەواو بچنە ناو پرۆڤەوە.

دەبێت لە ماوەی مانگێکدا شانۆنامەیەکی شەکسپیر، یان چێخەڤ، یان مۆلێیر دەربهێنێت و قوتابییەکان لەسەر میتۆدێک ڕابهێنێت، هەمووشیان کەسانێکن ئاشنا نین و یەکەم جارە دەیانناسیت، دەشزانی پاش مانگێک بەجێیان دەهێڵێت.

لە ئینگلترا چوار هەفتە بۆ شەکسپیر پڕ بە پێستی خۆیەتی، بە "جۆن تۆپینگ" ی سەرۆکی کۆلێژی درامای زانکۆ کەمبریام گوت: پێت وا نییە چوار هەفتە بۆ شانۆنامەی یارییە خەونێک کەم بێت، گوتی: نە پێم وایە، لە بەریتانیا چوار هەفتە و پێنج هەفتە ئاساییە بۆ دەرهێنانی هەر شانۆنامەیەک، کلاسیک بێت، یان مۆدێرن، بۆیە ئێمە دەمانەوێت قوتابییەکانمان لەسەر ئەم ڕیتمی کارکردنە ڕابهێنین، هەروەکو شانۆکانی بەریتانیا هەموو کەرەسە و ئیمکانیاتێکی تەکنیکی وەکو دیکۆر و سینۆگرافیا و جلوبەرگ تاد، بۆ کارەکە دەرەخسێنین، ئەگەر وا نەکەین قوتابییەکانمان ناتوانن پاش تەواوکردنی خوێندن بەربەرەکانی بازاڕی کارکردن بکەن و شانسی کارکردنیان بەر بکەوێت.

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کات خوڵقاندنی تەکنیک و میتۆدی شەخسی گەلێک گرنگە، هەموو شتێک دەکەوێتە سەر خۆت، بۆ خۆم مەسەلەی خێرایی و وەستایەتی و کاریگەری کارکردن گەلێک گرنگە، هەردەم ئەوە دووپات دەکەمەوە کە مەسەلە وەستایەتی و پرۆفیشۆنالیزم تەنیا ئەوە نییە کارێک باش ئەنجام بدەی، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە خێرا و لەکاتی دیاریکراودا ئەنجامی بدەیت.

کارامەیی مامۆستای شانۆ لە دابەشکردنی کات و قۆناغەکانی کارکردندا دەردەکەوێت، هەموو پلەکانی پەیژەی کارکردن دەبێت بە دیقەت داڕێژرابێت، هەر قۆناغێک کاتێکی دیاریکراوی هەیە و نابێت لەوی دیکە کەمتر بێت و پاشان بەشی ئەوی دیکەی بخوات، هەر لەسەرەتاوە مەترسی ئەوە دەکرێت کە قۆناغی یەکەم بەشی قۆناغەکانی دیکە بخوات، چونکە قۆناغی یەکەم قۆناغی قسەکردن و گفتوگۆ و پرسیارو وەڵامە، قسەکردنیش هەموو کەسێک پێی دەوێرێت و نابێت پەتی بۆ شل بکەیت. بۆ ئەوەی کات بە فیڕۆ نەدەیت چاکتر وایە خۆت ئامادە بکەیت، یەکسەر بچێتە ناو کاکڵەی باسەوە، تەنیا ئەوەی جەوهەرییە و مەبەستە ئەوانە دەستنیشان بکەیت و جەختیان لەسەر بکەیتەوە، ناشبێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە کە مامۆستا و ڕاهێنەر و ڕێژیسێر چەند پەیام و مەبەستەکانی ڕوون و ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بن، ئەوەندە پتر ڕێز لە کارەکەیان دەگیرێت و ئەوەندەش ئەرکی خۆیان بە پوختی بە ئەنجام دەگەیەنێت. ئەکتەر هەمیشە حەز بە ڕاهێنەر و ڕێژیسێرێک دەکات کە خۆی بزانێت چی دەوێت.

## شیکردنەوەی کاریگەر

ڕێژیسێرانی ڕووس بەم قۆناغی شیکردنەوە و ڕاڤەکردنەی تێکست دەڵێن قۆناغی شیکردنەوەی کاریگەر، کە تێیدا دەبێت هەموو شتێک ساغ بکرێتەوە. هێڵە سەرەکییەکان دەستنیشان بکرێن، تاکو پاشتر بتوانن کار لەسەر وردەکارییەکانی ناو دەق بکرێت. شیکردنەوەی کاریگەر ڕێگا خۆشکەرە بۆ لێکۆڵینەوە و سۆراخ و کەشف و داهێنان. شیکردنەوەی کاریگەر دەستت دەگرێت، تاکو بە زووترین کات کار لەسەر شانۆدا بکەیت و ئەکتەرەکانت هێز و وزەی سەرپێییان پتر بێت.

بە پێچەوانەشەوە ئەگەر شیکردنەوەت کاریگەر نەبێت و نیوەچڵ و نادروست بێت، هەموو کاری داهاتووی خۆت و ئەکتەرەکان بێ هوودە دەبێت و لەوانەشە تووشی چەواشەبوون بن .

تا پێت دەکرێت بە وردی و بە پوختی گوزارشت لە ئەمانجەکانت بکە، هزر و بیری شانۆنامەکەت و مەبەستت لە کارەکەت بە کۆنکریت داڕێژە. ئەمەش تەنیا بە پێوەندی باش ئەنجام دەدرێت کە خۆی لە خۆیدا بۆ گەلێک لە ڕێژیسۆران کێشەیەکی گەورەیە.

هەر ئەم دیقەتە لە داڕشتنی مەبەست و بۆچوونەکانت بە کورتی و بەچڕی و کۆنکریتیانە، یارمەتیت دەدات

بیرەکانی ناو شانۆنامەکە لەسەر شانۆدا چ وەکو کردار چ وەکو جووڵە ببینرێن .

## چی ڕوودەدات؟ بۆچی؟

لە پرۆسەی شیکردنەوەی کاریگەردا، هەمیشە پەنا دەبەمە بەر میتۆدە بەناوبانگەکەی ستانیسلاڤسکی کە لە دوو پرسیار پێک دێت: چی ڕوو دەدات؟ و بۆچی؟

ئەمجا دەستنیشان کردنی دەستپێک و کۆتایی. ڕاستییەکەی هەر ئەم چەمکە خۆی باشترین شێوازی دامەزراندنی ئیتودەکانە. پاشتر بۆ خۆم و ئەکتەرەکانیش دەردەکەوێت کە سەرجەمی پێکهاتەی جەستەیی دیمەنەکان و پاشتریش سەرانسەری شانۆگەرییەکە لەم وردە ئەڵقانەی زنجیرەکەوە پێک دێت.

لە هەر ئەڵقەیەکی زنجیرەکەدا هەڵەیەک هەبێت، یان کێشەیەک بێتە ڕێگات، یەکسەر بگەڕێوە سەرەتا، ئەمجا هەڵەکە بە ئاسانی دەدۆزیتەوە.

زۆر جار مامۆستای شانۆ دەکەوێتە داوی ئەوەی لەم قوناغەدا زۆر قسە بکات، هەندێک جار بێ ئەوەی مەبەستی بێت و بێ ئاگایانە دەیەوێت شارەزایی و بەرفراوانی ئەزموون و ڕۆشنبیری خۆی بۆ گرووپێکی نوێ پیشان بدات، بەڵام تەنانەت ئەگەر لەم ئەرکەیدا سەریش بکەوێت، سەرکەوتنەکەی کاتییە، چونکە سەرکەوتنی سەرەکی مامۆستای شانۆ لە بواری پەروەردەییدا لە پرۆسە و ئاکامدا بەدی دەکرێت.

کە شیکردنەوەت پڕ بە پێست و کاریگەر بوو، ئەمجا ڕێگای کاری پراکتیک، بە تایبەت کارکردن لەسەر ئتیودەکان کە پاشتر باسی لێوە دەکەم، ئاشکرا و روون دەبێت، ئەمجا بۆت دەردەکەوێت کە پلانی مەشق و ڕاهێنان و پرۆڤەکردنت ئاسانتر ئەنجام دەدرێت.

## مامۆستای زۆر بلێ ... مامۆستای ڕاهێنەر

بە داخەوە مامۆستای چەنە باز و زۆر بلێ لە بواری شانۆدا زۆرن، لە کاتێکدا کە قوتابی شانۆ پێویستی بە ڕاهێنەرە، بە فێرکارە نەک بە کەسێک کە تەنیا باس لە بابەتەکان بکات.

کۆلێژە سەرکەوتووەکانی شانۆ ئەمڕۆ پاش ئەزموونێکی زۆر جیاوازی لەنێوان مامۆستای زۆر بلێ و مامۆستای ڕاهێنەری پیشەکار دەکەن، کە هەندێک جار کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە، بە زۆریش لە ئاکامی کار و پێگەیاندنی قوتابیدا دەردەکەوێت، ئەمەش کاتێکی زۆری دەوێت.

ڕاهێنەران و سازکەرانی وۆرکشۆپ ڕۆژ دوای ڕۆژ لە بواری کارامەیی و دەسترەنگینیدا ئەزموون بە دەست دەهێنن.

## میتۆدێکی تایبەتی

میتۆدی شەخسی و تایبەت بە خۆم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کات و قۆناغی دیداری یەکەمم لەگەڵ گرووپێکی نوێ و پرۆژەیەکی تازەدا، بەم شێوەیە چارەسەر دەکەم: بۆ ماوەیەکی چاک کار لەسەر هێڵە سەرەکییەکانی تێکست و جیهانی هونەریی نووسەر و شێوازی نووسین و زمانی درامی دەکەم و هەوڵ دەدەم هەموو ڕەهەندەکانی بە چڕو پڕی دەستنیشان بکەم، ئەوەندەی بتوانم ناهێڵم هیچ شتێک بۆ ڕێکەوت و کاری سەرپێیی بە جێ بهێڵم. هەندێک لایەنی دیکەش دادەنێم بۆ پلانێکی دیکەی دوورتر، ئەمجا لەگەڵ کاری ڕاهێنان و پراکتیکیدا دەتوانین وردە وردە بچینە ناو قووڵایی تێکست و جیهانی نووسەر و شێوازی کارکردنییەوە، چونکە لە مەودایەکی دیاریکراودا، دەبێت کارەکەیان بە جێ بگەیەنن و لێزانی و وەستایەتی خۆیانی تێدا بسەلمێنن، دەنا جارێکی دیکە لەو کۆلێژەدا کار ناکات.

## ئیتۆد و شیکردنەوەی دەقە
## ئیتۆد و ڕاڤەکردنی دەق

بەو شێوەیەی کە لە بواری پێداگۆگیدا کاری پێ دەکەم، بەشێکی کارکردنم لەگەڵ تێکستدا هەڵدەگرم بۆ کاری پراکتیکی لە شێوەی ئیتۆد (مەشق، تمرین)دا، واتە هەموو شتێک لەسەر مێز چارەسەر ناکەم و گفتوگۆیان لەسەر ناکەم،ئەمەش بەو مانایەی کە زۆر جۆرە بۆچوونی نوێ پاشتر لە فەزای پرۆڤەدا کەشف دەکرێن و ساغ دەبنەوە. ئەم جۆرە کارکردنە بۆ من، چ لە ڕووی تیۆری و چ لە ڕووی پراکتیکەوە، کاریگەر و دینامیکیانەیە، چونکە لە سەرێکەوە فەزایەکی گەرم و داهێنەرانە دەخوڵقێنێت کە هەرگیز بێزاری و دووبارەبوونەوە و نەزۆکی زەفەری پێ نابات، لە سەرێکەوە کاتێکی باشت بۆ مسۆگەر دەکات و لە کاتی خۆیدا فریای پیشاندانی یەکەم دەکەوێت.

# ڕێگا

ڕەفیق فوئاد یار ئەحمەدی
(کوردستانی ئێران)

فیلمی ڕێگا بەرهەمی هاوبەشی دوو وڵاتی سویسرا و تورکیایە و لەلایەن یەڵماز گۆنای و شەریف گۆرن – ـەوە کاری دەرهێنانی بۆ کراوە. سێناریۆی ئەم فیلمە لە نووسینی یەڵماز گۆنایەو وێنەگرتنی لە ئەستۆی ئۆردۆگان ئەنجینەو موزیکیش سباستیان ئارگۆڵ و کەندال بۆیان داناوە و ئەکتەرەکانی ئەم فیلمە بریتین لە: تارک ئاکان، شەریف سێزر، خەلیل ئۆرگۆن، نەجمەددین چوپان ئۆغلۆ، مراڵ ئۆر هۆنسۆی، ئەنگین چلیک، تونکای ئاکچا، سودا ئاکتولگاو سەمرا ئوچار. ئەم فیلمە بەشێوازی ڕەنگی بەرهەم هاتووە و ماوەی فیلمەکەش ١١٤ خولەکە.

سەردەمی حکومەتی سەربازی، بەندیخانەیەک لە تورکیا – واتە بەندیخانەیەک لە بەندیخانەکانی تورکیا– پۆلیسەکانی بەندیخانە هەڕەشەی ناردن بۆ بەندیخانەیەکی ترسێنەرتر لە بەندکراوەکان دەکەن. چەند دیمەنی داخراو پیشان دەدرێت. وەک بڵێیت کامێراش بەندکراوێکە. جووڵەی خێرای مرۆڤەکان و گرتەی مام ناوەندی ناو بەندیخانەکە.

گرتەیەکی دەرەکی، لە بەندیخانە سەرەکییەکە کە یەڵماز گۆنای لەوێدا بەندەو بە کامێرایەکی شاراوە گیراوە. هەواڵ دەدرێت کە پێنج کەس لە بەندییەکان بۆ ماوەی حەفتەیەک ئازاد دەکرێن، ئەوان دەچن بۆ زیندانێکی گەورەتر، بەڵام ئەم ئازادییەی ئەوان ئازادییەکی بەرتەسکە. بەردەوام زنجیر، زنجیرێک کە هیچ کەس لێی ڕزگار نابێت. بەندیخانەیەکی گەورە بەناوی تورکیا. ئەم فیلمە چیرۆکی حکومەتێکە کە بۆ وڵاتێکی جیهانی سێیەم تەنیا ئیستبدادی بۆ هێناون، نەک هەر ئیستبداد، بەڵکو وڵاتی کردووەتە



**یەڵماز گۆنای**

بەندیخانەیەکی گەورە کە هەموو لە هەوڵی بەندیخانەیەکی کراوەتردان. تاکە جلوبەرگی خاوێن، جلوبەرگی سەربازەکانە و تەنیا شتێکی بریقەدار کڵاو و چەکی حکومەتە سەربازیەکانە، زەخت و زۆر لەسەر هەمووانە و یەکسانی ئیستبدادی، هەر کەس بە جۆرێک دەچەوسێنێتەوە، بەڵام کێشەکە تەنیا لە حکومەتدا نییە. یەڵماز گۆنای سیستمی کۆمەڵایەتیش لە توندترین شێوەیدا بە خەتاکار دەزانێت.

ئەو مانەوەی زۆرینەی بیردۆزان و هونەرمەندانی دیکتاتۆری بەس لە ئەستۆی سیاسەت نازانێت، بەڵکو پێی وایە لە ئەستۆی کۆمەڵگاشدایە، ئەو کۆمەڵگایەی کە هێشتا پاشماوەکانی فیودالیزم تێیدا بەردەوامن، باوک مەزنی و سێ گۆشەی دەسەڵاتی بنەماڵە بەسەر هەمووواندا زاڵەو هەژاری و ناهوشیاری زۆر بەرچاوە و ئەم هۆکارانە، کۆمەڵگایان وەک بەندیخانەیەک لێکردووە، بەندیخانەیەک کە میراتە غەڵەتەکان پارێزگاری لێدەکەن و هەرکەس کراوە بە پارێزەری کەسێکی تر و دەبێت ئاگای لەو بێت. چیرۆکی فیلمەکە وا دەست پێدەکات کە پێنج کەس لە بەندییەکان «سەید عەلی»، «مەهمەت» «یووسف»، «عومەر» و «مولوت» دەگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگا، فیلمنامە بەپێزەکەی یەڵماز گۆنای چیرۆکی ئەمانمان هاوتەریب لەگەڵ یەکتردا بۆ دەگێڕێتەوە. «یووسف» کەسێکی کوشتووەو لە لێپرسینەوەیەکدا لەلایەن سەربازەکانی حکومەتی سەربازییەوە دەست بەسەر دەکرێت، ئەو کە مۆڵەتنامەی ئازادبوونەکەی ون کردووە لە کاتێکدا کە زۆر تامەزرۆی دیداری هاوسەرەکەیەتی و خەمی لە دەستدانی ئیجازەکەیەتی، دەیگرن و بۆ ماوەی حەفتەیەک دەیدەن بە بەندیخانەیەکی تر. «مولوت» دەچێت بۆ لای دەزگیرانەکەی و لە ژێر چاوەدێری بنەماڵەکەیدا دوو ڕۆژ لای ئەو دەبێت و تەنانەت ناتوانێت بۆ ساتێکیش دوور لە چاوی ئەوان لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بێت و لە کۆتاییدا دەچێتە قەحبەخانەیەک کە ژمارەی ژوورەکەی ئەوێشی هەر هەمان ژمارەی ژووری بەندیخانەکەیەتی، واتە لە بەندیخانەیەکەوە بۆ بەندیخانەیەکی تر. «مەهمەت» کە لە کاتی دزیدا دەست بەسەر کراوەو خیانەتی بە ژن براکەی خۆی کردووە، هێزی بینینی هاوسەرەکەی نییەو دەسەڵاتی ڕەشی بنەماڵەکەی بەسەر ژیانیدا دەبینێت. باوکی ژنەکە دەڵێ: دەتوانی لەگەڵ مێردەکەتدا بڕۆیت، بەڵام لە کردەدا چاوە تیژەکانی براکانی کە خوازیاری تۆڵەن هەنگاوی لێ زەوت دەکەن، بەڵام لە ئاکامدا هەستی دایکایەتی و هاوسەرایەتی «ئەمینە» وا لێدەکات کە دوای هاوسەرەکەی کەوێت و لەناو شەمەندەفەرێکدا بەرەو چارەنووسێکی نادیار بەرێ دەکەون. چاوەکانی کۆمەڵگا «مەهمەت» و هاوسەرەکەی کە لە قوژبنێکی قیتارەکەدا بەنیازی سێکسن، دەبینێت و گومانی پۆلیس دەچێتە سەریان و پۆلیس دەیانگرێت، هیچ بەڵگەیەکیان بۆ سەلماندنی پێوەندی هاوسەرێتی پێ نییە، تەنیا بوونی منداڵەکان فریایان دەکەوێت، بەڵام برای ژنەکە کە هەر لەبیری تۆڵەدایە هەردووکیان دەکوژێت. یەڵماز گۆنای کەسایەتییەکانی چیرۆکەکەی لە چارەنووسێکی دیاریکراو و حەتمیدا پیشان دەدات و لە ئەنجامدا دەگاتە ڕستەکەی «ضیاء» لە فیلمی دیواردا کە دەڵێت: «ژیان بۆ ئێمە لە هیچ شوێنێک بوونی نییە»، بەڵام هێشتا دوو کەسایەتی تر ماون. «سەید عەلی» لە قونیە بۆی دەردەکەوێت کە هاوسەرەکەی لە نەبوونی ئەودا خیانەتی پێ کردووە و باوک و براکانی ٨ مانگە ئەویان زیندان کردووە. ئەو دەچێت بەدوای هاوسەرەکەیدا، دەستی خەزووری ماچ دەکات و دەستی خۆشی لەلایەن کوڕەکەیەوە ماچ دەکرێت. کوڕەکەی و باوە گەورەی هەردووکیان لەو بڕوایەدان کە ژنەکە بوونەوەرێکی ناپاکەو دەبێت ژیانی لێ زەوت کرێت.

ئەگەرچی یەکیان باوکی ژنەکەو ئەوی تریان کوڕیەتی، بەڵام باوک مەزنی یان پیاو مەزنی وەها لە فیلمەکەدا



زاڵە کە تەنانەت ژنەکەش بە کوشتنی خۆی ڕازییە، بەڵام «سەید عەلی» ژنەکە بەحاڵی خۆی دەهێڵێتەوە، «سەید عەلی» هاوسەرەکەی و کوڕەکەی لەگەڵ خۆیدا بەناو بەفر و سەرمادا دەبات و ژنەکە کە هەشت مانگە بێجگە لە نان و ئاو، هیچ شتێکی تریان نەداوەتێ تەواو لاواز بووەو لە مێردو منداڵەکەی دوا دەکەوێت و هێزی ڕۆیشتنی نییەو هەر لەو شوێنەدا کە ئەسپەکەی «سەید عەلی» مرد ئەویش ڕەق دەبێتەوەو کاتێک منداڵەکەی و مێردەکەی دەگەنەوە سەری ئەو مردووە. دیمەنی گواستنەوەی ژنەکە یەکێکە لە جوانترین دیمەنەکانی ئەم فیلمە، «سەید عەلی» لە دوای ئەم نەهامەتییە دوای گەڕاندنەوەی کوڕەکەی، خۆی دەچێتەوە بۆ زیندان. دوایین کەسایەتی ئەم فیلمە «عومەر»ـە. کە کوردەو بە هەزار ئاواتەوە دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان. حەزی شەڕی هەیە و دیمەنی جووڵەی ئەسپەکان بەردەوام لەبەر چاویەتی. لە نزیک گوندەکەوە لە داوێنی سەرسەوزی کێوەکەو لە نزیکماڵەکەیداو لەسەرەتای ئاوات و هیوا و خۆشیدا دەنگی گوللە دەبیستێت. سەربازانی حکومەتی سەربازی دوو کوردیان دەست بەسەر کردووەو لەگەڵ خۆیاندا دەیانبەن. ئەو دەیهەوێت لە ئاسایشدا ژیان بەسەر بەرێت و زۆر حەزی لە ژیانە، حەزی دەچێتە ژنێک و دەیەوێت بیخوازێت. لەم نێوانەدا براکەی کە پێشمەرگەیەو لە شاخ بووە دەیکوژن.

بە کرێگیراوانی حکومەتی سەربازی تەرمی براکەی و چوارکەسی تر دێنن بۆ گوندەکە تاکو بزانن کەس نایانناسێت، بەڵام کەس پێیان ناناسێنێت، تەنانەت عومەریش لە بارەی براکەیەوە هیچ ناڵێت. (عومەر) ناگەڕێتەوە بۆ زیندان و لە کەشێکی حەماسیدا بەسواری ئەسپەوە هاوکات لەگەڵ چەندکەسی تر بەرەو شاخ دەڕوات و چارەنووسی براکەی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، واتە بەرەو پیری مەرگ دەچێت تاکو دیلی داگیرکەر بێت. لەم فیلمەدا هیچ ڕێگایەک بەرەو ئاکامێکی خۆشی ناچێت، فیلمی ڕێگا فیلمێکی هیوابڕە. زۆر جێی شانازییە و ڕێگایەک جگە لەمە لە ئارادا نییە. یەڵماز گۆنای کە سەردەمێک خۆی قارەمانی فیلمە تورکییەکان بوو و فیلمی بازرگانی دروست دەکرد، یان ڕۆڵی تێدا دەگێڕا، دوای ناسینی واقیعی کۆمەڵگای خۆی و ئەزموونی بەندیخانەو بێ بەشی و هەژاری «ڕێگا»ی خۆی دۆزییەوە. ڕێگایەک کە ئەوی وەک سینەماکارێکی خەمخۆر بە هەمووان ناساند.

ئەگینا لە ڕاستیدا چۆن دەکرێت لە نێو بەندیخانەوە فیلم دروست کەیت و فیلمەکەت هیوا بەخشیش بێت. یەڵماز گۆنای لە خستنە بەرچاوی کێشەکانی ناو تورکیا و پیشاندانی وێنەی کۆمەڵگەیەکی بریندار و نەخۆش زۆر بەتوانابووە و لەوانەیە هەر ئەو گرینگیدان بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان بووبێت کە ئەو لە کێشەکانی تایبەت بە بەشی مۆدێرنی کۆمەڵگای تورکیا دووردەخاتەوە. بەشی مۆدێرنی کۆمەڵگای تورکیا کە کۆمەڵگای سوننەتی خستووەتە ژێر ڕکێفی ئابووری- سیاسی دنیای ڕۆژئاواوە کاربەدەستانی سەرەکی و بەڕێوەبەرانی حکومەتی سەربازین.

ئەوان بوونە هۆی وەستانی گەشەی ئابووری- کۆمەڵایەتی- فەرهەنگی و سیاسی تورکیا، بەڵام یەڵماز گۆنای لە «ڕێگا»دا کەمتر باس لەم کێشەیە دەکات ڕەنگە کەشوهەوای گوندنشینی فیلمەکانی ئەو و چیرۆک

و لوکەیشنە سروشتییەکانی بەشێکی بەرچاوی ئەم باسە بن، بەڵام باس کردن لەم کێشەیە بۆ هونەرمەندێک کە وێنەگری دەکات لە کۆمەڵگاکەی زۆر پێویستە. کەسانێک وەک عەزیز نەسین کە یەکێکە لە گەورەترین نووسەرەکانی تورکیا و ڕاهاتووە بە زیندانەکانی تورکیا بە باشی باسی ئەم کێشانە دەکات و هەڵبەت بەهەموو ئەم کەموکوڕیانەوە هیچ لە بایەخ و گرینگی فیلمی «ڕێگا» کەم نابێتەوە. یەڵماز گۆنای و شەریف گۆڕن ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ ئەوەی کەمترین دیالۆگ بەکاربهێنن.

ئەوان بە کەڵک وەرگرتن لە مۆنتاژی تایبەت و وێنەی کورت و گونجاو دادەنێن، ئەوکات کە گرووپێک لە بەندییەکان دەگیرێن، وێنەی باڵندەکان پیشان دەدرێت و دواتر وێنەی سەربازەکان و وێنەی منداڵە بێ پەناکان و پیاوێکی ئاسایی و ژنانێک کە چاوەڕێی لە سێدارەدانی هاوسەرەکانیانن. دانانی یەک لە دوای یەکی ئەم وێنانە هیچ پێویست بە دانانی دیالۆگی زیادی و سیاسی ناکات و بەرهەمەکەی دەکات بە فیلمێکی بەرچاو وتایبەت. یەڵماز گۆنای لە فیلمەکەیدا زۆرجار کەڵک لە نیشانەی وێنەیی وەردەگرێت. ئەو لە مۆنتاژیشدا زۆر کەڵک لە سەمبول وەردەگرێت. بڕینی گرتەی بەندییەکان بە باڵندەکان، بڕینی دیالۆگی «هەموو شتێک گۆڕاوە» بە نمایشی وێنەی ڕابەرانی حکومەتی سەربازی، بڕینی دیالۆگەکانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی بە پیشاندانی دەشتێکی پڕ لە گوڵی زەرد.

گۆنای لەسەرجەمی فیلمەکەدا تەواوی هەوڵی دەخاتەگەڕ بۆ پیشاندانی هەستی کەسایەتییەکانی بە بینەر. ئەو بۆ گەیاندنی ئەم هەستە نەک لە سەمپاتی بینەر بۆ کەسایەتییەکان، بەڵکو بەهۆی دیمەنەکانەوە بەسەر بینەردا زاڵ دەبێت. بەتایبەتی لە وێنەی فلاش باکەکان و زەینیەتی قارەمانەکانیدا. یەڵماز گۆنای لە فیلمی ڕێگادا کە یەکێکە لە بە پێزترین بەرهەمەکانی، توانایی خۆی لە بەکارهێنانی هێماو سەمبولەکان دەردەخات، کەڵک وەرگرتن لە ڕەنگەکان لەنێوان دیمەنەکاندا لە جێگەی جیاوازدا پیشاندەری جۆری حکومەت و کەشێکە کە بەسەر وڵاتدا زاڵ بووە وەک باشترین نموونە دەتوانین ئاماژە بە دیمەنی میزکردنی



سەگێک لەسەر بەفرەکە بکەین. یەڵماز هەندێ جار بەشێوەی پێشبینی ئاگاداری ڕووداوەکانمان دەکاتەوە وەک ئێشی ددانی «سەید عەلی» و چارەسەرییەکەی لەلایەن پزیشکی خۆماڵییەوە.

فیلمی ڕێگا لەلایەنی تەکنیکی سینەماییەوە سادەیە. لەوانەیە کەشوهەوای سیاسی تورکیا کە ئەم فیلمەی تێدا بەرهەم هاتووە، تواناییە تەکنیکییەکان و زەرورەتی جۆراوجۆر بووەتە هۆی ئەوەی کە کامێرا، ڕووناکی و پێداویستییە هونەرییەکانی تر وەها بەپێزو لە جێگای خۆیاندا نەبن، بەڵام ئەم سادەبوونە بەهۆی سیناریۆیەکی بەپێزەوە کە ئەم فیلمە هەیەتی، زۆر بەرچاو ناکەوێت. موزیکی فیلمەکە کە زۆر غەمگین و تایبەت بە موزیکی کوردییە، لەگەڵ کەشە جیاوازەکانی چیرۆکەکەدا دەگونجێت، بەتایبەتی لەو دیمەنانەدا کە وێنەکان زۆر شاعیرانە گیراون، موزیک پێوەندی لەگەڵ فیلمەکەدا زیاتر دەکات. فیلمی ڕێگا پرسێک دەخاتە بەر دیدی سینەماکاران و ئەویش ئەوەیە کە چۆن دەتوانیت بە بەرپرسیارییەوە فیلم دروست بکەیت و چۆنیش دەتوانیت بێردۆزانە فیلمی سیاسی دروست بکەیت، فیلمێک کە بتوانێت جگە لە دروست کردنی پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگادا، ببێتە بەرهەمێکی کارتێکەریش، هەروەک «ڕێگا» توانیویەتی لەم «ڕێگا»یەدا سەرکەوتووبێت.

# گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

**مامە غەوسـە**

ناوی تەواوی (عەبدولقادر کاک مستەفا عەبدوڵڵا هیرانی)یە و هەندێ کەس بە کاکە و هی تر بە مامە غەوسە بانگیان کردووە، وەک شاعیریش بە (سۆزی) ناسراوە، ساڵی (١٩١٩) لە شارۆچکەی (هیران) هاتووەتە دنیاوە، لە کۆیە و لە هیرانێ لە ناو فەقێیاندا خوێندوویەتی، باوکی سێ ژنی هەبووە، دوو ژنی کۆیی و یەکی هیرانی، دایکی مامە غەوسە دەبێتە پووری شێخ ئەنوەری شێخ ئەحمەدی کۆیی، باوکی لە مانگی شوباتی ساڵی (١٩٤٢) کۆچی دوایی کردووە.

مامە غەوسە بۆی باس کردم و گوتی: باوکم لە دەفژەنیدا نموونەی کەم بوو، مەگەر (سمایل سەرمابردوو)، چونکە ئەوەی دوایی لە دەفژەنی و لە (مەقام گوتن)یشدا زۆر بە توانا بوو. مامە غەوسە درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی: لە ڕواندزێش (دەروێش عەزیز) هەبوو، لەوێ لە تەکیەی ئێمە دەست بەکاربوو، ئەمەش لە دەفژەنیدا ئوستادێکی گەورە بوو.

گوتم: کاکە شێخ من ناوی ئەو سمایل سەرمابردووەم لە شوێنی دیکەشدا بیستووە، ئەو پیاوە لە کوێ دەژیا؟

گوتی: لێرە لە هەولێر ماڵی لە گەڕەکی (سێتاقان) بوو! هەرچەندە خاوەنی دەنگێکی خۆش نەبوو، بەڵام مەقامزان و دەفژەنێکی کەم هاوتابوو، یەک دوو ساڵ پێش ئێستا کۆچی دوایی کرد(١)، کە تەمەنی حەفتا ساڵ، یان زیاتر دەبوو، ئەو هونەرکارە بە ئەسڵ هی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، لە تەکیەی (شێخ کاکە) لێرە



مامه غەوسە

له هەولێر چەند جارێک دەفی بۆ لێداوم.

گوتم: مامه گیان دەربارەی (حاجی عەبۆی دەفژەن)، چی دەزانی؟

گوتی: حاجی عەبۆی دەفژەن دەبێته خوارزای (عەلی کۆر)، کە گۆیندەیەکی بە ناوبانگی کوردە، هەروەها گوتی: هەرجارێک سافی هیرانی باپیرم دەهاتە هەولێر، دەبوایە ئەو عەلی کۆرە لە خزمەتی بێ و گوتنی بۆ بلێ! حاجی عەبۆ خەڵکی هەولێر بوو، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لای باوکم وردە وردە (قۆریات) و (غەزەل) و ئەوانەی گوتووە، حاجی عەبۆ نەک هەر گوتنەکان، بگرە دەفژەنییەکەش هەر لە هیران فێر بووە. باوکم دەیزانی حاجی عەبۆ دەنگخۆشە، جا کاتێک لە زەمانی (تورکان) جلی سەربازی لەبەردەکەن، لە ناو (سوورچی)یان تفەنگی لێ دەستێنن، ئەویش بەو هۆیەوە نەیوێرابوو بۆ هەولێر بگەڕێتەوە و لە هیرانێ لای باوکم مابووەوە، دواتر هەر لەوێ ژنیان بۆ خواست و لە ئەنجامدا لە تەکیەی هیرانێ بوو بە مەقام وغەزەل خوێنێکی بێ وێنە، ئەو حاجی عەبۆیە سوودی زۆری لە خاڵم (شێخ نەجمەدین)(٢) وەرگرتووە، چونکە خاڵم لە (مەقامات)دا بەحر بووە! بۆ دەنگیشی کاتێک خاڵم لە تەمەنی (٧٥) ساڵیدا بوو، ئینجا من گوێم لە دەنگی بوو، خاڵم بەو تەمەنەش هەموو کەس خۆی لەبەر دەنگی ڕانەدەگرت!

مامه غەوسە فەرمووی: دەروێش عەبدوڵڵایەکیش لە ڕواندزێ هەبوو، شتی زۆر جوانی دەگوت، بەڵام دەفژەن نەبوو، بۆ نموونە ئەو پیاوە مەقامی (جەلالی) زۆرباش دەزانی و هەر جارە بۆ هیرانێ دەهات، ئەو مەقامەی بۆ باوکم دەگوت، جا باوکم بۆ هەر شوێنێک بچووبایە لە جیاتی نان و ئاو دەبوایە گۆیندەی هەبێت.

کەسێکی دیکەش بە ناوی (مەلا عەبدوڵڵا قوندیل)ەوە، لە ڕواندزێ ئیمامی تەکیەی ئێمە بوو، لە زەمانی باپیرم مەقامبێژ و دەفژەنێکی زۆرچاک بوو، (دەروێش خدر و دەروێش مستەفا) ئەوانە بەم دواییە پەیدا بوون، گۆیندەی بابم بوون، بەڵام مەقاماتی فارسییان نەدەزانی، باوکم هەرچەندە دەنگی خۆش نەبوو، شیعری بۆیان دادەنا و دەیگوت: بەو نەغمە بیخوێنن. بۆ نموونە ئەو شیعرانەم بیر ماوە، ئەوانەی باوکم فێری گۆرانی و مەقامخوێنانی دەکردن:

(١) ئەسیری زوڵفی.

(٢) کە ڕۆژی وەسڵی ئاوابوو بەچاو گریان نەکەم چی بکەم

(٣) خونچەی نەوبەهاری.

گوتم: مامه گیان باوکت ئەو ئاواز، یان شێوە گوتنانەی لە چ کەسێکەوە بیستووە؟

گوتی: زۆرتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چونکە کاتی خۆی ماوەیەکی زۆری لەوێ بەسەربردووە، بۆ نموونە لە شاری (مەهاباد)ێ زیاد لە (٦ ــ ٧) ساڵان ماوەتەوە، دیارە باوکم بە مەبەستی خوێندنی ناو فەقێیان چووبووە ئەوێ، بۆیە باوکم بە (فارسی)ش هۆنراوەی زۆری داناوە.

گوتم: مامه غەوسە: ئەدی خۆت ئەو دەفژەنییە لە چ کەسێکەوە فێربووی؟

گوتی: لە باوکم، چونکە هەر لە منداڵییەوە باوکی خۆم دیوە دەفی ژەنیوە و منیش دیارە لێی فێربوومە، حەز دەکەم بۆت باس بکەم کە ئامێری (دەف) بۆنەی تایبەتی خۆی هەیە تێیدا دەژەنرێت، بۆ نموونە: لە سەردەمی خەلیفەکانی (عەباسی)دا دەفژەنی ڕەواجی هەبووە، دوای ئەوە ڕێ نیشاندەرانی ئاینی پەیدابوون، ئەوانە لە کاتی (زیکر و خواپەرستی)دا دەفیان دەژەند، ئەوجا وابووە دە

کەس پێکەوە دەفیان لێداوە! جاری دی وابووە دوو کەس ئەو کارەیان ئەنجام دەدا، ئەوەش بەگوێرەی بوونی ژمارەیەک دەفژەن لەو شوێنەدا، هەروەها مامە غەوسە گوتی: لەبیرمە ئامێری دەف لە بۆنەی دنیاییشدا بەکارهاتووە، ئەوکاتەی من باسی دەکەم تەنیا ئامێرەکانی «چەنگ(٣)و چەغەوانە و دەف» هەبوون، چەغەوانە، یان چەقەوانەش ئامێری جۆری ڕەزمن.

گوتم: مامە گیان ئەوکاتە ئامێرەکانی دیکەی وەک (عوود) و (کەمان) و ئەوانە نەبوون؟

گوتی: تەنیا عوود و دەف هەبوون.

گوتم: گەر بیرت مابێت کاتی خۆی دەف لە چ بۆنەیەکدا بەکاردەهات؟

گوتی: لە بۆنەکانی وەک:

(١) کاتێک دەروێش بۆ کۆکردنەوەی ڕزق دەگەڕان، دەفیان لێ دەدا، هەندێ جار بە تەنیا و جاری دی بە دووقۆڵی دەگەڕان.

(٢) کاتێکێش (مەولوود) دەخوێنرایەوە، چەند دەفژەنێک لەو دانیشتنەدا ئامادە دەبوون و مەقاماتیان دەگوت و دەفیان لەگەڵدا دەژەند.

(٣) لە شاییشدا دیومە لە جیاتی دەهۆڵ، دەف لێدراوە، بەڵام بە بێ (زوڕنا)، چونکە لە شایی شێخاندا زوڕنا لێدان قەدەغە بوو، بەڵام شمشاڵ ئاسن بوویێت، یان قامیش لێدراوە!

گوتم: مامە گیان وەک دەفژەنێکی لێهاتوو، چی دەربارەی ئەم ئامێرە دەزانی؟

گوتی: دەف (کەوە)ی پێ دەڵێن، واتە کەوانە، یان بازنە، ئەم کەوانەیە تا گەورە بێت و کێشی کەم بێت باشترە، داری (مێو) لەبارترین دارە بۆ دروستکردنی ئەم ئامێرە، جاران (دۆمەکان) لە دروستکردنی کەوەی دەفدا ناودار و ئەهلی کار بوون، چونکە ئەوان جگە لە دەف پێداویستییەکانی ماڵی ئەو وەختەی وەک: (بێژینگ) و (سەرەند) و ئەوانەشیان دروست دەکرد، لە بیرمە دۆمەکان خۆشیان دەفیان بۆخۆیان دەژەند، حاجی عەبۆی دەفژەن دەفێکی هەبوو، باوکم بە لیرەیەک بۆی کڕیبوو! بەداخەوە ئەمڕۆ ئەو دەفە نەماوە، جا ئەو دار مێوە تا ماوەیەک لەبەر ئاو دادەنرا و دەیانتاشی تا دەبووە کەوە و وێک دەهاتەوە، تیرەی دەف لە نێوان (٤٠ تا ٦٠) سانتیمەتردایە، پێستەی مامزیش بۆ ئەم مەبەستە



باشترینیانە، بە مەرجێک بە وردی و بە جوانی پێستەکە بەسەر کەوەکەدا بگیرێت، ئەویش لەبەر ساردی و گەرمی ئەگەر وا نەبێت، دوای ماوەیەک داری کەوەکە شەت واتە خوار دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر پێستەکە لە هاویندا بەسەر کەوەکەدا بگیرێت، دەبێ پێستەکە شل ببەسترێت، بۆ ئەوەی کاتێک وشک دەبێتەوە نەدڕێت، ئەگەر بە زستانیش ئەو کاری پێست بەسەر کەوە داگرتنە بکرێت، دەبێ لە هاویندا لێی بکرێتەوە و جارێکی دی بەسەریدا بگیرێتەوە، شایانی باسە پێستی مامز قایمە و دەتوانرێت، زیاد لە جارێک لێی بکرێتەوە و دیسان بەسەرکەوەکەدا بگیرێتەوە، دوای ئەوە (زریزە)یان بۆ کەوەی دەف قایم دەکرد، ئەمەش لە کاتی دەف لێداندا خشەخشێکی تایبەتییان لێوە دەردەچێت. مامە غەوسە درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی: دەفژەنی باش دەتوانێ لەگەڵ هەموو مەقامێکدا لێ بدات!

گوتم: مامە گیان چەند جۆر (ڕەزم)ی ئایینی هەیە، مەبەستم هی ناو تەکیەیە؟

گوتی: پازدە جۆر (زیکر)(٤) هەیە، بۆ نموونە:

(١) یاهوو یا هوو.

(٢) حەی ئەڵڵا.

(٣) مەدەد مەدەد.

(٤) دائیم دائیم.

هەریەک لەوانەی سەرەوە (ڕەزم)ی تایبەت بەخۆی هەیە، واتە هەر یەکێک لەوانە جیایە لەوی تر.

مامە غەوسە هەروەها گوتی: دەف لێدان لەگەڵ شیعردا(٥) قورسە. زۆر دەفژەن هەن، نازانن وەستایانە دەف لێدەن، بۆ نموونە بەسەری پەنجە دەف لێ دەدەن و پێستەکەی دەدڕێنن!

گوتم: گەر بیرت مابێت جگە لەوانەی باسمان کردن، ئامێری دیکەی ڕەزم هەبوون؟

گوتی: تەپڵ هەبوو، ئەمەش مەرج نییە هەمیشە لە ئاسن، یان سفر دروست کرابێت، بەڵکو دیومە (گۆزە) بووە و پێستی تێگیراوە(٦)، جگە لەم ئامێرە لە ناو تەکیەدا ئامێری (دووتەپڵە)ش هەبوو، هەروەها زەمانی بابم (خەلیفە حافز) هەبوو، لە تەکیەی (باپشتیان) نایەکی لێدەدا مەگەر هەر خوا بۆ خۆی بیزانێ!

مامە غەوسە گوتی: باوکم لە ناو موزیکژەنانی تەکیەدا، کە لە ڕۆژانی کۆڕی زیکر و خوداپەرستیدا کۆدەبوونەوە، ئامێرژەنی ئامێری (نەی - شمشاڵ)یشی دانابوو.

گوتم: ناوی تەکییەکانی دیکەی هەولێر هی سەردەمی ئێوە گەر بیرت مابن؟

گوتی: تەکیەیماڵی شێخ محێدینی شێخ سالحی، تەکیەیەکی گەلێ بەناوبانگ بوو، تا ئەمڕۆش ماوە و لە گەڕەکی (عارەبان)ە، تەکیەی شێخ عەبدولکەریمی دارەخورمایی، ئەمەیان لە دەوری من پەیدابوو دەوری بابم نەبووە، ئێمەش لە هەولێر زیاد لە تەکیەیەکمان هەبووە، دانەیەکمان لە قەڵاتی هەولێر و یەکێکی دیکەمان لە گەڕەکی (خانەقا)، ئەمەیان ئەمڕۆ کاول بووە، دانەیەکی دیکەمان لە گەڕەکی تەیراوە بە ناوی مزگەوتی قادریە بوو، جگە لەوانە تەکیەمان لە ڕواندزیش هەبوو، ئەوانەی ئێرە زۆربەیان دەروێشی بابم بوون، تەکیەی قادری لە هیران تا ئەمڕۆش ماوە، تا دەگەیتە لای (برادۆستان) هەمان بوو، لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تەکیە زۆرن، جار بووە دەروێشی تەکیەکانی ئەوان بۆ ئێرە و جاری دی دەروێشانی ئێمە بۆ تەکیەکانی ئەوان چوونە، لە باکووری کوردستاندا (خانەقا)یەکی بەناوباگ بە ناوی (نەهری) هەبوو، نەوەکانی ماڵی نەهری ئەمڕۆ لێرە لە هەولێر نیشتەجێن، لەوانە نەوەکانی (شێخ زەیتۆ)ن، ئەمانە نەوەی حەزرەتی غەوسن.

هەروەها مامەغەوسە گوتی: لە کۆیە جگە لە تەکیەی ئێمە بە ناوی (قادری) و تەکیەی (تاڵەبانی) تەکیەی (مامە خەلیفە)ش هەبوو، لە گەڕەکی (بایزئاغا) بوو، ئەمەیان زەمانی من بوو، خەلیفە نەجمەدین لە کۆیە بلیمەتێک بوو، تا ڕۆژی ئەمڕۆش ئوستادێکی وەک ئەو لە غەزەل و مەقامدا دروست نەبووە.

گوتم: مامە گیان باشترین دەفژەنانی هاو تەمەنی تۆ کێ بوون؟

گوتی: حاجی عەبۆی دەفژەن، عەبدولکەریمی برام.

گوتم: شەهابە هەولێریت دیوە؟

گوتی: بەڵێ دەنگی تیژ بوو، دەنگی بە حاجی عەبۆی دەفژەن دەچوو، بەڵام لە هی ئەو خۆشتر بوو! شەهابە بە کوردی و بە تورکی دەیگوت، مەقامی (حیجاز)ی دەگوت و (ئیبراهیمی)شم لێی بیستووە ، ئەوکاتە من (١٤ - ١٥) ساڵان بووم، شەهابە لەسەر منارەکەی قەڵا (موناجات)ی دەکرد، ئەمە لە دەوری (مەلافەندی)دا.

لە بیرمە شەهابە جارێکی هاتە کۆیە، میوانی (مەلاحەوێز ئاغا)، یان (حەمە زیاد ئاغا) بوو، لە بیرم نییە بە چ بۆنەیەکەوە هاتبوو، کاتیش ساڵی (١٩٣١) و من لە کۆیە فەقێ بووم، لە مزگەوتی (مەلا ئەسعەد) لای کاکم (مەلا عەزیز) دەمخوێند، کاکیشم مەلا عەزیز لای (جەنابی مەلای گەورەی کۆیە) دەیخوێند، ئەو ڕۆژەی باسی دەکەم، ئێمە لە جومعەی بووین، شەهابە هات و سوورەتی (یووسف)ی خوێند، لاسایی (شێخ محەمەد ریفعەتی) کردەوە، ئەوکاتە تازە (ڕادیۆ) پەیدا ببوو، نازانم شەهابە چۆن وا زوو ئەو جۆرە خوێندنەی شێخ محەمەد ریفعەت فێرببوو؟ خەڵکی ئامادەبووی ناو مزگەوت لە جیاتی بەرەو قیبلە دانیشن، نوێژکەران لەتاو دەنگی شەهابە زۆربەیان ڕوویان بۆ لای (مەحفەل)(٧) وەرگێڕابوو، ئینجا دوای خوێندنی ئەو سوورەتە شەهابە یەکسەر ملی لێناو بەرەو دەرەوەی مزگەوت ڕۆیی و نوێژی نەکرد!

مامە غەوسە گوتی: باوکم هەموو دەنگخۆشانی خۆش دەویست، بە تایبەتی دەنگخۆشانی بەزەوقی زۆر خۆش دەویست، کاتێک باوکم دەهاتە کۆیە (مەلا ئەسعەد) و (سێوە) و ئەوانەی کۆدەکردەوە، لە بیرمە جارێکیان (بێخود)ی شاعیریش بە میوانی بۆ کۆیە هاتبوو، ئەو شەوە تا بەیانی نووستن نەبوو، دواتر مامە غەوسە بۆی باسکردم و گوتی: لەو جۆرە دانیشتنانەدا باوکم زەوقی لە گوتنیان وەردەگرت و قەت بەخواردنەوەشیان دڵگران نەدەبوو، دڵی فراوان بوو.

گوتم: ئەو وەختە زۆرتر چ جۆرە ئامێرێکی موزیک لێ دەدرا؟

گوتی: ئەو وەختە ئامێری (شمشاڵی ئاسن) هەبوو، کەسێک هەبوو بە ناوی (قادر) بە (شاتر) بانگیان دەکرد، شمشاڵژەنێکی زۆر لێهاتوو بوو، لە شوانی فێرببوو، خەڵکی دیکەش هەبوون ئامێرەکانی وەک: بلوول و شمشاڵ و دووزەلە و ئەوانەیان دەژەند، بەڵام دیسان دەیڵێمەوە دەنگخۆشی باشی وەکو خاڵە شێخ (نەجمەدین)م نەبووە.

دەروێش مستەفایەکیش هەبوو (مستەکۆر)یان بانگ دەکرد، دەروێشی باپیرم بوو، ئەمە لە هیرانێ هەتا دەوری باوکیشم هەر مابوو، دەنگخۆشی وەک ئەو پیاوە کەم پەیدا دەبن، قورئانیشی دەخوێند، بەڵام لە گوتن و ئسووڵی مەقامەکاندا باش نەبوو.

**پەراوێز:**

**(١) دیارە ئەو قسەیە بۆ ڕۆژی چاوپێکەوتنی من بۆ مامە غەوسە دەگەڕێتەوە. شایانی باسە چاوپێکەوتنەکە لە ڕێکەوتی (١٩٨٦/٨/٢٢)دا لە ماڵی خۆیاندا ساز کراوە.**

**(٢) (شێخ نەجمەدین) مامی شێخ ئەنوەری شێخ ئەحمەدی کۆییە و تا ساڵی (١٩٥٧)یش لە ژیاندابووە، کاتێکیش کۆچی کرد، تەمەنی (٩٣) ساڵ بوو.**

**(٣) کاتێک دەربارەی ئامێری چەنگەوە پرسیارم لە مامە غەوسە کرد گوتی: ئەو ئامێرەی چەشنی (زیل – سەنگ)ە، بەڵام زۆر چکۆلەیە، دواتر لێی تێگەیشتم کە مەبەستی ئەو ئامێرەیە، کە ئەمڕۆ بە تایبەتی ژنە سەماکارە عەرەبەکان لە کاتی سەمادا، دەیکەنە پەنجەی هەردوو دەستیانەوە.**

**(٤) دیارە مامە غەوسە لێرە مەبەستی لە (١٥) جۆر (ڕەزم ـ ئیقاع)ە.**


**(٥) لێرانەدا مەبەست لە شیعر (مەقام)، یان (غەزەل)ە، کە دیارە بەبێ شیعر ناگوترێن.**

**(٦) لەم قسەیەوە بۆمان ساغ دەبێتەوە، کەلەشی ئامێری تەپڵی سەرسێپای ناو تەکیە، ماوەیەکی زۆر نییە لە (کانزا)ی وەک: مس و ئاسن دروست دەکرێت، ئەوەتانی کورد زووتر لە گۆزە، واتە (قوڕی سوورەوەکراو) دروستیان کردووە، تا ئەم دواییەش لە (قەڵادزێ) گۆزەی سوور هەبوو، بۆ ساردکردنی ئاوی خواردنەوە بەکاردەهات.**

**(٧) مەحفەل/ مەبەست لەو شوێنە بەرزەیە کە (قورئان و کەبار خوێن) لێی دادەنیشن.**

# دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح

**هاشم سەڕاج**



**بۆ گوڵی باغی جەماڵت، ڕۆحی شیرین بولبولە**
**بۆ چرای ڕووخسارەکەت، سووتا دڵەی پەروانەکەم**
**شیخ نووری**

دیوانی شیخ نووری شێخ ساڵح «١٨٩٦- ١٩٥٨» لە کۆکردنەوە و پێداچوونەوەی تێکستەکان و ساغکردنەوە و لێتۆژینەوەی «ئازاد عەبدولواحید»ە، ئەم کتێبە سەرجەمی بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیر و نامەکانی و لێکۆڵینەوە و ڕێکخستنی فەرهەنگۆکێک لە لایەن نووسەرەوە خۆی لە قەرەی کتێبێکی قەبارە گەورەی ٧٥٨ لاپەڕەیی دەدا و هەڵبەتە ئەم کارە ئەدەبی و ڕەخنەییەی ئازاد عەبدولواحید نیشانەی ڕەنج و کۆشش و عیشق و شەیدایی و شەونخوونی و ماندووبوونێکی لە ڕادەبەدەری پێوە دیارە، نووسەر دەربارەی پرۆژەی نوێبوونەوەی شیعری کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەم جۆرە لە چەمک و پرۆژەی نوێبوونەوە دەدوێ: «چەمکی نوێبوونەوە بە تەنیا چەمکێکی تەکنیکی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکە زۆر لەوە قووڵتر و هەمە لایەنترە، نوێخوازی بەلای منەوە دووکاری بنەڕەتییە و لەسەر دوو کۆڵەکە ڕاوەستاوە

**یەکەم:** ئەو چەمکەیە کە دەڵێ شیعر، یان هەر کارێکی هونەری دیکە بنیادێکە، بەشێوەیەکی توند و تۆڵ و ئۆرگانیک پێکەوە نووساون.

**دووەم:** یاخیبوون لەسەر هەر داوونەریتێکی شیعری کە دەبێتە کۆسپ لەبەردەم شاعیرەکە و شێوەی دەربڕینەکەی».

نووسەر لە ڕوانگەی یان بەپێی هەمان پێوەر و پێوەدانگی ئەدەبی سەبارەت بە هەوڵ و کۆششە شیعرییەکانی شێخ نووری و دەسپێشخەرییە مێژووییەکەی لەمەڕ پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی پرسیارێک ئاراستەی عەقڵی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەکا و دەڵێ:

ئەوانەی خاوەنی ئینسافن هەرگیز ناتوانن گرنگی ڕۆڵی شێخ نووری لە پرۆسەی نوێکردنەوە و دامەزراندن و پەرەپێدانی شیعری نوێخوازانە لە ئەدەبی کوردیدا پشتگوێ بخەن».. شێخ نووری بەهۆی زانینی زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی توانیویەتی دنیا شیعرییەکەی خۆی دەوڵەمەند

بکا.. نووسەر دەربارەی کێش و سەروا، یان کێشی هیجایی و بەحرەکانی عەرووز دەڵێ: «ئەو قسانەی لێرەدا سەبارەت بە نیما یۆشیج کراون زۆر لە هەنگاوەکانی شێخ نووری نزیکمان دەخەنەوە، کە ڕاستە لە شیعرەکانیدا وەک ڕواڵەتێک دەستبەرداری قافیە نەبووە، بەڵام عەرووزی دەسکاری کردووە، لەم هەنگاوی نوێکردنەوەیەیدا کێشی عەرووز و کێشی هیجای تێکەڵ بەیەکتر کردووە». شێخ نووری وێڕای بەهرەی شیعری و دەنگخۆشییەکەی لە بواری ڕۆژنامەنووسی و وەرگێڕان و ئۆپەرێتنووسی و وتارنووسی و ڕەخنەکاریشدا کاری دەگمەن و دانسقەی ئەنجام داوە، شێخ نووری مانەندی هەر شاعیرێک هێدی هێدی کەرستەی شیعری و تێڕوانینی تایبەتی و چۆنیەتی دەربڕینی شیعری لە لای گەشە دەکا و دواجار سوود لەو ڕاپەڕینە شیعرییە وەردەگرێ کە «جەماعەتی شوعەرای فەجری ئاتی» لە جیهانی شیعری تازەی تورکیدا بەرپای دەکەن، بۆیە نووسەر پێی وایە نوێکردنەوەی شیعری لای شێخ نووری وەک شاعیرێکی ڕچەشکێن «تەنیا لە بواری کێش و قافیە دابین نەبوو، بەڵکو نوێبوونەوەی تێڕوانینی بوو، دەشلێ ئەوەی بە وردی چاوێک بە شیعرەکانیدا بخشێنێ، بە چاکی هەست بە عەفەوییەتی شیعری و خوڕی دەربڕین و ئاهەنگی وشەو ڕستەو وێنەکانی دەکات»..

ئەگەر چاوێ بەو تێکستە شیعرییە وەرگێڕدراوانە بخشێنین کە لە لایەن شێخ نووری- یەوە لە ڕێگەی زمانی، تورکی، فارسی و عەرەبییەوە کراون بە کوردی هەست دەکەین هەمیشە چەمکی «بوون» لە دەقەکاندا بە هەستێکی ئەنتۆلۆژی تێکەڵ و ئاوێتە بە عیشق و خەفەت و غەمبارییەکی قووڵ گوزارەی لێ کراوە، لێرە هەوڵ دەدەم برگەگەلێک لە شیعری «مەقبەر»ی عەبدولحەق حامید و «ڕۆح»ی کچە شاعیری ئینگلیز «ئەی. ئێل. بارباوڵد» «١٧٤٣- ١٨٢٥» و دەقی «تەفەکور»ی ڕەجایی زادە ئەکرەم بەگ، ئیلیا ئەبوماضی» و چوارینەکانی «خەیام». کە تێڕای ئەم تێکستانە هەر یەکێک بەشێوەو فۆرم و شێوازێکی جیاواز هەڵگری هەستێکی ئەنتۆلۆژی و نیهلیستیک تێکەڵ بەشێوەیەک لە دەروشانەوەی سۆفیگەرێتین، هەر لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ پرسکی ئاگری ئەو هەستە غەمبار و سەودا زەدەیە لە تێکستە شیوەن ئامێز و ماتەمنامەکانی شیخ نووری- دا بدۆزینەوە کە بەهۆی مەرگ و ماڵئاوایی کۆمەڵێک دۆست و مرۆڤی ئازیزەوە نووسراون و زیاتریش لە ڕۆحە شیعرییە شیوەن ئامێزەکانی «مەولەوی»یەوە نزیکن، کە مەولەوی هەمیشە لە ڕێگەی عیشق و سۆز و خەم و شەیدایی و مەینەتەوە چەپک چەپک شیعری شیوەن ئامێز و ئەڤین ئامێزی بۆ کچ و کوڕە جوانە مەرگەکانی خانەوادەی شێخ زادە و پیر و مورشیدانی تەریقەتی نەقشبەندی گوتووە، سەرەتا چەند برگەو ڕستەیەک لەو تێکستە وەرگێڕدراوانە دەخەینە ڕوو، کە هەڵگری ئەو هەست و حەسرەتە خەفەتبارەو بێ دەنگییە ئەنتۆلۆژییەن، دواتر چەند برگەیەک لە شیعرە ماتەمینەکانی شێخ نووری وەک نموونە دەخەینە ڕوو:

**مەقبەر**

**شیعری: عەبدولحەق حامید**

**هاوار من چیبکەم، نەجێ ما، نەیار**
**هەر دڵ مایەوە، پڕ دەردو ئازار**
**ئێستا لێرە بوو، لە دەستم بەربوو**
**لە ئەزەلەوە، هات بۆ ئەبەد چوو**
........
**یاران! ئەم جێیە، ناشێ مەقبەر بێ**
**ناشێ ئەم چاڵە، یانەی دولبەر بێ**
**کاشکی پێش ئەو بوومایە بە خاک**
**نەمدیایە بنوێ، لە خاکا غەمناک**
......
**مەقبەر دوا ڕۆژی، هەموو ئینسانە**
**ئەمەش ئەسراری، زاتی یەزدانە**
.........
**لای کێ ڕەوایە لەشی وا نازدار**
**«ژنێ» کفنی کاو بینێتە مەزار**
..........
**«فاتمە» بۆ لە من، ماڵئاوایی کرد**
**منی وا تووشی، بێ نەوایی کرد**

یان ئەم تێکستەی «ئیلیا ئەبوو ماضی» کە لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوە لێوانێوە لە هەمان هەستی

**له کوێوه بۆ چ ئامانجێکه نازانم، کەچی هاتم**
**کە چاوم کردەوە ڕێم گرتەبەر، چەشنی خەیالاتم**
**ئەبینم ڕێ و ئەڕۆم بۆ خۆم ئەگەر دڵخۆش، ئەگەر ماتم**
**له کوێوه هاتم و ئەم ڕێگەیە بۆ کوێیە، تێناگەم**
..........
**ڕەفیقان خۆزگە ئەمزانی لە پاش ڕۆیشتن و ون بوون**
**بەخۆم ئاخۆ ئەزانم وام لەژێر مشتێ گلا مەدفوون**

یان دەقێکی کچە شاعیری ئینگلیز «ئەی. ئێل. بارباوڵد» «١٧٤٣- ١٨٢٥»ی لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوە، هەڵگری چرکە گەلێکی لاهووتی و حەسرەتگەلێکی ئەنتۆلۆژییە:

**ئەی ڕۆح! بەڕاستی تۆ کێی نازانم**
**هێندەم لێ عایەن بووە کە ڕۆژێ**
**من و تۆ لەیەک جیا ئەبینەوە**
**بەڵام کەی، لە کوێ یەک ئەگرینەوە**
**نازانم. ئەمە مەتەڵەو ئەسرار**

یان برگەیەک لە شیعری «تەفەکور»ی ڕەجایی زادە ئەکرەم بەگ کە لە تورکییەوە وەریگێڕاوە، تێکستێکە تژی لە تێڕامان و لێکدانەوە و وردکاری:

**دەمێ کە شامی غەریبانە ڕووپەڕی ئافاق**
**ئەسیری زوڵمەت و مەنزوری چەشمی ڕیققەت ئەکا**
**دەمێ کە بادی سەبا، غونچەی گوڵ و ئەوراق**
**بە ئاهی حوزنەوە مەئلووفی دەردی حەسرەت ئەکا**
**فەلەک کە نەجمی درەخشانی پرتەو ئەفشانە**
**تەفەکوراتم ئەوێ موتەسلی خرۆشانە.**

بەڵام چوارینەکانی «خەیام» کە لە وەرگێڕانی شێخ نووری-یە تیایاندا هەستی ئەنتۆلۆژی هەڵگری جۆرێک لە پرشنگ و درەوشانەوەی سۆفیزمی ئاوێتە بە توخمەکانی نیهلیستە:

**دەستێ وەکو دەستی من کە ساغر بگرێ**
**حەیفە لە شەرابی ناب کەمتر بگرێ**
**تۆ سۆفی وشکی و منیش فاسقی تەڕ**
**نەمبیستووە داری تەڕ کە ئاگر بگرێ**
......
**یەک پیاڵە هەزار پیاوی بێ دین دێنێ**
**چۆڕێ لە شەراب، کیشوەرەکەی چین دێنێ**
**لە جیهان چی بێ لە مەی خۆشتر بێ**
**تاڵێکە هەزار ڕۆحی شیرین دێنێ**
.........
**گەر ڕووی زەمین بەجارێ تۆ بونیاد کەی**
**ناگاتە ئەوە دڵی زەبوونێ شاد کەی**
**گەر شەخسێ بە مەرحەمەت بکەیتە بەندە**
**چاترە لەوە، کە بەندەیە ئازاد کەی**
.......
**تۆ فەرموو حیسابی کە ئەگەر باخەبەری**
**هاتووی شتت پێ نەبوو، کە چووی هیچ نەبەری**
**فەرمووتە کە ناخۆمەوە مەی من ئەمرم**
**بیخۆیەوە ئەمریت و نەخۆی هەر ئەمری**
......
**ئەی موفتی لەتۆ گەلێ عەقڵدارترین**
**بەم مەستییەوە لە ئێوە هۆشیارترین**
**تۆ خوێنی کەسان ئەخۆیت و من خوێنی ڕەزان**
**کاممان لەوی ترمان بەدو خوێنخوارترین**
.......
**ئەبڕێتەوە ئەم عومرە چ شیرین و چ تاڵ**
**ڕۆح هاتە سەری لێوت، چ شابی و چ حەماڵ**
**مەی نۆش کە، ساڵ و مانگ گەلێ پاش من و تۆ**
**مانگ ئەوەلی دێ و ئەگاتەوە ئاخر ساڵ**
......
**دەستێ بە کەلامی خواوە دەستێ ملی جام**
**گەه یاری حەلاڵین و گەهێ دۆستی حەرام**
**ئێمەین کە لەژێر گومەزی شینی چەرخا**
**نە کافری موتڵەق و نەموسڵمانی تەمام**

ئەم هەستە پەژارە ئامێزە لە شیعرەکانی شیوەن و ماتەمنامەکانی شێخ نووری-دا بەخەم و خەفەتێکی هێجگار قووڵ ڕەنگی داوەتەوە.. نە خوازەڵڵا ئەو دەقە ماتەمین ئامێزەی کە بۆ شێخ عەزیزی برای نووسیوبەتی:

**شیوەنی شێخ عەزیزی برای**
**لە فوارەی دڵ لەبەرچی خوێنی گەش نەڕژێتە سەرچاوم**

**لەبەرچی سوور نەبێ داوێنی بەدبەختیی بەخوێناوم**
**کە من زانیم ئیتر مەرهەم نییە بۆ جەرگی سووتاوم**
**ئەناڵێنم لە دووری تۆ، ئەڵێم شەرتە هەتا ماوم**
**ئەسیری خاکی گۆڕ و نەوجەوانی پڕ مەلالم ڕۆ**
**عەزیزم ڕۆ، عەزیزم ڕۆ، عەزیزی نەونیهالم ڕۆ**
**.......**
**لە کاتی گیانەڵای مەرگا بە بێکەس مای، لە خۆیشان دوور**
**ئەمە تیرێکە جەرگم کون ئەکا تا ڕۆژی نەفخی صوور**
**برایی جەرگ و دڵ سووتاوی کوردی پڕ مەلالم ڕۆ**
**عەزیزم ڕۆ، عەزیزم ڕۆ، عەزیزی نەونیهالم ڕۆ**

یان لە دەقی شیوەنی شێخ برایمی برایدا بە هەمان شێوە ڕوو لە حەسرەت و غەمنووسی دەکا:

**بەدەم «با» و گێژەڵووکەی نەگبەتی و ئاسیبی دنیاوە**
**بە بنجی دەردەوە، وەک پووشی با بردوویە ئالاوم**
**بڵێسەی ئاگری مەرگت بە نەوعێ دڵمی هەڵقرچان**
**گەیشتە عەرشی ئەعلا بۆ چرووکی جەرگی سووتاوم**
**مەگەر هەر دەستەو ئەژنۆ دانیشم بۆ حاڵی خۆم بگریم**
**مەگەر هەر قوڕ بەسەرخۆما بکەم بۆ حاڵی شێواوم**
**ئەڵێی سەرچاوەکەی دڵ بۆتە بەحری خوێنی ئاڵ و سوور**
**لە خوێناوی گەشی فرمێسکما بەم ڕەنگە گەوزاوم**
**مەزانە بێکەس و تەنیا لە دوای تۆ من بەجێ ماوم**
**سەری خۆی دائەنێ قەومی خەفەت، دایم لە پێناوم**
**لەسەر لێوم ئەبێ ئەم ئاخ و داخ و ئۆفە تا مردن**
**لەسەر چاوم ئەبێ فرمێسکی خوێناویی هەتا ماوم**
**تەوژمی ئاهو لافاوی سروشک ئەمبا بە ڕێگاوە**
**چڵ و چێوم بە بنجی داری بەدبەختییەوە گیرساوم**

یان لە شیوەنی ئاوڕەحمانی خاڵۆزایدا شیعرێکی شیوەن ئامێزی تژی لە وردەکاری ئەدەبی دەنووسێ، لێرە بڕگەیەک لە ناوەڕاستی دەقەکە دەخەمە ڕوو:

**لە باغا گوڵ کە چاوی کردەوە، تۆ چاوی خۆت لێکنا**
**مەگەر بۆ چاوی لێکناوت بە چاوی چاوەڕوان ئەگری**
**بەسەر پەڕەی گوڵی زوو هەڵوەریوی نەوجەوانیتا**
**چەمەن ئەگری، گوڵ ئەگری، بلبل ئەگری، باغەبان ئەگری**

لە ماتەمنامەی شیوەنی شێخ مەحموودی حەفیدیشدا بەهەمان شێوە چەردەیەک لە وردەکاری شیعری و ڕوانینی قووڵ دەخاتە ڕوو.

### شیوەنی شێخ مەحموودی سەرۆک، چەند بەیتێک لە ناوەڕاستی تێکستەکە

**ئەپاڵێوێ پەڕەی دڵ نم نمە خوێناوی لێڵ و وێڵ**
**ئەرێژێنێ مووژەی چاو قەترە قەترە ئەشکی گریانم**
**وەرن سەیری تەبیعەت کەن، لە هەوری ئاه و خوێنی دڵ**
**کە چۆن تاوێکی هێناو بارییە سەر مەزرەعەی ژیانم**
**پەژارەو خەم سەری هێنایە دەر بەم تاوە بارانە**
**وەری گۆیکەی چناری عەیش و نۆشی سەرچنارانم**

بەڵام لە دەقی «ئەی دولبەری جانی»دا، هەستێکی ئیستێتیکی تێکەڵ بە ئیقاعەکانی ڕستەو گەمەی کێشە هیجاییەکان دەکرێ.. دەڵێی کەرنەڤالێکەو لە کەژاوەیەکی ڕەنگیندا وەک دیارییەک پێشکەش بە «معشوق» دەکرێ:

**ئەی دولبەری جانی بەخودا جانی جیهانی**
**ئارامی تەن و ڕاحەتی دڵ، ڕۆحی ڕەوانی**
**نووری بەسەر و شەمعی شەبستانە جەماڵت**
**مەحبووبی دڵ و مەحرەمی سەد ڕازی نیهانی**
**یاقووتی لەبت، قووتی منی ڕووتە بە قوربان**
**ڕووت دەرخە کە بڕوا شەو و بێ وەختی بەیانی**
**موژگان و بڕۆت سەف وەکو عەسکەر کە دەبەستن**
**باکت چییە تۆ ساحیبی شمشێرو سینانی**
**خوێنی منت بەو گەردنە بێ ڕۆژی قیامەت**
**ئەم عالەمە شاهیدمە کە تۆم قاتیلی جانی**
**ئەی عەبدی خودا، شەرمێ لە دیوانی خودا کە**
**ڕەحمت ببێ دنیایەکە بێ قیمەت و فانی**
**ببڕێتەوە ئەم دەعیەیە، بەم حوسنە مەنازە**
**وەک عومری منی خستە «سریع الجریانی»**

زۆرجار لای شێخ نووری شێخ ساڵح هەستی جوانی ئاوێتەی پرشنگە لاهووتییەکان و چرکە شادی بەخشەکانی دڵ دەکرێ و جۆرێک لە دڵنیایی و خاترجەمی بە گیان دەبەخشێنرێ.

بۆ نموونە ئەم بەیتە لە دەقی «پەشێوی پەرچەمی

شۆخێکم» وەردەگرین و هەست دەکەین تەزوویەک، یان مۆچرکێکی نادیاری جوانی لە میان دووتوێی وێنەیەکی ئاڵۆز و جوانی شیعرییەوە لە جووڵەو بزاف دایە..

**کە میحرابی برۆی تۆم دی، ئیتر لەو وەختەوە دایم**
**خەریکی ئامشۆی مزگەوت و وێرد و نوێژ و سیواکم**

یان لە شیعری هەر مورغێ فڕی-دا دەڵێ:

**ئەی بێ خەبەران، ئێوە نەزەرکەن لە جەمالی**
**هەر ساعەتێ ڕەنگێکە قەد و جیلوەیی باڵای**

دەقی «هەر مـــورغی فـــڕی» لە بنەڕەتدا هەڵگری نیـــشـــانەیەکـــە و ئامـــاژە بۆ گـــەوهەری بابەتە سوفیگەرێتییەکەی کتێبی «منطق الطیر»ی «فەریدەدینی عـەتار» دەکا کـە مـورغ و فـرندەکـان بە پۆل و ڕەو ڕووەو چەمەنستان و گوڵشەنی میهری باڵا سەرهەڵدەگرن و بە ئاگری «وەجد»ی ڕەها پەڕوباڵیان دەسووتێ، ئیتر بوون و سێبەری یەکدی ناناسنەوە و و هەر سیمـورغ لە ڕێگەی عـیـشق و توانەوە و یەکـێـتی بوون.. دەبنە تاقـە «سیـمـورغـێک».. و مـانەندی سێـبـەرێکی پەرت و سـەرلێشـێـواو بەرانبـەر حـوسنی شکۆمـەندی ئاوێنەی عـالـەمی باڵا، کـەواتە دەبێ کێ شـایان و شـایسـتـەی ئەوەبێ لە عیشق و جوانی و عەرشی ئەو میهرە یەکتایە نزیک بکەوێتەوە، مەگەر ئەو ئافەریدەیەی دڵ و گیانی لە ئاتەشکەدەی وەجدی خوداوەندیدا تواندبێـتـەوە و بووبێتە تێکستێک لە عیشق و فەنا:

**هەر مورغێ فڕی بۆ چەمەنستانی خەیاڵی**
**ناگاتە ئەوێ، تێک ئەشکێ شاپەڕی باڵی**
**ئەحواڵی دڵی زەڕە، بەدەس ڕۆژەوە دیارە**
**ئەی بێ خەبەران، ئێوە نەزەرکەن لە جەمالی**
**هەر ساعەتێ ڕەنگێکە قەدو جیلوەیی باڵای**
**میرئاتی تەفەکور نییە، بۆ عەرزی میسالی**

شێخ نووری لە تێکستی «فەریادیشدا کە بریتییە لە پێنج برگـەی شـەش دێری و لەسـەر نیـوە شـیـعـرێکی «سـوڵتـان سـەلیم... تەسـدیس کـراوە هاوکـات بە تێڕوانینێکی قووڵ لە چارەنووسی بوون و مرۆڤ و زەمان دەڕوانێ و سـەراپای بوون لە سـەیرووڕەی گـەمـەیەکی بێهودەییدا دەبینێ.

چەند بەیتێک لەم تەسدیسە دەخەینە ڕوو:

**بۆ سەیرێ، مووەقەت، لە نەبوو دێتە دەر ئینسان**
**کوا حشمەت و کوا سەڵتەنەت و تەختی سولەیمان**
**نەیدیوە کەسێ خۆشی لە دەس گەردووشی دەوران**
**گەه خورەم و خەندان و گەهێ ماتەم و گریان**
........
**فریاد ئەمەیە تەرجومەیی حاڵی زمانە**
**هەر لەحزەیە دنیا، ئەلەم و ئاهو فیغانە**
**ڕۆیشتنی ئەم عالەمە، وەک سەیلی ڕەوانە**
**ئەبڕێتەوە هەر پێنج و دووڕۆژێکە زەمانە**
.....
**دنیا چییە ساتێ فەرەح و ساتێ مکەددەر**
**ماهییەتی مەعلوومە لەلای پیاوی منەوەر**
**عەجزو ئەلەم و گریە و ئەفغانە سەراسەر**
**گەه عوشرەت و شادیی و گەهێ مەرگی برادەر**
**لەم میحنەت و لەم ژین و نەمانە چییە مەقسوود**
**«فریاد آزین نوع وجود عدم آلود»**

پاشان ئەم هێزە شیعرییە ناوەکییە لای شێخ نووری شێخ ساڵح لە شیعری «شەو»دا بەشێوەیەکی ڕەها دەتەقێتەوە و لە ڕێگەی عیشق و مەستی و هەستێکی ئیستێتیکی تێڕوانین و جیهانبینییە تایبەتییەکان دەردەبڕێ و خودی شیعری لە ڕێگەی ئیقاعگەلێکی حەسرەتئامێز و غەمبار، تیشک و بڵێسە و پرشنگە نادیارەکانی شێوەو ڕوخساری «یار» دەنووسێتەوە...

**شەو**

**خۆت بپارێزە لە ئاهی دڵی بریندارانی شەو**
**نەک خودا ناکەردە گیرابێ، دوعای ناڵانی شەو**
**یاوەر و یارو ئەنیسم، ئاهو ئەشکی حەسرەتە**
**ئافەرین ئەی بارەکەڵڵا، دیدەیی گریانی شەو**
**ئەشکی حەسرەت، لازمی جەمعی سیەه بەختانە هەر**
**شەونمی سوبحە، دەلیلی قەترەیی موژگانی شەو**
**هەر کە ڕووی تۆی دی، ئیرادەی بەیعەتی کرد ئافتاب**
**تووڕەیی موشگینی تازەی کردەوە ئیمانی شەو**
**خەت ئەگەرچی هێرشی هێناوەتە سەر ڕوومەتت**

**حازره ئەم ڕۆژە دەرچێ، بۆ شکستی شانی شەو**
**دڵ ئەبێتە قەترەیێ خوێن و لە دیدەم سەر ئەکا**
**هەر کە ڕابووریێ بە دڵما سوحبەتی جارانی شەو**
**مونتەهای ئەم زوڵمەتی هیجرانە، ڕۆژی وەسڵ ئەبێ**
**ئاخری نووری شەفەق ئەڕژێ لەهەر دامانی شەو**
**«نووری» لەم پێچ و خەمی زوڵفە نەجاتت زەحمەتە**
**لای سەخی تەبعان مەحاڵە، ڕوخسەتی میوانی شەو**

هەروەها دەقی «ژیانی ئادەمیزاد»یش خوێنەر بەرەو تێڕامان و وردبوونەوە دەباو وای لێدەکا مرۆڤ بە دوای خودی خۆیدا بگەڕێ، بەڵام شیعری «پەپوولە» ناسکترین و لیریکیترین تێکستی نێو دیوانی «شێخ نووری»یە، بەبیرم دێ کە قوتابی قۆناخی سەرەتایی بووم ئەم شیعرەمان بەم دەسپێکە ئەزبەر کردبوو.

**شەبەق ئەدا بەیانی**
**لە گوێ جۆگەو سەرکانی**
**ئەگەڕێی تا ئەتوانی**
**هیچ ماندوویتی نازانی**
**کام جێگا خۆش و بەرزە**
**کام لق ناسکە، سەوزە**
**لە دوورەوە بۆی ئەفڕی**
**جێگای خۆتی لێ ئەگری**
**بە ڕۆژ جێت ناو گوڵانە**
**بەشەو ئەبییە پەروانە**
**لە کوێ بە شوعلەت زانی**
**خۆت ئەکەی بە قوربانی**
**پەپوولەی ناسک و نازدار**
**عاشقی دڵ بریندار**
**خۆزگە ئەمزانی تۆ بۆ**
**واخۆت ئەکەی ڕەنجەڕۆ؟**


**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح- بەرگی یەکەم، کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و لەسەر نووسینی: ئازاد عەبدولواحید. بڵاوکراوەی ئاراس، ژمارە ٦٩٠، چاپی دووەم- هەولێر- ٢٠٠٨.**

# ڕۆڵی ناسیاری سڕینەوە لە زمانە شیعری (مەرگە خەون)دا

**هادی حەبیبی**
**(بۆکان)**



بە ڕوانینێکی وردبینانە لە مێژووی ئەدەبی هەر گەلێک، بۆمان دەردەکەوێ کە لە جیهانی پڕ ڕەمز و ڕازی شیعردا هەمیشە بەڵگەیەک بۆ جیاوازی شیعر لەگەڵ قسەی ئاساییدا هەبووە. جگە لە ئیحساس کە سەرەکیترین لایەنی شیعرییەتە، زۆرجار جوانکاری جۆراوجۆری ئەدەبی هاتوونەتە ئاراوە چێژێکی تایبەتیان بە شیعر داوە کە دەکرێ بڵێین ئەرکی هەرە گرنگی ئەم جوانکارییە گرنگانەی کە لە شیعری هەر گەلێکدا ڕیشەی داکوتاوە و زۆر جوانکاری دیکەی بە دوای خۆیدا خوڵقاندووە، ناسیاری سڕینەوەی (آشنایی زدایی)یە. شوێن پێی ئەو جوانکارییە ئەدەبییە لە ئاسەواری زۆرێک لە شاعیرانی هاوچەرخی کوردیدا ئاشکرایە و (ئەمین گەردیگلانی) لەو شاعیرانەیە کە لە ئاسەواری شیعری خۆیدا گەلێ جار لەم سەنعەتە کەڵکی وەرگرتووە. «مەرگە خەون» سێیەمین کۆمەڵە شیعری ئەو شاعیرە، نموونەی زۆر بەرچاوی لەو سەنعەتەی تێدایە کە جێگەی تێڕامان و تێفکرینە، بەڵام بەر لە باس کردنی ئەو نموونانە، پێویستە ئاورێک لە مێژووی دروست بوونی ئەو سەنعەتە بدەینەوە. وەک دەزانین لە ساڵی ١٩١٥ز لە ڕووسیا تاقمێک دروست بوون و بیروڕای گرنگیان لەمەڕ ئەدەبیات و تایبەتمەندیی زمانی ئەدەبی بەدی هێنا، ئەگەر لە مێژووی ئەدەبی ئەو سەردەمە وردبینەوە، دەزانین کە بە ناوی ڕواڵەتگەرایانی ڕووسی ناسران و بە کورتی لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەدەبیات ئەرکی سەرنجدان بە ڕواڵەت و فۆڕمی لەبیر بردۆتەوە و دەبێ فۆڕم و ڕواڵەت لە ئەدەبیاتدا بایەخی پێ بدرێ و هەر سەبارەت بەو باوەڕەش بوو کە لە دوو دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم بەو لاوە ڕواڵەت و جیاوازی ڕواڵەت لە ناوەڕۆکی دەقە ئەدەبییەکان، بوو بە باسێکی گرنگ لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، ڤیکتۆر شکلۆڤسکی لەو کەسانە بوو کە لە ساڵی ١٩١٧ز وتارێکی نووسی و بۆ هەوەڵ جار باسی ناسیاری سڕینەوەی هێنا ئاراوە. شکلۆڤسکی پێی وابوو کارکردی سەرەکی هونەر و ئەدەبیات، ناسیاری سڕینەوەیە و بە سەرنجدان بەوەی کە بەشێکی زۆر لە ژیانی ئێمە عادەتە، ناسیاری سڕینەوە- کە بە مانایەکی تر عادەت سڕینەوەیە- دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە لە دنیای دەوروبەرمان باشتر تێبگەین و لە

شێوەی ڕوانینی خۆماندا ئاڵوگۆڕ پێک بێنین. لەو باوەڕەدا کەسانێکی وەک «میخائیل باختین» و «ڕۆمن یاکۆبسن» (زمانناسی ڕووسی) لەگەڵیدا بوون و دواتر ئەو دوو کەسایەتییە زمانناسە، ئەو باسەیان بە چەشنێکی تر پەرەپێدا. دەشزانین کە ڕواڵەتگەرایان فۆرمالیستەکان چەشنێک بەربەرەکانییان لەگەڵ سومبۆلیستەکان دروست کرد و باسی ئەسڵی ئەو بەربەرەکانییەش، ئیما لە شیعردابوو کە لێرەدا دەرفەتێک بۆ پەرەپێدان بەو باسە نییە. بەڵام ناسیاری سڕینەوە یانی چی؟ بە پێی بۆچوونی شکلۆڤسکی ناسیاری سڕینەوە (Defamiliarization) یانی تێکشکانی عادەت لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا. بەو مانایە کە نووسەر ئەم شێوە ئاسایی و باوەی کە لە بواری مانایی و واژەیی ڕستەکاندا هەیە بگۆڕێ و ئەم گۆڕانەش بە تەواوی بە پێچەوانەی چاوەڕوانی خوێنەر بێ. جگە لە بواری مانایی و واژەیی لە هەر سەنعەتێکی ئەدەبی وەک کەسایەتی بەخشین (تشخیص) و شوبهاندن (تشبیە) و زێدەوەسف (اغراق) و ئاوێتەکاری هەستەکی (حس آمیزی)دا شوێن پێی ناسیاری سڕینەوە بەدی دەکرێ. لەبەر ئەوەی هەریەک لەو سەنعەتانە بە چەشنێک بەکارهێنانی زمانێکە بە پێچەوانەی عادەت. تا ئێرە باس لە مێژووی دروست بوون و تەعریفی ناسیاری سڕینەوە کرا و ئێستاش باس لە دوو بواری ١- مانایی، ٢- پێکهاتەیی ئەم سەنعەتە و ڕەنگدانەوەی لە «مەرگە خەون»دا دەست پێ دەکەین:

١- ناسیاری سڕینەوەی مانایی: لەم بەشەدا نووسەر بە هێنانی ڕستەیەک، یان دێڕێک لە مانا و ناوەڕۆکدا گۆڕانکاری و نوێخوازییەک دروست دەکا کە بە تەواوی بە پێچەوانەی ئەو شتەیە کە باوە. ئەو بەشە لە ناسیاری سڕینەوە لە چوار جوانکاری ئەدەبیدا و بە هێنانی چەند نموونە لە «مەرگە خەون» درێژە پێدەدەین.

١-١- ناسیاری سڕینەوەی مانایی لە جوانکاری (کەسایەتی بەخشین)دا: جوانکاری کەسایەتی بەخشین (Personification) نموونەیەکی ئاشکرای ئەم سەنعەتەیە و وەک بە نێوەکەی ڕا دیارە، بە مانای گیان بەخشین بە شتگەلی بێ گیانە. شەفیعی کەدکەنی ئەم جوانکارییە ئاوا پێناسەی دەکا: «کەسایەتی بەخشین یانی ئەوەی کە نووسەر شتگەلی بێ گیانی بە کردەوە و ئاوەڵناو (صفت)ی مرۆڤ و گیاندار برازێنێتەوە(١)» سەرنج بدەنە ڕەنگدانەوەی ئەم جوانکارییە لە مەرگە خەوندا:

**کانییەکی چاوشینم دی**
**خۆی لە چنگی زبری خاک**
**ڕادەپسکاند و**
**بە سلۆکی ڕێی دەپێوا؛**
**دوای چەند هەنگاو**
**کە خۆر نوقورچێکی دەگرت**
**لە ڕانە ڕووتەڵەکانی،**
**هەڵمی شەرمێک دایدەگرت و**
**خۆی دەخزاندەوە ئامێزی**
**خۆڵ و بەرد و خیزەڵانی.**
(ترس لاپەڕەی ٦٢)

چاوشین بوون لە ڕاستیدا ئاوەڵناوی مرۆڤە و شاعیر لێرەدا کانی بەم ئاوەڵناوە دەڕازێنێتەوە، یان کار (فعل)ی ڕاپسکاندن و ڕێ پێوانیش تایبەت بە گیاندارە کە لێرەدا دیسان بە جوانکاری کەسایەتی بەخشین بە کانی، کاری ڕاپسکاندن و ڕێ پێوانیشی -وەک گیانداریَ- پێ تایبەت دراوە لە بەشەکانی دوایی ئەم شیعرەشدا (نوقورچک گرتن) و هەروەها (شەرم کردن) هەر کام لە بواری ماناییدا بە جوانکاری کەسایەتی بەخشین، چەشنێک ناسیاری سڕینەوەن. ئەم جوانکارییە لە شیعرەکانی: ئۆقرە گرتن لە باوەشی هیوای سووردا، خەمێکی شیرین، ڕێگا، گازندە، تینی ڕسکان و دەهۆدا ئاشکرایە.

١-٢ ناسیاری سڕینەوەی مانایی لە جوانکاری (شوبهاندن)دا: دووەمین جوانکاری مانایی شیعری کە لە باری ماناییەوە ناسیاری سڕینەوەیە جوانکاری شوبهاندنە. شوبهاندن (Simile) یانی ئەوەی نووسەر شتێک، یان کەسێک بە شتێک، یان کەسێکی تر بشوبهێنێ (٢). شیعری (پێکەنین) باشترین نموونە بۆ ئەم جوانکارییەیە.

**ئەوەندە لەمێژە لێوم**
**پەپوولەی بزەیەکی**
**لێ نەنیشتووە**
**توێژاڵ توێژاڵ**
**غەوری خەمی لێ بار دەبێ.**
**بۆیە ئێستا**
**جار نا جارێک**
**کە سروەی پێکەنینێک دێ و**
**باوەش لە ڕۆحم وەردێنێ**
**خێرا هەناسەم سوار دەبێ.**
(پێکەنین ل ٦٥)

لەم شیعرەدا وەک ئاشکرایە بزە بە پەپوولە شوبهێندراوە و جگە لە شوبهاندن، جوانکاری کەسایەتی

بەخشین لە «نیشتنەوە»دا دەبیندرێ و بزە بە نیشتنەوە، کە تایبەتی بوونەوەرێکی زیندووی وەک پەپوولەیە، ڕازاوەتەوە و جوانترین نموونەی ناسیاری سڕینەوەیە. بە گشتی شوبهاندن بە جوانترین بەشیەوە (تشبیه بلیغ) و هەروەها کەسایەتی بەخشین (استعارە مکنیە) دوو جوانکاری سەرەکی ئەم شیعرەن و لە بەشی دوایی شیعرەکەشدا دیسان شوبهاندنی پێکەنین بە سروە ناسیاری سڕینەوەیە.

١-٣ ناسیاری سڕینەوەی مانایی لە جوانکاری (زێدەوەسف)دا: زێدەوەسف وەک جوانکارییەکی دیکەی ئەم بەشە بە مانای پێداهەڵکوتن، یان زەم کردنی شتێکە، بە شێوەیەک کە لەگەڵ عەقڵ جۆر دەرنەیە، لە باسی ئەدەبی ئەوڕۆدا وەک دەگوترێ -جوانکاری زێدەوەسف لە شوبهاندن و زۆربەی جوانکارییە ئەدەبییەکانی دیکە بەربڵاوترە، بڕواننە بەشێ لە شیعری (پردی پڕشنگ):

**مانگەکەی بەردەهەڵۆ ئاوا بوو**
**باخ و چۆم و مەل و کانی دەگرین**
**لە حەشارگەی تەرە بوو، ڕۆحی چیا**
**بە حەوای ئەشق و دڵا کەوتە فڕین**
(پردی پڕشنگ ٥٤)

لەو شیعرەدا باشترین نموونەی زێدەوەسف دەبینین، بەتایبەت لە دێری دوو و سێدا، ئەوەی کە بە مەرگی کەسێک باخ و مەل و.... بگرین، یان ڕۆحی چیا لە حەشارگەی خۆی تەرە بێ، چەشنێک زێدەوەسف و لە ڕاستیدا ناسیاری سڕینەوەیە. شیعری (پردی (پڕشنگ) خاوەن جوانترین نموونەی زێدەوەسفە و شاعیر لەم شیعرەدا بۆ دەربڕینی خەفەتەکانی، بە تەواوی دەستەوداماني ئەو جوانکارییەیە. لە شیعری (مەرگە خەون) و (دوا هەنسکی خاکە لێوە)شدا شوێن پێی ئەم جوانکارییە ئەدەبییەیە ئاشکرایە و بەگشتی مەبەست لە جوانکاری زێدەوەسف و بەکارهێنانی هەر سەنعەتێکی ئەدەبی، دروست کردنی چەشنێک جوانی ڕازاندنەوەی زمانی شیعرییە. شەفیعی کەدکەنی لە (موسیقی شیعردا)، فەلسەفەی ناسیاری سڕینەوە و خوڵقاندنی هەر جوانکارییەکی ئەدەبی لەگەڵ دوو ئەسڵ گرێ دەدا (٣). ئەسڵی یەکەم دروست کردنی ئیحساسی جوانییە لە خوێنەردا (اصل جمال شناسیک) و ئەسڵی دووەم تێگەیشتنی بەردەنگە لە ئیحساسی نووسەر (اصل رسانگی).

لە لێکدانەوەی ئەسڵی دووەمدا دەبێ بڵێین بەردەنگ (مخاطب) بە گشتی دەبێ هەست بە ئیحساسی نووسەر بکا و لە مەبەستیشی حاڵی بێ. بە مانایەکی تر، نووسەر هەوڵ بدا پەیامی خۆی بە خوێنەر بگەیەنێ، بەڕای شەفیعی کەدکەنی هەر دەقێکی ئەدەبی بە هەر جوانکارییەکەوە دەبێ هاوڕێ لەگەڵ ئەو دوو ئەسڵە بێ.

١-٤ ناسیاری سڕینەوەی مانایی لە جوانکاری (ئاوێتەکاری هەستەکی)دا: دوای زێدەوەسف، ئاوێتەکاری هەستەکی (حسآمیزی) بەشێکی هەرە گرنگی ناسیاری سڕینەوەیە. «هومێر» لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا لەو شاعیرانەیە کە لەو جوانکارییە زۆر کەڵکی وەرگرتووە، ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەک بۆ ئەو جوانکارییە دەست نیشان بکەین، دەڵێین ئاوێتەکاری هەستەکی یانی تێکەڵکردنی دوو هەستی جیاواز لەگەڵ یەک. سەرنج بدەنە بەشێ لە شیعری (ئۆقرە گرتن لە باوەشی هیوای سووردا)

**... دەڵێی /تامی مەرگ تاڵە/**
**نەتچێشتووە!**
**تۆ چووزانی شیرین نییە؟!**
**ئەوەیە نهێنی سەوزی**
**زیندوو بوون و**
**هەناسەکێشانی ئێمە...**
(ئۆقرەگرتن لە باوەشی هیوای سووردا ٢٠٥)

لەم شیعرەدا مەرگ کە هەستێکی جیاوازە لەگەڵ هەستی ئەو شتەی کە چێژ دەکرێ تێکەڵ کراوە جگە لەو شیعرە، لە شیعری (خەمێکی شیرین) و (هیوا)دا دیسان ئەو جوانکارییە دەبیندرێ، غەیری ئەو جوانکارییە ئەدەبییانە، نووسەر جاری وایە ناسیاری سڕینەوە لە کارێکی تایبەتدا دێنێ، بۆ نموونە ئەم شیعرە:

**دڵۆپ، دڵۆپ**
**خەو دەبارێ و**
**ڕۆحی سیوشکە هەڵاتوو**
**باوەشیان بۆ گرتۆتەوە**
**کولوو، کولوو**
**شەو دەبارێ و**
**کاسەسەری بۆش و سڕ بوو**
**خۆیان لەبەر هەڵخستووە...**
(بڕوا ل٦٧)

لەم شیعرەدا بە سەرنجدان بەوەی کە «بارین» کارێکە تایبەت بە بەفر و باران و... لە زمانی ئاسایی باودا هیچ کات ناڵێین خەو دەبارێ، ئەم

بارینە لێرەدا چەشنێک ناسیاری سرینەوەیە، یان لە شیعری (مەرگ)دا دیسان، شاعیر شەو دادەڕژێنێ و ئەم جوانکارییە دووپات دەکاتەوە. لە غەزەلی مینی تەماتەییش، ڕستەی خوێن بپشکوێ، خۆر دەپشکوێ، پشکووتن تایبەت بە گوڵە و لەم کارەشدا ئەم جوانکارییە دووپات بۆتەوە.

٢- ناسیاری سرینەوە لە واژە و تایبەتمەندی زمانیدا (ناسیاری سرینەوەی پێکهاتەیی): بەشێکی گرنگی دیکەی ناسیاری سرینەوە، کە لە ڕاستیدا دەبێ لە ژێر سەردێری ناسیاری سرینەوەی پێکهاتەیی باسی لێ بکرێ، دروست کردنی واژە و زمانێکی تایبەتە. هەر شاعیرێک لە ئاسەواری شیعری خۆیدا زۆرجار خوڵقێنەری واژە و زاراوەگەلێکی تایبەت بە زمانی خۆیەتی، کە لە زمانە شیعری پێش خۆیدا نەهاتووە. لە مەرگەخەوندا بەشێکی زۆر لەو ناسیاری سرینەوەیە بەشێوەی لێکدراو خۆ دەنوێنێ، بۆ نموونە لەم بەیتەدا:

**سڕ و کەسیرە تیشکە سەرنجی**
**ئاوەژووی ڕۆژ**
**هەڵنایە تازە گیرا بە پووچەبیر**
**دەرووی ڕۆژ**
(گازندە ل ٨٠)

لە دێری یەک و دوودا (کەسیرە تیشک) و (پووچەبیر) دوو زاراوەی تایبەت بە زمانە شیعری مەرگە خەونن، کە لە هەردووکیاندا شوێنی سفەت و ئەو شتەی وەسف دەکرێ (موصوف) گۆڕدراوە (صفت مقلوب)، ئەم ئاڵوگۆڕە دەکرێ بڵێین تایبەت بە زمانی شیعری ئەمڕۆیە و لە شیعری فارسیشدا بەتایبەت لە شیعری موشیریدا نموونەی وا زۆر دەبینین، بە پێی ئەم لێکدانەوەیە بەشی یەکەم لە ناسیاری سرینەوەی پێکهاتەیی لە واژەگەلی لێکدراودا هەڵدەسەنگێنین:

٢-١- ناسیاری سرینەوەی پێکهاتەیی لە واژەگەلی لێکدراودا: وەک ئاماژەی پێکرا، ئەم بەشە لە ناسیاری سرینەوە لە مەرگە خەوندا زیاتر بە واژەگەلی لێکدراو دەبیندرێ و شاعیر لەم بەشەدا بە دوو وشەی سەربەخۆ و جیاواز لە یەک زاراوەیەکی لێکدراو دروست دەکا و نوێخوازییەکی تایبەت لە زماندا پێک دێنێ، باشترین نموونەی مەرگە خەون ئەمانەن:

**... جەنگەڵ، جەنگەڵ**
**گرچزووی درۆ دەبارێ و**
**ماری دەماری زاماری**
**لێکتر بەربوو**
**قورگی شین و برسیان بۆ**
**کردۆتەوە.**
(بڕوانە ل٦٨)

**... ئەمە چ مەرگەساتێکە**
**بەرۆکی ئەم بەهارە سەوزەی**
**گرتووە؟**
(مەرگە خەون ل٣٠)

**... ئەمسا لەنێو نوێنی پڕ لە تاو**
**و یاوا**
**بەدەم لەرز و هەنیسکەوە**
**دەچنە ژێر باڵی پەمەیی**
**خەوە کۆترێکی سڵ و ئۆقرە**
**دەگرن...**
(مەرگە خەون ٣٤)

بە دوای ئەوانەدا، چڵکە باوەڕ/ شەوە مۆتە/ سەوزە نیگا/ ژینەژان/ چڵکە دووکەڵ/ ڕانەمێشک/ شەوەژان/ زەردەبا/ لەم جوانکارییانەن کە وەک زاراوەیەکی لێکدراو لە مەرگە خەوندا دەبیندرێن.

٢-٢- ناسیاری سرینەوە لە واژەگەلی ئاساییدا:

واژەگەلی ئاسایی (عامیانە) لە ڕاستیدا زمانی کۆمەڵگایە کە بەشێوەیەکی ڕەشۆکی و ئاسایی بەکاردەهێندرێ، لەم بەشەدا نووسەر جاری وایە لە بەستێنی زمان بڵندتر دەفڕێ و ئەو زمانە ئاساییە تێکەڵ بە زمانی ئەدەبی دەکا و ڕەنگێکی تازەی پێ دەبەخشێ، ئەم شێوەکارە چەشنێک نوێخوازی لە زماندا دروست دەکا. یاکۆبسن (زمانناسی ڕووسی) لە بەستێنی ئەدەبیاتی نووسراوەییدا، دوو دەق پێناسە دەکا، دەقی هەوەڵ قوتبی مەجازییە، قوتبی مەجازی (Metony mic) کە خاوەن نووسراوە ڕیالیستەکانە، ئامانجی گەیاندنی پەیام لە مانا و ناوەڕۆکی دەقدایە و بەو پێیە، دروست کردنی زمانێکی ئەدەبی لە واژەگەلی ئاسایی، لەم بەشەدا جێ دەگرێ، بەڵام دەقی دووەم کە بە قوتبی خوازەیی (Metaph oric) دەناسرێ، شێوەیەکی جیاوازە و باشترین نموونەی ئەم دەقەش، شیعر و چیرۆکی داهێنەرانەیە لەم جۆرە دەقەدا نووسەر بە خوڵقاندن و داهێنان، تازەگەری و نوێخوازییەک دروست دەکا کە لە دەقی هەوەڵدا ئەم دەسەڵاتە نابیندرێ، کە وایە مەبەست لە واژەگەلی ئاسایی و بەکارهێنانی ئەو شێوە زمانە، گەیاندنی پەیام و ویستی نووسەر بە

خوێنەرە،(٤) بڕوانە شیعری (دەهۆڵ) و زمانی ئاسایی شاعیر:

**... ڕانەمێشکێکی شەوارەی**
**ئاژین کردۆتە**
**دڕکەڵان**
**هەست و ئەندێشە خەسێنە و**
**پێتان وایە شوانی دەکا!**
(دەهۆل ١٠٢)

لەم تاکە بەیتەدا ڕستەی «هەست و ئەندێشە خەسێن» بە تەواوی زمانێکی ئاساییە کە شاعیر شێوەیەکی ئەدەبی پێداوە و چەشنێک ناسیاری سڕینەوەی خولقاندووە. لە شوێنەکانی دیکەی مەرگە خەوندا ئەو شێوە زمانە، بە شلەپەتە، زێڕ وەشان کردن و نوقورچک گرتن دووپات بۆتەوە.

٢-٣- ناسیاری سڕینەوەی نووسراوەیی ئەم بەشە کە لە شێوە نووسینی شیعری هاوچەرخدا زۆر دەبیندرێ، شێوەیەکە لە نووسین کە شاعیر بە نووسینەوەی چەند واژە یان ڕستەیەک، مەبەستی خۆی باشتر و بە وێنەیەکی زیندووتر بە خوێنەر ڕادەگەیەنێ. لە شیعری (کوێری)دا شاعیر بە نووسینەوەی (دادەچۆڕێ)، وێنەیەکی زیندوو لە ڕژانی بەرەو خوار دروست دەکا:

**شۆخی بە ماچی گڕپژێن دەکا**
**ئەو زریوە دڵ لەرزۆکەی**
**لە برژۆڵی**
**ئەستێرەیەکی دوورەوە**
**دا**
**دە**
**چۆ**
**ڕێ**
**بەسەر خۆرا.**
(کوێری ل٧٧)

داچۆڕان کە خۆی بە مانای ڕژانە خوارێیە، یان ڕژان بەرەو خوارێیە، تێگەیشتن لەو مانایە، بەو شێوە نووسینە کە لە بەستێنی ئەدەبیاتی نووسراوەییدا ناسیاری سڕینەوەیە ئاسانترە و شێوەی گەیاندنی پەیام بەخوێنەر بە زمانێکی ساکارتر نیشان دەدا، بۆ ئەوەی بسەلمێنێ لە دنیای ئاساییدا لە زمانی ئەدەبیدا عادەت سڕینەوە دەکرێن و فەلسەفەی هەر جوانکارییەکی ئەدەبیش لەگەڵ ناسیاری سڕینەوەدا تێک شکانی عادەت و گەیاندنی پەیام بە خوێنەرە، بە سەرنجدان بەوەی کە زمانی ئەدەبیات زمانێکە سنوورێکی تایبەتی نییە لەگەڵ گەیاندنی پەیام ڕەنگە بەرزترین ئامانجی هونەر- بەگشتی- وەک (کانت) دەڵێ جوانی بێ،(٥) ئەو جوانییەی کە چەشنێک خۆشی بە خوێنەر دەبەخشێ و ئەسڵی جوانناسیش وەک دیاردەیەک لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا دەست نیشان دەکا، لەگەڵ ئەو ئەسڵەشدا ئەسڵێکی تر کە موختاری لە (انسان در شعر معاصر)دا وردبینانە باسی لێدەکا ئەسڵی مەیل بەرەو ئاڵوگۆڕە (٦) (گرایش به دگرگونی) کە هەر نووسراوەیەکی ئەدەبی بە جوانکارییە جۆراوجۆرەکانییەوە لە ناخی کۆمەڵگای هاوچەرخیدا ئەو ئاڵوگۆڕە دروست دەکا و وەک چرایەک، داهاتووی تاریک و نادیاری مرۆڤی پێ ڕووناک دەکاتەوە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**١- سیما داد، فرهنگ اصطلاحات ادبی، انتشارات مروارید، تهران، چاپ اول (ویرایش جدید) ١٣٨٢ صفحه ٤.**
**٢- هەمان سەرچاوە.**
**٣- محمد رضا شفیعی کدکنی، موسیقی شعر، موسسه انتشارات آگاه، تهران، چاپ هفتم (ویرایش٣) ١٣٨١ صفحه ١٣.**
**٤- آموزش زبان و ادب فارسی (رشد)، سال شانزدهم، پاییز ١٣٨٠، شماره ٥٩، صفحه١١.**
**٥- لئون تولستوی، هنر چیست، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران، ترجمه کاوه دهگان، چاپ یازدهم ١٣٨٢، صفحه ٣١.**
**٦- محمد مختاری؛ انسان در شعر معاصر، انتشارات توس، تهران، چاپ دوم، ١٣٧٨، صفحه ٦٢٤.**

*** ئەم زاراوانەی لە ژێرەوە دێن، هەندێکیان بە پرسیار و هەندێکیشیانم لە نووسراوەکاندا دەرهێناوە و ڕەنگە بە هۆی نەبوونی فەرهەنگستانی زمانی کوردی، نووسەران لەمەڕ ئەو زاراوانە بۆچوونی جیاوازیان هەبێ:**

**کەسایەتی بەخشین: تشخیص**
**شوبهاندن: تشبیه**
**زێدەوەسف: اغراق**
**ئاوێتەکاری هەستەکی: حس آمیزی**
**لێکدراو: مرکب**
**چیرۆکی داهێنەرانە: داستانهای ابتکاری**
**ناسیاری سڕینەوەی پێکهاتەیی: آشنایی زدایی ساختاری**
**ئاوەڵناو: صفت**
**ئاسایی- ڕەشۆکی: عامیانه**
**کار: فعل**
**جوانکاری ئەدەبی: ارایه ادبی**

# پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی

محەمەد سلێمان عەباس

(پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی) یەکێکە لەو کتێبە سەنگین و دانسقانەی کە دەتوانم بەسەرچاوەیەکی باشی بواری ئەفسانەی کوردی وەسف بکەم، لەبەر ئەوەی دەوڵەمەندە بە بەڵگەکانی و نووسەر جگە لە باسکردنی ورد و درشتی (پێکهاتە و جۆر و ئامرازەکانی ئەفسانە) لە زۆر لاپەڕەی کتێبە «لێکۆڵینەوە»کەدا ڕۆشناییەکی باش دەخاتە سەر بابەتە جیاجیاکانی ئەفسانە و لەگەڵ (مێژوو، ئایین، فەلسەفە، زانست)دا بەراوردی دەکات.




ئەم کتێبە (لێکۆڵینەوەیە) لە بنەڕەتدا نامەی دکتۆرایە و ڕۆژی ٢٠٠٧/٣/٨ لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین گفتوگۆی لەسەر کراوە و لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی لێژنەی گفتوگۆ بە پلەی (نایاب)وەرگیراوە.

پرۆفیسۆر (د. مارف خەزنەدار) لەو پێشەکییەی کە بۆ لێکۆڵینەوەکەی نووسیوە دەڵێت: (مەولوود ئیبراهیم حەسەن) تیۆری و تاقیکردنەوەی لێکۆڵەرەکانی پێش خۆی لەسەرچاوە ڕۆژهەڵاتییەکان و ڕۆژئاواییەکان بەکارهێناوە و سوودی لێ وەرگرتوون و لەگەڵ واقیعی ئەفسانەی میللی کوردی گونجاندوونی، مەبەستی بنچینەیی نووسەر (لێکۆڵەر) ئەوە بوو لە ئەفسانەی کوردی بدوێ، ئەوەی کەمی بۆ کراوە، کەچی نووسەر زۆری خستۆتەسەر)، هەروەها د. مارف خەزنەدار دەڵێ: (مەولوود ئیبراهیم هۆشیارانە توانیویەتی ئاسۆیەکی قەومی بداتە گەلێک ئەفسانەی کوردی و لە کارەکەیدا

جوگرافیای فراوانە، دەتوانم بڵێم هەموو خاکی کوردستانی گرتۆتەوە و لەناوەرۆکدا دەوڵەمەندە).

ئەم کتێبە سەنگینەی (مولوود ئیبراهیم حەسەن) لە دووتۆیی کتێبێکی (٥٠٠) لاپەڕەیی ساڵی پار لە چوارچێوەی چاپ و بڵاوکردنەوەی «ڕەنج» دەرچووە لە (پێشەکی، دوا سەرنج، دەروازە و چواربەش) پێک هاتووە.

لەبەشی یەکەمدا لە میانەی پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی لەم تەوەرانەی خوارەوە دەدوێت: (ئەفسانە، ئەفسانە لە کوێوە دێ، ئەفسانەی کوردی، کەون و ژیان، ئافراندنی مرۆڤ، بەرەو فڕین، دنیایەکی تر، لەمەچێتر، ئەشکەوت، مانگ گیران، مانگی شکاو، بوومەلەرزە، نوێژە بارانە، ئاوی جندیان، کانیا خزری، بەردی پیرۆز، جادووگەری، ساحیری کورد، کارەبای جنۆکان، بۆنی مەرگ، پێشبینی، وێنە بە وشە، ئەفسانە لەکوێوە دێت، ترس، نەزانین).

لە تەوەری (ئەفسانەدا) نووسەر بڕوای وایە (کە ئەفسانە لەگەڵ بیرکردنەوەی مرۆڤە و لەو سەردەمەش سەری هەڵداوە و بەردەوامیشە و بەرهەمی لەمێژینەی هەموو مرۆڤایەتییە و لە ئەنجامی پێویستییەکانی ژیان و ئارەزووە لەبن نەهاتووەکانی مرۆڤ کەڵەکەی کردووە و کۆبووەتەوە و گەیشتۆتە ئەمڕۆ و ئەفسانە ئەو دەقە کۆنە پڕ نهێنی و هەمەجۆرەیە، کە بە وێنەی ئینسکلۆپیدیایەکی مرۆڤایەتییە و هەموو بەرهەمی مێژووی دوور و درێژی مرۆڤی لەخۆیدا کۆکردووەتەوە). هەروەها نووسەر پێی وایە: (ئەفسانە هێزەکانی سروشت بۆ خۆی بەکاردێنێ و پاڵەوانەکانی بەم هێزانە، لە مرۆڤێکی ئاسایی دەکات بە پاڵەوانێکی خەیاڵی و ئەفسانەیی).

نووسەر لەم بەشەدا دید و بۆچوونی زانا و شارەزایانی ئەم بوارە و ڕوانینی خۆی لەمەڕ (ئەفسانە و پێکهاتەی ئەفسانە) دەردەبڕێ و باس دەکات، هەروەها بە زمانێکی سادە و ساکار باس لە تەوەرە جیاجیاکانی ئەفسانە دەکات و خوێنەری کورد بە ئەفسانە کوردییەکان ئاشنا دەکات و ئەفسانەکان دێنێتەوە یادی خوێندەواری کوردەوە.

د. مەولوود ئیبراهیم حەسەن لە تەوەری (ئەفراندنی مرۆڤ) بەراوردێک لەنێوان ئەفسانەی دروستبوونی مرۆڤ لای سۆمەرییەکان و چیرۆکی دروستبوونی مرۆڤ لە قورئاندا دەکات و دواتر تیۆری پێشکەوتن و پەرەسەندنی (داروین) باس دەکات و بەراوردی دەکات لەگەڵ ئەفسانەی کوردی و دەڵێ: (ئێمە لەنێو ئەفسانەی کوردیدا، مەیموونی مرۆڤ و مرۆڤی ورچ دەبینین و ئەو تێکەڵییە کۆمەڵایەتییەی مرۆڤ و مەیموون دەردەکەوێ کە پێکەوە دەگونجێن و خێزان پێک دێنن و بەپێی ئەفسانەی کوردی مرۆڤ دەگۆڕێت و دەبێتە (مرۆڤی مەیموون) کە تیۆری گەشەسەندن باسی دەکات). سەرئەنجام ئەوە دەخاتە ڕوو کە: (قۆناغی گەشەکردن و پێشکەوتنی مرۆڤ لەنێو ئەفسانەی کوردیدا زۆر بەرچاوە). نووسەر هەر لە بەشی یەکەمدا لە تەوەری «ئەشکەوت» دەربارەی ڕۆڵی ئەشکەوت لە پێکهێنانی ئەفسانەدا دەڵێ: (ئەفسانە لە ئەشکەوت ناوکی براوە و چاوی پشکووتووە و پێڕەوکە بووە، هەر بۆیە تاکو ئێستاش ئەفسانە ئەشکەوت لە دڵی خۆی ناکاتەوە، بۆیە ئەشکەوت شوێنێکی گرنگ بووە، بۆ مرۆڤەکان، بۆ دروستبوونی دابونەریت و ئایین و ئەفسانە سەرەتاییەکان و گەشەکردنی زمان و دواجار دەوڵەمەندبوونی کولتوورەکان). لە تەوەری (هێزەکانی ئەفسانە)دا نووسەر خەسڵەت و سیفاتەکانی هێزەکانی ئەفسانە دیاری دەکات، بەڵام کەوتووەتە بازنەیەکی بچووک و زانیارییەکان کورت و سنووردارن.

دوای ئەوەی نووسەر بە پشتبەستن بەسەرچاوەیەکی زۆر باس لە (بابەتە جیاجیاکانی ئەفسانە) دەکات، لە بەشی دووەمدا باسی ئەفسانە و مێژوو دەکات و لەم تەوەرانەی خوارەوە دەدوێت: (بەرەو پێناسەی ئەفسانە و مێژوو، کورد و جنۆکە، ئەژدیها، ئەفسانەی زەردەشت پێغەمبەر، شاخی ئەسکەندەر، مردنی ئەفسانەیی، پیرۆزکردن، ڕووناک کردنی شام، سێوی دووەم، ڕەیحانە ڕەشە، ناوی جوڵندی، کێشەی ئەفسانەی جوڵندی، زەنگی دادپەروەری، پیرێژن شەقکردن، بوونە کۆتر، ئاگری سارد، مارەیی، غاری دیوار، مێژووی ئەفسانەیی، مێژووی ئەفسانەیی چییە، مێژووی ئەفسانەیی کورد). لەم بەشەدا لە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئەفسانە و

مێژووی خستووەتەڕوو و چەند دەقێکی ئەفسانەی کوردی خستووەتەبەر باس، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە نووسەر زانیاری و ئاگادارییەکی باشی لەمەڕ ئەفسانەی کوردی هەیە. سەبارەت بە پێوەندی نێوان ئەفسانە و مێژوو، نووسەر دەڵێ: (ئەفسانە لەناو مێژوودا لەدایک بووە و مێژووش لەنێو ئەفسانەدا کەوتۆتە سەر پێ) و دید و بۆچوونی چەند زانایەکی بواری ئەفسانە سەبارەت بە ئەم پێوەندییە دێنێتەوە و دەنووسێ: یۆنگ لای وایە [ئەفسانە مێژووی هۆزە]، هەروەها تەیلۆر ئەستیۆنسۆن دەڵێ: [مێژوو جگە لە ئەفسانە شتێکی تر نییە!]. دواجار نووسەر دەڵێ: (مێژوو واتە ژیانی کەسایەتی و ڕووداوەکان، جا کەسایەتی و ڕووداوە گەورە و ناوازەکان لەمێژووەوە دەچنە نێو ئەفسانە و ئەفسانەش بەپێی پێویست گۆڕانی بەسەردا دێنێ). هەروەها نووسەر لە تەوەرێکی ئەم بەشەدا تیشکێک دەخاتە سەر ئەفسانەی جوڵندی و چەند لایەنێکی ئەم ئەفسانەیە ڕوون دەکاتەوە و نووسەر لەدوا تەوەری ئەم بەشەدا دەڵێ: (دەبێ ئەوە بزانین کە بەشێکی زۆر و گرنگی مێژووی کورد لەناو مێژوی ئەفسانەییدا خۆی پەناداوە و هێشتا چاک بەسەر نەکراوەتەوە) سەبارت بەم مەسەلەیەش ئاماژە بەگوتەیەکی مێژوونووسی کورد د. کەمال مەزهەر دەکات کە دەڵێ: بۆ ئەوەی مێژووی کوردی بنووسینەوە چ لەوە چاترە لە ئەفسانەی کوردییەوە دەست پێبکەین.

لە بەشی سێیەمی کتێبەکەشدا کە لە چەند تەوەرێک پێک هاتووە، بەراوردێک لەنێوان ئەفسانە و (ئایین و فەلسەفە)دا دەکات و خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان باس دەکات و شی دەکاتەوە، نووسەر لە تەوەری (مێژووی ئایینی کورد)دا دەڵێ: (شوێنەوار و پاشماوە کۆنەکانی لەکوردستان دۆزراونەتەوە، ئەوە دەردەخەن کە لە کوردستان بیروباوەڕی ئایینی و هەرزوو (٣٠ هەزار ساڵ) پێش ئێستا خۆی لەشێوەی خواوەندی دایک وێنا کردووە، بۆیە ئایین لەکوردستاندا خاوەنی تەمەنێکی درێژ و هەمەجۆری ئایینییە و ئەستەمە بتوانرێ، ئەم هەموو ئایینە لە لێکۆڵینەوەیەکی ئاوا بەسەر بکەینەوە).

دواتر سەبارەت بەپێوەندی نێوان (ئایین و ئەفسانە) نووسەر دەڵێ: (ئەوەش زانراوە و سەلمێنراوە کە ئایین و ئەفسانە پێکەوە سەریان هەڵداوە، چونکە ئایینە کۆنەکان کەرەستەیەکی دەوڵەمەندی ئەفسانەن، ئەگەر بەوردی سەیری گۆڕان و پێشکەوتنی ئایینی بکەین، دەبینین لەگەڵ ئەم گۆڕان و پێشکەوتنەدا، ئەفسانەش ئامادەیی هەیە، بۆیە لە زۆر قۆناغدا سەیر دەکەین ئایین و ئەفسانە لێک ناکرێنەوە). پاشان نووسەر کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئایینە کۆنەکان لە ئەفسانەی کوردیدا باس دەکات و دەڵێ: (لەو تەمەنە درێژەی ئەفسانەی کوردی پێش ئیسلام کاریگەری ئەم هەموو ئایینە و ئەم هەموو بت و خواوەندە، ئێستا زۆر کەمیان لێ ماوەتەوە و لە بەرگ و ڕەنگ و ناوی تر هەندێک سیفەتی خۆیان پاراستووە، هەروەها ئەفسانەی کوردی خۆی لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا گونجاند و زۆری لە ئیسلام وەرگرت و ئەفسانەی کوردی پڕە لە ڕەنگ و بۆنی مەزهەبە ئیسلامییەکان، ئەمەش دەوڵەمەندی و هەمەڕەنگی بەئەفسانەی کوردی بەخشیوە).

نووسەر لە تەوەری (ئەفسانە و فەلسەفە) تیشک دەخاتە سەر پێوەندی نێوانیان و بڕوای وایە لەنێو کولتووری کوردیدا سەرەداوی زۆر فەلسەفەی جیاجیا دەست دەکەوێ و بۆ ئەم مەبەستەش بەراوردێک دەکات لەنێوان گوتەیەکی (برنارد شۆ) کە دەڵێ: (من کارم زۆرە و کاتی ئەوەم نییە بیر لەمردن بکەمەوە) و بەراوردی دەکات لەگەڵ ئەو گوتەیەی پیرێژنێکی کورد کە دەڵێ: (هێندەم ئیش هەیە، وەختی ئەوەم نییە! لۆ خۆم بشمرم!). لە بەشی چوارەم و کۆتایی کتێبەکەدا باس لە (ئەفسانە و زانست) دەکات و ئەم تەوەرانەی خوارەوە باسی دەکات (زانستی کوردی، تەقەهەڵگیرا، مەییوە، خشتەک لەزێڕی یەک لەزیوی، ئەفسانە و ترنشی ناوکی بۆ ماوەیی، لاکەرتک، گوێی کەر، خوێنی بەرد، خواردنی بەتام، ئاوێنەی دنیابین، دوور فڕین زووگەیشتن، دوو داوە موو، مووی مێرووله، تووکی دێو، ئەنگوستیلە، ئەنگوستیلەی حەزرەتی سلێمان، چەرخ و فەلەک، چەرخ و فەلەک دروستکردن، سیمرخ، لە قووڵایی مێژووەوە، فرۆکەی پێش

زایین، تەکنۆلۆژیای نانو، ڕەژوو دەبێتە زێڕ، نە سەرما نە گەرما، پیس نەبوون، ئەفسانە لە سروشتدا). لەخۆ دەگرێت. نووسەر لەم بەشەدا دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت و بخاتە ڕوو کە دەسکەوت و بەرهەمە زانستییەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان لە ئەفسانەکانیشدا هاتووە و باس کراوە و بڕوای وایە کە ئەفسانە و زانست لە یەک جیا نابنەوە و ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە ئەویش تێگەیشتنی دیاردەکانی سروشتە، بۆیە نووسەر دەڵێ: (ئەفسانە عەقڵ دایهێناو خەڵک پەیڕەوی کرد، هەروەها زانست عەقڵ دایهێناو خەڵک بەکاریان هێنا، کەواتە ئەفسانە و زانست پێکەوە هەڵدەکەن). نووسەر لە تەوەری (دوو داوە موو)دا بەراوردێک لەنێوان ئەرک و کاری «موو» لە ئەفسانەدا و کاری «مۆبایل» لە زانستدا دەکات و دەڵێ: (ئەوەی کە زۆر گرنگ و جێگای سەرنجە وەک هەموو پێکچوون و لێککردنی ئەفسانەیی و زانستییەکان، ئەو موو بەکارهێنان و مۆبایل بەکارهێنانەیە، هەردووکیان بە تەواوی کاری یەکتر دەکەن و دیسان لە- تەنک- و -باریک-یشدا (موو و سیم کارت) هەر زۆر لێک نزیکن، سەرەڕای سووکی و ئاسانی بەکارهێنانیان کە بە ئاسانی دەگوازرێنەوە).

نووسەر باوەڕی وایە کە لەئەفسانەی کوردیدا وەکو ئەفسانەی گەلان، زانست بەشێوە سەرەتاییەکەی لەنێو کۆنترین و بڵاوترین دەقی ئەفسانەدا هەیە.

لەکۆتایی کتێبەکەشدا نووسەر ئەنجامەکانی هەر چوار بەش بەجیا دەخاتە ڕوو نووسەر (د. مەولوود ئیبراهیم حەسەن) لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە توانیوبەتی لێکۆڵینەوەیەکی گرنگ و بەهاردار سەبارەت بە ئەفسانەی کوردی پێشکەش میللەتی کورد بکات و هەندێک تیشک و ڕووناکی بخاتە سەر لایەنە تاریک و شاراوە و بزرەکانی ئەفسانەی کوردی، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم کتێبە ڕێبازی (شیکاری، بەراوردی) تێدا بەرجەستە کراوە و کتێبەکە باسێکی مێژوویی و شیکاری ورد و دروست لە بارەی (پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی) لەخۆ دەگرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە نووسەرەکەی زانیاری و ئاگادارییەکی باشی لەمەڕ ئەفسانەی کوردیدا هەیە.

# مۆنۆلۆگی ناوەوە

## Monologue Interieur

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)**

مـۆنۆلـۆگی ناوەوە، وەک تەکنیکێکی نوێی گێـڕانەوە، دەرکـەوتن و سـەرهەڵدانی دەگـەڕێتـەوە بۆ سـەردەمی نوێبوونەوە و سەرهەڵدانی مۆدێرنیزم لە ئەدەب و هونەر و بیـرو فـەلسـەفـەی نوێ. مـۆنـۆلۆگی نـاوەوە، لە ئەدەبی کـوردیدا، بەو شـێـوەیەی لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا سـەری هەڵداوە و بەکـارهاتووە و گەشەی کردووە، ئامـادەییەکی ئەوتۆی نییـە سەرنجڕاکێش بێ. بێ گومان دەشێ لە زۆر چیرۆک و ڕۆمانی کوردیدا بەکارهاتبێ، بەڵام بەگشتی تا ئێستا نەمبینیوە قورساییەکی بەرچاوی دروست کردبێ. مۆنـۆلۆگی ناوەوە لە ئەدەب و زمـانی عـەرەبیدا بە (تیـار الوعي) ناسراوە،

مۆنۆلۆگی نـاوەوە بۆ یەکەمین جار لە لایەن نـووسەرێکی فرانسی نەناسراو بە ناوی ئێدوارد دوژاردان- (Edward Dujardin) لە ڕۆمانی (درەختەکانی دەفنە بڕاونەتەوە- Les Lauriers sont coupes کـە لە سـاڵی (١٨٨٧) بڵاوکـراوەتەوە و بەکـارهاتووە. هەمـان ڕۆمـان سـاڵی ١٩٢٤ بۆ جاری دووەم چاپ کراوەتەوە.

بەڵام بەشـێـوەیەکی سـادەتر و سـەرەتاییـتـر، لەلایەن ڤیکتـۆر هۆگۆ و دوستـۆیەڤسکی-ش بەکارهاتووە، بەڵام بەکـارهێنانی بەشـێـوەیەکی هونەری و دیار، وەک سەرەتایەکی گرانبەها و سەنگین، دەگەڕێتەوە بۆ (جیمس جـۆیس) لە ڕۆمـانی (ئولیس- Ulysse) کـە لە سـاڵی (١٩٢٢) بڵاوکـراوەتەوە. هەر لەو سـەردەمەدا دوژاردان، بۆ پیـشـاندانی ڕەسـەنایەتی ئەم تەکنیکە نوێیـە کـە بە یەکـێک لە داهێنانەکـانی خـۆی دادەنێ، پێناسـەی مـۆنۆلۆگی ناوەوە دەکـات و دەڵـێ: مـۆنۆلـۆگی نـاوەوە، بریـتـیـیـە لە ئاخـاوتن- خـیـتـاب- Discours-ێکی بێ

گوێگر و نە ناسراو، لە ڕێگای ئەمەوە، یەکێک، کەسایەتییەک بیری تایبەتی و ڕۆژانەی خۆی دەردەبڕێ تا ڕادەی ئاستی نائاگایی دەڕواو بەپێش هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکی لۆژیکی دەکەوێ.

هەر لەو سەردەمەدا گفتوگۆیەکی زۆری لەسەرکراوە، نەیارو یارێکی زۆری هەبووە، بەڵام دواتر هەندێ تایبەتمەندی و خاڵی جێگیر دەدەنە پاڵ مۆنۆلۆگی ناوەوە وەک: دیارنەمان و بزربوونی نووسەر، بەکارنەهێنانی ڕستەی بەرایی وەک: هەوڵ دەدەین ئەمەش بکەینەوە، یان لەسەرەتادا، یان من وای بۆ دەچم، لەگەڵ خۆی دەیگوت... تاد. بزربوونی زەمەنەکانی گێڕانەوە. هەموو ئەمانە لەلای (جیمس جۆیس) بایەخێکی لە ڕادەبەدەر هونەری و فیکری وەرگرتووە. ئەو لە مۆنۆلۆگی ناوەوە هەموو خاڵبەندییەکی هەڵ دەگرت، چونکە بە ڕای ئەو خاڵبەندی وادەکا نائاگایی کەسایەتییەکە بپچڕێ، هەمان حاڵەت، پچڕان دووچاری نووسەریش دەبێتەوە. لە ڕوانگەی (ژێرار ژێنێت)، مۆنۆلۆگی ناوەوە بریتییە لە (ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ- Dicours Immediat) ئەمەش واتە هەموو ماوە و نێوانێک، لە نێوان نوێنەرایەتی ئەم ئاخاوتنە و کەرستە یان بابەتی نوێنەرایەتی کراو ڕەش دەبێتەوە. ئەم ئاخاوتنە بەلای ئەو بریتییە لە ئاخاوتنێکی ڕێکخراو کە لە لایەن نووسەر بۆ وەسفی ئاگاییەک نەنووسراوە، بەڵکو لەلایەن ئاگاییەک کە وەسف دەکا و لە هەمان کاتدا خۆشی وەسف دەکا. ئەمەش لەگەڵ ڕایەکەی دوژاردان تێک دەکاتەوە کە دەڵێ: مۆنۆلۆگی ناوەوە، بەرایی هەموو ئاخاوتنێکی لۆژیکییە، واتە نووسەر دەتوێتەوە و لە پێستی کەسایەتییەکانی خۆی پیشان دەدا.

## ژێرار ژێنێت- G. GENETTE

ژێرار ژێنێت یەکێکە لە ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوە ناسراو و نوێخوازەکانی ئەمڕۆی ئەدەب و زمانی فرانسی. ساڵی ۱۹۳۰ لە پاریس لە دایک بووە. دەرچووی کۆلێژی: Ecole Normal Superieur-ە، واتە هەمان ئەو کۆلیژەی سارتر و دەیان نووسەری دیکەی بە ناوبانگی فرانسی لێی دەرچوونە. ئێستاکە لە ژیاندا ماوە، پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە زانکۆی سۆربۆن، پسپۆڕە لە ڕەخنە و تیۆرەکانی ئەدەب و ئەدەبی فرانسی.

لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەی ناسراوی هەیە، لەگەڵ تۆدۆرۆڤ بەیەکەوە گۆڤاری (شیعرییەت- Poetique) دەردەکەن.

ژێنێت لەگەڵ بڵاوکردنەوەی یەکەمین کتێبی: (Figures I- فیگەرەکان- ۱-) ساڵی (۱۹٦٦)، دەڵێ (هەر کتێبێک دەیگری بریتییە لە کۆگایەک لە فۆرم چاوەڕێی ماناکانیان دەکەن.) سەرەنجام، لەوساوە، هەموو ڕەنج و کاری ژێنێت بەو ئاراستەیەیە، لە ڕوانگەی ڕەخنە و تیۆرەکانی ئەدەب، مانا لە ناو کارێکی ئەدەبی لە نیشانەیەک زیاتر نییە، لەم بارەیەوە دەڵێ: ئەمەش بریتییە لە (سەر سووڕانێک کە پێی دەگوترێ خوێندنەوە.)

ژێنێت لە کتێبی فیگەر -۱- و فیگەر -۲- هەوڵ دەدا سنوورەکانی گێڕانەوە دیاری بکا، پێناسەی پانتایی زمان بکا، هەروەکو خۆی دەڵێ: ئەو دوورییەی لەناو دوورییەکاندا هەیە- بزانێ کە بریتییە لە ئەدەب و زمان.

ژێنێت بە پۆل ڤالێری و ڕۆلان بارت و بەتایبەتیش بە خۆرخی لوی بۆرخێس کاریگەربووە. ژێنێت بەشێوەیەکی زۆر زانستی و ورد بنچینەی ئەوەی دارشتووە چۆن و بە چ شێوەیەک تێکستێک بە ئەدەب حسێب دەکرێ، یان زمانی (شیعرییەت) چۆن لە دایک دەبێ و هەڵکەوتی چۆنە و چۆن لە زمانی ئاسایی جیا دەکرێتەوە.

بۆرخێس لەو بڕوایەدایە (کتێبێک بریتی نییە لە یەکەیەکی داخراو، بەڵکو بریتییە لە چەقی کۆمەڵێک پێوەندی. ژێنێت هەمان ڕێگا لە لێکۆڵینەوەکانی بەکاردەهێنێ، بۆ دیاریکردنی زمانی شیعرییەت و ناسینەوەی، پەنا بۆ هەموو بوارەکانی ئەدەب دەبا. ژێنێت بۆ ئەم (بوارانە) وشەی – Champ، بەکاردەهێنێ، کە دەکا- بوار، گۆڕەپان، کێڵگە، ڕووبەر- زەمینە...تاد، لەم ڕوانگەیەوە هەوڵ دەدا لایەنی یەکگرتوویی قووڵی بوارەکانی ئەدەب لەسەر بنچینەی بواری جۆربەجۆری پیشان بدا. بەم جۆرە دەبینین لە ڕوانینێکی بۆرخێس نزیک دەبێتەوە کە دەڵێ: (هەموو کارە ئەدەبییەکان هی یەک کەسە، ئەو کەسەش نادیار و نە ناسراوە و نازانین هی چ سەردەمێکە).

لە کتێبی فیگەر-۳- ژێنێت گرینگییەکی تایبەتی بەگێڕانەوە و ئاخاوتنی گێڕانەوە دەدا (خیتابی گێڕانەوە) کەرستەی لێکۆڵینەوەکەشی بریتییە لە ڕۆمانی (گەڕان

به دوای زەمەنی لە دەست چوو)ی پروست.
کە لە ڕوانگەی ئەو نموونەیە کە بۆ (گەشەسەندووترین گێڕانەوەی کلاسیکی، دوا گێڕانەوەی گەورە و مەزن.) بەڵام ژێنێت لەگەڵ کتێبی: میمۆلۆژیک- Mi-mologique (لاسایی کردنەوە) وەرچەرخانێکی قووڵ بەسەر کاری ڕەخنەیی و تیۆری ئەودا دێ. لەگەڵ ئەم کتێبە گرینگی بە (یارییە ئەدەبییەکان) دەدا. بەم جۆرە دەبینین، لە دوای ئەفلاتوون دەپرسێ: ئەگەر وشە بە وێنەی شت حسێب بکەین چی ڕوودەدا؟. ئەمەش دیاردەیەکە نرخی تایبەتی خۆی هەیە و ڕێی تێدەچێ. بۆ نموونە، وشەی (سەگ) گەز ناگرێ، وشەی (گوڵ) نە ڕەنگی هەیە نە بۆن، بەڵام وشەی (تۆقین) لەگەڵ گۆکردنی ئەو هەستە پیشان نادا کە هەیەتی؟
ژێنێت لە کتێبی- Palimpsests، گرینگی بەو کارە ئەدەبییانە دەدا کە سەرچاوەکانیان کاری ئەدەبی ترە، ئەمەش لە ڕێگای لاسایی کردنەوە و گۆڕان و کەوتنە ژێر کاریگەری. ئەم لایەنەی ڕوانینەکانی ژێنێت لە تیۆری- Intertextualite (خزینی تێکست بۆ ناو تێکستی تر) دەچێ، کە هەر لە دوای گرینگی پێدانەکانی ژێنێت دەرکەوتن. لەم بارەیەوە ژێنێت دەستەواژەی تایبەتی خۆی هەیە کە پێی دەگوترێ- Transtextualite، لە کتێبی دەروازە- Seuils کە لە ساڵی (١٩٨٧) بڵاوکراوەتەوە، گرینگی بە هەندێ نووسینی تایبەتی ئەدەبی و گشتی دەدا وەک: سەرگوتار، پێشەکی، پێشکەش کردن، ئێپێگیراف، تێبینی، گفتوگۆ... تاد.
بەڵام لە کتێبی (ئاخاوتنی نوێی گێڕانەوە- Nou-veau discours de recit پێشنیاری خوێندنەوەیەکی نوێی کتێبەکانی پێشووی خۆی، فیگەری یەک و دوو و سێ دەکا و دەڵێ: (تا ئێستا کاری ڕەخنە بریتی بووە لە شیکردنەوە و لێکدانەوە، بەڵام لەمەودوا دەبێ کاری گۆڕان بێ.) بنچینەی ئەم ڕوانینەش لەوەوە دێ گوایە خوێندنەوەی کتێب چیتر سەرنجی ڕاناکێشی، چونکە هەر کتێبێک کە دەخوێنێتەوە، پێی وایە جارێکی دیکە دەبێ بنووسرێتەوە.
کتێبی: خەیاڵ و گۆکردنی ڕوون- Fiction et Dic-tion، کە لە ساڵی (١٩٩١) بڵاوکراوەتەوە، تایبەتە بە سیستەمەکانی ئەدەب و پێوەرەکان و مۆدەکانی ئەدەب، بەڵام لە کتێبی: کاری هونەری- Lcourre d art کە لە ساڵی (١٩٩٤) بڵاوکراوەتەوە، چیتر بە تەنیا بایەخ بە ئەدەب نادا، بەڵکو گرینگی بە جوانیناسی- Es-thetique وەک دیاردەیەکی سەرتاپاگیری و گشتگیری دەدا کە هەر لەوێش باس لە ئەدەبیات دەکاتەوە.

**تێبینی:** وشەی- Discours لە مێژووی بیردا، مێژوویەکی هەیە، ئەم وشەیە کە زیاتر وەک زاراوەیەک دێتە بەرچاو، لە زمانی عەرەبی بە زۆر مانا دێ، وەک: خیتاب، گوتار، ئاخاوتن، بە مانا فەلسەفییەکەی بە مانای (ئەقڵییەتێکی ڕێکخراو بە لۆژیک دێ، بیرێکی ڕێبەدیکار کە لە بەرانبەر (حدس- مەزندە) دەوەستێ، لە زمانی عەرەبیدا وەک باوە، زۆربەی جار وشەی خطاب- ی لە بەرانبەر دادەنێن، بەڵام ئەوان بۆ وشەی Re-thorique- یش وشەی (خطاب و خطابە) دادەنێن، کە ئەریستۆ بنچینە کلاسیکییەکەی دارشتووە، بۆیە بەڕای من ئەم خیتابە کە بەرانبەر بە Discours دادەنرێ دەبێ جیاواز بێ لەمەی ئەریستۆ کە هەروەکو گوتمان- Re-thorique-ە، لەم سۆنگەیەوە، من پێم جوانتر و گونجاوترە، جیاوازی لە نێوان ئەم دووانە بکرێ، من بەرانبەر بە Discours ئاخاوتن-م داناوە و دەمێکیشە ئەم کارە دەکەم، بە درێژایی پرۆژەی ئەم زاراوەسازییە ئەمەم لەبەرچاو گرتووە، بەرانبەر بە Rethorique-یش هەر خیتاب و خیتابە دادەنێم هەروەکو لە مێژووی فەلسەفەدا باوە.




# بابەتی تۆژینەوە



**ئازاد عوبێد ساڵح**
**(زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی ئاداب)**

تۆژینەوە، وەک کارێکی زانستی گرنگ لەبواری خوێندن و فێرکردنی زانکۆیی، بنەماو مەرجێکی دەرچوون و وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لەو پسپۆریيەی کە قوتابی خوێندوويەتی، ئەمەش بەسەرپەرشتی مامۆستايەکی زانکۆ بەڕێوە دەچێت.

دیارە تۆژینەوەش کارێکی وا ئاسان نییە، چونکە بنەماکەی سەرچاوەيە، سەرچاوەش گەڕان و سووڕانی زۆری دەوێت، ئەمە وێڕای شارەزایی لەبنەماکانی دیکەی تۆژینەوە. لەماوەی ئامادەکردنی تۆژینەوەکەشدا، مامۆستای سەرپەرشتیاری تۆژینەوە، ڕێنوێنی پێویستی خوێندکار دەکات، بۆ چۆنیەتی کارکردن و دانانی نەخشەی کارکردن و چۆنیەتی گەڕان بەدوای سەرچاوە و پۆلێنی سەرچاوەکان لەڕووی بايەخيان و چۆنیەتی کۆکردنەوەی کەرستە و هەڵێنجانی زانیارییەکان بەپێی پێویست و داخوازی جێگە و ڕەچاوکردنی بەرنامەی تۆژینەوەی زانستی و چۆنیەتی دانانی پەراوێز بە شێوەيەکی زانستی تەواو و ڕوونکردنەوەی هەندێ ناو و دەستەواژەی پێویست و بەکارهێنانی نەخشە و وێنە و ژمارە و خشتەی پێویست و نووسین و داڕشتن بە زمانێکی زانستی دوور لە هەست و سۆز و پیاهەڵدان و شیکردنەوە و لێک بەستنەوەی سەرەداوەکان و گەیشتن بە ئەنجام. تا کارەکە بە ڕێبازی تۆژینەوەی زانستی ڕێکوپێک و پوخت بەڕێوە بچێت.

وێڕای ئەمە مامۆستای سەرپەرشتیار بەردەوام ڕێنوێنی پێویستی قوتابی دەکات لە هەموو ڕوويەکەوە. لەکاتی دەست کردن بەنووسین، بەش، بەش سەرپەرشتیار پێیدا دەچێتەوە و هەڵە و کەموکورتییەکان دەستنیشان دەکات و داوای لێ دەکات ڕاستیان بکاتەوە.

واتە مامۆستای سەرپەرشتیار درێغی لەڕێنوێنی قوتابی ناکات بۆ ئەوەی کارەکە تا بکرێت پوخت و زانستانە بێت و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی بەدروستی تێدا پەيڕەو بکرێت.

ئەوەی جێگەی داخە، وێڕای ماندووبوونی مامۆستای سەرپەرشتیار تۆژینەوەکان، کەموکورتییان زۆر تێدەکەوێت، کە هۆيەکەی قوتابی خۆيەتی، چ بەگوێنەدان بە ئامۆژگاری و ڕێنوێنییەکانی سەرپەرشتیار و خۆماندوو نەکردن و نەگەڕان بە دوای سەرچاوەی پێویست و داواکراو، هەروەها نەزانی و نەشارەزایی و نازیرەکی قوتابی دەبینین، باسەکە خراپ دەردەچێت.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە بخرێتەڕوو، ئەوە ئەو تۆژینەوانەی، هەنووکە دەکرێن، بەتایبەتی لەبەشەکانی مێژوو، زۆربەی هەرە زۆریان دووبارەن، ئەگەرچی لە بەشەکەدا مەرجی سێ ساڵ دانراوە، بابەتەکە نەنووسرابێت، کەچی بابەتەکان دووبارە دەبنەوە، ئەمەش بواری ئەفراندن و داهێنان و سەرکەوتوویی تێدا دەگمەن دەبێت، بۆيە بابەتەکانی تۆژینەوە، ئەو مەبەستەی بۆی دانراوە بە پوختی و تەواوی ناهێنێتە دی، بەڵکو بۆتە کارێکی ئاسایی و دووبارە.

لەئەمڕۆی ئاستی زانستی قوتابیان بەگشتی، کە جگە لە زمانی کوردی، زمانێکی دیکە نازانن، يارمەتیان بدات لە تۆژینەوەکەيان و نە ئەوەندەش پەرۆش و عەوداڵی زانست و زانیاری و فێربوون و خۆ پێگەياندن و کەمی سەرچاوەش لە هەندێ بواردا، کۆسپن.

بۆيە قوتابی، تەنیا مەبەستیەتی وەک پێداویستی تەواوکردنی دوا هەواری خوێندنەکەی و وەرگرتنی بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی بابەتەکە پینە و پەڕۆ دەکات و پێکی دەهێنێت، لە ڕووی بنەمای کاری زانستی تا ئەندازەيەکی زۆر ناتەواوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی زۆر و بۆری بواری بڵاوکردنەوە و نووسین لەکوردستان، واتە ئەو لێشاوەی گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوانەی ئەمڕۆ لەکوردستان دەردەچن، کە بە ڕاستی لە ڕادە بەدەرە، بواريان بۆ ڕەخساوە، هەرچی بابەتی کرچوکاڵ و ناتەواوە بڵاوی بکەنەوە و ڕووپەڕی ئەو بڵاوکراوانەی پێ ڕەش بکەنەوە، يان قوتابییەکە پارەدارە و خۆی چاپی دەکات، کە لە ڕاستیدا هیچ شتێکی نوێیان تێدا نییە و لەزۆر ڕووەوە ناتەواون.

بۆيە زۆر پێویستە، بڵاوکراوەکان ڕەچاوی ئەوە بکەن کە شتی پوخت و زانستی نەبێت، بڵاوی نەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دیارە شتی باش هەيە و هەندێکیان مەرجی زانستیان تێدايە و شیاوی بڵاوکردنەوەن.